● **زیندەخەو**

ڕۆمان

● **فەتاح ئەمیری**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

## ڕۆمان

# زیندەخەو

**فەتاح ئەمیری**



پێشکەش بە: گەلی مەزلوومی کورد -بۆکان: ١٣٧٨

ناوی کتێب: زیندەخەو - ڕۆمان
نووسینی: فەتاح ئەمیری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٨٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق- دلاوەر سادق
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## 1

هەرچەند دەکەم ئەو خەونە دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە. بریا خەو هەبا، خەون نەبا. من بۆیە نانووم خەون ببینم؛ بەلای خۆمەوە دەڵێم هێندێک وەحەسێم، ماندووییم بەسەر چێ، کەچی خەونی لامەسەب وەک دۆڵپا سواری ملم دەبێ.

جاری وایە قرخەم لێ دەبڕێ، لەوانەیە شێت بم، ڕادەچەنم، وەخەبەر دێم، دم و لێوم هەڵدازرێن، کەم وایە تێمێسکم لە لێو و لووتی نەبن. بریا خەونەکەشم وەک هی موسوڵمانان با، خەونی من مانای لێ نادرێتەوە خەونامەی ئیبنی سیرین، دانیال، ئیمام جەعفەر، جابیر، تیئۆرییەکانی فرۆید و چەند ڕەوانناس، نانا، شتاقیان شوێنی ناشکێنێ.

جار و بارەش خۆشن. ئەگەرچی خەونی من نەدەبوو وابن. من کوڕە کوردێکی بێ دەسەلاتم، من لە کوێ و خەونی وا لە کوێ؟ ئەو خەونانە بەلایەکی گەورەن بۆ ژیانی ئاسایی من.

لە مێر منداڵییەوە ئەم خەونە گلاوە ئارا و قارای لێ هەڵگرتووم، دەڵێن: (خەونی گولی باشە، مانای دەوڵەمەندییە) هەر نەخۆشی گولیشم پێ لەو خەونانە باشترە، هەزار کەس گول بووە یا دەمرێ یا چاک دەبێتەوە.

هەر شەوەی بەلەونێک، بەڕەنگێک، هەزار کارەسات، بەسەرهات، شەڕە شەپ، بگرە و بەردە، هەڵڵاو هوریا، دەمە قاڵە، چەقە چەق و زەنا زەنا.

ئەو خەونە پیسە وەک مۆرکە وردە وردە دەمخوا و دەمخواتەوە، کلۆرم دەکا و لە دەرووندا تێکم دەقرمێنێ.

ئەو خەونە تالانە، ئالۆز نین، زەق و زیندوون، بەرچاون، بگرە سێ سووچن، لە بیر ناچنەوە، خەونا و خەون لەبەر چاوم دەمێنن، زیندە خەون، قالب و شکڵ و فۆڕمیان هەیە، کەم وا بووە خەوی بێ خەونم بووبێ.

لەو کاتەوە هەواڵی لە ناکاوی مەرگی باوکم بیست، هەر ئەو ڕۆژە سارد و تووشە، ئاخ بچێ و نەیەتەوە.

قەت لە بیرم ناچێ، قاوەڵتوون بوو، زەنگی پشوودانی لێدا، مودیری دەبیرستان بانگی کردم، نێو چاوانی دەتگوت گەلا تاڵووە، خوێن تاڵ و





بەپۆز، ئێسک قورس و زەلام.

ئەو ڕۆژە بزەیەکی بەزۆر هێنابووە سەر لێوان، لەسەرەخۆ: (ئازاد، سەرێکی ماڵێ بدەوە، دایکت کاری پێتە)

شتێکی سەیر نەبوو، زۆر جاران دایکم کاری پێم دەبوو، زەنگی لێدەدا، ئیزنی بۆ وەردەگرتم.

لە پلیکانی مەدرەسە ئارام ئارام دەهاتمە خوار، سیرەی بەفرێکی یەک نوا، لەژێر پێم دەنگێکی ناخۆشی هەبوو، ئازاری دەدام، چل پلیکانی تەواو هاتمە خوار، دەروازەیەکی پان و بڵیند ڕێکی شەقام بوو، ماوەیەک ڕۆیشتم، خۆم دە تاکسییەک هاویت.

لە زارکی کۆڵانی خۆمان دابەزاندم، بەفر بڕستی بڕیبوو، چیدی دەرنەدەچوو.

دەوروبەری ماڵی ئێمە یەکی دی نەدەبرد، دەنگی شین و گابۆڕ دەرک و لاشیپانی هەڵدەگرت.

کۆلانێکی دوو بستییان بۆ کردمەوە، هەرچی تووشم دەهات دەستی دە ئامێزم دەکرد، لە بانگێی دەدا و دەگریا، هەر چۆنێک بوو چوومە ژوورێ، باوکم لە ڕێگای سەردەشت – مەهاباد، ماشێنی وەرگەڕابوو، بەبێهۆشی هێنابوویانەوە، لە ڕێیە تەواو ببوو.

دایکم بێ سەر و زمان یەکی مەیدان کەوتبوو، خزم و کەس، دۆست و دراوسێ ڕژابوونە ماڵی ئێمە، شین و شەپۆڕێک بوو ناگەڕێتەوە. مامم و ئامۆژنم باوەشیان پێدا دەکردم و دەکوڵێن، خەمی ئەویان بوو و بەزەییان بەمندا دەهات.

هەر ئەو ڕۆژە ساردە باوکمیان لە گۆڕستانی گومبەزان ناشت، منیان بەزۆر لەسەر گڵکۆکەی لابرد، بەڕاکێش ڕاکێش بردیانمەوە، لای ئێوارە دایکم چاوی هەڵێنا، بەلام لاقەکانی چوون، بۆ هەمیشە ئیفلیج و گردەنشین بوو، باوک بەو حاڵە چوو، دایک بەم دەردە گرفتار.

منی تاقە کوڕەی باوکم، ڕووحی مێر منداڵانەم، زەبرێکی وەهای وێ کەوت هەرگیز جێی خۆی نەگرێتەوە.

باوکم و مامم شەریکە دووکان و بازرگان بوون، کەموکوورییان نەبوو، ماڵێکی تێر و تەسەل، ویشک و برینگ و داهاتی زۆر و زەوەند. بەمردنی باوکم و کەوتنی دایکم، ماڵوحاڵی وەها گەرم و گوڕ، بۆنی ساردی و چۆڵی لێ دەهات، لە هەوەڵەوە مامم باڵی بەسەر کێشاین، هەموو ڕۆژان سەری لێ دەداین، وردە وردە ڕۆژ بوونە حەوتوو، حەوتوو بوونە مانگ و کار کەوتە جێژنا و جێژن.

خزم و کەس بەرە بەرە لێمان کشانەوە، مامم کەلوپەلی پێویستی بۆ دەکڕین و بەماڵی خۆمان بەخێوی دەکردین، لە کەویژێک، مێوژێکمان دەبوویە.

یا خوا کەس باری نەکەوێ، تەنیا دوو کەس پێیان لێ نەبڕین، (دایە خەیاڵ)ی دایەنم، هەرچەند بەشیری دایکم گەورە ببووم، ئەویشم بەدایکی خۆم دەزانی، لە مێژ ساڵ بوو لە ماڵی ئێمە، مابۆوە، وازی لە مێردکردن هێنابوو، زۆر جاران دەیگوت: (چوار سەرینم گۆڕین، چم بە چ نەکرد، تازە لێرە گیرساومەوە، مەگین دەرم کەن، یا خوای لە بۆخۆم بەرێتەوە).

ئەوی دیکەیان (مەلی) کیژۆڵەیەکی جیرانمان، هاوتەمەن و هاواڵی منداڵی من بوو، بەدایەی خوای دەگەڵ لە مەدرەسە دەگەڕاوە، دەهاتە لای دایکم، لە دایکی خۆی خۆشتر دەویست، ماڵی باوکی (مەلی)ش بەو چەشنە ڕاهاتبوون، بەرگرییان نەدەکرد. زۆر شەوان (مەلی) لە لای دایکم دەخەوت، دایە خەیاڵ لە هۆدەکەی من. وردە وردە بەم حاڵە ڕادەهاتین، دایکم بەکورسی چەرخدار دەو ماڵەدا دەگەڕا، ئاگای لە هەموو شتێک بوو، (دایە خەیاڵ) سەد هێندی جاران و (مەلی) بەتەواوی یارمەتی دەدا، ماڵ گەرم و گوڕی جارانی نەمابوو، بەڵام خاوێنتر لە پێشوو مایەوە.

ئەو ساڵە شوومە لەلانی دەرس و مەشقەوە لە کورتییەم دا، ئەمما ساڵی داهاتوو تۆڵەم کردەوە.

دایکم بەرە بەرە خەمی باوکمی وەلا دەنا و چاوی هومێدی بڕیبووە من. سەرەڕای ئەو هەموو دەرد و داخە بەدەرس و دەورەکانم دەگەیشتم، وەک مەڕی گێژ سەری خۆم داخستبوو، دەچوومە دەبیرستان و دەگەڕامەوە، زۆرتر





هۆشم بەسەر کتێبەوە بوو.

(مەلی) ئەوەندەی گوێ نەدەدایە، هەردووک لە تەمەنێک و لە پلەیەکی خوێندندا بووین.

زۆر جاران لە لای من بەدەرسەکانی دادەهاتەوە، هەڵە و پەڵەم بۆ شی دەکردەوە، ئەویش پاش کار و کرگاری ماڵێ، دایکم زۆری خۆشدەویست زۆر جاران دەیگوت:

(مەلی گیان بەئاواتەوە بووم خوا کچم بداتێ، بۆ وەختی پیری و نەخۆشی کچ بەدەستەوەترە، بەڕوحمترە، خوا دەبەر بەشی مرم کچی نەدامێ، ئەمما ئەتۆی داومێ، هێندی «ئازاد»م خۆش دەوێی، ڕەبی ڕۆڵە بەمەخسوود و مرادبی.)

شەوێک لە هۆدەکەی خۆم خەریکی دەرس بووم، مەلی بەکاوەخۆ هاتە ژووری، دەفتەرێک بەدەستەوە، بزەیەکی هاتێ و چاوێکی لێ کردم:

(ئازاد، بەقسەم دەکەی؟)

دەمزانی چی دەوێ گوتم:

– خێرا بڵێ بزانم دەکام دەرسدا ماویەوە؟

– پێم پێناکەنی؟

– کەنگێ پێت پێکەنیوم، تەمبەڵی دایمە کاری تۆ بووە.

گوتی:

– ئاخەر دەزانی چۆنە ئازاد، ئەوەیان بۆ تۆ زۆر ئاسانە، هەر هیچ نییە، منم تێماوم، بریا تۆ لە باتی منیش خوێندبات.

گوتم:

– بۆ وا نییە، من دەبێ بۆ خۆم فێربم، ئەتۆش فێرکەم.

گوتی:

– دەجا هێندەم منەت لەسەر مەکە، ئای بریا ئەوێ جارێ گوێم گەستی یەگجاری لێم کردباوە، ئەرێ لەبیرتە یەک بەخۆت زیقاندت، دایکم بەزیقەی تۆ هاتە کووچەی، دوو چەپۆکی بەمن دادا، گوێی تۆشی شوتەوە، سەد جاری خۆ بەقوربان و سەدەقەی کردی هەتا ژیر بوویەوە، پاشان دوو

ڕۆژان لە ترسی دایەخانم نەموێرا بێمە ماڵی ئێوە، بۆخۆی هات دەستی گرتم و هێنامی بۆ لای تۆ .

جارێکی دیکەش دوو زللەی توندم لە بنانگوێت دا، نەگریای هەر چەند چاوت پڕ بوون لە ئاو.

بەلای خۆیەوە ئەتۆ کوڕ بووی، قەت بەمن نەدەوێرای، ئەرێ ئێستا بۆ ئاوا بەپۆزی؟ سەد منەتم لەسەر دەکەی هەتا دوو پیت و لەتێکم پێ دەڵێی.

بەپێکەنینەوە:

– چت دەوێ بڵێ و جانم ڕزگارکە.

مینگاندی:

– شتێکی وا نییە، ئینشایان لێ ویستووین: (بیرەوەرییەکی خۆتان بنووسن)

لەبەر لێومەوە:

– گێلە! ئەوانەی بۆت گێڕامەوە، هەمووی بیرەوەرین، هەر ئەوانە بنووسە تەواوە.

برێکی چاو تێ بریم:

– دەترسم ناوی تۆ بێنم، جۆرێکی دیکەی لێکدەنەوە.

– دەکرێ ناوی من بگۆڕی.

سەری ڕاوەشاند:

– ئاخەر دڵم نایە، ناوی تۆ بەمن ناگۆڕێ، دایە خانم زمانم دەبڕێ.

لە قاقای پێکەنینم دا:

– ئەوە هۆشت لەکوێیە؟! دە ئینشاکەتدا ناوم بگۆڕە. هێندێکی چاو لێ کردم و سوور هەڵگەڕا، زانی بەهەڵە چووە، بۆوەی چیدی بەخۆ دانەشکێتەوە لێم کردە جەفەنگ، وەک ئەوێ دەمێم دەهاتە بەرچاو کە مناڵ بووین، ڕاستییەکەشی ئەوەبوو، نە من نە مەلی، چمان دەباراندا نەبوو، ئاڵوگۆڕێکی فکری ئەوتۆمان بەسەردا نەهاتبوو، جار جار دەنگی دەگۆڕا، دە قسەکردندا، کاتێ هەر دوو بەدوو باین، تەنانەت ڕوومەتیشی سوور





هەڵدەگەڕان بەڵام وا پێکەوە ڕاهاتبووین جاری وابوو لێکمان ڕەبا دەدا، وەک دوو هاواڵ، ئەم چەشنە پێکەوە بوونەمان بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانی.

قەت بەدڵمدا نەهات، ئەو کچە و من کوڕ، تەنانەت دایکم، دایە خەیاڵ یا دایکی مەلی، کەس بەهێندی نەدەگرتین، هەروەک هێندیش نەبووین.

ئەگەر ڕۆژێکی (مەلی) نەهاتبا ماڵی ئێمە یا درەنگ هاتبا، دایکم تەلەیفوونی بۆ دەکرد یا دایە خەیاڵی بەشوێندا دەنارد.

دایکم (مەلی) بەبەشی خۆی دەزانی، بەشێک بوو لە ماڵی ئێمە، دڵی لە سەری دەگەڕا، ڕەنگ بوو جار جار قسەیەکی لە من وەشارێ، خوانەکا لەلای (مەلی) نهێنییەکی هەبێ.

وەک دایک و کچ، ڕۆژێ سەد جاریان دەس دەستۆی یەکتر دەکرد، دەگەڵ دایکم دەچووە حەمام، دەسنوێژی پێ هەڵدەگرت، جاری وابوو، سرتەیان دەهات، نەمدەزانی باسی چ دەکەن.

(مەلی) وردە وردە کارەکانی لە دەس دایە خەیاڵ دێنا دەرێ، ئەو ماڵە گەورەی هێندی بڵێی یەک و دوو خڕ هەڵدەدا، بەجێی هەموو شتێکی دەزانی.

دایکم خوێندەوار بوو، زۆر جاران دەستی دەدا ڕۆژنامەیەک یا کتێبێک، خۆی پێوە دەخافڵاند.

دەمدی هەرای (مەلی) دەکرد، بەئانقەست دەیگوت:

(مەلی گیان! وەرە بمگەیە لەوەندەی حاڵی نابم)

(مەلی) دەهات، سەری داویشتە سەر نووسراوەکە، دایکم خێرایەکی دەستی دە ملی دەوەراند، ماچی دەکرد و دەیگوت:

– ڕۆنیشە، وچانێکی بدە، دوو قسەم دەگەڵ بکە، بزانم دایکت ترشیاتی ناوەتەوە، سرکەکەی گەییوە؟

بەم جۆرە دەیەویست دەگەڵی بدوێ، دەستی بەسەر و پرچی دابێنێ و بیلاوێنێتەوە.

پاش ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمەدا هات، ماڵی ئێمە کە دەرک ئاوەڵا و

بەبێنە بێنە بوو، خۆڵی نەگبەت و فەرامۆشی بەسەردا پژا، خەڵکی گەڕەک ڕێز و حورمەتی تایبەتییان لێ دەنایین، هەرچەند ئەوپەڕی ئاغایەتی و جیرانەتییان دەنواند، بەو کارەیان زۆرم خۆ دەخواردەوە، پێم خۆش بوو لێمدەن و ڕوحمم پێ نەکەن، بمکوژن و نەڵێن سەغیرە، جنێوم بدەنێ و هەناسەم بەسەردا هەڵنەکێشن.

ڕۆژێکی سێ چوار پرەپیرێژن لەبەر دەرگا دانیشتبوون، دەهاتمەوە ماڵی خۆمان، گوێم لێ بوو یەکیان گوتی:

(ڕەببی جەرگم ڕەش بێ، ئەو بەستەزمانە چەند بەحەیا و نەجیبە، چ زوو نازی لێ شێوا، خودایە گیان هەر تۆ کەسی بێ کەسانی.) سەرەڕای ئەوەی دەمزانی، دڵسۆزییەکی تەواو دە قسەکانیدا هەیە، بەدڵ سەبارەت بەمن پەرۆشە، کەچی وەک بەردم بەگوڕچووی دادا کاری لێ دەکردم، خوێی بەبرینەکانمەوە کرد، ناسۆرەکانم تەشەنا بوونەوە و وەسوێ هاتنەوە.

لە مەدرەسەڕا سەد جاریان لە دووی مامم ناردبا، جارێک نەدەچوو، هەر وەختی ئەوەشی نەبوو، بەحری توجارەت و کەسب و کار ئاگای لە برا و برازا بڕیبوو، تەنیا و تەنیابال بەجێی خۆی و باوکم هەڵدەسوورا و حەولی دەدا.

دایکم یەک دوو جاری تەلەیفوون بۆ مودیری دەبیرستان کردبوو، پێی گوتبوون:

– هەر کارێکتان هەبوو بەخۆم بڵێن، پێویست بێ بۆخۆم دێم.

ئەوانیش وەک دراوسێیەکان حورمەتیان دەگرتین و مایەیان دادەنا، وازیان لە ئێمە هێنابوو، چییان لێ نەدەویستین و کاریان پێمان نەبوو. بەڵام هەرچەندی بەهاوکلاسێکمیان دەگوت:

(باوکت ڕۆژی فلان سەعات ئەوەندە بێتە ئێرە)؛

نیوەم لە عومری کەم دەبوو، دەو جۆرە وەختانەدا کۆنە برینەکانم زارکیان دەکردەوە، وەبنیان دەدا و برک و ژان قرچە قرچی وەگرێی پشتم دەخست.

لە ژیانی تازەلاویمدا، ئەو ڕۆژگارە قۆناخێکی چەتوون و حەستەم بوو، هەر بەم دەردانە دەتلامەوە، خەوم لێ تێک دەچوو، زۆر شەوان خەو لە





چاوم دەتۆرا، بەڵام نەمدەهێشت دایکم و دایە خەیاڵ تێبگەن.

ساڵی ئاخری دەبیرستان بووم خەونی گۆڕین هاتە جەستەم، بڕستی لێ ئەستاندم، مێشک و دەماری ئاڵۆز کردم، وەک شریتێک هەر هات و دووپات بۆوە، بنەمای خەونەکان هەر چەشنێک بوون، هەرجارە بەڕەنگێک لک و پۆپیان داویشت. شەوێکیان:

– من پیاوێکی ئازەریم، ئەفسەرێکی ئیتلاعات، دانیشتووی شاری ورمێ، ماڵەکەم لە شەقامی زەنگەنەیە، ژن و منالم هەیە، ژنەکەم ناوی (زەڕی) کچەکەم ناوی (ئیلاهە)یە.

زەڕی ژنێکی ڕەش ئەسمەر، کەڵەگەت، نێو قەد باریک، سینگ قوببەی کێل گەردنە، سەحەت سووک و ڕەزا خۆش، ددانە سپییەکانی لەسەر ئەسمەرەی ڕەنگی سپیتر لەچاو دەدەن، شەبەقی مەیلەو کەسک، سەوزی کاڵ لە بەینی لێو و ددانی ورد ورد چاو دادەگرن.

زەڕی خۆش تاش و بەژن و باڵا جوانە، ماڵدار و پاک و خاوێنە، پڕ بەدڵ یەکترمان خۆش دەوێ، ئیلاهە ژیانی هاوبەشی سەد هێندە شیرین کردووین، زۆرتر وەک خۆم دەچێ و وەک دایکیشی شیرینە.

من ئاشقی ژیانی ژن و مێردایەتیم، ماڵەکەمان هەرچەندی بتەوێ تێر و تەبایە، کەرەسەی نێو ماڵ بەنرخ و نوێیە، بۆنی تێکەڵاوی عەتری وەتاغی خەو، مەست و گێژ و مەنگم دەکا، تەختی دوو نەفەرەی خەو، دار گوێزە، وەها لە خرت دراوە، وەک پاشپانییەی بلووری خەنە گرتووی نۆ بووک دەچێ، هەرچی دیارە، تازەیە، بۆنخۆش و خاوێنە.

تالاری میوانداری چەشنی مووزەیەکی هونەری و دەسکر وایە، فەرشی جێوردی تەورێز، کورسی دەسکاری تاران، وردەکاری و کەندەکاری سنە، ماڵەکەمان بەهەشتی سەر زەوییە.

***

(زەڕی) دەزگیرانمە، ئێوارەی هاوینە، هەوا بەتەواوی فێنکە، زریان بۆنی دەریای بەسەر شار وەرکردووە.

دەگەڵ (زەڕی) ژوانمان هەیە، قەرارمان زارکی دەروازەی

(عەسکەرخان)ە، ماشێنێکی فۆلێکسی سپی تازەم لەژێر پێدایە، چی وای کار نەکردووە، بۆنی تازەیی لێ دێ.

ردێن تاشراو و بۆن خۆش، شەقامی پەهلەوی بەرەو ئەیالەت دەبڕم، بێ شلکردنەوە دەوری مەیدانی ئەیالەت دەپەڕێنم، پۆلیس چ کارەیە، کوا پیاو؟

(زەڕی) لە قەراخ شەقام چاوەڕێیە، کراسێکی زەردی بێ قۆڵ، لەسەر شەڵواری ڕەشی چەسپاو، دەگەڵ ڕەنگی ئەسمەرە و بسکی درێژی قاوەیی بەجوانی لێک دەکالێنەوە.

(زەڕی) وەک بەهارێکی تەڕە ساڵ و بۆن خۆش دەچێ، ئەو کاتەی خونچە دەپشکوێ.

شلم کردۆتەوە، هێشتا بەتەواوی ڕانەوەستاوم، خۆ دەژووریێ داوێ، وەک خەڵفی شل و تورتی لیمۆ لە پەنام شەتڵ دەبێ ، بۆنی خۆشی دەسینگمدا ڕادەگرم، بەهار دەهاویندا، ئەوپەڕ ی دڵاوایی تەبیعەتە، بەدەروازەی عەسکەرخاندا دەسووڕێمەوە، خۆ لە لای ماڵی زەڕی نادەم، هەوەڵ ژوانمانە، زەڕی دڵی سوارە، پەرۆشە، چاوە چاویەتی، سڵ و سرک، ئاسکی ماندوو، چاوم لێ دەکا بەهەزار ماناوە، نیگایەکی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی هەیە.

پێ بەگازەوە دەنێم، فۆلێکس هەڵدەقەندرێ، ڕووی تێ دەکەم:

– چییە زەڕی! پەشۆکاوی؟

چاوێکی نەرمی شەرماویم لێ دەکا:

(شار چووکەیە، من و تۆ پێکەوە ببینن باش نییە.)

– نا زەڕی گیان! دە دەورت گەڕێم، خەیاڵت خرانەبێ، من و تۆ دەزگیرانین، کێ دەوێرێ لە حاست من بکۆخێ؟ دوو قسەی مەلای ماوە، دەتەوێ هەر ئێستا لە لای هەوەڵ مەلا مارەت دەکەم.

چاوێکی مەستی ئاشق کوژم لێ دەکا:

– ئاوا زوو، چۆن دەبێ!؟ منیش کەسوکارم هەیە، دای و باب، برا و خاڵ.





کەمێک خۆ گرژ دەکەم:

– تۆ کچە عێلاتی نی، دەزانی من نابێ هامووشۆی زۆر کەس بکەم، کارەکەم وا هەڵدەگرێ، تەنانەت خزم و کەسی زۆر نیزیکت، پاش خواستنی تۆ ڕەنگە ساڵە و ساڵ سەرێکیان لێ بدەین.

هەوایەک لێوی دەلەرزێ:

(حوسێن!)

– گیانی حوسێن!

(چۆن بوو ئەم کارەت هەڵبژارد؟)

– من هەڵم نەبژارد، تۆ خوێندەواری، خەڵکی جیهانی سێهەمی، دە دنیای ئێمەدا، کار وە دەسکەوتن هەڵکەوتە، کەم وایە بەدڵخوازی خۆت کارت وە چنگ کەوێ.

من بەدڵی خۆم چوومە زانکۆی ئەفسەری، چونکە جلوبەرگی نیزامیم پێ جوان بوو، حەق و مواجبی مانگانەشی لە کاربەدەستی تر نەدەماوە، ڕاستییەکەی بەئەرکی خۆشم دەزانی لە حەد و سنووری وڵاتەکەم پارێزگاری بکەم، زۆر زوو، هەر لە زانکۆی ئەفسەری زانیم بەهەڵە چووم، حەد و سنوورێک دەگۆڕێدا نییە، ئەرکی ئێمە پاراستنی نیزامە، نیزامی حاکم.

من بەخەیاڵیش نەمدەویست مەئمووری ساواک بم، زەڕی!

(بەڵێ).

– ئەم دەردە دڵەی لە لات دەکەم، هەر لە لای خۆت بێ، گڵ لێت نەزانێ، ئەو قسانە زۆر نەهێنین، تۆم لە هەموو کەس خۆشتر دەوێ، باوکیشت نەتدا بەزۆری، هەرچی بمەوێ دەیکەم، ئای لەبیرم نەبوو ئەو مزگێنییەت بدەمێ، بنەماڵەی ئێوە ڕابردووی باشیان هەیە، ساواک بەم خزمایەتییە ڕازییە. چاوە جوانەکانی لەوانە بوو دەرپەڕن:

(چی!؟ بۆ؟ بەوان چی، بۆ بەوانت گوتووە؟!)

– زەڕی، مناڵ مەبە، من بێ پرسی ئەوان حەقم نییە قامک دەئاو نێم.

ئەو ڕۆژەی ڕوونووسی پێناسەکەتم وەرگرت بۆ وەم بوو. هەتا دوێنێ بەیانی پێش ئەوەی زەنگ بۆ تۆ لێدەم، خەبەریان دامێ:

(دەزگای ساواک بەم خزمایەتییە قایلە).

سەرێکی بەناقایلی ڕاوەشاند:

(یانی ئەوان ڕازی نەبان نەدەبوو؟)

– زەڕی، سەبرکە، ئەوان قایلن و تەواوە، ئەوەشت پێ بڵێم، باوکت دەزەمانی (موسەدیق)دا، زۆری خزمەت بەڕاپەڕینی ٢٨ی گەلاوێژ کردووە، نیشان بەو نیشانەی کۆلتێکی کەمەری و میدالێکی دەرەجە دووی هومایوونی تا ئێستا وەرگرتووە.

زەڕی، خوودار بوو:

(وە دیارە بنەماڵەی ئێمەیان بەچاکی پێ ناساندووی)

– ئەرێ، زۆر پتر لە خۆت لە ڕابردووی ئێوە دەزانم، لە خۆشی ئەم خەبەرە قسەی ئەسڵیم لە بیرچۆوە.

زانکۆی نیزامیمان بەنابەدڵی تەواو کرد، نمرەی ئیتلاعاتی گشتی من ٢٠ بوو، تازە دەرەجەمان وەرگرتبوو، ڕۆژێک لە ستادی ئەرتەشرا ویستیانم، چووم، خۆم ناساند، بردیانمە لای سەرهەنگ (سوبحی)، سەرهەنگم لەمێژ بوو دەناسی، دۆستی بنەماڵەی خۆمان بوو، زەنگی لێدا، چایەکیان بۆ هێنام، پیرۆزبایی دەرەجەکەمی کرد، پاشان بەڕووخۆشی:

(ئاخ حوسێن، تەمەن چ زوو دەڕوا، هەتا تۆ دەبینم یادی ڕۆژانی لاوی دەکەمەوە، ئەوێ دەمێ زۆر دەگەڵ باوکت دۆست بووین، وەوی دەچی، وەک سێوێکی دوو قاشکراو وان، تۆ کەمێک کەڵەگەتتری، بڵێ بزانم هەروا لە دایکت دەترسێ؟)

هەر دووکمان ترکین، هەر پێکەوەش بووین، کەچی بەفارسی قسەمان دەکرد، هێندێکی جەفەنگ لێدان و بەپێکەنینەوە:

(جەناب سەروان، شتێک دە گۆڕێدایە، دەمەویست بۆ خۆم پێت بڵێم، هەلێکی چاکت بۆ هەڵکەوتووە، بەخت لە دەرگای داوی، ساواک داوای کردووی، دیارە ئەم کارە لە خۆوە نەکراوە، ڕابردووی تۆ و حەوت پشتت وەک ئاوی شەوی پاکە).

دەورێکی شارمان داوە، ماڵی زەڕی نیزیک شەقامی خەییامە، بۆ وەی





لەوێ دوور کەوینەوە، بەجادەی سەڵماسدا چوومە شەقامی زنجیر، بەرەو جادەی دەریا دەڕۆین، ڕێگا تەسک و نەوییە، قیلەتاو جێ جێ هەڵوەریوە، بەدەستێک فەرمانەکەم گرتووە، دەستی ڕاستم دە دەستی زەڕی دایە، ئارام ئارام بەرەو دەریا دەچینە پێش، هەست دەکەم ئەو دڵەکوتە و پەرۆشییەی وەلاناوە، هەتا تووشی قوڵکە و تەمبارێک دێین، سەبرێکی دەستم ڕێک دەکوشێ، خۆشترین کاتی ژیانمە، زەمان، مەکان، کات و ساتم لە بیر نییە، لەسەر باڵی ئارەزووەکانم، سووکباڵ و سەرخۆش هەڵدەفڕم.

سەرهەنگ سوبحی، چاوەڕێی جوابی منە، بەئەدەب:

– مامە سەرهەنگ، فەرقی تۆ و باوکم ناکەم، ڕاستییەکەی نیزامیگەریم بۆ خزمەت بەئاو و خاک هەڵبژاردووە، خزمەتی ئەرتەشم پێ خۆشترە، خۆشت دەزانی ڕوحی شادۆستی دە زاتی ئێمە دایە، من لە هەر شوێنێک بم، ئامانجم خزمەتە، ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ، پێم خۆشە...

سەرهەنگ نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم، گرێیەکی گرژی دە نێوچاوانی خست و تێم ڕاخوڕی:

(نا حوسێن! ئاقڵ بە، تۆی کەڵلەزل، نمرەی ئیتلاعاتی گشتیت بیستە، بێت و ئەم پێشنیارە ڕەت کەیەوە، ڕەنگە ساواک بەزۆر نەتباتە لای خۆی، بەڵام دایمە بەشوێنتەوە دەبن، بە شکەوە دەڕواننە کاروبارت.

بە بوونی ئەم نمرە بەرچاوە، بۆ وێش نەچی، ڕوکنی دوو دەتقۆزێتەوە، ڕوکنی دوو دەگەڵ ساواک لەژێرەوە دانوویان ناکوڵێ، ڕقەبەرایەتیانە، دوور نییە لە حەیفی ساواک پشتت بگرن، زۆریشت پشتیوانی لێ بکەن، ئەمما ئاخرییەکەی دەتبەنە لای خۆیان، ئەوێ دەمێ زەرەر دەکەی، کارەکە هەر یەکە، کەچی داهاتووت دە ساواکدا باشتر دەبێ ، لانی کەم سێ هێندی ئەفسەرێکی هاوتای خۆت مواجب وەردەگری.

با ئێمەش کەسێکمان دەوێدا هەبێ، دنیا بەروبوو درێژە، من دوو ساڵە دەرەجەکەم ڕاگیراوە، لەوانەیە پێش ئەوەی بمکەنە سەرتیپ، خانەنشین بکرێم.

تەنیا خزمەتی ڕاستەوخۆ چی پێ ناکرێ، سەرکەوتن دە ژیاندا هەزار

کەڵەک و کوڵەکی پێویستە.

برۆ! خۆت بناسێنە، منیش لە بیر مەکە، هەرچەند لە بەختی من دوور نییە سەی خۆم لاقم بگرێ).

چاوم کرد جێی قسە نەماوە، مامە سەرهەنگ دەستی ماڵاوایی بۆ لای من ڕاداشت، پانییەم تەق لێکدان، دەستم دایە، ئاخر قسەی بەترکی گوت: (بەرەکەننا بزم ئۆغلان)(*) ئەرێ زەڕی گیان، ئاوا تووشی ئەو کارە هاتم، پێویست بوو ئەوانە بزانی، تۆ هاوبەشی ژیانی من دەبی، بەڕواڵەت چ کەموکووڕیمان نییە، لە لای هاواڵەکانم حورمەتم هەیە، ساواک ئێرانی دە دەستی دایە، کەس زاتی نییە خوارمان چاو لێ کا.

هەر ئێستێ دەچینە ئەم پلاژە لە لێواری دەریا، بزانە چۆنمان قەدر دەگرن و پێشوازیمان لێ دەکرێ.

جادەی دەریا بڕاوە، پێچامەوە بەرەو پلاژ، لە دووڕڕا مودیری پلاژ بەپیرمانەوە دێ، سڵاوێکی بەکڕنۆشەوە کرد، فەرمووی کردین گوتم:

– لە گەڕانەوە سەرێکت لێ هەڵدێنین.

ماشێنەکەم داخست، حەوتتیرەکەم لەژێر کۆتەکەم شاردەوە، دەستی (زەڕی)م گرتووە، یاری یاری بەقسەکردن بەرەو لێواری دەریا دەچینە پێش، دەریا تۆفانییە، بایەکی سوێر دموچاوان دەزوورێنێتەوە.

زەڕی شاد و بەکەیفە، وەک ئاسکی مەست، شان ڕەشانم دەخا، ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون، لێوەکانی تینووی ماچێکی تەڕن، شەپۆڵ هەڵدەستن و شڵپ خۆ بەژێر پێماندا دەدەنەوە، دەریا کەسی تێدا نییە، ڕوو دە لەنگەرگا دەڕۆین، پۆلێک کوڕ و کچی سەرمەست و جوان، قۆڵ بەقۆڵ وێستاون، بێ خەم و خەیاڵ، تەڕپۆش، ڕووخۆش و سووک باڵ.

جووتێک کۆتری تەقڵەباز، نەوی بەسەرماندا هەڵدەفڕن، ڕژد بەرەو حەویقی ئاسمان تێهەڵدەبن، بەتەقڵە لێدان دێنەوە خوار خۆ لێک دەدەن، وردە تووک با دەیبا.

(*) ئافەرین کوڕی مە.





چاو لە چاوی زەڕی دەکەم، پڕن لە ژیان، لە نیاز، چاو دەچاودا دەرەخسێ، شەپۆڵی حەز تێک هەڵدەنگوون، دەستێک دەخەمە سەرشانی، خۆ داوێتە باوەشم، کۆرسێتی نەبەستووە و لێوی داغ داغە. سەرمەست و هێدی بەرەو پلاژ دەگەڕێینەوە، مودیر مێزێکی دوو نەفەرەمان نیشان دەدا، دوو لق گوڵی ئۆرکیدە دە گوڵدانێکی نێوقەد باریکدا، لەسەر مێزەکە دادەنێن، بۆنێکی نەرم و خۆش وڵات دادەگرێ، گارسۆنێکی گەنج بەئەدەب تەعزیمێک دەکا:

(ئەمرکە ئەزبەنی)

ڕوو دە زەڕی دەکەم:

– چ دەخۆی؟

– هەرچی پێت خۆشە، شتێکی سووک.

جووجە کەباب و دوو پەیک ویسکی داوا دەکەم، زەڕی بزەی دێتێ:

(من ناخۆمەوە)

بە سرتە دەڵێم:

– مەیکە هەڵڵا، با نەڵێن دواکەوتووە، جەورت دەکێشم، دەگەڵ ئابجۆیەک چۆنی؟

سەبرێک دەڵێ:

(هەرگیز نەمخواردۆتەوە).

دەنگی مۆسیقایەکی ئارام دێتە گوێ، مێشک و دەمارم دە کەیفوخۆشیدا حەساونەوە، هەزار ئارەزووی ڕەنگا و ڕەنگم بۆ داهاتوویەکی نیزیک بەخەیاڵدا دێ...

لە گۆشەی شەقامی پەهلەوی و خەییام ڕایدەگرم، زەڕی لە سەیرانی ئەمڕۆ ڕازییە، لە ڕوخساری دەخوێندرێتەوە، ڕووی تێ دەکەم:

– زەڕی گیان! ماڵە بابم، بەم زووانە دێمە سەر بەرە، باوکت ڕازی دەبێ، تازە تۆ ئی منی، مەرگیش ناتوانێ لێکمان جیا کاتەوە، دڵنیابە، داهاتوو ڕووناکە، کەی یەکتر ببینینەوە؟

بەناز تێم دەڕوانێ:

(هەر دەمێک بتەوێ)

دەستی خواحافیزیم بۆ درێژ دەکا ، دەستی ماچ دەکەم:

– بابیای.

وەک تیری ساردەکەوان هەڵدەقەندرێم، بەرەو ئیدارە، نەشەم، خول بەمێشکم دادێ، بەبوونی زەری پێم کەوتووە، بەفیتوو لێدان، بە ورە گۆرانی دەڵێم:

(چاوت دە چاوی من برە با مەستی بادە بم)

ئەرکی ئەمشۆم، پرسیار و دەرکێشان لە کوڕێکی کوردە، ناوی ئەمیرە، دە سللوولەکەیدا زەرد و ڕەنگ پەڕیوە کورووشمەی کردووە، ڕووی تێ دەکەم:

– ئا ، ئەمیر، مەحتەلم کردووی، دەگەڵ دەزگیرانەکەم لە سەیران بووین، شانست هێناوە، بەدەماخم، نەشەی ئەو سەیران و گەشتەم مەشکێنە، کوڕی باش بە، هەرچی دەزانی بینووسە، بێ درۆ و دەلەسە.

برایانە هاوکاری ئێمە بکە بەقازانجتە، دەوسیەی خۆت ڕەش مەکە، خوێندەواری، لیسانسی، دامەزرانت دە پێشدایە، کوڕی باش بی، بەڵێنی دەدەم یارمەتیت بکەم، دەنا ئەشکەنجە و مەرگ چاوەڕێت دەبێ .

سەر هەڵدێنێ:

(چ نازانم، ئاگام لە هیچ شتێک نییە، لە تاران دانشجوو بووم، زانکۆی تاران ڕابردووی من دەزانێ، ئاخر واحیدم پاس کردووە، هاتبوومەوە لە ماڵێ تێزەکەم دەنووسی، ئێوە بەسەرم وەربوون بەخۆم و تێزەوە ئەوە لێرەم من لە تۆ دەپرسم: لەسەر چیتان گرتووم؟)

– ئەمیر! زووکە بڵێ، بڵێ، دەتکوژم، داغت دەکەم، بڵێ، سەد گای وەک تۆم خەساندووە.

ئەمیر، وەک مقەبیا بێدەنگە، هەر چەندی هێز دە دەستم دایە زللەیەکی ئەفسەری لێ دەدەم، وەک ئاڵوودار بشکێ تەقەی دێ، خوێن بەدەم و لووتیدا دێتە خوار.

خوددار و پشوو سوار، لەسەر جێگاکەم دانیشتووم، وەک مێوژۆکە دەلەرزم، دەنگی دایە خەیاڵ وەخۆم دێنێتەوە:

(ڕۆڵەکەم، ئازاد گیان! بیسمیللا، چۆڕێک ئاو وەخۆوە)

***



2

دیپلۆمم وەرگرتووە، کۆنکۆرم داوە، مەلی لە یەک دوو دەرسان کەوتووە، خەریکی دەرسەکانییەتی، کەمتر هاموشۆی ئێمە دەکا .

بەرچاییمان خواردووە، دایکم گازم دەکا :

(ڕۆڵە ئازاد! کوڕە شیرنەکەم، ڕەبی بێ مزەڕەت بی، دەرسەکانت تەواو کرد، خولاّ یار بی لە زانستگاش دەردەچی، ئێستێ هاوینە و کارێکت نییە، بەس سەر بەسەر ئەو کتێبانە داگرە.

جار جار، سەرێکی دووکانێ بدە، با مامت هێندەمان منەت لەسەر نەکا ، هەر سارد و سەوداش فێر بی باشە، هاتو خوای نەکردە لە کۆنکۆر دەرنەچووی، بێ کار نەخولێیەوە.

ئێمە دەوڵەمەندین، بەمن دەکەی هێندێک سەر حیسابی داخڵ و خەرجی خۆت بە، کارێکی گران نییە.

ڕەبی کوێر بم، ئەوێ دەمێ بابت مابوو، وەک باران بەسەرماندا دەباری، خێر و بەرەکەت بەسەرماندا دەڕژا، بابت زۆر سەر بەرسق بوو.

دەستی لە بەردی دابا ، دەبوو بەزێڕ، ئەو شارە چاویان لەسەر چڕ داگرتبوو، ئەوەی ئێمە و مامت هەمانە هەر بەرەکەتی ئەوە، بەخولاّی ڕۆڵە گیان ئەو جێیەی حاجی لێ با لە پاشخانەش مامتیان ڕێ نەدەدا، ئیدی لە قۆرت و نەهاتی گەڕێ، کێ دەیکا و کێ دەیخوا.

بەوانەش دڵی خۆت ئەزیەتبار مەکە، شوکری خوا گەیشتوویەی، بەرخ هەر دەبن سەوەیدا نابێ، هەر لە ئێستاوە تا سەد ساڵی دیکە بخۆی و بەخت کەی، هەر هەمانە، جگە لە قەرز و قۆڵە و دەزمایە و دووکان، گروانکەیەکم زێڕی سوور لە کنە، ماڵەکەش ئەوە دیوتە لە زیادییە و لە کەمی نەداوە.

هەستە، هەستە! بەقوربانت بم، جلەکانت بگۆڕە، سەرێکی دووکانێ بدە، بزانین خولاّ چ دەکا ، ئەمن ئاواتەکانم وەدی هاتوون، شوکر ئەتۆ گەیشتوویەی، تازە بشمرم قەیدێ ناکا ، جا کوڕم دەوێ کوڕ بێ، لە دیوانان دیوان دڕ بێ) .

فرمێسکەکانی لە نەکاو هاتنە خوار، زۆرم دڵخۆشی داوە و دەستم دەستۆی کرد. سەد جارم دەستە نەرم و شلەکانی ماچ کرد.

بە شەقامی (فەرەح)دا خۆم دە قەیسەری شافیعی هاویشت، تووشی ئاشنا و ڕۆشنای باوکم دەهاتم، هەموویان بەحورمەت وەریان دەگرتم، خولقی چایان دەکردم، هی واش هەبوو دەیگوت:

(شوکر گۆپاڵت لە خیزی هاتۆتە دەرێ)

مامم بەتەنێ لە دووکانە، ئەولاولام ماچ دەکا، زۆر بەڕووخۆشی لە پەنا خۆی دامدەنێ:

(ئازاد گیان، دایکت چۆنە؟ لە دەرسەکانت چۆن دەرچووی، ڕۆڵە خەجاڵەتی دایکتم، تەماحی دنیایە وەهای هێرش بۆ هێناوم، قیامەتیشم لە بیر چۆتەوە، ڕۆڵە گیان، جار جار سەرێکم لێ هەڵێنە، دووکان نابێ چۆڵ بێ، منداڵەکانی خۆم چووکەن بۆیە نابن، بەکەس بڕوا ناکەم دەفتەر و هاچەری دەمێ.

توجارەتی ئێمە لە سێ دەفتەران دەنووسرێ، یەکیان دەفتەری ڕۆژانەیە، هەرچی بەڕۆژ بکڕدرێ و بفرۆشرێ دەوێدا دەنووسرێ، دووهەمیان دەفتەری کولله، ئەویش ئەوەی دە دەفتەری ڕۆژانەدا دەنووسرێ ئێواری یا شەوێ دەچێ دەوێوە، سێهەمین، دەفتەری داراییە ئەویش هەموو ماڵ و سەروەتی تاجر دەوێدا دەنووسرێ.

من پاشەوەی کاکم ئەمری خوای کرد، ئەو دەفتەرانەم بەتەواوی نووسیون، بۆ ئەو ڕۆژەی نەمام، بەینی تۆ و کوڕەکانم کێشەیەک نەبێ. ساڵی ساڵان تاجر، میرزایان هەبوون، میرزای باش باش، ئێستا لەبەر ئەو شیرکەت و میرکەتە، کەس بەمواجبی ئێمە ڕازی نابێ، بەبراژنم عەرز کە بۆیە هەر ئەحواڵی بەتەلەیفوون دەپرسم، وەختی چم نییە، بابم بەخێوکردنی دوو ماڵی گەورە بەتەنیایی شۆخی پێ ناکرێ.

ئازاد گیان! دەمەوێ هەتا بەرنامەی خوێندنەکەت ڕوون دەبێتەوە، ڕۆژی یەک، دوو سەعات ئێوارانە سەرم لێ هەڵێنی، نووسینی ئەم دەفتەرانە بەسەعاتێک فێر دەبی، سەریش لە دەوڵەت و داهاتی خۆمان دەردەکەی،





قەرزمان زۆرە، قەرزداریش هەین، بەڕاستی جێگای کاکم بەتاڵە، هەرچەند شوکر ئەتۆ گەیشتوویەی.

بە من بایە، خوێندنت وەلا نابا، ڕۆڵە گیان ئێمە دەوڵەمەند و بێکەسین، ئەگەر بۆ مواجبتە، نیازمان نییە، ئەگەر بۆ سەوادتە هەر ئێستاش هەتە، مانگێ زەرەری دە مواجبی بێکەسیم لێ دەکەوێ، خۆ ئێمە تازە ناتوانین ئەم دەرک و دووکانەی داخەین.

توجارەت قاعیدەی وایە، ئەوەی قەرزە و لە لای خەڵکە، دەبێ وەری گری و بیدەیەوە، کووتاڵیش نەکڕی و نەفرۆشی هەتا چەند ساڵان نابێ دووکان داخرێ. دایخەی بڵێیی هەر نایکەم، قەرزەکانت بۆ کۆ نابنەوە، چابوو بۆ خۆت هاتی دەنا لە دووم دەناردی.

زۆریش ماتت دەبینم، وەوەی دەچێ هێشتاش خەمی کاکمت لە بیر نەچووبێتەوە، ڕۆڵە گیان، مردن هەرچەند تاڵ بێ، حەققە، ئاوا بچی دەفکرەوە وەک خەییامیت لێ دێ، ڕۆڵە گیان بابی هەموو کەس دەمرێ، هەموو گیای مردنێین، ئەی کوا بابی من؟

ڕۆژ درەنگە هەستە بڕۆینەوە ماڵێ. لەوێ نەهارێ دەخۆین، قسەی خۆشمان دەکەین.

– مامە گیان دایکم بێ من نەهار ناخوا، دەڕۆمەوە، ئاوەدان بێ، ئەوێش ماڵی تۆیە.

(کوڕە ئەوە دەڵێیی چی، ئای نۆرەی ئەو نەقڵەیە، تەلەیفوونی بۆ دەکەم)

– مامە حەسەن بەنۆکەرت بم ئیزنم بدە بڕۆمەوە!

(کوڕە دەگەڵ تۆمە، هەستە بڕۆینەوە، قسەی لێ مەکە ئابڕووچوونە)

دەگەڵ مامم چووینەوە ماڵی ئەوان، ئامۆژنە (کاڵێ) لە دوورەوە بەپیرمەوە هات، ماچی کردم، زۆری بەخێر هێنام، لە دایکمی پرسی، منداڵەکانی مامم هەموو دەورەیان دام، کاوە و کەماڵ، هەشت نۆ ساڵانەن، فەریدە چوار ساڵەیە و فەوزیە تازە دەگاتێ.

وردەکان دەستیان دەملم کرد، ئەوانم بەگەرمی ماچ کرد، فەوزیە دەستی دە دەستم نا و بەخێرهاتنی کردم.

مالّی مامم تێکرِا و لێگرِا بەدیدارم کەیفخۆش بوون، لێک هالاّین، نەهارێکی تەسەلّمان خوارد، پاش چایی خواردنەوە مامم ڕووم تێ دەکا:

(ئەمن سەرخەوێک دەشکێنم، پاشان دەچمەوە بازارِ، ئەتۆ خەوی خۆت تێک مەدە، مندالّەکانیش لە مێژە ئارەزووت دەکەن، لای ئێوارێ وەرەوە لای من)

مامم هەستا، ئامۆژنم دەگەلّم هات، دەرکەی وەتاغێکی پاک و خاوێنی بۆ کردمەوە:

(ئەوە وەتاغی «فەوزیە»یە، دەیدەم بەتۆ، حەزێ دەکەی بەمامت دەلّێم بە«فەوزیە»وە بتداتێ).

قسەکەی بەراستییە، بەجەفەنگی دەلّێ، دەستێک نوێنی خاوێنی مەلافە کراو راخراوە، پەردە دادراونەوە، کوولێری هۆدەکە ئارام ئارام دایسێ. تازە چاوم لە بیرەوخەو راچووە، تەقەی دەرکە وە خەبەرم دێنێ، (فەوزیە)یە، خۆی لە تەپلّی گولّێ داوە، سوورا و سپیاوێکی توندی کردووە:

(سلاّو کاک ئازاد!)

– سلاّو فەوزیە.

جلوبەرگی کوردی زۆر جوانی دەبەردایە، سەرتاپا لیمۆیی، ئەگەر هێندەی داو و دەرمان نەکردبا، بێ شک جوانتری لە چاو دەدا، ئێستاش زۆر خانومانە، هەوایەک قەلّەو لە چاو دەدا، لێوە گۆشتنەکانی بۆ خونچەیی کردووم:

(کاک ئازاد! کەنگێ پلاوێکمان دەدەیەی؟)

بەبێ بیرکردنەوە:

– هەر دەمێک بتەوێ.

(وا زوو! مەبارەکە، کەست دیوەتەوە!؟)

– کەسی چی! من پلاّوی چوونە دانشگا دەلّێم.

بە قاقا پێدەکەنێ، سینگی دەگەلّ دەلەرزێنێ:

(هەر دەفکری خوێندن دای، رەنگە مەحتەلی مواجب وەرگرتن بی، مالّتە بۆ وا لەچەری، هێندی جوویەکت هەیە، چی لێ دەکەی، ئەوە تازە بابم





وەدەرکەوت، کوتم هێندێکت قسە دەگەلّ بکەم، چەندە ئامۆزایەکی خراپی، قەتمان سەر لێ نادەی، ببوورە پێم وایە خەوەکەشم لێ تێکدای، ئەرێ کاک ئازاد! شتێک بەراستی جوابم دەدەیەوە؟)

– فەرموو!

(تو ئەو خودایەی لە ژووری سەرییە، راست راستم پێ بلّێ؟)

– ئەگەر دەتەوێ دەچینە مزگەوتی سەید بابە سووری، سوێندت بۆ دەخۆم، من پێچ و پەنام نییە، بەکەسیش قەرزدار نیم.

(باشە خاترجەمت کردم، بیستوومە ئەو کچەتیوە سووک و چرووکەت خۆش دەوێ؟)

– کام کچ؟ من کەسم ناخۆش ناوێ، بەو لایەنەوەش کەسی وام پێ شک نایە.

برێک راما:

(مەلی دەلّێم، هەتلّەم مەکە، ئەو بەرەلّلایە)

– وەلّلا (مەلی)م وەک ئاوالّێکی مندالّی خۆش دەوێ، زۆریش خزمەتی دایکم دەکا، ناوونرتکەشی لێ هەلّمەدە، نە بەرەلّلایە، نە سووک و چرووک.

(شتێکی دی، بیستوومە دەیخوازی، ئەرێ راستە؟)

– ئەوەی راستی بێ، من خەیالّی ژن هێنانم نییە، لانی کەم هەتا لە خوێندن تەواو دەبم.

(بۆ تەواو نەبووی؟)

– لە دبیرستان با، دەمەوێ بچمە زانکۆ، ئەمسالّیش دەرنەچم، سالّێکی دی هەر لەوێم، جارێ بۆ سەربازیش ناوم نەهاتووە.

دیارە بروای بەقسەکانم کردووە، هەستا پێ، دوو پێش دەستی و بلّووتێکی ئاجیل هێنا، لەسەر عەسەلی نێوان هەر دووکمان داینا:

(کاک ئازاد! تۆ بی ئەو خودایەی ئەگەر ژن و منت هێنا، لە کچەتیو و مچەتیوان گەرِێ، هەرکەس دێنی هاوشانی خۆمان بێ)

من نازانم فەوزیە بۆ هێندەی لەسەر دەروا، ژن هێنانی من بەوی چی؟

هەتا لە نەکاو هەڵی دایە:

(کاک ئازاد کچێک هەیە بۆ ئەوی ناهێنی؟)

بە چاکی وەڕەزی کردووم:

– من عەرزم کردی جارێ، هەتا چوار ساڵی دی قسەی لێ مەکە.

دیسان هەڵی کوتا سەرم:

(قەی ناکا، چوار ساڵی تر، ئەو کچە زۆر کچی چاکە، «فەوزیە»ی حاجی کەریم خزمی خۆشمانە)

– ئەو منداڵەی دەڵێی! خۆ هەر دەعومری تۆ دا دەبێ .

چاوێکی لە خۆی کرد، بزە و هەناسەیەک پێکەوە:

(بۆ من منداڵم!)

لە فیتووی خۆم حاڵی بووم، من بەڕاستی لەم بارەوە گێلم، جوابم نەداوە، دوو دەنکم نۆکە لەبلەبی هاویشتە زارم، خۆم پێوە خافڵاند، فەوزیە هێندێک سوور هەڵگەڕاوە:

(ئەوە دێمەوە)

هەستا، وە دەرکەوت، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە، کۆتەکەم دەبەر دەکەم، خەریکم وەدەرکەوم، ئامۆژنم خەریکی میوەدانانە، سەرم وەدەر دەکەوێ:

(ئازاد گیان، ئەوە میوەم بۆ دەناردی، بۆ وا زوو؟!)

قسەم بەباشی بۆ ناکرێ، بەشەرم و مینگە مینگ:

– مەمنوونم ئامۆژن، فەوزیە خانم زەحمەتی کێشا، ئاجیلی داومێ، بەجووتە هەتا بەر دەرگا دەگەڵم دێن، دەچمەوە لای مامم، چاوێک لە دەفتەرەکان دەکەم، کارێکی وایان نییە، لە ڕێوە شارەزام.

لای ئێوارە، یاری یاری بەشەقامی شاپووردا هەڵدەکشێم، لە چوار ڕێی حەمامی مەولەوی، بەرەو پشقەڵا بادەدەمەوە، سەروژێر دایدەقەڵەشمە خوارێ، گەرمای نیوەڕۆ، ئەهوەن بۆتەوە، بیر لە قسەی فەوزیە دەکەمەوە:

(بۆ من منداڵم!)

شەڕی خۆیەتی، قەتم بیر لە ژن هێنان نەکردۆتەوە، ڕەنگە هێندەش بێ جێ نەبێ...





نوێژی شێوان دەچمەوە ماڵی خۆمان، بێ هەست دەروازە دەکەمەوە، بۆنی تەڕە کەباب دێ، (مەلی) لە پەنا دایکم دانیشتووە سەوزی پاک دەکا.

سەرم وەدەردەکەوێ، یەکپێ ڕاستەوە دەبێ ، دایکم ماچم دەکا: (لەوەتی ئەتۆ ڕۆیشتووی «مەلی» لێرەیە، لە مێژە چاوەڕێتە کوڕم) چاو لە مەلی دەکەم زەرد هەڵگەڕاوە، وەتووڕەش دەچێ:

– مەلی! چۆنی، خەریکی دەرسەکانت هەی؟

بە ناقایلی سەر هەڵدێنێ:

(واشمان لێ بپرسی باشە، بەدەست ئەم دەرسانەوە پێوە بووم، ئەتۆش وەماڵێ ناکەوییەوە)

پشووی خۆی نییە، تووڕەیە، دەمەوێ بیبەمە وەتاغەکەی خۆم، بزانم چییە:

خۆ تۆ باسی دەرسانت لە لای من نەکردووە، چووزانم هەڕەی لە بڕەی ناکەیەوە، کتێبەکانت هەڵگرە، وەرە ئەودیوی دەخزمەتت دام.

(ئەوە دێم با ئەو نیسکە سەوزییە نەمێنێتەوە، ئەتۆ فەرموو.)

چی وا ناگرێ دەگاتێ، دەرگاکەش پێوە دەدا:

(ئەوە لە کوێی؟)

غەزەبی لە نێوچاوان دەبارێ، سەبرێکی دەڵێم:

– لە ماڵی مامم.

لێم مۆڕ بۆتەوە:

(مەبارەکە، لە خزمەت مەشکەدڕە.)

– مەشکەدڕە، چییە؟

(خۆت گێل مەکە، فەوزیە خانمی ئامۆزات)

(فەوزیە) و (مەلی) دە بیری خۆمدا هەڵدەسەنگێنم، هەردووکیان حەسوودن، بەخیلن، بەڵام (مەلی) ئازا، پتەو و ئاقڵ، (فەوزیە) ترسەنۆک، بەتاڵ و سادە، نێوچاوانم گرژ دەکەم:

– ئەگەر دەزانی ئامۆزای منە، ئەو قسانەی بۆ پێدا دەدەی؟

(بۆیە، بۆیە، بۆیە)

– یانێ چی، دەفەرمووی نەچمەماڵی مامم!؟

(خێر، کێ عەرزی کردووی نەچییە ماڵی مامت، بەڵام ڕاست بڕۆ، مامت سەعات دوو و نیو چۆتەوە بازاڕی، جەنابی ئیفلاتوون، تا ئێستێ خول خولەی دەسک دەکرد.)

دەمەوێ قەڵستری کەم:

– لە خزمەت فەوزیە خانمدا بووم، چارەی ئامۆزایان لە ئاسمان لێک بڕاوە. شین شین هەڵگەڕاوە، حاڵەتی هێرش هێنانی هەیە، خەریکە ئانگژام بێ:

(هەی خڕە لە باوانی کەوێ خەپە گیان، ئەو چاو هەڵپزاوە هەر قابیل بەتۆیە.) بەتوندی بەوەتاغەکەدا دێ و دەچێ، بڕێکی دەنگ توندتر کردووە:

(بەو خودایەی بێ شەریک و هاوبەشە، لاق دێرە نێ، لاقی دەبڕمەوە) چاودەکەم، چیدی دنە دەم دایکم و دایە خەیاڵ تێدەگەن:

– تەمبەڵی بەغدایە دەنگ هەڵمەهێنە، بۆ خۆت دەزانی ئێمە نەخۆشی خوێنیمان لە باب و باپیرم ڕا هەیە، لانی کەم لە باری عیلمییەوە، ژن و مێردایەتی من دەگەڵ ئامۆزام هەڵەیە، ئەوە بۆ فێت هاتۆتێ، جا بەتۆ چی، من عەبد و زێڕخریدی مەلی خانمم؟

بەم قسەیە ئەهوەن بۆوە، بزەیەکی هاتێ:

(ئازاد، تۆ مەرگی دایە خانم، تۆ گۆڕێکی حاجی چۆتێ، ئەزیەتم مەکە، بڵێ بزانم هێندە لە وەتاغی فەوزیە فزوول چت دەکرد؟)

سەرم سوڕماوە! بەکوێدا زانیویە من لە وەتاغی فەوزیە بووم، پتەیەکم لە شلکەی گوێێ دا:

– ئەگەر تۆ پێم بڵێی ئەو خەبەرەت لە کوێ وەرگرتووە، ئەمنیش عەرزت دەکەم. وەک لەسەر کلاسی مەدرەسە بێ، قامکێکی هەڵێنا:

(بەیانی هاتمە ئێرە، چووبوویە لای مامت، دایە خانم ئارەزووی نەوەی دەکرد، دیارە نەوە پاش ژن هێنانی تۆیە، شکم کرد، بەپەلە چوومەوە ماڵی خۆمان، زەنگم بۆ «هاجەر»ی خاڵۆزام لێدا، جیرانی مەشکەدرەیە ئەویش،





دووجاری خۆ بەماڵی مامتدا کردبوو، ئەو خەبەری دامێ)

جگە لە قسەکانی (فەوزیە) لەسەر (مەلی) ئەوی دیم هەموو بۆ گێڕاوە بەچاکی ئەهوەن بۆتەوە، حەسانەوەی دە ڕوخساریدا هەست دەکەم، چاوێکی بەنازی لێ کردووم:

(ئازاد گیان، لێم ببوورە، سەد گوناە و یەک تۆبە، بەهەڵە چووبووم)

– جا چاکە بۆ هێندە پشووت سوارە؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا:

(ئەتۆ قەدری خۆت نازانی، کەس وەک من تۆ ناناسێ، حەیفی بۆ وانە)

ئەوەی گوت، پتەیەکی لە چەنەگەم دا و دەرپەڕیە لای دایکم.

بۆ هەوەڵ جار لە ژیانمدا، لە ئاکاری ئەو کچانە بەرانبەر بەخۆم ڕازیم، غەڕە بووم، جوانی ئافرەت تەنیا ئەمڕۆ سرنجی ڕاکێشاوم، هەست دەکەم بەپێچەوانەی قسەکەی مامم ئەم کچانە لە باتی من وەک خەییامیان لێ دێ.

بیستوومە، خەییام شێت بووە، تریاکی کێشاوە، بەئاشکرایی، ئێستاش لە کوردستان تریاک کێشان ئیرادە، بەڵام ئەو گوێی نەداوەتێ، گۆیا جارێکی وەرەهرام چۆتە لای خەییام، دە تمەنی داوەتێ، خەییام وەری گرتووە وە مەنقەڵییەکەی هاویشتووە.

وەرەهرام گوتوویە:

– شێتە بۆ دەیسووتێنی؟

خەییام گوتوویە:

– تیمسار، خودا کەریمە، ئەتۆ کەریمی، ئەمنیش ڕەحیم.

دە وەتاغەکەمدا دێم و دەچم، لە پشت پەردەی تۆڕی ڕا، باڵەخانەی (سەرکار نایب) دیارە، پەنجەرەیان کردۆتەوە، وە دیارە سەرکار ئەمڕۆش گۆڵمەزێکی بەدەستەوەیە، پووڵێکی قاچ و قووچ کردووە، خەریکی بەزمە. (ئەشرەف) خانمی خێزانی دەژوورێدا، دێ و دەچێ، سفرەی ڕاخستووە، پێم خۆشە بەدزی چاویان لێ کەم، هەرچەند دەدڵدا ئەم کارەم پێ شوورەییە، نەدەبوو وابم، وە دیارە هاموشۆی ئەمڕۆم، شوێنەوارێکی باشی نەبووە،

مێشکم وەک پێشوو کار ناکا، هانەم لە ڕەفتاری کچەکان وەرگرتووە.

لەخۆوە چاوم دەچێتە کەلێنی پەردە، ئەشرەف خانم لە سەرکار جحێڵترە، جوانە، ڕەزاسووکە، نازانم چۆن بووە مێردی پێ کردووە.

سەرکار نایب، گەڕاوەتەوە، بەڵام زۆر بەدار و بارە، سینگ پان و مل ئەستوورە، هەرچەند تانوپۆی سپی دە سەر و سمێڵی کەوتووە، توند و تۆڵی لاوەتی تێدایە.

سەرکار فڕوفێڵی زۆرن، ئارەق، تریاک، بەرتیل، شلّتاغ، ئەوانەی لە لا ئیراد نییە، ئەوەندەی هەیە دە گەڕەکێدا ئەهوەنە، سەری خۆی دادەخا، کەس ئەزیەت ناکا، بێ حەیا و شڕ و دڕ نییە، ماڵەکەی تەنیا لە ماڵی ئێمەڕا، ئەویش لە هۆدەکەی منڕا دیارە.

فڕفڕەیەکی بەرقی دەوەتاغەکەیاندا دەسووڕێ، جار جار لایەکی پەردەی تۆڕی هەڵدەداتەوە، گرەمافۆنێک دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە، (ناهید) (غروب توی کوهستان) دەڵێ، ئەشرەف خانم، نەرم نەرم دەگەڵی دەڵێ، جاری وایە دەنگ هەڵدێنێ، دەنگی هەردووکیان زۆر خۆشە، نەرم نەرم ئاهەنگ، خەم دەبارێنێ، ئاه و سۆزێکی تایبەتی دەدەنگی ئەشرەف خانمدا هەیە، جار جار هەست دەکەم دەگری، دەبێتە ناڵە، ناڵەیەکی خۆش.

سەرکار، یەک دوو ئیستکان هەڵداوێ، دەچێتە سەر مەنقەڵی، ئاهەنگێکی بن بزۆکەی ترکی بڵیند دەبێ ، ئەشرەف خانم خۆی دەگەڵ دەسووڕێنێ، لەژێر پەردەوە، وەک هەورێکی تەنکی بۆر دیارە، دێتە سەر نووکی قامکە گەورەی، غەم و سەما وێڕای یەک، سەرکار، نەشەیە، چرتکە لێدەدا، دەنگی قامکە بەقەوەتەکانی، وەک تەقەی دوو داری ویشک دەچن، ڕەسەر ئاهەنگ دەکەون...

(مەلی) دێتە ژوورێ، لەبەر پەنجەرە واوە دێم، زیتەی چاوی دێ دیارە مەتڵەبێکی پێیە، لە بەری پێی تا تۆقی سەری، بەچاوێکی کڕیارانە دەڕوانم، سەیر شکڵی گۆڕاوە، سەوزەیەکی شیرنە، وەک زەڕی دەچێ، نا، شیرنترە، کەس هێندە ڕەزا خۆش نییە، شەڕانی، ڕوو هەڵماڵاو، هێندێک دەستەیە، چووزە کەنگرێکە، گەزیزەیەک، خۆرستێک یا ڕەشە ڕیحانەیەک،





دەگەڵ فەوزیە، هەڵیاندەسەنگێنم، زۆریان فەرقە ئەرز و ئاسمان، کارێک نین.

(مەلی) گۆشتی زیادی نییە، توندوتۆڵ، لەبارە و بێ خۆ جوانکردن جوانە، ددانی ڕێک و بەفرینن، لێوی هەوایەک گۆشتنن. چاو دەچاوم دەبڕێ:

(ئازاد، قسەم پێتە!)

– فەرموو!

(بەیانی هاتم ئەوەت پێ بڵێم، دوێنێ شەوێ هاتبوونە خوازبێنیم) هەڵدەبەزمەوە، لە پشتێن بەرەژێرم دەمرێ، تف دە زارمدا ویشک دەبێ ، قورسایی خەمێکی گران هەست دەکەم، کاس دەبم، وەک بەرق بمگرێ، نامەوێ دووپاتی کاتەوە، لە نەکاو دەڵێ:

(ها! چ بوو عەبەسای؟)

– نا، کێ کێ، کێیە؟

(هەگ داوەشێی! چ باسە، کچ دەبێ مێردی بکا، چ بکەم دەبەر بەشی خودای مرم، ئەتۆ پیاوی، ئەمن زەعیفە.)

لە قاقای پێکەنین دەدا، دڵم وەک گونی هەڵلاج کوتەکوتیەتی. مل هەڵدێنێ:

(ئازاد! بەختەوەری منت ناوێ؟ ناتەوێ دامەزرێم!)

– چۆن شتی وا دەڵێی (مەلی)، زۆر حەز دەکەم بەختەوەر بی.

(وێناچێ وابی، باشە، باشە، سەر هەڵێنە!)

دەست و پێم ون کردووە، نازانم چ دەکەم، دەڕوانمە دار و دیوار، چرای ماڵی سەرکار کوژاوەتەوە، چرا خەوێکی کز دایسێ، قۆڵم توند دەگرێ ڕایدەوەشێنی:

(چییە، حەبت خواردووە!)

– ڕاستییەکەی بیرم لەوە نەدەکردەوە، پێم وابوو هەر منالّین، دوورکەوتنەوە لە ئاواڵی منداڵی گرانە.

وەک تەوارێکی شەڕانی شەبەقی چاوەکانی بەڕێ کردە نێو بیلبیلەی

چاوم، بێ ئیختیار چاو دەترووکێنم، خەریکم خۆم بەهێزکەم، وەخۆ دێمەوە، نابێ بیدۆڕێنم، پیاوانە ڕادەوەستم، کارە و هاتووە، تازە بەمن چی؟ هەرچی دەکا بیکا، من نابێ دەسبەسەری کەم، خۆ من چم لەو بابەتە دەگەڵ نەگوتووە.

نازانم چۆنی پینە کەمەوە، پەتەم کەوتۆتە سەر ئاوێ، دەترسم قسەیەک بکەم، دیسان دەنگم بلەرزێ، سەر بەرز دەکەمەوە، چرای ماڵی نایب هەڵبۆتەوە، دایکم هەرای دایە خەیاڵ دەکا:

(خات خەیاڵ چاوێک لە ئاوی چێشتەکە کە، خوێی بچێژە، ئەگەر کوڵیوە سفرەکە ڕاخە.)

لە نەکاو بێ ترس و لەرز چاو دەچاوی دەبڕم:

– دەی!

(دەی نا، دووازدەی، ناردوویانەتە سەرم.)

– ئەو شازادە کێیە؟

(مەسعودی کوڕی وەستا برایمە)

– کوڕێکی خراپ نییە، زۆریش بەئەدەبە.

(هەر ڕقم لەو بەئەدەبییەیەتی، دوو سێ جاران تەشریفی تڕیوی دەهاتە سەر ڕێگام، وەک کچۆڵەیەک سوور هەڵدەگەڕا، دەمزانی ناوێرێ زار بکاتەوە، نازانم لە چی دەترسن؟!)

لە تۆ.

(بۆ ئەمن گورگم؟)

– نەوەڵڵا زۆریش کچی چاکی.

سەرێکی، سەرکەوتووانەی لێ ڕاوەشاندم:

(ئەی بۆ تووشی پیاوێک نایەم، نێرانە چاو دەچاوم بڕێ، سەودا ڕەزا و ڕەحمەتە، ئا، یا، نا)

بە توندی نەڕاندم:

– ژیانی هاوبەشیت پێ سەودایە؟!

(ئەی چییە؟)





– ژیانی ژن و مێردایەتی لە ئەوینەوە دەست پێ دەکا.

بزەیەکی هاتێ:

(ئەتۆش ئەوانە دەزانی، جەنابی ئیفلاتوون! ژیانی هاوبەشی لە سەتی نەوەد و نۆی، غەریزەیە، هەوەسە، ئەوین هەر جارێک ڕەنگە پێش بێ، ئەویش بۆ هێندێک کەس، زۆر جاری واش هەیە هەر یەکیان دەسووتێ، ئەوی تر بەبای خەیاڵیدا نایە.

ئەوین دە ژیانی هاوبەشی، ژیانی ژن و مێردایەتیدا، وردە وردە دەتوێتەوە، سووک دەبێ ، تێک دەچێ، ون دەبێ و دەمرێ). لە مێژ بوو دەمزانی بەغیرەتە، بەڵام پێم وانەبوو، قسەی ئاوا بزانێ، بەپێکەنینەوە دەڵێم:

– چت جواب دانەوە؟

(دەمەویست پرس بەتۆ بکەم، تۆ دۆستی منی، ئاقڵی، لە حاست ئەو کوڕانەی دیکە، کەمێکیش بەغیرەتی، یانی وەک ئاگام لێ بێ هەر دێ و بەغیرەت دەبی، نەزەری خۆت بڵێ؟)

نازانم چی جواب دەمەوە، بەبڕێک ڕاوەستانەوە:

– بەئاقڵی من، مەسعود کوڕێکی باشە، بۆ شەریکی تۆ ڕەنگە زۆر تەواو نەبێ، بۆ وا پەلە دەکەی، دڵت تۆقێ، هەتیوێک هەر وەدەس دەکەوێ، جارێ دەرسەکانت تەواو کە، داشقەیەکت دەرسی کەوتوو ماوە.

لێم مۆڕ بۆتەوە، چاوێکی قیچاندووە:

(دەمەویست بزانم ئیفلاتوون چۆنی تێدەگا، دەنا مەیتی خۆم بەحیزی وا هەڵناگرم، هەتا ئەتۆش ڕازی نەبی شوو ناکەم، بەڵام بەو شەرتەی ئەتۆش پرس بەمن بکەی.)

بەشوێن ئەم قسەیە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەدەروونیدا، مەشخەڵی ئاگرێکی بەتین دەبینم، زۆر شت، زۆر مەتڵەب دە چاوە ڕەشەکانیدا دیارە، مەلی، ئاڵوگۆڕێکی تایبەتی بەسەردا هاتووە، قورستر لە هەمیشە دەڵێم:

– کەسم لە تۆ نیزیکتر نییە، لە دایکم شەرم دەکەم، دایە خەیاڵ

ئەوڕۆیی نییە، بێ پرسی تۆ هەرگیز کاری وا ناکەم، جارێ خەیاڵی خوێندنم هەیە لانی کەم تا چوار ساڵی دی هیچ، پاشان بزانین چۆن دەبێ .

هێندێک سەرشێتانە:

(ئەمنیش تا چوار ساڵی تر ڕادەوەستم، ماناشی ئەوە نییە مێرد بەتۆ بکەم)

– ئەدی بۆ ڕادەوەستی؟

(هەر مێردی ناکەم، ئازاد سبەینێ دێی کەمێکم دەرس پێ بلێیی!)

جا بۆ ئەتۆ نایەی، قەتت دیوە وەستا بچێتە لای شاگرد؟

(ئاخر هەست دەکەم، دایکم وای پێ خۆش بێ.)

– لەبەر چی؟

(لەبەر قسەی خەڵکی.)

– زۆر چاکە، قاوەڵتوونێ لەوێم.

مەلی، ڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان، دایکم زۆری حەول دا بۆ شام گیر نەبوو.

پاش شێو خواردن، لە هۆدەکەی خۆم، سەرم بەسەر ڕۆمانێک داگرتووە، لای نیوە شەوە، دایە خەیاڵ بێ هەست وەژوور دەکەوێ:

(ئازاد گیان نەخەوتووی؟!)

سەر هەڵدێنم، وەتاغی دایکم لە مێژە بێدەنگە، پەڕێک کاغەزی سپی دەنێو کتێبەکە دەنێم:

– نەنە گیان! من خەریکی خوێندنەوەم، ئەگەر خەوت دێ بڕۆ بنوو.

(دەمەوێ بەدزی خانم هێندێکت قسان دەگەڵ بکەم.)

نازانم بۆ بەدزی دەیەوێ بمدوێنێ، چی بەدڵدا هاتووە؟ نیازێکی نییە، داواشی کەمە، دەماڵێدا بەتەواوی دەستی دەڕوا، دەبێ چ بلێ، خێرایەکی دەڵێم:

– فەرموو قسەکەت بلێ!

(ڕۆڵە گیان! ئەلحەمیلا بوویە پیاو، خەم، خەفەت و خۆماتەدان، لە بۆ پیاوان حەیبێکی گەلێ گەلێ گەورەیە، خۆ من چ کەموکووریت تێدا نابینم، هەرچی زەینێ خۆم دەدەمە ولاتی کەمیت نین، ماڵ و حاڵ وەک ماڵێ شای





دەچی، تێر و پڕی، کۆک و پۆشتەی، لە تەڕی دەخۆی لە ویشکی دەخەوی، خوێندەواری، دەس ڕۆییوی، ساحێب عێل و تایەفەی، خەڵک دەتناسی، نێو بەدەرەوەی، جوانی گەڕەکێی، کچ و مچ بەتەماتن...

کوڕە ئازاد! زۆر بەماتیت دەبینم، چ قەوماوە کوڕانم، چ هەیە و بەدایە خۆت نەگوتووە، ئەگەر خەمی دایە خانمتە، هەر بۆ خۆشی بەو حاڵە ڕاهاتووە، کوڕم کاری خوای چی دەگەڵ ناکرێ، هەزار کەسی زەلیل دەو شارەدا هەیە، زەوادی شک نابا، بەس نییە شوکور ئاتاج و موحتاج نین، بێ کەسوکار نین، هەناسە سارد نین ئەگەر ئاشقی لەبۆ بەدایە خۆت نەگوتووە، لە توو وایە ئەمن مردووم، چ زۆرن کچۆڵە، دەس لەسەر شانی کچی شای دانێ، دەبی قەرەواشیت بکا، ئەییی خەیاڵ دەبەر ئەو هێ چاوە جوانانەت مری، لە بۆ دڵ بەخەمی، بڵێ بزانم چت دەدڵ دان لە لای من وەیلێ، خۆ من لە تۆ بەدەر چ شک نابەم، بەسەری توو نامەوێ بە کزیت وەبینم، لە مێژە دەمەویست ئەوهانەت حەرز کەم، ئاخەر پێم بلێ، لەسەر چی پەرۆشی؟)

دایە خەیاڵ بێ نێوبڕ قسە دەکا، فرمێسک بەڕوومەتیدا دێنە خوار، بەگریانەوە دیسان نالاندی:

(ڕۆڵەگیان چم لێ مەشێرەوە، دایە خۆت سەری لەبەر تاوێ سپی نەکردووە. بەمنداڵی لە ماڵە ئاغا میرزا فەتاحی گەورە بووم، بەجحێڵی لە هەندەران ژیاوم، چوار مێردم کردوون، دنیام قوونە کەو کردووە، کوڕە ئازاد! دەستی من و داوێنی توو، خەڵک بەسەودایت لێ حاڵییە، هەرچەندی بەکزیت دەبینم، کراسێک گۆشت کەم دەکەم.

دەی بێت و مامت لێت لە فێڵێ بی، کوڕە خراپی بەسەر دینم، بەو خوایەی لە ژووری سەرییە، چم پێ نەکرێ خۆم لە لوولەی تۆپێ دەبەستم، ئەتوو پێت وایە دایە پیرەت چ نەفووراتێکە، دەرک و دیوانیان لێ دەگرم، بێت و مسەوەدەیەکت بەسەر بێن، سەلای سە و بەیتی کەریان پێ دەکەم، زووکە چت دە دڵدایە بەدایە خۆتی بلێ، ئەدی بەمیوانت بم، بزانە چلۆنت دەفریای دێم، خۆ دەس نییە دە گۆزەیدا مابی!

حاجی بابت بەکەرەمێ خوای شادبی، پرس و جۆی پێ دەکردم، لە توو وایە، نە خوێندەوار چی دەباراندا نییە، نانا لە منت نەکەوی خۆی بۆ نەخەی، کار لە پیاوان دەقەومێ، بڵێ بڵێ کوڕانم، لە شێر ترسان مەنع نییە، بەڵان دەرجی دێ، حیلاجی دەکرێ، دنیا بەخەمان پێک نایە)

دایە خەیاڵ بەگریانەوە، وەسەری کردووە نایماڵێتەوە، نازانم چۆنی پێ بڵێم، تازە دەستبەردار نییە، هەتا ئەوەی دە دڵم دایە بۆی هەڵنەڕێژم ژێر نابێتەوە.

خۆی لێ دەدەمە لانی گاڵتە و جەفەنگ:

– دایە گیان! ڕاستییەکەی ئەوەیە چاکم تێگەییوی، دەفکر دام، بەڵام نە ئاشقم نە سەودایی، نە مامم لێم لە فێڵێیە، دەڵێم، دایە خەیاڵ ئەو کەشەی مێردی بکا تەنیا دەمێنمەوە، ئەو فکرەی لە تۆ دەکەم بۆیە ماتم، ئەرێ لە سەر چەندی خۆت مارە دەکەی؟

فرمێسکەکانی سڕییەوە، هەروا بەخەمباری:

(لەوانە گەڕێ، بەخوای لە خۆشییە توو و دایت نەبا ئەستاکە دوو کفنم ڕزاندبوون، خۆم لێ دە خوارە بایان مەگرە، دەبی پێم بڵێی، دەڵێم زووکە زوو ئەییی، دەگەڵ توومە!)

– دایە خەیاڵ بەڵا لە درۆیان دا، بەو شەرتەی بەدایکم نەگاتەوە، پێت دەڵێم.

بزە بزی سەرکەوتنی تێدا دەبینم:

(ئازادی! ئەییی، ئەوها دە من دەگەی، جا ئەتوو قایل نەبی چلۆن بەدایت دەڵێم، خوای نەکا، شتی وا چۆن دەبی)

– دایە گیان ڕاستییەکەی ئەوەیە، لە مێژە شەوانە خەونی ناخۆش دەبینم، ئەو شەوانە بۆ خۆشت ئاگات لێ بوو.

چاوی دەزارم بڕیوە:

(دەی دەی، ڕاست، ڕاست دەکەی، شایەدم، حەمرم نەمێنی، لێم نەپرسی، ئەو شەوەی ئاوم دایەی.)

– ئەرێ وەڵڵا .





دە خەونەکانمدا، ئەفسەرم، ساحێب مەنسەبم، زوڵم دەکەم، لە خەڵک دەدەم، هاواری دەکەن، ڕادەچەنم، جاری وایە ژن و منداڵم هەیە، دەو خەونانەدا، عەجەمم، ناوم (حوسێن)ە.

دایە خەیاڵ هێندێکی بۆ مات بووە، لە نەکاو وەک لە غەیبەوە پێی بڵێن:

(ئەو خەونانە حیلاجیان هەیە، بێتوو کاری شایەتینی، جندۆکە و شتی دەوابی، حیلاجی ئەوەیە، قورئانە پەڕ سوورەکەی حاجی بێنمە وەتاغی توو، پێش نوستن شاد و ئیمانێکی بەحەق بێنی، ئایەتەلکورسی بخوێنی، بەدەسنوێژەوە بنووی.

دەی هاتوو کاری مۆتە بی، دەبی لەسەر پشت نەنووی، ڕووت دە قیبلەی بی، هەر مۆتە هاتە جەستەت دەست بەری بۆ دێخوونێ.

دەنا نا، هاتوو ئەو هانەش حیلاجیان نەکرد، دەبی بۆ خۆت ئەوهێ فکرانە لە سەرت دەراوێی، هەر ئەو خەونانە بەئاوەدانیش مەزانە، پیاوی، بەغیرەتی، هەڕەتی پیاوەتیتە.

هەموو شەوان خۆت لێ دەکەمە، ئەحمەدی بێخەم، بەسەرهاتی ئەحمەدی بێخەم هێندە قورس و گران بوو، هەرکەس دڵ بەخەم با، پەنای بۆ ئەحمەد دەبرد، ئەویش نەقڵی خۆی لە بۆ دەگێڕاوە، کابرای گۆڕین لە تاوی خەمی ئەحمەد هی خۆی لە بیر دەبردەوە.

لە منت نەکەوی، بڵێی هێندی ئەحمەدی بێ خەمم پێ نەکرێ، ئەتوو لە ساوایییەوە فێرە حەکایەتی، دایە خۆت هەتا ژن و منداڵ دەورەت دەدەن هەموو شەوان حەکایەتت بۆ دەڵێ، وەهات ئەو ساحێب مەنسەبە حیزبابە لە بیر دەبەمەوە، خۆشەوە نەبی.

هەر ئێستێ ڕاستەوەبە، دەزنوێژێ وەشۆ، قورئانەکە دێنم، لەسەر ڕفحەی دایدەنێم، «دایە خانم»یش ئەوە ئاوم لە پەنا داناوە، خرپ خەوی لێ کەوتووە، هەستە کوڕانم، بەهیمەتی دە پیاو چاکان خەون و مەونان فڕێ دەدەی.)

هەر چەند بەشێکی قسەکانی دایە خەیاڵ جوان و بەجێ بوون، بەڵام

سەرجەمی شتەکە قوولّتر بوو لەو عیلاجەی ئەو بۆی دیبوومەوە.

تا ئێستا چەند جاران چووبوومە لای، دوکتۆری ڕەوانناس، ئەوانیش چییان پێ نەکرابوو، ئەم خەونە وەک مۆرکە دەیخواردم.

دەمەوێ هانەی ئەم خەونە بدۆزمەوە، چم بە چ بۆ ناکرێ، ئەگەر ئەم خەونەم هەر وەک زۆربەی شەوان دیوە، هەر دیبام، بەڵام سەروان نەبام، حوسێن نەبام، مەئموری ساواک نەبام، خەڵکم ئەزیەت نەکردبا، نارەحەت نەدەبووم.

من عەزابی ویژدانی، بێ ویژدانی حوسێن دەکێشم، لە حەیفی خەونی ناپیاوی خەو لە چاوانم دەتۆرێ، هێندەش زیندوون دەکرێ دەستیان لێدەی، من کوڕە کوردێکی هەژاری بێ دەسەڵاتم، تەنانەت ئازارم بەمێرووڵەیەک ناگا، دەخەودا ئاوا ملهوڕ، کەڵەگا، قامک ئەستوور و بەقەوەت.

من ئەزیەتی کەسایەتی خەونەکانم دەکێشم، هەرچەند دەمەوێ بەخۆمی سبووت کەم، من ئازادم، مەزلوومم، ئەزیەت و ئازارم بۆ کەس نییە، بۆم ناکرێ، دەخەودا هەر ئەوەم کە نیم، جاری وایە حەبی والیۆمی دە میلی داوێم، بێ هۆش و ئیختیار دەخەوم، کەچی خەونی گۆڕین دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە.

لەسەر جێگاکەم ڕاکشاوم، دایە خەیاڵ عەلەتریکەکە دەکوژێنێتەوە، ئەویش بەئەسپایی درێژ دەبێ ، سەبیلە گڵەکەی ئاور دەدا، دوو مژی توندی لێ دەدا، ئاورەکەی بەقامکە گەورەی دەتەپێنێتەوە، ڕاوێژی زاری تێکەڵاوێکە لە بن لەهجەی، مەنگوڕ و سابلاغ، جار جار مایەیەکی شاروێرانیشی لێ دەدا:

(ئازاد گیان! بەناشکوری نەبی، ئەوەی من لە سابڵاغ دیومە، کەمتری دەبینمەوە، ئەو شارە جێی پیاوی دەکەڵە کەڵە بوو، «خاڵە سوورە» پیاوی وا هەر تاریفی نایە، داخی ئەوە دەمکوژێ، هەتیو مەتیوی وا هەیە، هەر ئێستا هەیە، لە ژنێ خۆیان دەترسن، ترۆقیون، کەس نییە لە ماڵە خۆی زمانی بگەڕێ، کوڕە خۆ ساڵ و زەمانان ئەوها نەبوو.

«خاڵە سوورە» چەتە بوو، ڕێگری دەکرد، لات وانەبێ دێڵە دزەیەک بوو،





نانا هەر لە خۆی جوان بوو پیاوەتی، هەر لەوی دەوەشاوە گەرووتاڵی، ساڵی حورووسی زوو، حورووسەکان دێنە نێو شاری، کوشتارێ دەکەن زۆران دەکوژن، زۆرانیش بریندار دەکەن، «خاڵە سوورە» هەروەک لە پێشدا، لە ناحەقی یاغی ببوو، بەخۆی و دار و دەستەیەوە، غیرەتی هەڵناگرێ، دێتەوە نێو شاری، دەس دەکا بەحورووس کوشتن، زۆران دەکوژێ، هەتا دەورەی دەدەن و شەهید دەکرێ، پاشان قەبرەکەی دەبێتە «چاک» چاکی خاڵە سوورە، کوێراییم گاتێ جێی هاوار و بانگان بوو، ئەو چاکەمان هەبوو، ئەویش وەبەر خەیابانی کەوت.

کوڕە جا لە توو وایە «ئاغا میرزا فەتاحی قازی» چ پیاوێک بوو، ئەی گڵەمەرگت بێ، حەیف نییە دەدارایی دەدونیایەدا، پاش ئەو کەڵە پیاوەی «خەیاڵی» بەرەڵبێنەی چوار سەرینان بژی، ئای چم دی و چ دەبینم.

پێشی قشوونی حورووسانی گرت، لەو شاخی (خەزایییە)، ئەمن ئەوێ دەمی منداڵ بووم، دەگەڵ دایکم پەنانشینی ئاغای بووین، وەک خەون لە بیرمە، جوانچاک، خوێندەوار، ئازا و بەکار بوو.

بەخەڵکی شاری گوتبوو، لە خەزایی پێشیان لێ دەگرم، هەتا کەللەی من لە جاوی نەدووروێ پێ دەو شارە نانێن، ئێوەش ژن و منداڵ ڕاگوێزن، ئەو سەیانە زۆرن، دەوڵەتن، نە وەک دەروەستیان نەیەین، ئەویش شەهید کرا، پیاوانە قەراری خۆی بردەسەرێ.

ئاغای «سالار»ی کوڕی ئاغا میرزا فەتاح، ئەویش لەو پیاوە گەورانە بوو، ئازاد گیان! ئەوهانەت بۆیە بۆ هەڵدەدەم، ئەتووش ڕێوشوێنی ئەوانە ڕەچاو کەی، لە خەون و مەونان ئەندێشت نەبی.

«سالار» دەیگێڕاوە دەیگوت:

ساڵێکی کابرایەکی مەڕدار، خەڵکی چۆمی مەجیدخانی، هاواری لە بۆ ئاغا میرزا فەتاحی هێنا، گوتی: قوربان ئەو مەڕەی خوا بەمنی دابوو، چەتە ڕایان داوە.

شوێنەکەم هەڵگرتوون، قەرە بەقەرەیان هاتووم، ڕوویان دەلای دەرمان و قزڵجەی کرد، دەرەقەتیان نەهاتین، ئێمە چوار کەس بووین، ئەوان دە

دوازدەیەک، دەگـەڵ بەرەو ڕوویان ئاسـۆگـمـان دا، هەوەڵ دەسـڕێژ سێ یەکسمیان لە ئەرزێ داین، دیارە نەیاندەویست بۆ خۆمان بکوژن، چاوم کرد خۆ دەپەنای تۆ ناوێم، بەدەسڕێژێکی دی ئەسپەکەی خۆشم دەچێ، بەپێیان دەستم وێت ڕانەدەگەیشت، ئێستاش خۆت و پیاوەتیت.

«ئاغا» بانگی کردم، فەرمووی:

سـالار، پیـاوەکـان هەڵگرە، ئەو مـەڕەم لە توو دەوێتـەوە، مـەڕی نەهینییەوە، مەیەوە، ئەوەشت لە بیر بێ گوێبەلێک کەم نەیەتەوە، ئیدی کەرکێکی پاشقول نەدەی، بلێیی هەر ئەو هەبوو، بانگی کابرای مەڕداری کرد، فەرمووی: سەر حیسابی مەڕەکەت بە، دەبی پێم ڕاگەیەننەوە.

پیـاوەکـان و کـابرام وەدووی خـۆم دا، بەو کـێـوانەی حـەوتەوانە و سارەوانانندا هەڵکشاین، بەربووینەوە دیوی قزڵجەی، ئێوارەیەکی درەنگ بوو، ماوەیەک گەڕاین، بەسەر مەڕەکەدا کەوتین، دەنێو دۆڵێکدا مەڕەکەیان نواندبوو، ئاوریان دایسا، کۆزیلکەیان بەستبوو، بەسەیدی بابنۆکەرم گوت: سەید «سالەح» ڕۆژ درەنگە، شەو بەسەر دەستان دابێ، سیلە هەڵگیرێ، چمـان لە دەس نایە، هەزار جـار لە منت کـەوی چوار کـەسـان هەڵگرە، ئەولاولایان لێ بگرن، ئەمن دەنگیان دەدەم، هاتوو دەستیان نەدا، تەقەی دەکەم، هەوەڵ تەقە ئەسپەکانیان، پاشان مەڕیان بەجێ نەهێشت ئیدی مەیان پارێزن، کەس وە دوامەدەن، ئاغا ئابڕووم دەبا ).

سـەید، هێندەی فـوو لە قـەننەی کـەی ڕاپەڕیە ئەولاولایان، بەپیـاوەوە دامەزرا، چوومە بلێندایی گوڕاندم:

«سالاری کوڕی ئاغام، کاکی چەتە دەورەتان گیراوە، خێرایەکی مەڕەکە بەجێ هێڵن، تفەنگان لەسەر سەرو دانێن، بێ کێشە بڕۆن، دەنا تاقوو لێ دەبڕم» .

چەتەیەکی دەنگ گڕ جوابی دامەوە:

«ئاغـای سالار، بۆ ئاورت کردۆتەوە، ئەو حیزبابە مەڕدارە، نەڕەعیـەتی تۆیە، نە ئاوەڕۆی ئێوەی بەسەردایە، ڕێ ڕۆژێکم، مەڕ قـولەپێچ کـردووە، ڕوحی خۆمان دەهیلاکەت خستووە، چت لە گیانی من دەوێ؟»





گوتم:

«مـەڕەکـەم دەوێتـەوە، دەسـتووری ئاغـایە، خێـرایەکی بێ تەقـە بەجێیی هێڵن»

چەتە گوڕاندی:

«لانی کـەم ئیـزنمان بدە نانەکـەمـان بخـۆین شـەکێکمـان کـوشـتـۆتەوە با لەکیسمان نەچێ»

بە توندی هەرام کرد:

«بەو قسـانە پێت وانەبێ دەخافڵێم، دەستی بۆ بەرن، دەستو دەپەڕێنم، دوو دەقیقە و وەختە، بوو بە سێ وەک ڕووی بێژنگێ کونکون دەکرێن»

چەتە سـوار بوون، لەمە نەدیو بوون، دەگـەڵ سـاحێب مـەڕ و یەکێک لە پیـاوەکـان، داگـەڕاینە لای ئاورەکـە، بەکـاک سـەیدم گـوت، سـەرێ چۆل مەکەن، ئاورەکە تەنیا کلێک بوو، نیوە دامرکاو، داییسا، چ خۆراکی لێ نەبوو، ئەو پیـاوی دەگـەڵم بوو، ئاورەکـەی کـوژاندەوە، ژێر ئاورەکـەی بەئاوزەنگی چوار قـامک لادا، بوخـچەیەک وە دەرکەوت، ورگـە مـەڕ بوو، شۆڕابۆوە، گۆشتەکەیان هەر بەڕۆنی خۆی تێکردبوو، تێر خوێیـان کـردبوو، بەستبوویان، ئاوریان لەسەر کردبۆوە، قەت لە ماڵی خۆمان خۆراکی هێندە خۆشم نەخواردبوو»

دایە خـەیاڵ بێـدەنگە، وردە وردە خـەو بەسـەرمـدا زاڵ دەبێ . تالاری باشگای ئەفسەرانە، دەگەڵ زەڕی لەسەر کورسی، لە پەنایەک دانیشتووین، پڕە لە مـیـوان، یەکی دی نابا، ژن و پیـاو، تێکەڵن، بۆنی عـەتر و ئەسپەندەر، عوود و ئۆدکلۆن بەگژ پیاوی دادێ.

ئاوێنە و شـەمـدانمان لە پێشـە، مـەلا دەبۆڵێنێ، قـەند و نەباتمان لەسـەر دەسوونەوە.

زەڕی هەمـوو گـیـانی پێـدەکـەنێ، لە بنەوە لێی ڕەبا دەدەم، سـەبرێک دەستی دەگرم، توند ڕێکی دەکوشم، بەسرتە لە بن گوێم دەڵێ:

– سەبر، هاوار دەکەم.

چرای ڕەنگا و ڕەنـگ، خـشـڵ و زیوەر، حـەریر و زەڕی، وەک بارانی

وردەزێو زرووقەی دێ، کۆلکە زێڕینەیەک لە خرمانی قەنەوز تەرکی تالاری گەورەی داگرتووە.

ئاهەنگێکی بن بزۆکە لێ دەدرێ، پۆل پۆل بەرەو سەما دەڕۆن، سەکۆی سەما، پێخوستی دەیان نازدار و پێشێلی دەستەیەک پەرییە. ئاهەنگی مەستییە، سروودی سەرمەستییە، پشووی گەرمی ژیانی هاوبەشییە و بەختەوەری بێ سنوور و بێ نیهایەتە.

سەمای ژنانە وردە وردە، دەبێتە ژن و پیاو، نووکی سۆلی پانییە بڵێند هاژەیان دێ، کۆمەڵێک هاوار دەکەن:

(بووک و زاوا کەشەیەک سەما بکەن)

دەستی زەڕی دەگرم، بەلەنجەولار، تاوسی مەست شان بەشانم دەڕوا، چەپڵەڕێزان دەرک و دیواری تالاری هەڵگرتووە، سەوزەی سووکباڵ وەک پەلەپووش دەئامێزمدا دەسووڕێ، دەست بەپشتمدا دێنێ، چەشنی پەپوولەیەکی باڵ تەڵایی لە بان گرێدار.

جەژن تا لای نیوەشەو، هەروا گەرمە، چەپڵەیەکی درێژ، ئاهەنگی تەدارەک و مەبارەک و هەڵڵای بەرێکردنە.

دەستی زەڕی دەگرم، بەرەو دەرگا، ماشێنێکی سواری ڕازاوە، دەچمە پشت فەرمان، زەڕی بەهەزار نازەوە لە پەنامە، شۆخێکی سیحراوییە.

بەڕێمان دەکەن، سەفێک ماشێنی جۆراوجۆر، دەنگ و هەڵڵا و چەپڵەڕێزان.

لە دەرگای خۆمان دادەبەزین، پیرۆزبایی، سپاس، ماڵ ئاراستەیە، وەتاغی خەو، ئاباژۆرێکی سوور، تەختی دوو نەفەرە، دۆشەگی مەخمەری سوور و مەلافەی چێرەیی.

لە نەکاو، تەقەی زللەیەک، خوێنی دم و لووتی ئەمیر، خوودار دەبم، ڕادەچەنم، دایە خەیاڵ پرخەی دێ، پڵتە و فوویەکی بێ ددانی.

***



3

دەرسم بە(مەلی) گوتووە، کووچە چۆل و هۆلە، (ئەشرەف) خانم سەری لە دەروازە کێشاوەتە دەر، گەردنی وەک کێل لە چاو دەدا، دەمەوێ سەری خۆم داخەم، وا بڕۆم مەودای نەدەمێ، مۆڵەتم نادا:

– سەلام ئازاد!

– سڵاو ئەشرەف خانم.

بە سەر ئاماژە دەکا بچمە پێشێ:

– وەرە ئازاد جان، لە لای دایە خانم باسی مەکە، بەگوربانت دەبمەوە.

خۆم لە گێژی دەدەم:

– چە دەفەرمووی؟!

– ئەی هۆ گە باز، نەواخدان شەیتان بووی، کچ مچ دۆرەیان داوی، بەئید نییە، ماشەڵڵا شیرین شەیتان.

لێی دەکەمە شۆخی:

– ئەمن شەیتانم! یا؟

– شەیتان ئەوەیە لە پیشت پەردەی ئۆتاغ چاو لە مین دەکا.

هێندێک بەخۆم داشکاومەوە، سوور هەڵگەڕاوم، ئەشرەف بزەی دێتێ:

– ئەتوون چاوی منە، گەیدی نییە، ئەمما خوبدا، لە لای دایە خانم باس مەکە، چاوە جوانەکانیش دەرویش کە، بەگوربانی شیرین شەیتان.

(ئەشرەف) خانم تازە کوردی فێر دەبێ ، جار جار دەنکێکی ترکی دەگەڵ دەخا، زۆر شیرن دەدوێ.

هەرچی دەکەم بەرم نادا بڕۆم، گوێی لێ نییە دەکووچەدا ناکرێ ڕاوەستم، بەپەلە دەڵێم:

– خاترجەم بە، لە لای کەس دەنگ ناکەم، ئیزنم هەیە بڕۆم؟

بە بزەوە چاوم لێ دەکا، مندالتر دەنوێنێ:

– چەندی بەپۆزە، کورە وا ئەجەلە کوێ دەچی؟ بڕۆ ئەمما گەولی دا.

بە زارکی کووچەی مزگەوتی سووردا، با دەدەمەوە بەرەو مەیدانی (ڕەزا

شا )، کابرای سەوزی فرۆش هەڵڵایەتی:

(باقە، باقە، باقەی دوو باقە، دەسکە دەسکە، دەسکەی دوو دەسکە، دەسکە دەسکە، دەسکەی تۆنێکە، کەوەر و پیواز و جەعفەری، خەنەبەندانییەتی) هەتا دوور دەکەومەوە، گوێم لە دەنگیەتی، دەنگی خۆشە، کارەکەی دە حەددی خۆیدا بەجێیە.

بە دەرکی کاروانسەراکاندا، دەچمە بازاڕی (بەرداشە کۆن)، قاوەخانەی حاجی ڕەشەی یەکی دی نابا.

بە شانە چرکە کۆڵان دەپێوم، مەیدانی (حەمە خرچە) قاوەخانەی (حاجی قادری ڕەحمەتوڵڵا)، وەژوور دەکەوم، پۆلێک بێکار لە بنەبانی قاوەخانە خەریکی تەختە و دۆمینەن، نەوار بەتەواوی دەنگی کراوەتەوە، ماملێ:

(باران دەبارێ هەوری لار...) دەڵێ، هێندێکی گوێ دەدەمێ، دێمە دەرێ، دەنگی بەسۆزی ماملێ، گۆرانی ناسکی هەوری لار بردوومی دەناخی ژیانی داهاتوومەوە:

«چم بەسەر دێ؟ حەوسەڵەی دووکانداریم نییە، ئەگەر نەچمە زانکۆ، چ بکەم؟ دیپلۆم بەکەڵکی چ دێ!...

کوڕە، ئەە، بۆ پەرۆشی پارە کاغەز بم، جەوازی کار، بۆ چمە؟ بەخۆم و پیرە دایک و دایە خەیاڵەوە، شوکر هەیە و زۆریش هەیە، لەسەر چی خۆ ماندوو کەم.

چ زۆرە کتێب، چەندی دەمەوێ دەخوێنمەوە، بەداخەوە لەبەر دایکم لە سەربازیش ڕزگار دەبم، (مەلی) وە دیارە چاوەڕێیە بیخوازم، ئەگەرچی دوێ شەوێ دەیگوت:

(ژیانی ژن و مێردایەتی، مەرگی عیشقە)

ئەو قسە زەلامانە لە کوێ فێر بووە، کەمتری کتێب بەدەستەوە دەبینم، ڕۆژ بەڕۆژیش جوانتر دەبێ ، قەدەرێکە مانایەکی تایبەتی دە چاوەکانیدا هەست دەکەم، ئەمڕۆ دەرسەکانی بەتەواوی دەزانی، منی بۆ چ بوو؟! ڕەنگە ئەوینی ئەوبم، هەروەک خۆی دەیگوت: (ئەوین تەنیا جارێکە، دوو ئەوین دەژیاندا نییە)





مەلەک خانمی دایکی بەسەد لەون هەوڵ دەدا، چارەنووسی من و مەلی تێکخاتەوە.

مەلی دەیگوت:

(هەتا چوار ساڵی دی مێرد ناکەم)

ڕاست ئەو دەمەی، من لە زانکۆ تەواو دەبم، ئەگەر دەرچم، دەردەچم...

کابرای حیسابگەر، داهاتووی باس دەکرد، پارەکە لە میوانخانەی (شەڵماشی) بەڕواڵەت لاڵ بوو، قسەی نەدەکرد، دەینووسی، ئەگەر لە زانکۆ دەرچم، قسەکانی دیکەشی وەڕاست دەگەڕێ.

من پرسیارم لێ کرد:

– نارەحەتی مەسەلەیەکم، دەکرێ بفەرمووی چییە و چی لێ دێتەوە؟

دەستی دا کوتە کاغەزێک نووسی:

(خەونی ناخۆش دەبینی، پێیانەوە گیراوی، لە داخی ئەو خەونانە خەریکە شێت بی، بەڵام چت لێ نایە، دەچییە دانشگا، لەوێ خەون و هانەی خەونەکەت لێ ڕوون دەبێتەوە، پاشان ژیانێکی پڕ مەترسی، زۆر جار دەهیلاکەت دەکەوی، هێزی ئەوین، ئەوینێکی بەقەوەت یاریدەت دەکا.)

ئەو بلێ و نەڵێ، دەبێ بەهێزبم، ژیان یانی خەبات، خەبات بۆ سەرکەوتن.

دایە خەیاڵ قسەی باشی دەکردن، هەڕەتی پیاوەتیەمە، دەبێ بەتاقەت بم. ڕۆژێکی دەیگێڕاوە:

(خێڵ و بارێک بەرەو کوێستان دەڕۆیشتن، تووشی مەزرایەکی پاوانکراو هاتن، پیاوێکی قۆرخچی پێشی گرتن:

(ئێرە پاوانە، وەگەڕێن!)

گەڕانەوە، ماوەیەکی زۆری دەکێشا، پشت سەریان لەوەڕی نەمابوو، مێگەل قڕانی دەکرد، هەرچی تکایان لێ کرد، ڕێگای نەدان، لە هەر چوار لاوە، تاق و لۆ دەهاتنە یاریدەی، کارەکەی وردە وردە گەورە دەبوو.

پیرێژنێکی لەرزۆک، خۆی بەقەڵپووزی زین گرتبوو نەکەوێ، زلەمووی لە

چەنەی شین ببوو، ددانی دەزاریدا نەبوو، هاتە پێشێ رووی دەقۆرخچی کرد، دەستی لەسەر کۆشی دانا:

(کورم، قۆرخچی! ئێرەش ڕێ نەبوو، مرۆیان کردیانە ڕێ فەرمانی دا، خڕەی چەخماخان هات، خێڵ و بار وەڕێ کەوت)

من بۆ دەبێ ئاوا کەم جیکلدانە بم، کەم دەوڵەمەندم؟ خۆ نیازم بەکەس نییە، لە زانکۆش دەرنەچووم چش، چاوی خەونانیش دەرێ، لەورۆڕا دەبێ پیاوێک بم، پیاوێکی مەرد و گەرووتاڵ .

بە مەیدانی ئاسنگەراندا، دەچمە شەقامی شاپوور، هەڵدەکشێم، بەچوار ڕێی مزگەوتی هەباس ئاغادا هەتا، مەیدانی حەیوانان بەدەم خەیاڵەوەم، مەیدان تێکە و لێکەیەکە باب ئاگای لە کوڕ نییە، (سوڵتان ئاغا)م وەبیر دەکەوێتەوە:

– ئاە، با سەرێکی لێ بدەم.

لە حەوشەڕا بەپیرمەوە دێ، گنج و لۆنجەکانی ڕوخساری حەکایەتی سەدان ئاواتی وەدی نەهاتوویەتی، پیاوێکی نەسرەوتوو و بەئامانج نەگەیشتووە، نیوەی تەمەنی دە بەندیخانەدا ڕابواردووە.

ئارام، میوانگر و بەخوڵق بەپیرمەوە دێ، سەراسەری ژیانی پڕە لە کارەسات و بەسەرهات، ژیان نا ژان، ژان نا ژار، لە شازدە ساڵییەوە دەگەڵ سیاسەتی (بەزۆر بەسەردا سەپاوی) وڵات دەستە و یەخە بووە، جارێکی بۆ خۆی دەیگوت:

(سیاسەت وەک دڵداری وایە، لە بیر ناچێتەوە)

سوڵتان ئاغا ئاشنای لە مێژینەی بنەماڵەی ئێمەیە، لە منداڵییەوە دەیناسم، دەچینە ژوورێ، بەخێرهاتنم دەکا:

(دەی چۆنی، چ دەکەی براله؟)

– قوربان لە سایەی تۆوە باشم، خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆ زانکۆ .

(ئیشاڵڵا خوێندن دەرمانی دەردە.)

– قوربان بۆ خۆت چۆنی، چۆنە لە دەرێی؟

لە قاقای پێکەنین دەدا:





(مەنزوورت ئەوەیە چۆنە لە زیندان نیم؟)

– بەڵێ.

(وە وەی دەچێ لە بیر چووبمەوە، ڕەنگە لە گرتنم وەڕەز بووبن، دەرێش بۆ من زیندانێکی گەورەیە، دۆست و برادەرەکانم یا گیراون یا هەڵاتوون.

ئەم شارە تووک لێکراوە، هەر شوێن و شەقامێکی بۆ من پڕە لە بیرەوەری تاڵ، پێش پێی تۆ، پیاوێکی ئازەری خەڵکی «شووشەوانی تەورێز» لێرە بوو، پاشی دە، پازدە ساڵ ئەو منی دۆزیوەتەوە، هاتبووە لام، ئێستێ وەدەرکەوت قەرارە بۆ نەهارێ بێتەوە.

پاش تێکشکانی دوکتۆر «موسەدیق» و کۆدەتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژ، مامی خۆشت دەگەڵ سەدان کەس خەڵکی ئەم شارە و کوردستان کەوتە زیندان، دادگای نیزامی پەروەندەکانی بەبەست دەپێوا، بەچاوی بەستوو، ئیعدام و زیندانیان دەدا بەخەڵک، هەرکەسیان دەکەوتە بەر دەست ڕەپێچەکیان دەدا بەرەو کونە ڕەش.

ئەو سەر و بەندە منیش گیرام، ماوەیەکی زۆر لە زیندانی مەهاباد مامەوە، دادگای نیزامی، سەرەکی ئیعدامی دامێ.

پاش حەولودەولێکی زۆر و دیتنی سەرهەنگ خاجە نووری، قەرار درا بۆ دادگای دووهەم بەڕێم کەنە تاران.

دوو دەرەجەدار و سەربازێک بەشوێنەوە، بەئوتوبوسێکی شڕی چەپرەک بەرەو تاران بەڕێ کرام.

ئومێدێک نەمابوو، کەس بەکەس نەبوو، خۆت و بەختی خۆت، دوو دەرەجەدارەکان، لە پێشەوە، من و سەربازەکەش لە پشت وان، دانیشتبووین، لە تەورێز ڕەد بووین، جار جار لە بەینی قساندا، گۆشەیەک لە بەسەرهاتی خۆم بۆ سەرباز دەگێڕاوە، بەسەرهاتی پڕ لە بڵیندونەوی، گیران و بەربوون، ژیانی گشتی وڵاتی مەزلوومی ئێمە کارێکی وەهای لەسەر سەربازەکە کرد، لە نیزیک «قەرەچەمەن» گوتی:

«ئێستا ئێمە ئەتۆ بەرەو ئیعدام دەبەین!؟»

گوتم:

– سەتی هەشتای ئیعدامیم.

دەرەجەدارەکان، پرخ خەویان لێ کەوتبوو، نیزیک نوێژی خەوتنان بوو، بەسرتە گوتی:

«مامە! ئەمن خەڵکی شووشەوانم، ناوم «پاشا»یە، سەڵت و ڕەبەنم ماڵ و مڵکم نییە، وەرە دەستم دەگەڵ بدەیە، تفەنگێکی لەوانە دەدەم، بەجووت خپ دەبن، پێکەوە ڕادەکەین، ئەتۆ بەڵەد و دنیا دیتووی، ئەمن جحێڵ و بەتاقەتم، وەک کوڕێک خزمەتت دەکەم، بۆ کوێ دەڵێی دەچین».

مات ببووم، فکرم لێ دەکردەوە، گەیشتینە قەرە چەمەن، بۆ شێو خواردن دابەزین، دەستیان کردمەوە، لەسەر مێزێک دانیشتین، دەستووری شام درا، پاشا دەگەڵم هات دەست بەئاو بگەیەنم، وڵات بەتەواوی تاریک بوو، هەر دوو بەدوو بووین، دەوروبەری قاوەخانە کەسی لێ نەبوو، گوتی:

«ئەو وڵاتەی بەڵەدم، وەک بەری دەستم، وڵاتی خۆمانە، وەرە بڕۆین ئەو مەئموورانەش ئەگەر وەشوێنمان کەوتن، ئەوان دەمانچەیان پێیە، ئێمە تفەنگ، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە ماوەمان هەیە، بەعەرزی من بکە، لێرە ڕەد بین هەلی وامان بۆ هەڵناکەوێتەوە.»

هەرچەندی بیرم دەکردەوە، «پاشا» حەیف بوو، لاو بوو، هەزار هومێد و ئارەزووی هەبوون، بێ گوناه و بێ تاوان لەسەر من دەربەدەر دەبوو، ئەو نەیدەزانی ژیانی دەربەدەری چۆنە، هەرچی کردم، دڵم نەهات، گوتم:

– پاشا، بەقسەت ناکەم، مردن لە دەربەدەری خۆشترە. هەرچی تکای کرد و حەولی دا، جوابم نەداوە، چووینەوە قاوەخانە، شێومان خوارد، وەڕێ کەوتین، ڕێگای درێژی تاران ماشێنی چەپرەک، دە ڕێیەشدا یەک دوو جاری بەگوێدا دام.

چووینە تاران، تەحویلی ئەوێیان دام، پاشا، چاوی پڕ ببوون لە ئاو، بەدزی پووڵێکم دەگیرفانی ئاخنی، خوا حافیزیمان لێک کرد.

شانسم هێنا، دادگای دووهەم حوکمەکەی شکاند و کردیە سێ ساڵ، ساڵی ٤٦ لە «تالاو» گوندەکەی خۆمان بووم، ڕۆژێکی «پاشا»م لێ وە ژوور کەوت، پەیمانکاری جادە بوو، لە میاندواو پرسیاری کردبوو، هاتبووە





لام، پێک شاد و شوکر بووینەوە)

زۆری حەول دا بۆ نەهار لە لایان بمێنمەوە گیر نەبووم.

لای نیوەڕۆیە، دەچمەوە ماڵی خۆمان، (ئامۆژنم) و (فەوزیە) لەوێن، بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەکەم، دوای مەرگی باوکم کەم وابووە بێ خەبەر بێنە ماڵێ ئێمە، دایکم ڕووم تێ دەکا:

– ئازاد، شانست باش نییە، ئەتۆ وەدەرکەوتی، فەوزیە و ئامۆژنت بەسەریان کردینەوە، زۆرم حەول دا منداڵەکانیش بێن، ئامۆژنت خۆمانە خۆمانەی دەکا، دەفەرمووێ چوونە ماڵە خاڵیان، بەمامتم عەرز کرد، ئەویش فەرمووی: (لە فەرمانداری دەعوەتم.)

مەلەک خانم، لە بەیانییەوە دوو جارانت هاتووە لە دووی دەڵێ: (سەرو پێم لێناوە، دەبێ ئازاد بێتە وێ.)

حیسابم هاتە دەستی، فیتی (مەلی)یە، بەیانی لە ماڵی ئەوان بووم، چ باس نەبوو، زانیویە فەوزیە لێرەیە، بۆ وەی نەیبینم، ئەو زیافەتەی وەڕێی خستووە، سەرێکم ڕاوەشاند:

– ئامۆژنم لێرە بێ چۆن دەکرێ، بێ شک مەلەک خانم نەیزانیوە.

دایکم:

– ئامۆژنت ماڵە خۆیەتی، قەیدی ناکا کوڕم.

فەوزیە، ڕەنگێکی هێنا و برد، ئامۆژنم هەڵیدایە:

– ئازاد گیان خۆ ئێمە غەیرە نین، ئەمنیش لە مێژە دایە خانمم نەدیوە، ئاوا ئاسوودەتر قسان دەکەین.

فەوزیە بەتەواوی خۆی ڕازاندۆتەوە، وەک شازادەیەک جلوبەرگی دەبەر کردووە، نیوە تانجێکی چووکەی هێندێک لار لەسەر ناوە، گوارە و کرمەک، تۆق و شامرەخت و سەر پشتێنەکەی بەتەواوی لە چاو دەدا.

لێوە گۆشتنەکانی وەک ئەتڵەس سوور کردوون، غەرە و بەپۆزە، زیاتر لە تەمەنی دەنوێنێ، دەوری چاوەکانی هەوایەک بایان کردووە.

(مەلی) دەیگوت: (چاو هەڵپزاو) واش نین، تەنانەت ئەو نەختە باکردنە، لە جوانی چاوەکانی دانەشکاندووە، پڕن لە نیاز، بەغەمزەوە جار

جار، خۆ لەسەر مۆبلەکە دەسووڕێنێ، لاقی هاویشتۆتە سەریەک، ماتە و چاو لە من دەکا:

– بۆ نافەرمووی بڕۆی، چاوەڕێت دەبن!

هەزار مانا لە قسەکانی دەبارێ، پرسیارەکانی دوێنێ، سەبرێک دەڵێم:

دەرم مەکە، چایەکی بێنی باشترە.

لەو پۆز و هەوایە دێتــە دەر، ڕاســتــەوە دەبێ ، ئەدای بۆرژوایی لێ دەبارێ، دایکم و ئامـۆژنم، سـەبر سـەبر قسـان دەکـەن، دوور لەوان لەسـەر کاناپە دانیشـتووم، فەوزیە، دوو چایی جوان لەسەر کەشەفێک لە دەرگای ئاشپەزخانە دێتە دەر، پێش خۆی سینگی وەدەر دەکەوێ، لەرەیەکی وردی داوەتێ، چایی دادەنێ، ڕوو دەمن ڕادەوەسـتێ، ئیـشـاڕەی دەکـەم لە پەنام دادەنیشێ:

– دەست و چاوت خۆش بێ خاتوون!

بەدڵ ئێشاوی چاوم لێ دەکا:

– بەس نییە چای دەستی مە دەخۆیەوە.

سەرم داخستووە، کایە بەئیستکانەکەم دەکەم، لە سەرەخۆ:

– من برای چاک نەبم، تۆ خوشکێکی باش بە.

لە بنەوە چاوی لێ دەکەم، خەنجەری لێدەن خوێنی نایە، بەقـەڵسـیـیـەوە سوور هەڵگەڕاوە.

زەنگی دەرگا لێ دەدەن، دایە خەیاڵ دەچێ، چی وا ناگرێ، دێتەوە:

– ئازادی، کوڕانم ئاوی ئەژنۆیان چوون، هەر لە بۆت دەبارێ، هاتوون لە دووت.

بە ئەدەب، ئیـزن لە ئامـۆژنم وەردەگرم، چاو لە فـەوزیە دەکـەم، قـەڵسی و گلەیی وێڕای یەک دەچاویدایە، سەرەڕای ئەوانە دەڕۆیشـتندا، لێوەکانم بۆ خونچەیی دەکا و سەرێکی لە بەرانبەردا دەنوێنم.

(مەلی) لەبەر دەرگا وێستاوە، کراسێکی قەسری، لەچکەیەکی تەنک، جـووتێک تەقـیلە، تەواوی جلوبەرگیـەتی، سـادە و سـاکـار، شیـرن و ڕوح سـووک، سـمـێـڵی بۆر بوون، هیـچ چەشنە ئارایشـێـک دەگـۆڕێدا نیـیـە،





بزەیەکی شەیتانی لە لێوی دەبارێ:

(ها، ئاغا دەبێ سەد جارت بێن لە دووی.)

– چاوت بەرایی نادا خەج و سیامەندێکی دیکە...

مەودا نادا قسەکەم تەواو کەم:

(زەمانی خەج و سیامەند بەسەر چووە، فەرمووە.)

دەچینە ژوور، مەلەک خانم لە حەوشەوە بەپیرمانەوە دێ:

(یا خودا بەخێربێی، سەر و ماڵ پێشکەشە، میرزا عەولا پێرێکە سەر و پێی ناردبۆوە، قـەرار بوو هەمـووتان بانگ کەین، وابوو دایە خانم میـوانی هات، بەبێ تۆ دڵـمان نەهات بیـخـۆین، بەیانیش لە بیـرم چوو پێت بڵـێم، میرزا عەولا لە مێژە چاوەڕێتە.)

دە دڵە خۆمدا دەڵێم:

(درۆزنانی دەقوڕ نێم)

مەلی، هەڵیدایە:

(دایە سەر و ماڵ بەمنەوە دەدەی بەئازاد؟)

مەلەک خانم:

(بێدەنگ بە کچەتیوە سەرمارە.)

دەرگای هاڵەکەم کـردەوە، میـرزا عـەولا، دەستی دە دەستم نا، وەپێـشم کەوتووە بۆ وەتاغی پەزیرایی:

(یا خودا بەخێربێی کاک ئازاد، ماڵە خۆتە حەوجێ بەوانە نییە)

قــەدەرێکە ئـەم وەتاغــەم نەدیـوە، شکڵی بەتەواوی گـۆڕاوە، فــەرش و مـۆبلەکـانی گـۆڕاون، بۆنی تازەیی، هەسـتی دەوڵەمـەندی و تێـر و پڕی لە ڕادەبەدەر دە وڵات گەڕاوە.

وە دیارە میرزا دەستی خۆی وەشاندووە، هەرا دەکا:

(مەلەک، ئەسمەر، مەلی! هەگ ڕاستەوە نەبن، چایەک، میوەیەک)

(ئەسـمـەر) خـانم براژنی مـەلی بەقـەرتاڵـەیەکی قـەلاپچن لە مـیـوە دێتـە ژووری، بەئەدەب سلاو دەکا، میرزا عـەولا ئاماژەی لای من و تەعـاروف، پاشان:

(ئازاد گیان! هەرچی هەمانە ئی بابی تۆیە، بەڕەحمەتی خودای شاد بێ، زۆری حەق لەسەر منە، سێ چوار ساڵێک پێش وەفاتی حاجی، کاروبارم زۆر لە دوا بوو، بەتەواوی کەوتبوومە سفتە سووری، بەو ڕۆژگارەی لەو بانگە بۆ ئەوی تر، سێ چوار قەرە و قوتە قەرزیان لە سەرم بوو، لەوانە بوو چاوم دەرێنن و ئابڕووم بەرن. موختەسەر دەحاڵی مەرگەمەلە و نابووتیدا بووم، ڕۆژێکی (حاجی) ئەی کوڕە جا حەیف نییە، پیاو ئاوا پیاو نەبێ، هاتە دووکانێ، هەرای چام کرد، گوتی:

(نا نا، هەتا دەورەمـــان چۆلە، بلێ بزانم بۆ قـــەرزداری، چەندە قەرزداری؟)

ئاخەر خودایە چی دەگەڵ بڵێم، کوڕە خۆ وەک پیاوی ئێستا نەبوو، بەسام بوو، هەموو کەس شەرمی لێ دەکرد، پاشی حاجی میرزا ڕەحمەتی سابلاغ پیاوی وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

ئازاد، بەو سەرە شیرنەت، بەبێ ئەولاولا، وەک منداڵێک ترسام، گوتم:

– حاجی حوسێن، قەرزدارییەکەم هی ئەوهەیە، خوری و بەرگنی دوو ساڵم دە عەمبارێدا ماوەتەوە، بازاڕ کەسادە و بۆ خۆشت دەزانی زۆرە و نیزیکەی سێسەت هەزار تمەن قەرزدارم.

عەرزی بەخزمەتی کوڕە ئاغای خۆم بکەم، سێ و دووی لێ نەکرد، چەکی سێسەد هەزار تمەنی نەغدی دامێ، خەریک بوو وەدەرکەوێ گوتم: (حاجی، حەوسەڵە بفەرموو چەکێکت بدەمێ، دنیا هەزار مردن و ژینی تێدایە).

فەرمووی: (قسەی لێ مەکە، هەتبوو، بمدەوە، نەتبوو گەردنت خۆش و ئازا بێ.)

هەردوو بەدوو بووین، خـــودا نەبێ کـــەس ئاگـــای لێ نەبوو، خـــودا و ڕاستـان، بازاڕ کراوە، خوری و بەرگن وە قیـمـەت کەوت، قەرزی حاجیم بەسەر ڕاستی داوە، ئێستاش ئەوە دەیبینی، خودا زۆری داوە، جگە لە ماڵ و دووکان، دەزمایە و نەغدینە، ئەو ڕۆژانە مەحموود، ئاپارتوومانێکی لە تاران کـڕیوە، بۆیەشی کـڕیوە، ئەگـەر چووینە تاران نەچینە هوتێل، ئەوە مەحموود لە بازاڕی نایەتەوە بۆیە نەهاتۆتە خزمەتت. لەبەر ئەوەی سەرم





ئێشـاندی، ئەوەی هەمـە، لە بـابی تۆ ڕایە، هەزار سـاڵی دیکەش هەر ئی ئەوە، بەگومبەزی پێغەمبەری، خودا بەو ڕۆژەی نەکا، کەموو کوورییەکت هەبێ، لەحاست ئێوە ساحێب ماڵ نیم، هەزار جارم بەمەلەک گوتووە:

(دایە خانم، دایکی هەموومانە، گەورەی ئێمەیە، نەکا دڵی بڕەنجێنی).

میرزا عەولا جارێکی دیش فەرمووی میوەی کردم:

(قەرارە دەگەڵ حاجی «غولامحوسێن»ی تەورێزی قسـان بکەین، دوو جاری زەنگ بۆ ماڵێ لێداوە، لە مـاڵ نەبووم، ڕەنگە ژمارەی دووکانێی، ون کردبێ، ئەتۆ خەریک بە، دێمەوە خزمەتت).

مـیـرزا عـەولا، وەدەرکـەوت، مـەلەک خـانم، وریای نەوەی بەباوەشـەوە، هاتە ژووری، (وریا) زۆر ژیکەڵەیە، دەگەڵ (مەلی) جار جار سەرمـان لێ دەدەن، تازە لەت و پەت قسان دەکا، خێرا خۆی دەباوەشی من هاویشت:

(کـاکە ئازاد! پـوولە مـەلی گلیا، فـوو فـوو فووزیە ئەتانێ، پوولە مـەلی گلیا...)

مەلەک خانم، هەرای (مەلی) کرد:

(وەرە کچم ئەو جاسووسەی بەرە دەرێ، ئابڕووی بردی)

مەلی بەغاردان هات، ڕوومەتی گوڵی داوە:

(ئەیەڕۆ «وریا» ئەوە چت کوتووە!)

خەریکە (وریا)م لە باوەشی دەرێنێ، وریا مل نادا، توند دەستی دەستۆم کردووە.

(وریا)ی نادەمێ، پەتەی مـەلی خستۆتە سەر ئاوێ، مـەلەک خانم، چۆتە دەرێ، چاو لە (مەلی) دەکەم:

– دەی مـەلی! بریا (فـەوزیە) هەمـوو ڕۆژێ هاتبا مـاڵی ئێمـە، لەخۆڕا نایە، مـاڵە مـامی خـۆیەتی، بۆ پێت ناخـۆشـە بێ؟ بۆ گـریاوی؟ مـەلی هەناسەیەکی هەڵکێشا:

(بۆیە، بۆیە، بۆیە.)

ئەوە جـواب نییـە دەمـداتەوە بەڵام زۆر لە زاری خـۆشـە، کـاتێک قـەڵس دەبێ شیرینترە، بۆ وەی چاکی قەڵس کەم:

– ئامۆژنموان سێ ڕۆژان لە لای ئێمە دەبن، مامم چۆتە سەفەر، ئەتۆش پاش نەهار وەرە پێکەوە دەچین بۆ ماڵی ئێمە.

چاوی زەق کردوون:

(نا، نا، نا، نا)

پاش نەهار، خواحافیزی دەکەم، دەچمەوە، ئامۆژنم و فەوزیە ڕۆیشتوون، دایکم خەوتووە، دایە خەیاڵ نوێژێ دەکا، گەیشتمە وەتاغەکەی خۆم، تەلەیفوون زەنگ لێدەدا، (مەلی)یە:

(ئازاد! مەشکەدڕە لەوێیە؟)

قاقا پێدەکەنم:

– ئەوە لە پەنام دانیشتووە، لە وەتاغەکەی من، بیدەمێ جوابت داتەوە؟

تەلەیفوونی دانا، چی وای نەگوت، زەنگی دەرگا لێدرا، کردمەوە، (مەلی)یە، ڕەنگی وەک بەهێ زەردە، بێ قسەکردن هەڵاتە ژوورێ، گەیشتە دیوەکەی من، بەدوویدا گەیشتمێ، بزەیەکی هاتێ:

(ئەی کوا؟)

– کێ؟

(ئامۆزات)

– ئەگەر لێرە با چت دەکرد؟

(بەو خودایەی لە ژووری سەریە، پچڕپچڕم دەکرد)

بڕێکم جەفەنگ لێدا هەتا بێتەوە حاڵ، دەڵێ:

(یانی ئەتۆ وا بەغیرەتی، ئەی بۆ دوێنێ شەوێ کوتم هاتوونە سەرم تڕت بەتاق نەدەهات.)

قسەکەی ڕاستە، من و (مەلی) یەکترمان خۆش دەوێ، بەڵام بەعادەت، نەک غەریزە، لانی کەم هەستی من بەرانبەر بەوی، خۆشەویستییەکی پاک و بێ خەوشە، هەرگیز لە حەددی گاڵتە و شۆخی واوە نەچووە، من بێ (مەلی) ناژیم، پێم خۆش نییە شوو بکا، نەک بۆ وەی مێرد بەمن بکا، لەبەر ئەوەی لێم جیا نەبێتەوە، هەروا پێکەوە بووین، هەزار شەڕ و ئاشتیمان پێکەوە کردووە.





خۆم ساز کردووە وەدەرکەوم، (مەلی) و دایە خەیاڵ لە ئاشپەزخانە سرتەیانە، حەسوودی ژیانی لە (مەلی) تاڵ کردووە، ئاکاری، قسەکانی وریا، هەستان و ڕۆنیشتنی، سرتوخورتی، دەترسم تووشی نەخۆشی بکا.

(ئولبرێخت) دەڵێ:

(حەسوودی بۆ بنیادەم تاریکترین زیندانە.)

(مەلی) خەریکە بەدەستی خۆی دەو زیندانەدا ئەسیر بێ، شار پڕە لە کوڕ، من هیچم لەوان زیاتر نییە، من تا ئێستی نازانم خۆشەویستی، عیشق، ئەوین حەز و ئەو جۆرە شتانە بەری چ دارێکن، ڕەنگە ئەو بەڵایەی بەسەر ئێمەدا هات شوێنەواری شوومی خۆی لەسەر من دانابێ، ئەو شتانەی مایەی ژیانی خەڵکی دیکەن بۆ من پووچن، کەمتر بەجلوبەرگم ڕادەگەم، فلان مۆد و فلان ژەنگ دەبیری مندا نییە.

ڕەنگە زۆربەی ئەوانەی دەتەمەنی مندان، ئارەزووی ماشێنیان هەبێ، ماشێنی من دوو ساڵە دەکارێژدا کەوتووە، کلیل و کارت و قەباڵەکەی، دە کومۆدەکەمدایە، تەنانەت جارێکم چاو لێ نەکردووە.

من بۆ دەبێ وابم؟! لۆمەی (مەلی) دەکەم، بۆ خۆشم تووشی نەخۆشی ڕووحیم، مەرگی باوکم زەبرێکی کاری بوو، ئیفلیج بوونی دایکم هەروەها، هەموو کەس دایک و باوکی خۆش دەوێ، تەنانەت حەیوان ئەو هەستەی هەیە، بەڵام ژیان دەبێ ئیدامەی هەبێ، ئەی باوکی باوکم کوا؟ ئەی دایکی دایکم چی بەسەرهات؟

من پێم دە قۆناخێکی تر ناوە، حیسابم لەسەر دەکرێ، بۆ ژیانی شیرین لە خۆم تاڵ کەم، ئەو ماڵ و داهاتە هەموو کەس نییەتی، بۆ بەخۆشی نەژیم، وەچاکە هێندێک بەخۆم ڕابگەم، دایکم زۆر جار دەڵێ:

(ڕۆڵەم کەمێک بەخۆت ڕابگە، وەک ئەو جحێڵانەی دیکە، تازە نە باوکت دەگەڕێتەوە، نە من بەناشکوری نەبێ هەڵدەستمە سەر پێ.)

هەموو جارێش گوتوومە:

– بەڵێ بە چاوان دایە گیان، هەوڵ دەدەم وابم.

قەدەرێکی بیانووم، دەرس و دەور بوو، ئێستا چی؟ بەڕاستی بۆ خۆم

کردۆتە موڕتازی هیندی! جووکی، دەروێش، قەلەندەر، ئەوە چ حاڵێکە ئەمن تێیدام؟ بۆ لە ژیان کەڵک وەرنەگرم، (مەلی) دەزانێ حەز چییە، بۆ من نەزانم؟ (فەوزیە) دەفکری ژیانی داهاتووی دایە، (ڕەشید)، (ئاوات) و (ڕەزا) هاوکلاسەکانی خۆم، خەریکن یەک یەک و دوو دوو شایی دەکەن، لە منیش دەگێڕنەوە، بۆ ئەمن چم لەوان کەمترە، تازە کەس دڵم بۆ ناسووتێنێ، ئیدی پێم ناڵێن: (لاڵ بم یا خودا، ڕەنگی بێ بابی گرتووە) تازە وا بڵێن! من بۆ خۆم پیاوێکم، باوک هەتا سەر نامێنێ، دڵخۆشی دایکم منم، سەر و ڕوو خۆشم ببینێ، ئەویش دەکرێتەوە.

ئازاد! بەهەڵە چووی، خۆماتکردن بەسە، ژیان شیرنە، هەر چەند کەموکووری تێدابێ.

(سەرکار نایب)، (ئەشرەف) خانم بەم داهاتە کەمەیانەوە بەخۆیان ڕادەگەن، (سەرکار) بۆ تەختبوونی شادییەکانی پەنا بۆ ئارەق و تریاک دەبا، نازانم ڕەنگە بەشێک لە کەموکووری ژیانی دەپەنای ئەوانەدا لە بیر بەرێتەوە، هەرچی هەیە زۆر لە من بەختەوەرترە، هەر ئەو شەوە لەژێر پەردەوە بەدزی چاوم لێ دەکرد، شوشتەری لێدەدا، بۆ تاوێک خۆشبوون بەشێک لە مواجبەکەی بەخت دەکا.

هەوڵ دەدەم لە کەس نەمێنمەوە، وا باشە لە قۆناخی لاوەتی کەڵک وەرگرم، بریا لە زانکۆی ورمێ دەرچووبام، نێزیکە، لە دایکم دوور ناکەومەوە، ماشینەکەشم دەبەم، هەموو ڕۆژێ دێمەوە ماڵێ، لانی کەم حەوتووی دوو سێ جار، دایکم پەرۆش نابێ.

مامم دەیگوت:

(مەبە خەییام)

راست دەکا، دنیا بەخەمان پێک نایە، لە سبەی بەیانیرا، ڕەوتی ژیانم دەگۆڕم، خەونەکانیش دەبێ گوێ نەدەمێ، هەوڵ دەدەم چیدیم نەباتە فکرەوە، خۆ من گوناهم نییە، با حوسێن بم، با سەروان بم، با گوندی گونداری دەرێنم، با ژنی جوانی وەک زەریم هەبێ یا کچی شیرنی وەک ئیلاهە.





چ خەون ببینم، چ نەبینم حاڵی ئەو خەڵکە هەر ئەوەیە، من بەتوندی دژی حکوومەتم، بەتەنێ چم پێ دەکرێ؟ تەنیا دەکرێ خراپ نەبم، ئەویش نیم، ئەگەر کرا باشیش دەبم، ئەرکی من هەر ئەوەیە.

من نا هەر ئەم شارە بەتێکڕایی بیێتە ئاگر، پۆڵا، بەتەنیایی چی لە دەس دێ، خەڵکی ئێران دەبێ ڕاستەوە بێ، کێ هەیە ئەم ڕابەرییە دەدەس بگرێ؟ دوکتۆر موسەدیق بەڕاستی پیاوێکی گەورە بوو، دەیەویست ئیران نەجات دا، چەندە ئازادی دەویست، بریا سەرکەوتبا، هێندێک خۆفرۆش نەیان هێشت خۆ بگرێ...

گەیشتوومە دووکانی خۆمان، مامم دەفتەری ڕۆژانە دەنووسێ، جارێ هەتا لای ئێوارە دەبێ سەبرکەم، پاشان فرۆشی ڕۆژانە دە دەفتەری کولل و داراییدا بنووسم، فرۆشی ئەمڕۆمان زۆرە، تاقە فرۆشی، تا فرۆشی بۆ ئەم شارە چووکە زۆر و بەرچاوە، چەند جلە بووکی نێو شاریش سەرباریەتی.

پێش دووکان داخستن، کارەکانم تەواو دەکەم، مامم زۆر حەولیەتی بچمە ماڵی ئەوان، ئەو ڕۆژانە زۆری ئاگا لێمە، چەپکێک پووڵ بەزۆر دەخاتە گیرفانم، دەڵێم:

– مامە گیان، لە ماڵێش پووڵمان هەیە، چی لێ بکەم؟ بێ جوابدانەوە، سواری ماشین دەبێ، بەبزەوە تەشەرم لێ دەدا:

(ڕۆڵە گیان خەرجی کە، خۆ من لە تۆ بەدەر کەسم نییە، کوڕەکانی خۆم چووکەن، ئەمن لەبەر دەسبڕی و گوێبڕی مۆڵەتم نییە، «(فەوزیە» و ئامۆژنت هەرچی بیانەوێ دەیکەن، ئەتۆ و براژنم پێخۆرێ بە دۆیەوە دەکەن، هەرزنو لە دەستی هەڵناوەرێ، کاکم بەڕەحمەت بێ ڕۆژێ ئەوەندەی دەدا بەفەقیر و هەژاران، هەر بەسەریشمان دادەڕژا.

ئەمن دایە خەجاڵەتی تۆ و دایکتم، ئەتۆ ئەوە دیپلۆمت وەرگرت نەمتوانی جارێکی سەر لە مەدرەسە هەڵێنم، دەبوو لانی کەم مانگێ سێ چوار جاران بێمە خزمەت براژنم، بابم بەڕاستی نەماوم، دەستم پێ لەو پووڵ و داهاتەی هەڵناگیرێ، کوڕم دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە، کاکم پیاوێک نەبوو، شارێک بوو، هەر بنیادەم یەک بەهەزارە، ئەو وابوو،

چۆرت بوو، ماشێن حەسا ببوو، بۆنی گرانی و هەرزانی دەکرد، هەرچی هەمانە لەویڕایە، فەخری من ئەوەیە شاگردی ئەوم، کەس مشووری ئەو پیاوەی نابێتەوە، ئائێستێ مابا کۆڵەکەی ماڵەکەمان دەبوو بەزێڕ.

ئەتۆ یادگاری ئەوی، ئەمن خەجاڵەتی ئێوەم، بابم ئەو خۆ خنکاندنەم بۆ ئێوەشە، خوێندەواری، دەفتەرەکان دە بەردەستی خۆتدان، دەفتەری دارایی هەموو داخڵ و خەرج و بوون و نەبوونێکی تێدا دەنووسرێ، ئەتۆ دەزانی من چم کردووە.

ئازاد گیان، ئاگات لە منداڵەکانم بێ، بەڕاستی هەموو لایەکم بۆ ناگیرێ، فەوزیە دەستی لە خوێندن هەڵگرت نەمزانی، کورە لە فەرمانداری ڕابگرە، هەتا سۆفی حەسەنی خۆمان، چاوەڕێی هاموشۆی منن، یەکتەنی بۆ خودای چاکە، چ بکەم بەمردنی کاکم ئەمن سەغیر کەوتمەوە.

ئەی دەبەر گۆڕەکەی مرم، حەیف نییە لە دارای دە دنیایەدا، پیاو ئاوا گەورە نەبێ، ئاوا بەشعوور نەبێ، ئاوا بەمشوور نەبێ، بەرەکەت بوو، نان و ئاو بوو، کوڕە دەستی لەسەر بەردی دانابا دەیکردە زێڕی سوور، کاسبی پێ جەفەنگ بوو، هەزار کەس وەبن قەرزان کەوتبا، هەڵیدەستاندەوە. ئەتۆش کوڕی ئەو پیاوەی، وەک بابی خۆت بە، مەجبوورت ناکەم بەڵام بەمن دەکەی لە خوێندن گەڕێ، وەرە دەگەڵ مامی خۆت دەست دەیە، کوڕە ڕاوە پووڵە، ئاخەر خوێندنت بۆ چییە، دادەمەزرێی؟! چەندەت پووڵ دەدەنێ؟ هەرچی دەتدەنێ، دە ئەوەندەت دەدەمێ، کوڕە وەرە لایەکم بۆ بگرە!

بابم نان دەبازاڕی دایە، جاری وایە قوماش هەوایەک گران دەبێ، یەکەو شەو دەبیە حاجیە لار، ئەوە عومرێکە دەبازاڕی دام، قەتم نەدی شتێک هەرزان بێ، ئێمە بۆ خۆمان شیرکەتین، دەچییە قووندەرکان دەڵێی چی؟ وەرە کاری خۆت بکە، وەرە شیرکەتی خۆت هەڵسووڕێنە، دەزمایە قازانج دێنێ، قوماش زەرەر ناکا، ئەتۆ کوڕە تاجری، وەرە کاری بابت ڕەچاوکە، ژنێکی جوانی هاوشانی خۆمان بێنە، ئەو دایکە پیرە زەلیلەت هەتا کەنگێ بە تەنێ بێ.





ئەرێ ئازاد! پێم بڵێ عەمبارەکانی خۆمانت دیوە؟)

– مامە گیان زۆر جارم دیون.

لە فلاکسی نێو ماشێنەکە چۆڕێکی ئاو خواردەوە و دەستی پێ کردەوە:

– (بابەکەم مانگێ سێ هەزار تمەنی دەدەم بە(سۆفی حەسەن)ی، ڕۆژێ چوارتام کووتاڵ بۆ بێنێ، کوڕە ئەو بمرێ کەسی ئەمینم وەگیر ناکەوی، بۆ چەند چاوم هەیە؟ ڕوحم بەرمە ئاسمانێ لێم دەدزن.

خەڵکی شاری چاویان چڕ داگرتووە، بزانن ئێمە چەندەمان هەیە، دەڵێی میراتی بابی ئەوانمان زەوت کردووە، کەس نییە بڵێ، نەسل و بنەچەکەیان دەو کارەدا بڕاوەتەوە، حەقی خۆیانە هەیانبێ.

ئێمە دە بازاڕیدا گەورە بووین، حەیفە ئەوەی فێری بووم نەیدەم بەتۆ، ئەمن بمرم کێ ئەو ماڵ و حاڵەی بەڕێوە بەرێ، (کاوە و کەماڵ )! کوڕە چاوت لەوانە نەبێ، ئەمن چاوم لە تۆیە و کەسی دی.

وەرە مامی خۆت دەرسی بەڕێچوونت پێ بڵێ، وەرە تەجرەبەکانم بەدوو مانگان فێری تۆ کەم، کەیفت دێنێ هەتا هەتایەش پێکەوە دەبین، کوڕە ئازاد ئاشقی قەد و گیپاڵی تۆ نیم، نیازم پێتە و هەزار کارم پێتە.

بابەکەم! فکرەکانت بکەوە، ئەگەر هەر هات و خوێندت، دەرسی توجارەت بخوێنە، ئەوە ڕێگای مەیە و بڕایەوە.)

مامم دەورێکی شاری داوە، لە زارکی کووچەی خۆمان دایبەزاندووم:

(دۆعای دایکت لەبیر نەچێ)

(ئەشرەف) خانم، گەردنی وەک کێلی لە دەرگا وەدەر خستووە، بلووزێکی تەنگی چەسپاوی، بێ قۆڵی دەبەردایە، نێو قەدی باریکتر دەنوێنێ، دەمەوێ سەری خۆم داخەم و بڕۆم، ناتوانم، وەک زنجیر کرابم، بێ ئیختیار، سەر هەڵدێنمەوە، بزەی دێتێ:

(سەلام ئازاد جان!)

– سلاو.

کووچە چۆلە، چرای دار بەرقەکان هەڵکراون، ئێوارەیەکی درەنگە، گەرمە، دەمکراوە، مۆڵەتم نادا:

(لە کوێ بوو ئازاد جان!)

– لە دووکان بووم.

(سەرکار کێشیکە، مندا تەنێ بووم، گوربەتە، ئاجز بووم، چی بیکەم.)

دوو کەس لەسەر کووچەی وەدەر دەکەون، خەریکم بڕۆم:

(ئازاد، شیرین شەیتان، وەرە بچین مالی ما.)

– ئاوەدان بێ، ئەتۆ وەرە بچینە ماڵی ئێمە، شەرم مەکە ماڵی خۆتە.

(وەڵڵا، نەنە خەیاڵ نەخۆش بوو، مندا لەوێ بووم، مەلی دوختوری هێنا، هاڵی باشە...)

راناوەستم قسەکەی تەواوکا، خۆ دەگەیەنمەوە ماڵێ، (مەلەک) خانم لە هاڵەکە دانیشتووە، دایکم نوێژ دەکا، سلاوم لە بیر دەچێ:

– مەلەک خانم! دایە خەیاڵ چۆنە؟

(باشە ئازاد گیان، خەوی لێ کەوتووە، سەرێشەکەی جارانی بوو، دایە خانم دەیەویست تەلەیفوونت بۆ بکا، (مەلی) نەیهێشت، دەرزیان لێ داوە، دەرمانی خواردووە، تازە چاوی لێک ناون)

– ئەی (مەلی) کوانێ؟

(لە ئاشپەزخانەیە)

دەچمە لای (مەلی):

– ماندوو نەبی خاتوون.

(سلامەت بی ئاغا.)

– ئەوە تاچین پلاوی ساز دەکەی میرزا باجی؟

سەری هەڵێنا، زمانی دوو قامک دەرکێشاوە:

(ئۆملێتی لێدەنێم میرزاغا.)

بە جووت پێدەکەنین، کەوچکەکەی لە دەستی دەستێنم:

– (مەلی)! دایە خەیاڵ چۆنە؟

پڕ دەداتە کەوچکەکەی:

(سووتاندت، ئەوە دەرس نییە، عیلمی ئاشپەزییە، دایە خەیاڵ باشە،





ئەتۆ کووچە گەردی خۆت بکەی بەستە.)

چەپۆکێکی پێدا دەدەم، تاوەکە خەریک بوو برژێ، گرتیەوە، دەزیرێنێ:

(بەو خودایە لانەچی بەو کەوچکە دەسەر و چاوت، بەردەبم، یالڵلا بۆ دەرەوە.)

دایکم سلاوی نوێژی داوەتەوە، سلاوی لێ دەکەم، مەلەک خانم لە بنەوە پێدەکەنێ، ڕووی تێ دەکەم:

– مەلەک خانم ببوورە، لە تاوی دایە خەیاڵ سلاوی تۆم لە بیر چوو، دایە گیان چاکی شوکور؟

(چاکم ڕۆڵە گیان، زەحمەتەکانمان هەمووی بۆ مەلەک خانمە.)

مەلەک خانم بەدەماغە، بەو تاریفەی دایکم هێندەی دی:

(دایە خانم، «مەلی» بەجێی خۆی، بۆ خۆشم خزمەتکاری تۆم)

دایکم زۆر نەجیبانە دەست بەسینگییەوە دەنێ:

(شتی وا مەفەرموو، ئەتۆ خوشکی گەورەمی، خودا کوڕت لێ نەستێنێ، ڕۆڵە ئازاد، ئەوە دەگەڵ مەلی چ کێشەیەکتانە؟)

– دایە گیان چوومە یاریدەی، وە دەرم دەنێ، لەبەر دایکی چ نالێم.

(مەلی) لەوێڕا هەڵیدایە:

(بە سەری تۆ چەپۆکێکی پێدا داوم، لەوانە بوو چاوم دەرێ، بەقەوەت بووە، پێی ناوەستم، بریا هەر منداڵ باین.)

دایکم و مەلەک خانم بەو قسەیە پێدەکەنن، مەلەک خانم:

(رەببی خودا لێکوو نەکا.)

سەبرێکی بێ هەست دەچمە لای دایە خەیاڵ، ئارام خەوتووە پرخەیەکی نەرمی دێ. بێ هەست وەدەر دەکەوم.

(مەلی) سفرەی ڕاخستووە، میوەشی داناوە، من هەر میوە دەخۆم، لە بنەوە لێم مۆڕ دەبێتەوە:

(دەستاوی مەت پێ ناکەوێ! بە هی چاو هەڵپزاویش نابێ، بەو خودایە تۆڵەی چەپۆکەکەت لێ دەکەمەوە، بشمکوژی)

ئیشارەی دەکەم بێدەنگ بێ، وەبیرم دێتەوە:

– دایە گیان، ئامۆژنم چی وانەدیت، چی دەفەرموو؟

مەلی قوت دەبێ ، دایکم پارووەکەی قووت دەدا:

هەر وا، قسەی ژنان چ دەبێ، گلەیی دەکرد، دەیگوت: (ئازاد میوەی نەخواردووە، بەسەری داداوینەوە)

(مەلی) بزەی دێتێ، ئەو هەوایەی پێ خۆشە، بۆ وەی ئەو کەیفەی لێ تێکدەم:

– ئامۆژنم حەقیەتی، بێ ئەدەبیم کرد، بەڵام (فەوزیە) خانمی ئامۆزام ئەوەندەی، ئاجیل و شۆکۆلات دابوومێ جێگام نەمابوو.

(مەلی) وەک تفەنگی وەگورچووی کەوێ ڕێکدێ، دایکم و مەلەک خانم تێدەگەن، چاو لە مەلی دەکەم پشووی نایە، مۆڕ دەبێتەوە، دوو بەدووباین وەک مار پێوەی دەدام.

(دایە خەیاڵ ) وە خەبەر هاتووە، هەرای من دەکا:

(ئازادی ئەوە لە کوێ بووی، ئەو هەندەی نەمابوو دایە خۆت بمری)

دەچمە لای دایە خەیاڵ، دەست لەسەر سەری دادەنێم:

– دایە خەیاڵ چۆنی؟

بە زمان لێوی تەڕ دەکا:

(چاکم ڕۆڵە، هەر دەبەر بەژن و باڵای مێوژەڕەشکەی مرم، ڕەبی بەمەخسوود و مراد بی، ڕووسووری دنیا و قیامەتێ بی، نازی نەشێوی ڕەبی نەمرم تارای سووری بەسەر دادەم، ئازاد گیان ئەتوو نازانی چی کرد، ئەتووش لێرە بای هەر ئەوهات پێ دەکران، کچ نییە، شێرە کوڕەی دەکا دەروێشییە، هەر ئەوەندەی بلێی یەک و دوو دوکتۆری لە بۆ هینام.)

(مەلی) هاتۆتە ژوورێ:

(دایە خەیاڵ، هێندەم خەجاڵەت مەکەوە، جا چم کردووە، چ خێر بوو، ئەوەندەم لە دەست نەیە.)

دایە خەیاڵ دەستی مەلی توند دەدەستی خۆی گرتووە:

– دەبەر ئەو پەنجە نەخشینانەت مرم، کچی دایە خۆتی، حەلاڵزادەی، دایان وەبینە، کچان وە خوازە.





دایکم و مەلەک خانم دێنە لای، دایە خەیاڵ لەسەر جێگایەکەی دانیشتووە: (لە سایەی سەری ئێوەڕا، حەلەمم لێ براوە، یاڕەبی خوای لێو تێکنەدا.)

(مەلی) سفرەی کۆکردۆتەوە، قاپ و کەوچکی شوتوون، خۆیان ساز کردووە بڕۆنەوە، هەتا دەرکی خۆیان بەڕێیان دەکەم، دەچوونە ژووردا ڕووم تێ دەکا:

(جارێ ئەمنو چەپۆکێک)

دەگەڕانەوەدا، دایکم و دایە خەیاڵ سرتەیان دێ، سەرم وەدەردەکەوێ، بێدەنگ دەبن، بزە بزیانە، وە دیارە خەبەرێکیان بەدەستەوەیە، دایکم:

(دەی ڕۆڵە ئێوارێ لە کوێ بووی.)

کاری ئێوارێ و قسەکانی مامی بۆ دەگێڕمەوە، تەواو گوێم بۆ ڕادەگرێ، بەلەقاندنی سەری قسەکانی مامم پەسەند دەکا:

(وەڵڵا دەنا ڕۆڵە گیان، ئامۆژنیشت بێ پەیام نەبوو، وە دیارە بەخزمایەتی نیزیکتریش قایلن، فەوزیەش کچی چاکە، یەک دوو ساڵێک لە تۆ منداڵترە، هەر چەندی بتەوێ جوان و شیرینە، هەوایەک بەدەعیەیە ئەویش دەرجی دێ، جارێ کچە، منداڵە، ماڵەباب دەوڵەمەندە، نازدارە، خۆمەش کەسی غەیرەمان تێدانییە.

ڕاستیەکەی ئازاد، ئەمنیش پێم خۆشە داوەتی تۆ ببینم، ئارەزوومە نەوەم هەبێ، ماڵەکەمان زۆر بێدەنگ و هەڵڵایە، پێم خۆشە بەئارەزووەکانم بگەم جا بمرم، پیری و نەخۆشی بەرۆکیان گرتووم، «بۆ زستان شەوێ، بۆ پیران هەوێ» ، بەکورتی لە هەموو لایانەوە فەوزیە بۆ تۆ باشە، یانی ئەگەر دڵت دەیگرێ، بێ دڵی خۆت مەکە، خودای شک دەبەم و ئەتۆ، ڕەنگە هەموو کەسیش کچت بداتێ، هەر قامک هەڵێنی و داوا بکەی بەسە.

بۆ دوارۆژێ، بەبوونی مامت و شەریکە دووکانی، فەوزیە مەسڵەحەتە کوڕم دنیاش پێی دەوێ، ئامۆژنت دەیگوت، مامی دەڵێ:

«لە ئازادی بەدەر کەسم نییە، پاروو لە دەستی بکەوێ، بکەوێتە کۆشێ، کوڕەکانم کاوە و کەماڵ چووکەن، مردنیش هێندەی پێ ناوێ، کێ وەهمی

وەی لە کاکم دەکرد، جگە لەوەی ئازادم زۆر خۆش دەوێ، لە جێی کاکمە، بەجلوبەرگی خۆم بۆی دەنێرمە ماڵێ، فەرقی ئەو ماڵانەش نییە، ئێرە نا ئەوێ» ).

– دایە گیان! قسەکانت ئاوێزەی گوێمن، ئەگەر ئیزنم دەدەی نەزەری خۆشمت پێ دەڵێم، جارێ دەمەوێ بخوێنم، بەو پێیە ژن هێنان مانای نییە، هەرچی مامە ئەوپەڕی ئاغایەتی نواندووە، دەیەوێ دەست لە خوێندن هەڵگرم، ژن بێنم، لەویش جیا نەبمەوە، حەقیشی دەدەمێ، بەتەنیایی ئەو کارە قورسەی پێ هەڵناسوورێ، لە باری ماڵیەوە قسەکەی ڕاستە، من ئەگەر مەبەستم لە خوێندن پووڵ پەیداکردن با، دەبوو هەر ئەوە بکەم کە مامم دەیەوێ.

ئامۆژنم دەیەوێ کچەکەی دامەزرێ، فەوزیە مەیلی لە مێردکردنە، ئەتۆ ئارەزووی نەوە دەکەی، بەڵام من ئاشقی خوێندن و فێر بوونم.

شتێکی کە بەداخەوە هیچتان بیرو وێڕا نەگەیشتووە، نەخۆشی خوێنی بنەماڵەی ئێمەیە، ئەگەر ئەتۆ نەوەت نەویستبا، دەکرا، بەڵام بەداخەوە نەوەی ساغ و سلامەتت لە من و فەوزیە وەگیر ناکەوێ، لانی کەم دڵم لەو بابەتە ناحەسێتەوە، ئەگەر ئەوەی لێ دەرکەی، زۆر جوانە، زۆریش کچی چاکە.

دایکم هەڵبەزیەوە:

(ئەوە کێ دەڵێ، یانی چی؟)

– دایە گیان، ئەوە عیلم دەڵێ، دنیای ئەمڕۆ دنیای عیلمە، تاوێ دی بەهەویای دایە خەیاڵ نەبووی، ئێستا زیتەی چاوی دێ و خەریکە ژن بۆ من دێنێ، ئەرێ دایە خەیاڵ بۆ هیچ ناڵێی، ئاخر ئەتۆش دایکی دووهەمی؟

– ئووەڵلاهی ئازادی گیان، ئەمن دەو حیلم و میلمەی ناگەم، ئەمن ئەو هەی بەدڵم دادێ هەر، ئەو هەم پێ قسەن، بەلا لە درۆیان دا، ئەتوو چووبووی، مێوژە ڕەشکەی دەگەڵ دایەی بەرێ کەیەوە، حەرزی خانم کرد، ئەوی ڕاستی بن (مەلیلە)ی خۆمانم پێ لە هەمان باشترە، ئەوهە دڵیشی بۆ توو دەترۆقێ، ئەتووش سەرم لێ مەشێوێنە لەکم وردە دەغەڵیت هەن،





جا ئیدی خودای حالە، بەقورحانێ خولای، خوای بۆ یەکی داناون، بەلان بەو شەرتەی دایەت ڕازی بێ.

(دایە خەیاڵ) ڕاست و ڕەوان قسەی دڵی دەڵێ، دایکم بەقسەکانی بزەی دێتێ، دەزانێ پێچ و پەنای تێدا نییە، ڕوو دەدایکم دەکەم:

– دایە گیان! ئەگەر ئەتۆ بەڕاستی پێت خۆشە، لەبەر دڵی تۆ دەست لە خوێندن هەڵدەگرم، هەر کچێک ئەتۆ پێت باشە، هەر چۆنێکی دەفەرمووی، وادەکەم، وەک تۆ هەر منت هەیە، ئەمنیش دنیام لەبەر تۆ پێ خۆشە.

دایکم چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، تەکانێکی دا چەرخەکەی، ئەو لاولای ماچ کردم:

(نا کوڕی من، نامەوێ ئارەزووی تۆ فیدای مەیلی من بێ، خوێندنەکەت تەواوکە، ئەو دەمی قسەی لێ دەکەین، ئەمن هەبم و نەبم بۆ خۆت موختاری، وەک دایە خەیاڵ دەڵێ، وەڵلاهی ئەمنیش «مەلی»م زۆر خۆش دەوێ، ئەمما هەتا چوار ساڵی دی ئەوە تەکلیف نییە، جارێ دیزە بەدەرخۆنەی پێ دەکەین، بزانین قیسمەت چ دەبێ، هەستە بڕۆ بخەوە دەحیفز و ئەمانی خودایدا بی)

لە سەر جێگاکەم ئەمدیو و ئەو دیومە، قسە و باسی ڕۆژی ڕابردوو، هەموو مێشک و دەماری داگرتووم، بۆ ژن هێنانیش هەست دەکەم بێ مەیل نیم، وەک ئالوگۆڕێک، وەک قۆناخێکی دیکە سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، بەڵام ئارەزووی چوونە زانکۆ ئامانجی هەرە گەورەی منە، بیر لە خەونەکانم ناکەمەوە، قەرارە گوێی نەدەمێ، نە حوسێنم، نە حەسەن، ئازادم، لە سبەی بەیانیڕا، ڕەوتی ژیانم دەگۆڕم، ژیانێکی نوێ دەس پێ دەکەم.

کوولێرەکە دەکوژێنمەوە، کەلێنێک دەدەمە پەنجەرە، سیغارێک دادەگیرسێنم، بەئیشتیا کەم کەمە مژی لێ دەدەم، نیوە نەبووە فرێی دەدەمە کووچە، دەنگی گرامەکەی (ئەشرەف) خانم دێ، چرای کوژاوەتەوە، ناهید گۆرانی (غروب توی کوهستان) دەڵێ، ئەشرەف خانم، نەرم نەرم بۆی دەگێڕێتەوە دەنگی نەرم و دڵگیرە، خەمبارە، بەسۆزە و هێند مەزلوومانەی

دەڵێ، وەهمی گریانی لێ دەکەم، دیارە زۆر دڵ بەغەمە، تەنیایی دەردێکی گرانە، هەر ئەو ئەشرەف خانمەی دوێ شەوێ سەمای دەکرد...

نازانم دەنگی گڕەمافۆنەکە وردە وردە لە کزیە دەدا یا خەو بەسەر چاوانمدا زاڵ دەبێ ، چاوەکانم لێک دەندرێن:

لە ئیدارە، لە پشت مێزەکەم دانیشتووم، سەعاتێکی لە شەو لاداوە، دەگەڵ (زەڕی) بەتەلەیفوون قسە دەکەین:

– حوسێن!

– گیانە.

– شتێکت پێ بڵێم، ڕەنگە زۆرت پێ خۆش بێ.

بەپەلە دەڵێم:

– قسەی تۆ دائیمە خۆشن، زووکە بڵێ بزانم؟

– دایکم و باوکم و شەهرام و بەهمەن، ئەگەر کوتت چی؟

– خەویان لێ کەوتووە، ها.

لە قاقای پێکەنین دەدا:

– نا چوونە خۆیە.

– دەی خوا بیانپارێزێ.

دیسان پێدەکەنێ:

– ئەی شەیتان! دەمەویست بزانی تەنیام، بەئانقەست نەچووم، ماشێنەکە هەڵگرە، وەرە بڕۆین.

هەناسەی ساردی بێ دەسەڵاتی هەڵدەکێشم، ئەوەش کارە من دەیکەم، چی جواب بدەمەوە؟! بەمینگە مینگ:

– بەداخەوە، زۆر زۆر بەداخەوە، زەڕی گیان وەختم نییە.

بەدڵشکاوی دەڵێ:

– من لە بەرتۆ دەگەڵیان نەچووم، ئیدارەی چی؟ بەشەو ئیدارە!

دەتەلەیفووندا ناکرێ حاڵی کەم:

– پاشان زەنگت بۆ لێدەدەم، هەر ئەمشۆ .





بەنابەدڵی خواحافیزی دەکا.

نیگەهبانێک دێتە ژوور، توند پانییەی لێک دەدا:

– قوربان، زیندانییان هێناوە.

بەسەر حاڵی دەکەم، باشە، دیسان تەقەی پانییە، وەدەردەکەوێ لە خۆم قەڵسم، ئەوەندەم وەخت نییە دەزگیرانەکەم ببینم، کەی ئەوە ڕەوایە، دڵم شکاند، دەستم شکێ، ئێستا دەگری، ئەو چاوە جوانانەی سوور بوون، ئاخ زەڕی، نا، مەگری، نازانی چ باسە، من خۆم نیم...

بەرەو سلوول دەڕۆم، بەغەزەبەوە، بەڕق و قینەوە، پیاوەتی دە لەشمدا نییە، دەرگای سلوول دەکەنەوە، شەپێک لە دەرگا دەدەم، یەکی زەلام، هێندی گایەک لەوێیە، دوو نیگەهبان لەولاولاین، نیگای قورسە، چاو نەترس و قایم، کار دەگەڵ ئەو گایە چەتوونە:

– ها! ناوت چییە؟

جواب ناداتەوە، دەگوڕێنم:

– دەگەڵ تۆمە، لاڵی یا کەڕ؟

جواب نییە، دوو زللەی توندی لێ دەدەم، وەختە دەستم بشکێ، پشت دەستم با دەکا، وەک گرێدار ڕاوەستاوە، وەک لە دیواری بدەم، چاو ناترووکێنێ، متەقی لەبەر نایە، دەستی نەبەسترابا دەیخواردم، کەس لەبەر من خۆ ناگرێ، ئەوە بەبای خەیاڵیدا نایە، ڕوو لە نیگەهبان:

– لە چی ڕاوەستاون، تێی هەڵدەن.

بە هەردووکیان وەری دەگەڕێنێ، پێلاقەیەک لە یەکیان دەدا، وەک کتێب وێکی دێنێ، بەسەر و بەلاق دەوەشێنێ، عەیلاجی ناکەن. دەچمە یاریدەیان، بەتەنیشتی لەپی دەست، توند لە ئێسکی کەپۆی دەدەم، وەک تەختە دار بشکێ بەردەبێتەوە، خوێن بەلووتیدا دێتە خوار، هاوار ناکا، تەنیا بزەیەکی ژەهراوی، لە دین دەهری دەبم، بەدەستییەوە ماومەوە، بەقەڵسی فەرمان دەدەم:

– باتوون فەلاقە، زوو!

یەکیان هەڕا دەکا، بەدەماغە، ئەوی تریان کوڵی گریانی هەستاوە، لاقی

دەفەللاقە دەکەن، دەگەڵ ئەوی گرینۆک هەریەکەی لایەکی دەگرین:

– سەت کابڵی تەواو.

ناگاتە پەنجا، خوێن فیچقە دەکا، تەرکی سلوول شۆلاوگەی بەستووە:

– بەسیەتی، لاییبەن.

هەر نیگەهبانەی قۆڵێکی دەگرێ، لەسەر ئەژنۆ ڕایدەکێشن، خوێن بەدڵی پێیدا، تک تک دێتە خوار، شەپێک لە نێو گەڵی دەدەم، لەقەیەک بەتوندی داوێ، وە ئەژنۆم دەکەوێ، ئێشەکەی جەهەنەم، شەڵوارە تووسیە تازەکەم پەڵەیەکی خوێن تێ دەکەوێ، بۆ لای زەڕی بەم شەڵوارەوە!؟

دەگوڕێنم:

– بیگێڕنەوە!

لە تەرکی خوێناوی سلوول فڕێی دەدەن، دەگوڕێنم:

– تەشتێک ئاو و خوێ، دەی زوو!

یەکیان دەگری، ئەوی تر غار دەدا، هەر دووک لاقی دەخوێواوک دەنێ، گوڕەیەک، ناڵەیەکی بەرق و تین، بێهۆش دەکەوێ.

دە دڵدا بەخیلی پێ دەبەم، پیاوی وا بەجەرگم نەدیوە، ئاماژە دەکەم:

– لاییبەن، تا وەهۆش نەیەتەوە لاقی دەرمان مەکەن، تینووی بوو، ئاو و خوێی ساردی دەنێ.

خۆم دەماشێنەکەم داوێم، شەو درەنگە، زەڕی چاوەڕێمە، پاڵ بەگازەوە دەنێم، بەئاخر سورعەت دەڕۆم، شەقام چۆلە، شەقامی زەنگەنەیە، پەلەی جل گۆڕینمە، پیرە پیاوێک لە پانایی شەقام دەپەڕێتەوە، لاترە دەبەستێ، مەستە یا برسییە پاکەتێکی بەدەستەوە، وەک بای سەرسەرِ دەڕۆم، تورمز ناگیرێ، دەمەوێ ڕەدبم، وە بەردێ، هەڵدەدێرێتە پیادە ڕەو، بەدڵمدا دێ:

(پیرە پیاو، شەهید بووی، نەمردبایەی، سبەی و دووی، دەبوویە زیندانی سیاسی، هەر بۆ خۆم دەمکوشتی)

لەبەر دەرگای خۆم، چاو لە پێشی فولێکس دەکەم، کەمێک قوپاوە، سوپەرەکەی خوار بووە:

(حەیف بۆ و سوپەرە، دەبێ بیگۆڕم!)





دەچمە ژوورێ، حەمام دەکەم، قەدیفە بەشانەوە، پەیکێک ویسکی دەگەڵ سەهۆڵاو، قاشێک کالْباس و خەیارشۆر، خۆم ویشک دەکەمەوە، کاپشێن شەڵوارێک دەبەردەکەم، حەوتیرەکەم دەگیرفانم دەنێم، ئۆدکلۆن و کەوشەکانم، لەبەر ئاوێنە ڕادەوەستم، دەستێک (شاکلیل) دەگیرفانم دەنێم، حەساوەوە، پەلەی دیتنی (زەڕی)م زۆرە، خەریکم بڕۆم، تەلەیفوون زەنگ لێدەدا:

– ئەلۆ .

دەنگێکی ناسکی ژنانەیە، وە زەڕی ناچێ:

– ئیرەج خان!

– ئاە، مەهین نازنازی، پێم خۆش بوو گوێم لە دەنگت بوو.

– ئیرەج خان، نایەی سەرێکم لێدەی؟

– نا مەهین، گرفتارم، شەوێکی دی.

– ئیرەج خان، ئەو گەردنبەندەی قەولت دابوو نەگەیی.

– نازنازی ئەو ڕۆژانە دەگا، کابرای زێڕینگەر نەهاتۆتەوە.

– ئەی کەڵەک! درۆزن، قەولی مەردان...

– حەتمەن.

تەلەیفوونەکە دادەنێ، پێکەنین گرتوومی:

– بەئیرەجم دەناسێ، ئەو ئیرەجە هەزار قەولی وای داوە، سەبەرەڵڵا، هەر جندەیەک تووشی بێم، تۆقێک، دەری ناهێنێ.

دەردەپەڕمە دەرێ، بەلای پیرەدا ناگەڕێمەوە، بەرەو ماڵی (زەڕی) شەقامی خەییام، دەگەز واوەی ماڵێ ئەوان، لە قەراخ شەقام ڕایدەگرم، شاکلیل دەردێنم:

– دەبێ خافڵگیری کەم.

خەریکی دەروازەم، ئەگەر پشتی پێدا نەکرابێ، کارێکی نییە، دوو کەس بەلەقە لەق بەرەو ڕووم دێن، خۆ شلوێ ناکەم، زۆر ئاسایی خەریک دەبم، دوور دەکەونەوە، قفڵ کرتەیەکی وردی لێ دێ، ئەها، جارێکی دیش، جیڕەیەکی ویشک، دەکرێتەوە، بێ هەست دەچمە ژوور.

دەرکی سەرسەرا دانەخراوە، چرایەکی کەم نوور دایسێ، بەکەوشەوە لەسەر پەنجە دەڕۆم، سریوەی مێش نایە، وەتاغی خەوی زەڕی لە تەبەقەی دووە، دەرکەی پێوە دراوە، گوێ رادەگرم، دەنگ نایە، خۆزگە خەوتبێ، چرای وەتاغەکە دایسێ، پشوو دەسینگمدا حەپس دەکەم، بەهەر دوو دەستم دەزگیرەی دەرگا دەگرم، بێ ئەوەی بلەرزی، لە نەکاو دەیکەمەوە، زەڕی لەسەر تەختەکەی دمەو ڕوو خەوتووە.

دەجلی خەودا، سەد هێندە جوانە، وەک هێلکەی پاککراو، چی بەخۆی دانەداوە... دەچمە پەنا سەری، دەمەوێ دەست بەسەری داهێنم، دەستم لە خۆوە وەتەختەکە دەکەوێ، دەردەپەڕێ، دەزیقێنێ، توند دەیگرم:

– زەڕی! ترسەنۆک، منم حوسێن!

وەک مێوژۆکە دەلەرزێ، دەباوەشمدا، ناسرەوێ، سپی هەڵگەڕاوە، لێوی ویشک بوون، کراسێکی تەنکی قوڵەی نەباتی، بسکی درێژی قاوەیی، وەک تابلۆیەکی مینیاتۆر دەچێ...

لە پارچەکەی پەنای، چۆڕێکی ئاو دەدەمێ، سەر دەخاتە سەر شانم:

– ئاخ حوسێن! ترسام، وەمزانی جندۆکەی، بەکوێدا هاتووی، خانە خراپ دەروازەم بەکلیل داخستبوو، یانی چی! چۆن شتی وا دەبێ ، نەردیوانت پێ بوو، حوسێن بۆ خۆتی؟

– زەڕی منداڵی!؟

– قەرار نەبوو زەنگ لێدەی؟

– پێم وابوو قەڵسی، دەمەویست منەتی تۆ هەڵنەگرم، کەیفت دێنێ قەت دەرکەم لێ مەکەوە.

هەروا بەسەرلێشێواوی تێم دەڕوانێ:

– چۆن هاتی؟!

– بەشاکلیل دەروازم کردەوە.

– شاکلیل چییە؟

– ئەوەیە، ئەوە لە برسان دەمرم، چ هەیە بیخۆم؟

ڕاستەوە دەبێ ، هێندێک هاتۆتەوە سەرەخۆ، کاپشێنەکەم، داوێمە سەر تاقە کاناپەی ژوورەکە، وەتاغ جگە لە تەختەکەی تەنیا ئەو کاناپە و عەسەلیەکی لێیە، تا بتەوێ خاوێن و لۆکسە، بۆنی عەترێکی ژنانە





دەملاوێنێتەوە، دەست دەبا جلەکانی دەبەر کاتەوە توند دەیگرم:

– هەروا جوانتری.

– قەرار بوو بچینە دەرێ.

– تازە درەنگە، هەرچی هەیە دەیخۆین.

– چ دەڵێی ساز دەکەم.

– حازری هەرچی هەیە، زووکە دڵم دەخێڵەوە دێ.

لە ئاشپەزخانەڕا هەرام لێ دەکا:

– کفتەی ساردمان هەیە، گەرمی کەمەوە؟

– نا، هەروا بەساردی خۆشترە.

لەسەر بڵووتێکی چینی، کفتەیەکی زەلام دێنێ، دەورەی بەسەوزی و خەیارشۆر ڕازاندۆتەوە، دایدەنێ:

– ئێستە بابم و کاکم بگەڕێنەوە دەڵێی چی؟

ئەوان لە دەست من چ دەکەن، هەردووکیان بەدەستێکم.

نانەکەمان دەخۆین، پارووەکانی چووکەن، ڕێی قسەی ناگرن:

– حوسێن مزگێنی!

پارووەکەم قووت دەدەم:

– چ خەبەر؟

– بابم ڕازییە.

– دیارە ڕازی دەبێ ، ئاقڵە، وەک ئەو کۆنە توودەییانە بیر ناکاتەوە.

– حوسێن ئیدارە بەشەویش هەیە؟

– زەڕی گیان، ئەو جۆرە ئیدارانە وەخت و بێوەختیان نییە.

– حوسێن، ئەمنت خۆش دەوێ؟

– خۆشم ناوێی، دەتپەرستم.

– مەرگی من شوغلەکەت بگۆڕە، ئەوە چییە، کارێکی دیکە بکە.

– زەڕی منداڵ مەبە، پەردەکانی پشت سەرم تێکداون، گەڕانەوە ناکرێ، دەو کارەدا ڕۆیشتن مانای مردنە.

بەدڵشکاوی پێشدەستییەکان، بەرەو ئاشپەزخانە دەبا، سەر و پرچی درێژی لە خوار کەمەریەتی، وەک ماشەری ئاورێشمی لە هەموو ڕەنگان

دەنوێنێ، قاوەیی توند بەسەر هەمووواندا زاڵە و لەبەر خاوێنی تروسکەی دێ، لە ڕوانینی تێر نابم، نەختالێکی ئیراد تێدا نییە، بەتەواوی خۆم بەبەختەوەر دەزانم، ئاه بەلەکی چەندە خۆشتاش و مەڕمەڕییە، بەژن و بالای وەک سەروی نازە، هەموو گیانم لە تاوانی مێروولان دەکا، ئاواتم ئانێک باوەشی گەرمیەتی، بۆنی غولووری و پیاوەتی وەک هەڵم لە سەرم هەڵدەستێ، قەرارە ئەمشۆ لە لای بمێنمەوە، چاوەڕێم لە ئاشپەزخانە بێتە دەر، هەر ئانێکم بەساعەتێک لێ درێژ دەبێتەوە، لە نەکاو لە بەرچاوم، تاوانباری جوانەگا، وەردەگەڕێتە زەڕی، دەستم بەستراوە، لاق و لەتەری وەبەر کابل دەدا، مچوڕکم پێدا دێ، بەری پێی تک تک خوێنی پێدا دێ، دە ئاوخوێیی هەڵدەکێشێ، هاوار دەکەم، دەنگم دەرنایە، چەقوچۆمە، وەخەبەردێم، نیوە شەوە و چاو چاوی نابینێ.

وەک بسکی بەرەزا دەلەرزم، دە هۆدەکەمدا دێم و دەچم، خەونەکەم لەبەر چاوە، زەق و زیندوو، زەڕی لەو کچانە جوانترە، لە کەلێنی پەنجەرە دەڕوانمە مالی (ئەشرەف)خانم، دەنگی گرام نایە، چرا کوژاوەتەوە، ولات بێدەنگە، هەوڵ دەدەم بخەومەوە، لەسەر جێگاکەم شاتلۆرەمە، دەسووڕێم و نازانم کەی خەوم لێ دەکەوێتەوە.

خەیابانی زەنگەنەیە، پزیشکی قانونی لەسەر کەلاکی پیرە، دەڕوانێ، پۆلیس دەگیرفانیدا، نوسخەیەکی تازە پێچراو، چل تمەن پووڵ و پێناسەیەکی وەگیر کەوتووە (حەسەن بەقالی)، هێندێک دەرمان لە دەور و پشتی مەیتەکە، بلاوبوونەوە، پیرێژنێکی نەخۆشی زەردەڵە، لە پشت سەری دەگری، دەنکە دەنکە حەبەکان کۆ دەکاتەوە:

(خوایە ئەو بەلایە چ بوو بەسەرم هات، تازە کێ دەرمانم بۆ دەکڕێ، حەسەن تەنیا پشت و پەنام بوو)

دیسان وەخەبەر دێم، تاو ڕمبێک بلێند بووە.

***



4

قاوەڵتوونە، کاتێک (مەلی) بەڕێم دەکا، هەوڵ دەدەم قورس و قایم بیدوێنم:

– کەمێک پتر بەدەرسەکانت ڕابگە، ساڵ درەنگە، تەواوی کە، بەو جۆرە لە زانکۆ دەرناچی.

لە دەرچوونی خۆت خاترجەمی؟

– گرێوی لەسەر دەکەم، بۆ خۆم دەزانم چۆنم کۆنکۆڕ داوە.

– لەسەر چی، ئەرێ چۆڵەمەشکێنم دەگەڵ ناکەی؟

– لەسەر دڵخواز، کوا چۆڵەمەی مریشک؟

– نەهارێ وەرەوە، مریشک و چۆڵەمە لەسەر من.

– ئەگەر تەنیا مالی خۆتبا، دەهاتمەوە.

قەت مالی خۆم نابێ.

– بۆ وا دڵساردی، ئیشالڵا مالی خۆشت دەبێ .

– لە حاست تۆ نامبێ، دەنا دڵسارد نیم.

– بۆ لە حاست من؟

– دەگەڵ تۆ دەمبێ.

بەجووتە پێدەکەنین، خواحافیزی لێ دەکەم، دەڕۆم، نیزیک مالی خۆمان، پەنچەرگیرییە:

– وەستا گیان دەکرێ چاو لەو ماشێنەی من کەی.

– کاکە ئازاد، چاوی چی لێ بکەم، پەنچەرە؟

– نازانم، دوو لاستیکی نیشتۆتە سەر ئەرزی.

دەگەڵم دەکەوێ، دەرکی کاراژ دەکەمەوە، ماشێن چوار قامکی تۆز لەسەر کەوتووە، چاوێکی لێ دەکا و سەر ڕادەوەشێنێ:

– تازەیە، پەیکانی پەنجاو چوار، دەتەوێ چی لێ بکەی؟

– دەمەوێ هەڵیکەم.

هێندێکی دیش سەر بادەدا:

– ئەی ماڵتە، ئەوەی دەیداتێ نایەوێ، ئەوەی نایداتێ بۆی دەمرێ، هەتا پۆمپە بایەکەم دێنم، چاو لە ئاو و ڕۆنەکەی کە، نابێ پەنچەر بێ، باتریەکەی بێشک خاڵییە، تەلەیفوونێک بکە بۆ سرویس، کوڕە بابم ماشێن دەڵێی گوڵە، ئەوە بۆ وات لێ کردووە.

– سرویسی بۆ چییە، هەر لێرە ناکرێ؟

– کاری من دەکرێ، شارژی باتری و خاوێنکردنەوەی، کاری تۆ نییە، تازە دەبێ باتریشی بۆ بێنن، هەڵکردن و ئاو و ڕۆن گۆڕین و ئەوانە، ئەو دەمی سوار بوون، جار جاریش کەشەیەک بەو مامە پیرەی خۆت.

– ماشێنی خۆتە.

– ڕەبی هەزاری وات بێ، شۆخیت عەرز دەکەم.

ماشێنم بەرێ کردە سرویس، بۆ سبەی بەیانی ئامادەی دەکەن. لەوێرا، دەچمە سەلمانی دەستێک بەسەر و گوێلاکم دادێنێ، دەڕۆمەوە ماڵێ، حەمام و جل گۆڕین، بەخۆم ڕادەگەم، دایە خەیاڵ ئاساری نەخۆشی تێدا نییە، گورگی دەخنکێنێ، دایکم بەکەیفە:

– ئازاد، خەریکی ماشێنەکەت بووی؟

– دایە گیان، داومە خاوێنی کەنەوە.

کەیفخۆشی لە ڕوخساری دەبارێ:

– چاکت کردووە، ئیدی خەم و خەفەت بەسە، خەریکی خۆت بە، تەمەنی جحێڵی پاتشایەتییە، ئەگەر قەدری بزانی، تەنیا ئاگات لە خۆت بێ، ڕوحم لە ماشێن تۆقیوە، ئیشاڵڵا چ نابێ، لە هەموو هەوران ناباری، مێردەکەمی بردەوە، لاقەکانمی لە کار خست، ئەتۆی داومێ، هەزار جار شوکر.

ڕەبی خودا بتپارێزێ، بەردی سارد و گەرمت وەبەر پێ نییە، ڕەبی بمرم بەکزیت نەبینم.

تاوێ دی (ڕەزا) هاتبوو، داوەتیەتی، کارتی بۆ هێنابووین، ئینیشاڵڵا نەخشەت لێ بێ، زۆر پاڕاوە من قەولم پێ نەدا، بەڵام کوتوومە:

– ئازاد، دێ، برازاوایە، دەبێ پشتێنی بووکێ ببەستێ.





ڕۆڵە گیان! زێر وەشانێ بکە، هەڵپەڕە، سەرچۆپی بگرە، جلوبەرگت تازە بێ، دیاری و سەوقاتت لە بیر نەچێ، هێندەش دەستت بەپووڵییەوە نەلەرزێ، دەبێ کەس ڕەسەرت نەخا، ئیدی منداڵیت بەسەرچووە، ئەوەی بزانە هەرچەندی تاریفی تۆ دەکرێ گەز گەز باڵا دەکەم.

دایە خەیاڵ ورد ورد سەوزی و هاروێ دەجنێ:

– مەلی، تاوێ دی دەیگوت: (دایم ئیزنم وێ دا، دێمەوە تێکوشینو دەگەڵ جێبەجێ دەکەم، بەسەری توو لە بیانوێکی دەگەڕێ تاوێکی لە لای توو بێ، چ بڕ تێبگەم مەلیلەی خۆن خەیاڵی لێ خرا کردووی، دایە خەبەری تووی هەن، خۆ نە من نە دایە خانمێ نەندەزانی چت بەسەر ماشێنی هیناوە، یەکەو سەحات خۆی گەیاندێ، پرسی:

(ئەوهە ئازادی چ لە ماشینێ دەکا؟)

جا، گوتم:

– خۆ بەسەری توو ئاگان لێ نییە، ئەتوو دەڵێی بابای حەیاری، پێم بڵێ بەکوێتدا زانی؟

دەیگوت:

(لە پەنجەرەی خۆن ڕا ئاگادار بوومە.)

جا کوڕانم، بێتوو دایە پیرەی خۆت چ بڕ تێبگا، ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەبا، مەلیلە، ئیشتیای لەتووە، خوای وەخێری گێڕی، بەمن دەکەی، بێتوو کچە مامی خۆت بەدڵ نەبی، سێ و دووانی لێ مەکە، ئەوهە ژنی ماڵانە، سووک و چرووک نییە، قوون لێکەوتوو نییە، دەجا دایی و بابیشی چ قسەیان لەسەر نین، ئەوهەی لە قیس خۆت مەدە، زۆریش پیاوانی هەڵکەوتووە، نەنبیستووە گوێلک و موێلکی بەدوو وەبن، لەبۆ جوانییەش هەندێک ڕەشەسمەرە، بەڵان لە کەس نامێنێتەوە.

دایە خەیاڵ، دەو قسانەدایە، تەلەیفوون زەنگ لێدەدا، هەڵدەستم:

– یاڵڵا میرزا باجی، ئەوە لە کوێی، دایە خەیاڵ غەیبەتی بۆ داناوی.

– ئازاد، بەسەری تۆ میوانمان هەیە، کاکم کۆڵێکی میوان بەڕێوەیە، ئەرێ ئازاد خەریکی ماشێنەکەت بووی خۆ نایفرۆشی؟

- نەخێر، کڕیاری؟
- نەوەڵڵا دەمەوێ بزانم چی لێ دەکەی؟
- سواری دەبم.
- چاکە چاکە، وەم زانی لە کۆڵی دەکەی، دەمانبەی بۆ گەڕانێ؟
- خەرجی هەیە.
- لە خەرجەکەی ناترسم.

دایە خەیاڵ، هاتە سەر خەت:

(پێی بڵێ، بەشی لە بۆ هەڵگرم؟)

- گوێم لێیە، ئەگەر نانی تێ نەکا، زەرەر نییە.
- گوتت لە خەرجەکەی ناترسی، ئەی لە چی؟
- دایکم قەدەرێکە پێی وایە دەمخۆی.
- ئەمن بۆ دەتخۆم، سەگ بتخوا.

پێدەکەنێ:

- ئەگەر دایە خانم یا دایە خەیاڵ بەرین، ڕەنگە ڕازی بێ.
- بۆ خۆت جێبەجێی دەکەی، بۆ داوەتی ڕەزا نایەی؟
- ئەمەیان بانگ نەکردووە.
- پێت خۆشە بانگو کەن؟
- کەیفی خۆتە، ئەگەر دەتەوێ بێ دۆ نەبی وا بکە.
- پێت وایە بێ دۆ بم؟
- دۆی کەللە تەزێن دەڵێم، ئازاد ئەوە میوانەکانمان هاتن، کارتت لە بیر نەچێ.
- بەڵێ بەچاوان.

دایە خەیاڵ بزەی دێتێ:

- دەی کوڕم هێندە دەڵێ چی؟
- هیچ، دەڵێ بەشم هەڵگرێ، نانیشی تێ نەکا.
- ئەی بەچاوان، لە قسەکانی تووشڕا وەدیارە، ئارەزووی داوەتێو هەیە،





وە نییە؟

بە مینگە:

- دایە خەیاڵ، بۆ خۆشت جحێڵ بووی.
- ئەرێ وەڵڵاهی بریا ئەوێ دەمێ دەمردم، دەڵێن: بەقرژاڵیان گوت: (لە بۆ بەدوو سەران دەڕۆی؟)

گوتی:

(لە جحێڵان چ شت حەیب نین)

ئای نەمێنم، ئەوێ دەمێ جحێڵ بووین، هەر ئەوها لە خۆوە شەو داوەتن دەگرت: ڕەژبەڵەکن دەگرت، چ شایەر و مایەریشن نەبوو، یەکێک دەستی دەبنانگوێیان دەنا، جاری واشبوو شوان و موان شمشاڵیان لە باخەڵێ ڕادەکێشان.

ئەوێ دەمێ لە گاوانی نەبا، دەستیان وێ نەدەدام، لە بیرمە بەپێخواسیش هەڵپەڕیوم، کوڕە چن نەبوو نە، نەکەوشی ناڵچەدارن هەبوو، نە ئەو پانییە بڵێندانە، ئەو هەموو بەیت و باوەشن نەبوو، خەڵکەکە دڵی چاک بوو، پاشی بابم بەرەحمەتی خوای چوو، دایم دەستی منی گرت، هاتینە ماڵە ئاغای، پێش گرانییەکە، ڕۆژێ هەزار کەس هاتبا، کەس نەیدەگوت بۆ کوێ.

ئەگەر ئاغا شەهید کرا، بێ حەدەبیشە ئەمن خۆم نەناسیبوو، بەڵام فەرقی پاک و پیسم دەکردن.

ئازاد گیان، پێم وایە، وەوەی دەچی برسیت بی، با ئەو هەندەی لەسەر نەڕۆم، ئەتووش هەستە لە دایە خۆت کەوی، سفرەکەی ڕایەخە، یانێ پێت بڵێم، هەر بەسەری تو فێر بی باشە.

ئەی کوێر بم لە بۆ پیاوی دەکەڵە کەڵە، کوڕە خۆ پیاوی ئێستە بەژنێ خۆ ناوێرن، دەڵێی لە شەڕگەی مەحمەشەیان لێ قەڵماوە.

دایکم لە بنەوە پێدەکەنی:

ئازاد گیان، خات خەیاڵ بۆ خۆی فێرت دەکا و لۆمەشت دەکا، جا نازانم چۆن دەردەچی.

سفرەکەی ڕاست دەکەم:

– هەر دووگ لای تێدایە، لە ترسی دایە خەیاڵ ڕەنگە وانەبم.

دایە خەیاڵ دێتە سەر سفرەکە:

– ئەتوو کوڕی پیاوانی، قەت لە توو بەشک نیم، حاجی بەڕەحمەت بی، زەمی هەڵنەدەگرت، بەش بەحاڵی خۆم، ببڕ ببڕ قەتم نەدی دەگەڵ دایە خانم شەڕە دندووکەیان بی، یانی دایە خانم لە حاست حاجی ڕوحی نەبوو، ئەتووش کوڕی ئەو پیاوەی، هەندی گڵ لەسەر وین حەمری تووبی، دەبی وە بابی خۆت بچی، دەجا هەستە دەبەرچاوانت مرم کەوچکان بینە باکاری بکرینین.

دوای نەهار، چوومە وەتاغەکەی خۆم، پەردەیماڵی سەرکار دادراونەوە، وەدیارە کەسیان لە ماڵ نییە، لەژێر کوولێرەکە ڕادەکشێم، خەو دامدەگرێ.

کاڵە و پێتاوم لە پێدایە، شاخێکی بەرزی سەرسەوزم دەپێش دایە، دەمەوێ وەسەرکەوم، بەشوێن ئامانجێک دادەگەڕێم، وەک ئاوی حەیات بدۆزمەوە، گا بەردی زل زلم دێنە سەر ڕێ، گەزێک وەسەرکەوم، نیو گەز دەخلیسکێمە دواوە، وردەخیز خلۆر دەبنەوە.

شاخ ڕژد و سەختە، زەرد و ماه ئەستەمە، کێو دەنگ دەداتەوە، کێوەکانی دوور، دەنگدانەوەکەی، دەنگ دەدەنەوە.

پنجە گیای خۆڕست، لە ئەژنۆ دەدەن، تیکانی دڕ لاق و لەتەران دەنگێون، وەک نووکی دەرزی ژەهراوی بەژانن، پێکوڵی سێچوکڵە و سێسووچیان تێدایە و ئێش و خورووی گەز گەسکیان هەیە.

چیا هەڵدێر و نینۆک شکێنە، ڕەوەز بەسام و یاغییە، تەنگە تەنگی نوێژی شێوانە، تارمایی جۆراوجۆر لەبەر چاوم ڕێژە دەڕۆن، دەخولێنەوە و دەسووڕێن.

تارمایی لینگ باریکی درێژ، بەردی دوو هێندی قورسایی خۆیان هەڵدەگرن، بەردی دوو پووتی، گا بەردی چەند پووتی، جاڵە دەکەنە خوارێ، تاوێر بەتەنیشتمدا، بەسەر سەرمدا، ویژە ویژەیانە، قۆچەقانی بەن هەڵدەسووڕێن، شەقەی جێی بەردەکانیان، ویزەی بەردەکانیان گوێم ئازار





دەدا.

ماندووم، هیلاکم، دەبێ وچانێک بدەم، لە کوێ؟ کوا دێڵن؟! کوێ هەیە لێی وەحەسێم؟ پشوویەک بەدڵی خۆم، نەفەسێک هەوای ئازاد، پەنابەردێک، بەرد نەیگرێتەوە.

بای دێ، بای سەرسەر، ڕەشەبا، تۆفان، گەردەلوول، شەماڵ، سەبوون، زریان، بارۆژ، باسەر، سەرما و شەختە.

ئاه شنەیەکی ئارام، سۆزێکی بلاوێن، شیبایەکی فێنک، لە کوێن؟ پەنایەک، پەسیوێک، سوکناییم بێتێ، ئارام بگرم، دەمێک خۆشی، جەمێک شادی، بەمراد بگەم تەنیا ئانێک، وردە ژوانێک و پاشان بمرم.

بەنێو دەریایەک ترس و خۆفدا، وە سەردەکەوم، جاڵجاڵووکە، جاڵجاڵووکەی ڕەش، مار، کەومار، شەمشەمە کوێرە، کوند، داڵاش و سیسارگە کەچەڵە.

ماری سوججە، کوێرە مار، دووپشک، زەردە قۆڕە، سەرمازەڵە، سەر دەرناکەم، بایە و تاریکی، تارماییییە و ئاشکرا، باڵندە و دڕندە، لە ئەرز و هەوا بۆم دەبارێ، عەجەب ئاوی حەیاتێک، ژیانی هەتا هەتایە، بەم چەشنە ژیان؟!

نانا، هەرگیز، با داگەڕێم، ڕێگام بگۆڕم، ژیان دەمکوژێ، ژیانی ئەبەدی بەڵای بەشوێنەوەیە، وەڕەز دەبم، بۆ ئەو چەرمەسەرە درێژ کەمەوە؟

بەدەوری شاخدا دەخولێمەوە، هەر شاخە و شاخ، ڕژد نەبێ لابەلایە، لاقی ڕاستەم لەشم ڕادەگرێ، لاقی چەپەم لە ڕژدایی دایە و لە دووم نایە، ئەرکێکی ئەوتۆی نییە، تەنیا چۆکی بۆ بنەوێنم بەسیەتی، لەنگەیەک و چیتر.

بەرقەدی شاخە، دارە گێوژێک، گەڵای ڕەش و گەش، پڕ گەڵا، تیری تێ ناچێ، تیکانی هەن، تەڕ، تیژ و ئاودارن، ویشک نەبوون، هەڵنەقرچاون، دڕن، زیندوون، سەوز و شینن.

دەچمە سەر کانییەکی ڕوون، چووکە، چۆڕ چۆڕە، وەک چاوی قرژاڵ، لەژێر دارەکە، ئاوی حەیات نییە! ئاوە، ئاوروونکە هەراش، زیت، هار و

وریای تێدایە.

بێ وچان، بێ نێوبڕ، ماندوو نابن و پشووسوار نین.

ئاه، وەچاکە پێ دەو ئاوە کێشم، نەختالّێ وە حەسیّم، بزانین پاشان چ دەبێ، سەبر، سەبر پەنجە دەئاو دەنێم، فێنکایی بەپێست و ئێسقانم هەست دەکەم وەک ئاو بەئاور داکرێ.

بەخەبەرم، یا خەوتووم، جووتێک کۆتری سپی، لەسەر ئاخر چلّووکی، دارەکەن، سپی سپی وەک کلووی بەفر، لە شەققەی شاباڵان دەدەن: (ئازاد! ئەگەر نستووی دەخەوت بێ، ئەگەر بەخەبەری گوێت لێ بێ، چارەنووسی تۆ دەو سەدەیەدا هەر وایە، لە ژیان حالّی دەبی، بەڵام داخ و هەزار داخ، وەختێک بەکەڵکت نایە.

سیلەی چاوم داوەتە کۆترەکان، سپی، تەقلّەباز، ڕاست و ڕەوان ڕژدایی ئاسمان دەبڕن، بۆ سەر و بۆ سەر...

لە پڕ دوو تیری ساردەکەوان هەرکیان دەپێکێ، ئەوجار سەر بەرەوژێر، دیسانیش بەتەقلّە، بەڵام تەقلّەی بێ هێزی، تەقلّەی بێ هۆشی، تەقلّەی مەرگ، بەهەڕەمە، لەژێر پێم وە ئەرز دەکەون.

خوێنی سوور، ئاڵ و گەش بەسەر تووکی سپی و نەرمی سینگدا، یەکیان لە هەوا مردووە، یەکیان بەحاڵ ماوە، ماوە دەناڵێنێ، دەگری، فرمێسکی دەبینم، ئەنیسکەکانیم گوێ لێ دەبێ، بەحاڵ پشووی دێ، نێوە نێوە گوێم لە دەنگی دەبێ :

– دەو سەدەیەدا حالّی تۆ هەر ئەوە دەبێ ، دە سەدەی داهاتوودا هەوڵ دە شوێنێک بەرەو دەریا بدۆزییەوە، دەریا، ئازاد! ملی لار دەکاتەوە.

من ئازاد نیم، (حوسێن)م، زەڕی، ئیلاهە، مار و دووپشک لە لاق و لەتەریان هالاوە.

هاوار دەکەم، یەک بەخۆم، بەدرێژایی زەمان، بەپانایی زەوی، دەنگم دەرنایە، هێزم نەماوە، ئیلاهە دەزیقێنێ:

(دەدە وای[*] زەڕی ترس لە چاوی دەزێ، دەستم نەبەستراوە، بەڵام

(*) وەی بابە.





ناجوولێمەوە).

لە خەو ڕاستەوە دەبم، تەنیا چارەگێکە خەوتووم، ئەلحوکمولیللا، چارەگێک خەو، ئەو هەموو خەونە، چۆڕێک ئاو دەخۆمەوە، جگەرەیەک هەڵدەکەم، خەون لە بیر دەبەمەوە و لە فکری خۆمی دەرداوێم.

تەلەیفوون زەنگ لێدەدا:

– ئەلۆ، ئازاد!

– بەڵێ، ڕەزا گیان ئەوە بۆ وا بەپەلە ڕۆییبووی؟

– لەبەر حورمەتی دایە خانم بۆ خۆم هاتم، سەرم قاڵە.

– زۆر سپاس ڕەزا گیان، شایی و ژیانی نوێت پیرۆزبی، ئەوە بێ و هەزاری دی.

بەپێکەنینەوە:

– هەر ئەوەشم پێ بگوێزرێتەوە قایلم.

– ڕەزا، کارتی سپیت لە لا ماوە؟

– ئا ، چەندی دەتەوێ بۆت بەرێ کەم.

– بۆم بەڕێ مەکە، ماڵی مەلیت لەبیر نەچێ.

– هەتیوە پیسە، هەر کەسی دیبا دەیگوت، لە تاوی (مەلی) ئەوە شێت دەبێ .

– نا بەگیانی ڕەزا تەنیا عادەتم پێ گرتووە.

– دەزانم، خەڵک وا نازانێ.

– ڕەزا، هەرچی پتەوێ دەنگ بکە، دەخزمەت دام.

– ئازاد گیان، لە سایەی تۆوە چم ناوێ، بڵێم نەخشەت لێ بێ؟

– جارێ نا.

– لە بەرچی نا ، پیرە گا.

– جارێ بزانین ئەتۆ چ غەڵەتێکی دەکەی.

– ئازاد گیان، دەمەویست عەرزت کەم هێندێک زووتر بێی.

– بەچاوان، براله هەرچی دەتەوێ بفەرموو.

– کاکە بەگیانی تۆ هەموو شتێک زۆرە، کاکم هۆی داوەتەوە، دەی کارت نییە.

– خۆشی تۆ .

چایەکی بۆ خۆم تێ دەکەم، هێندێک خۆ دەخافڵێنم و زووتر لە ڕۆژان دچمە لای مامم، بازاڕی خۆشە، دووکان پڕە، سەبرێکی:

– مامە گیان! ڕەزا داوەتیەتی، دەمەویست شتێکی پێوە بنێرم، دێمەوە.

نیو گەزەکەی بەدەستەوە:

– شەش

دەست لە پێوان هەڵدەگرێ:

– ئای، کوڕە چابوو، وەبیرت هێنامەوە، لە ئێمەشیان گێڕاوەتەوە، تایەکی گەورە برینج وەرگرە، بۆ خۆشت چت دەوێ وێڕای یەک بۆیان بنێرە.

– ئەمنیش تایەک قەند دەنێرم.

– دەی باشە، سۆفی حەسەن لەوانەیە، بەکۆڵی حەمباڵیان دادە و بەسۆفی بسپێرە.

کارەکانم وەڕێ خستووە، ڕۆژ زووە، بەزارکی گوزەرێدا، دەچمە مەیدانی مەنگوڕان، یادی منداڵی دامدەگرێ، مەیدان وەک خۆی نەماوە، نازانم بۆ پێم خۆشە هەروەک خۆی با:

(قەیسەری نەسووتابوو، دوو سێ پلیکان لە مەیدان قووڵتر بوو، سێ چوارێکی قۆشمە بووین، غارغارێن و خۆشارنەوەکێمان تێدا دەکرد، دووکانەکان وانەبوون، تەختەی پێش دووکانەکان نەماون، ئاه چەند لەبەر چاوم زیندوون، وەک ئێستا بێ، میرزا شەمتۆن سەعاتێکی باغەڵی دەگیرفانی جلیقەکەی دایە، تەقەی ئیستکانی بەتاڵی کاک حەبیب دەگوێمدا دەزرینگێتەوە، عەتری دووکانی سەمەدی وڵاتی داگرتووە، چراتۆری وەلێزادە، حاجی حوسێن، تەدەیون، عیمادی، زارکی بەرتەنگی بازاڕ شانە چرکەی وێ خستووم.

دووکانی ئەسحابی، مام ئەحمەدی ئیلاهی، کاک حامید و چەند کڵاو





دروو بۆنی کەبابی (حەمە شەل)، مەیدانی مەنگوڕان بەردی تێ گیراوە، ڕیزێک خمگەر، ماشەرە بەنی ڕەنگاوڕەنگ، مەیدان وەک خۆی نییە، قوڵە شەقامێکی پێدا هاتووە، ئەو بۆن و بەرامەی جاران لە کوێیە.

پیاوەکان پیر بوون، هێندێکیان مردوون و منداڵەکان گەورە بوون...

دەچمەوە دووکانی مامم، تازە دەورەی چۆڵ دەبێ، دەفتەرەکان دەست دەدەمێ، لە بەرەوە ئەگەر سارد و سەودایەکیش هەبێ دەدەفتەری ڕۆژانەی داوێم، تا لای ئێواریێ لە لای مامم خەریکم.

تاو پەڕێنێ هەڵدەستێن، مامم:

– دوای تۆ دایکت تەلەیفوونی کرد.

مامم لەبەر چاوی دەبێتە مودیری دەبیرستان، ڕۆژی خەبەری باوکم، ئەویش ئاوەی دەست پێ کرد. خێرایەکی لێ دەپرسم:

– کاری پێم بوو؟

ئاساری پەرێشانی، دەنگنووسانێکی ئەهوەن، لەرزینی واژەکان دە زارمدا بەرچاوە، مامم هەست دەکا:

– ئەی بۆ وا تێکچووی، دایکت خەبەری ماشێن هەڵکردنەوەی تۆی دامێ، زۆریش بەدەماغ بوو، ئەمنیش هەروەتر، وەدیارە وردە وردە بەقسەی مامی خۆت دەکەی، بریا هەموویانت ئاوا جواب دابامەوە.

دیسان خاترجەم نەبووم:

– هەر لەبەر ئەو خەبەرەی قسەی دەگەڵ کردی؟

– دەپێشدا گوتی: (ئازاد لەوێیە) پاشان باسی ماشێن و ئەوانەی کرد. ئازاد! بۆ وا ڕاچەنی؟! نیگەرانی چی؟ بۆ بەمامی خۆت ناڵێی؟ ئەمن لە تۆ بەدەر کەس شک نابەم، پێم وایە لە باری فکریشەوە هێندێک ئاگامان لێک بێ یانی نیزیکتر بینەوە باشترە.

– مامە گیان چ دەفەرمووی، من لە حاست تۆ ساحێب سەر نیم، لە کاوەش چووکەترم، پێچ و پەناشم نییە، ڕاستییەکەی پاش فەوتی بابم ئەو نیگەرانییەم تێ کەوتووە: خەبەری لە نەکاو تەکانم دەدا.

مامم هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– نا کوڕم، نا بابم ئەوەی مەڵێ، وا بلێیی ئەمنیش پەرۆشی تۆ دەبم، وە دیارە ئەمن بەبابی خۆت نازانی، هەر چەندە ڕێم ناکەوێ، ئەمما بەگومبەزی پێغەمبەری ئەتۆم زۆر لە منداڵەکانی خۆم خۆشتر دەوێ، ڕەنگە ئەوان نەبن، منداڵی دیکەم بۆ ساز کرێ، ئەگەر خوای نەکردە ئەتۆ نەبی، کاکم لە کوێ بێنمەوە، ئازادێکی لێ ببێ، ئەو دایکە مەزڵوومەی تۆ دڵی لە سەرت دەگەڕێ، هەڵبەت ویستوویە بزانێ لە کوێی، ئیشاڵڵا ئەگەر منداڵت بوو دەزانی چەندە خۆشەویستە، دڵی دایک و باب سەبارەت بەئەولاد چۆنە.

مامم زۆری دڵخۆشی دامەوە، زارکی کیفەکەی کردەوە پڕ بوو لە پوول.

– هەڵگرە، دەچییە داوەتێ، هەرچەندی دەتەوێ.

– پێویست بێ عەرزت دەکەم.

نێو چاوانی گرژ کرد:

– دەگەڵ تۆمە درێژ! دەڵێم هەڵگرە.

بزەیەکم دێتێ و دەڵێم:

– مامە گیان دەتەوێ منال ژێرکەیەوە؟

قاقایەکی لێدەدا:

– نا ڕۆڵەم، پوولە، چ لە لای من بێ چ لە لای تۆ، لە بیـــرم نەبوو، ماشێنەکەت پەخشی تێدا نییە.

قاقا پێدەکەنێ:

– نامەوێ ژێرت کەمەوە، دەمەوێ پەکت نەکەوێ، ئێمەش بانگ کراوین، ئامۆژنت و فەوزیەت لە بیر نەچێ، بەتۆیان دەسپێرم، پێم وا نییە بۆ خۆم پێم بکرێ، دایە خانمیش ڕەنگە نەیە.

– ناوەڵڵا مامەگیان، بەڵام بەمنی فەرموو دەبێ بچی.

بەزۆری چەپکێکی پوولی درشت دەگیرفانم ئاخنی.

ئەو کاتەی خوا حافیزیم لە مامم دەکرد، کێشەی داوەتی ڕەزا بردمی دەبیرەوە:

چ جوابی (مەلی) بدەمەوە؟! دەبێ ماڵی مامم بەرمە داوەت! تەنانەت ئاگاشم لێیان بێ. (مەلی) دەمخوا! چۆنی پێنەکەم؟ زمانم بەبڕین چێ. لە





قەدیمەوە گوتوویانە: (زمان ئامان) خۆ من بەگاز نەگیرابووم خەبەری داوەتی (ڕەزا) بەمەلی بلێیم! تەنانەت کارتی بۆ وەرگرم. ئەگەر وە دەستیان نەکەوتبێ، دەبێ خێرایەکی تێکی دەمەوە، نەیە باشترە. (مەلی) و (فەوزیە) لەوێ بن، دەشێوێ، وەچاکە بۆ خۆم نەچم! بیانوویێکی بێنمەوە، دایکم نەخۆشە، دایە خەیاڵ سەر ئێشەی گرتووە؟ شتێکی وا، لەوێ نەبم باشترە. لەوانەیە ئابڕوومان بچێ!

دەنگی ئاوات خوودارم دەکا:

– ئازاد! چۆنی، چ دەکەی؟ دیارنی!

– چاکم ئاوات گیان، بۆ خۆت چۆنی! ئەوە لە کوێ بووی؟

– چوومە ماڵی ئێوە، لە ماڵ نەبووی، (ڕەزا) کارتی ماڵی میرزا عەولای پێدا ناردم.

لە پشتێن بەرە ژێرم مرد. کارت گەییوە، تازە تێک ناچێتەوە. قەولم بەمامم داوە ئامۆژنم و ئەوان دەگەڵ خۆم بەرم، (مەلی) شێت دەبێ !

ئاوات هێندێک بەسەرلێشێواوییەوە چاوم لێ دەکا:

– ئازاد چییە! حەبت خواردووە؟!

– نا، شتێکی وا نییە، ژانەسەرێکی لە نەکاو.

– بتبەمە کن دوکتۆر؟

– نا، چ نییە، بۆ خۆی هێدی دەبێ .

خۆ لە دەس ئاوات ڕزگار دەکەم. سەوزی فرۆش دەنگی لێ بلێند کردووە:

(دەسکە دەسکە، دەسکەی دوو دەسکە...)

سەر بەر دەدەمەوە بۆ لای ماڵی خۆمان، پەنجەرەی ماڵی نایب کراوەتەوە، دەنگی گرام، (غروب توی کوهستان) دە گوێمدا دەزرینگێتەوە، دیمەنی (ئەشرەف) شۆخی مەزڵووم دێتە بەرچاوم. خۆ دەماڵی خۆمان داوێم. (وریا) لە دوورەوە خۆ دەباوەشم دەخا: (کاکە ئازاد! پوولە مەلی، ئەتانێ، ولیا، ولیا، دڕن دڕن...) خوێن شیرنە، قسە کەل و پەلەکانی وەک قەندن. دەباوەشی دەگرم، ڕێکی دەکوشم، کاکۆڵم دەکێشێ.

مەلی بەپیرمەوە دێ:

– وریات خۆشدەوێ؟

– جا بەتۆ چی!

– بەخیلی پێ دەبەم.

دە دڵە خۆمدا دەڵێم:

(ئەگەر دەتزانی دەگەڵ کێ دەچمە داوەتێ، کارت بەوریا نەدەبوو)

بەرەو هاڵەکە دەڕۆم، پێشا و بڕەم دەداتەوە:

– ئازاد! کارتەکان گەیشتن، مەمنوون، ئەتۆ کەی دەچی؟

– سبەینێ پاش نەهار.

– ئێمە دەگەڵ کاکم دەچین، یەکتر دەگرینەوە، ئاخری دۆت وەگیر هێنا.

– بەهەویا بە، دەستت ناگرم!

– ئەوە پیاوی دەوێ دەستی مەلی نەگرێ.

– ئەگەر نەمگرت چ دەکەی؟

– دەبینی، گوێت دەگەزم، هەتا وە گریان دەکەوی.

بەپێکەنین دەچینە ژوور، (وریا) لە پەنام ڕۆنیشتووە، یەک پشوو قسەی کەل و پەل دەکا:

(کاکە ئازاد، ولیا، پوولە مەلی، دایە مەل مەلەک، شایی...)

(مەلی) پەلەی چوونەوە ماڵیەتی، وریا مل نادا، دایکم بەکەیفە. بۆنی کەباب وڵاتی داگرتووە، وەدیارە دایە خەیاڵ خەریکە، (مەلی) وریا هەڵدەستێنێ، ڕوو دە دایکم دەکا:

(دایە خانم لەسەر ئیزنت مەرەخەس دەبین.)

دایکم کورسییەکەی دەسووڕێنێ:

– نا کچم، نابێ بچنەوە، میوانی منن، دەگەڵ وریا زێڕە.

(مەلی):

– دایکم چاوەڕێیە.

دایکم:





– ئێستا تەلەیفوون بۆ دایکت دەکەم. دایە خەیاڵ خۆی دەکوژێ لە ئێوارێوە گۆشتی دەپیوازی گرتووە.

مەلی:

– دایە خانم ئەوێش هەرماڵە تۆیە.

دایکم گەیوەتە لای تەلەیفوون:

– نا (مەلی) گیان، ناچنەوە، ئەوەندەش خۆت شیرن مەکە.

دایکم ژمارە دەگری. مەلی چاو لە من دەکا و بزەی دێتێ. وریا توند پاڵی وە پاڵ من داوە. ڕوو دە (مەلی) دەکەم:

– دەرسەکانت چاو لێ دەکەی؟

– بەڵێ، ئەگەر دەفەرمووی بچم کتێبەکانم بێنم؟

– نا زەحمەتێکی دیکەم هەیە!

– فەرموو، دەخزمەت دام.

– هەستە چایەکی تێکە.

مەلی بەپێکەنینەوە ڕاستەوە دەبێ :

– وەی لەبەر تۆ !

– شاگردی وا بەپۆزم نەدیوە.

– وەستای وا هەر شاگردی وای دەبێ .

– لەوەی بەملاوە دەبێ لیباسەکانیشم بۆ بشۆی!

مەلی لەبەر لێویەوە:

– کوا خودا ئەوەی دەکا.

دایکم بزەی دێتێ. وە دیارە گوێی لێ بووە.

(مەلی) چۆتە ئاشپەزخانە. دایکم ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون. بەختەوەری دەچاوەکانیدا دیارن. ڕووم تێ دەکا:

– ڕۆڵە گیان ئێوارێ چوویە کوێ؟

– ئێوە خەوتبوون، چوومە دووکانێ، مامم سەری شلووغ بوو، تەلەیفوونت کردبوو، کارت پێم بوو؟

– دەمەویست بڵێم زوو بێیەوە، برسی دەبی، دۆغرەمە بەری دڵ ناگرێ دەنا چ کارم پێت نەبوو.

مـەلی کـەشـەفێک چایی بەدەسـتـەوە دێتـە ژووری. دایکم ئامـاژەی لای وریا دەکا:

– ئەدی کوڕی من چای ناخواتەوە؟

– نا، دایە خـانم، چای ناخـواتەوە. ئەگـەر کـەس چاوی لێ نەبێ بە خزمەت قەندی دەگا.

دایکم پێدەکەنێ:

– ئەگەر وایە شیرینی تازەمان هەیە، هەستە لە یەخچاڵەکە بۆی بێنە.

(مەلی) بەرەو یەخچاڵ دەڕوا، دایکم پڕ بەچاو دەڕوانێتە ڕێگا ڕۆینەکەی:

(هەر دێو پترم خۆشدەوێ. ڕەبی خودایە بەدڵی منی دەگەڵ بکەی.)

چاو لە من دەکا، فکری دەخوێنمەوە.

دایکم بەهەڵە نەچووە، مـەلی کـچی چاکـە. ڕۆژ بەڕۆژ جـوانتـر دەبێ. دایکم ئاشقی بووە. من تەنیـا خووم پێ گرتووە. ڕۆژێـک نەیبـینم وەڕەزی دەکـەم. بۆم ڕوونە منی خـۆشـدەوێ. لە قـسـەکـانی ئەم دواییـیـەی ڕا باش تێگەیشتووم. (مـەلی) ڕەفتاری دەگەڵ من گۆڕاوە. قسەکانی مانادارن. لە حاست فەوزیە حەسوودی دەیگرێ. دڵپیسی لە من دەکا. لە چاوەکانی زۆر شت دەخوێنمەوە. تا ئێستێ دووجارم پێ گوتووە:

(بنەمـاڵەی ئێـمـە نەخـۆشی خـوێنی تێـدایە، مناڵی مـن و فـەوزیە سـاغ دەرناچێ.)

وەختێک بۆ خۆشی ئەوە دەزانێ، حەسوودی جگە لە خۆ نەخۆشکردن چ ئاکامێکی دەبێ. بەڵام خۆی پێ دابین ناکرێ.

دەزانی مـن فـەوزیەم ناوێ، سـەرەڕای ئەوە بەدیـتنی پەرۆشـە، قـەڵسـە. تەنانەت بەناو هێنانی زەرد هەڵدەگەڕێ.

چایی دەخۆینەوە. مـەلی بزەبزیەتی. وە دیارە شـتـێکی پێـیـە، لە لای دایکم نایڵێ. وریا نیسکە نیسکە شیـرنی دەخوا، بێ ئەوەی وڵات پیس کا. دایە خەیاڵ لە حەوشەڕا هەرا دەکا:





(ئازادی دەبەر دەستەکانت مرم، سفرەکەی ڕایەخە.)

مەلی ڕاستەوە دەبێ:

(هەتا شاگرد لەوێ بێ، وەستا نابێ هەستێ.)

هێندی بڵـێـی یەک و دوو، سـفـرەی ڕادەخـا، وەک ژنێـکی مـاڵداری بەئەزموون. پاک و خاوێن و توندوتۆڵە.

شێو دەخۆین. دایە خەیاڵ بۆنی ڕۆن و پیوازی لێ دێ. چۆڵەمەشکێنم وە بیـر دەکـەوێتـەوە. چاو دەگـێـڕم، دایە خـەیاڵ شکاندوویەتی. تەلەویزیۆن دەنگوباس بڵاو دەکـاتەوە. دایکم ئارامـە. ئیـشـتـیـای باشـە. چەشنێک دڵخۆشی تێدا دەبینم. بۆنی خەم و هەناسە وردە وردە کەم دەبێ.

بێدەنگ و ئارام خەریکی شێو خواردنین، دایە خەیاڵ ڕوو دە مەلی:

– مـێـوژە ڕەشکە! دەبەر ئەوێ لێـوە نوغـڵانەت مـرم، ئەتوو قـەول بوو هەڕۆیەوە ماڵێ، دەنا زۆرم حەز لە دەستاوی تووە.

– دایە خانم ئیزنی نەدام، دەستت خۆش بێ، زۆر چاکت برژاندووە، هەڵدەدەمێ:

– حەیف دایە خەیاڵ چۆڵەمەکەی شکاندووە.

دایە خەیاڵ قسەکەم دەبڕێ:

– خوای دەکا ئەتوو دەگەڵ مەلیلە چۆڵەمەشکێنی لەسەر دڵخواز دەکەن، شەرتە ئینجار هەمان ڕاگرم.

مەلی:

– پاش شامێ داخت دەبینم. چەپۆکەکەم لە بیر نەچۆتەوە.

– بێ منەت بێ.

وریا خەو دایگرتووە، شەوەکەی مەلی تێکدەدا. هەستاون بڕۆن. وریا لە باوەش دەکـەم، وەدەر دەکەوین. لەبەر دەروازەی ئێـمـە (مـەلی) کـیـفـەکـەی دەکاتەوە، چۆڵەمەیەکی دە دەسماڵ کاغەزی پێچاوە، دەری دێنێ:

– فەرموو بیشکێنین.

دەگەڵی دەشکێنم:

– لەسەر دڵخواز.

هەتا دەرگای خۆیان دەگەڵیان دەچم. کلیل دە دەرگا دەخا، وریام لێ وەردەگرێ. بەئەسپایی دەستم ڕێکدەکوشێ. دەستی داغە لەبەر چرای دارتێلەکە چاو لە چاوی دەکەم، شۆق دەدەن. سوور هەڵگەڕاوە. خۆشی و شەرمەزاری دە سیمایدا بەدی دەکەم. سەبرێک دەڵێم:

– لێم نەبردیەوە!

– بە چی؟

– (وریا)م نەدایە دەستی؟ خۆ نەتگوت لە بیرمە!

وەها پەل دەبێ لەوانەیە وریا بەرداتەوە. توند دەیگرم، مەلی دەلەرزێ:

– دڵخوازەکەت چییە؟

– چەپۆکەکەت پاک.

زمانی دەبەست چووە، بەزۆری دەڵێ:

– هەر ئەوەندە؟

– من پیاوی سەلاحەتم.

بەم شەوە ناکرێ چیدی ڕاوەستین. قسەی نەگوتراوی زۆر پێیە.

بزەی دێتێ:

– خوا حافیز ئازاد، چاکت چەپۆکەکە پاک کرد.

– هۆشت بەدەرسەکانتەوە بێ.

– باشە سبەی زوو وەرە.

دایکم خەریکی نوێژانە. دایە خەیاڵ لە ئاشپەزخانە خرتەی دێ.

دەچمە دیوەکەی خۆم. هەوا گەرمە، وەک دێم کرابێ. دەس دەدەمە ڕۆمانێک. دەنگی مۆسیقای ماڵی سەرکار، دەمباتە لای پەنجەرە:

(ئاه سەرکار بەختەوەرە، بەکەیفە، خۆی دەگەڵ زەمان ڕێکخستووە، بەکەمیش ڕازییە، ئەوەی دەڵێن: «دەم خەنیمەتە» تەنیا بۆ سەرکارە). لە پشت گنج و لۆنجی پەردە، وەک تارمایی دیارن. پێکەوە سەما دەکەن. شەوی میوانسەرای ورمێ، خەونەکەم وەبیر دێتەوە. ماڵی سەرکار، ئاساییە، ساکارە. ئەمما پڕە لە شادی. خۆشی بۆ سەرکار، بەخۆ فریودانیش بێ خۆشە. بیری ناخۆش لادەبا.





گرام یەک بەشوێن یەکدا، دەوری دەگۆڕێ.

هەوای جۆراو جۆر، ئاهەنگی شاد، بن بزۆکە، مەقام، هەڵپەڕکێ، سەرکار دەچێتە سەر مەنقەڵیەکە.

(ناهید) نۆرەی دێ، (غروب توی کوهستان) ئەشرەف دەگەڵی دەڵێ. دڵگرە، خەمبارە، خەمێکی حەزاوی، بەسۆز.

هاودەنگی ئەشرەف شتێکی دیکەیە، هەستێکی ترە، وەک ئاماژەی بیرەوەرییەکی کۆن، پڕ پڕ لە ناکامی و نیاز، هانەی هەناسەی بەسۆز دیارە. ناڵەیە، گمەی خەونی ئەو شەوە، کۆتری خەونەکە، کۆتری سپی سینگ بەفرین...

ئەگەر تاریکی شەو نەبا، دوور نەبوو فرمێسکی قەتیس ماوی سەر گۆنای ببینم. شەوێکی پڕ لە ڕەمز و ڕازە، سیحرە، ئەفسوونە. دەکاتێکی کەم، ماوەیەکی کورت، ئانێک، دوو چەشنە ژیان لەژێر بانێک دەبینم. سەرکار بۆ ساتێک خۆشی پەنا بۆ مەی و مەنقەڵی دەبا.

ئەشرەف، تەنیا بەڕواڵەت بەکەیفە. شاد نییە، شاد دەنوێنێ. بەشوێن ڕواڵەتی خۆشیی خەمێکی قووڵ دێ. بەدڵی پڕ خوێنەوە نەشەی سەرکار دەبزێوێ.

بەستن و کرانەوەیەک دایمە بەسەر ژیاندا حاکمە، سەرما و گەرما، خۆشی و دەرد، شل و توند و خەم و ئاهەنگ و سەما...

ماوەیەک دەو خەیاڵ و ڕوانینەدام. لە نەکاو بەخۆ دادەشکێمەوە. دەس دەدەمەوە ڕۆمانەکە. دایە خەیاڵ بەئەسپایی دێتە ژوور:

– من لە لام وابوو حەوت جەمت خەو کردوون!

– دەمزانی دێیە لای من، خۆم خافڵاند.

چرای ماڵی سەرکار کوژاوەتەوە. چرایەکی کەم شۆق هەڵکراوە. دەنگی گرام دێ و نایە.

دەگەڵ دایە خەیاڵ هەریەکەی لە لایەک ڕاکشاوین، بەسرتە دەڵێ:

– ئازادی! دەڵێم ئەو دەمەی مەلیلەت بەڕێ کردەوە، چ قسەو نەکردن؟

– قسەی چۆن؟

سەریکم لێ ڕادەوەشێنێ:

– ئەیبیی قسەی دەقسە، هەرکوو عەزەبن، قسەو مسەی دە جحێلان، ئەو هانە.

– هەر باسی دەرس و دەوران بوو.

– ئەیبیی کــوڕە دە وەلای نیێــوەلای نێ، دوازدە حــیلمی خــۆت لە بۆ وەرگرتووە، مەلیلەی بەستەزمان ئەوهە دڵی لە بۆت دەترۆقێ.

– دایە خەیاڵ چت لێ وەشارم، چ دە خۆدا شک نابەم، نامەوێ ژن بێنم. بەهەوای منداڵی دەڕوانمە مەلی.

– ئەیبیی ئەوە دەڵێی چی! ئەتوو دەستــە خوشکی مــەلی، کوڕە حــەیبێ بکە. دەروێش (حەلی) هەر وەکی توو دەبوو. ئای بریبــا بەبری خــوای هەر بەکچۆڵەیی مـردبام. هەرچەندی ئەو حـەیامم وەبیـر دەکـەونەوە، نیـوێک لە حەمرم کەم دەبی.

– دایە خەیاڵ دەروێش (عەلی) کێ بوو؟

– کەسوکارم لەو هەی گەڕێ، هەروا بەزارم داهات.

دایە خـەیاڵ بێـدەنگ بووە، دنیــایەک حــەز و داخــازم دەناوی دەروێش (عــەلی)دا دیت. وەک ئەم ناوە دە پنج و بناوانی ژیانی دایە خــەیاڵدا ڕیشەی داکوتابێ. ئەوەند بەغوربەتی ئەم ناوەی گوت یا چاکترە بڵێم ئەم ناوەی سووتاند، شکم پەڕیبە سەر مەسەلەکە. هەر وا بێدەنگە، پێم گوناهە بێدەنگییەکەی بشکێنم. وەوەی دەچێ دە قووڵایی بیرەوەرییەکدا بێ.

هەڵبرشتبا سووک دەبوو، ڕووی تێ دەکەمەوە:

– دایە خەیاڵ!

– گیانی دایە.

– منت خۆش دەوێ؟

– ئەی لە منت نەکــەون، ئەوهە پرسـیــاری دەوێ؟! کـوڕە ڕۆڵە دونیــای ڕوونم لەبەر توو پێخۆشن.

– ئەگەر وایە، باسی دەروێش (عەلی)م لە سەرڕا بۆ وەگێڕە.

ئازاد گیان، کای کۆن بەباکردن چ سەمەری نێن. دەڵێن:





بەفر بەئاڵەکۆکێی گوت:

(ئاڵەکۆکەی پرچنە، چۆڕچۆڕەم کەوتە بنە)

(چ بکەم لەو ماڵ و ژنە)

– دایە گیـان خۆ تۆ دایکی منی، شەو و شەونخوونیت لەسەر کێشـاوم ئەو نەقڵـەی بۆ دە دڵـتدا ڕادەگـری. بەڵێن بوو هەمـوو شەوێ نەقڵـێکم بۆ وەگێڕی، ئەگەر بەسەرهاتی خۆت بێ چ نەقڵێک لەوە خۆشترە.

هێندێک دەمینگێنێ، پاشان:

(– ئازاد گیـان! گەورە بووی شەرمێت لێ دەکەم، بەڵان کورتەیەکت لە بۆ دەگێڕمەوە.

ئەو سـاڵەی ئاغـا شـەهیـد کـرا، خـەڵکی شـاری هەڵاتن بۆ هەندەران کـوڕەکـانی ئاغـای بەدیل گـیـران، شار بێ چاوسـوور مایەوە. مـن و دایکم هێلانەکەمان شێوا، چووینەوە لای مامی دایەم لە «سوێناسێ» لە وێندەرێ گـیـرساینەوە. کـوڕم ڕەبی تووکی سـەر ئەژنۆیانـت سپی بـن، بەڵان حومـری درێژ پڕن لە بەڵا و مسەوەدە، بریبا بەبری خوا هەر ئەوێ دەمێ مردبام.

ئای چم دی و چم بەسـەرهات. خـوای هەڵناگرێ لە ماڵـی ئاغـاش وەکـی ئێرە لەبۆم باش بوون. لەو چوار مێردەش کـە خوا بەقیسـمـەتی کردم، هەر دەمایەکی زیز بووبام یا تالووق کرابام هەر دەچوومەوە ماڵە ئاغای سالار.

قەتیـان بەچاو دانەدامەوە. کەس نەیگوت ژنەتیوە خۆ توو بەرهەڵبێنە نی حەیا بکە یا ئەوانە. ببڕ ببڕ کەس بتوانێ بەچاوم داداتەوە، یا بڵێ پشـتی چاوانت برۆن. هەتا گەڕامەوە ماڵێ، ئاغای سالار دەیفەرموو:

«خـەیاڵ ئێـرە هەر مـاڵی ئاغـایە، هەرچەند چووکـە بۆتەوە بەڵان بەشت پێوەی هەیە. ئێرە هەر ماڵی بابی توەوە، سەد ساڵی لێرە وەمێنی کار بکەی و نەکەی کەس حەقی تووی نییە.»

مــێـردی ئاخـریم خــوای لە بۆ خــۆی بردەوە، هاتمە لای دایت ئەتوو تازە ببووی. ئولفەتیم بەتوو گرت، ئیـدی وازم لە مێردکردن هینا. ئازاد گـیـان بەســەری توو گــوتـوویـانە: «هەوەڵ تەخت و هەوەڵ بەخت». هەرچەنـدی دەروێش «حەلی»م وەبیر دێتەوە ڕوح لە جێیـەکی گەلێ سەختـە و نایەتە

دەرێ، هەموو جارێ کراسێک گۆشت کەم دەکەم.

سێ چوار ساڵێک دەبوو، دەگەڵ دایەم لە «سوێناس»ی بووین. بەخۆمدا هاتبووم، هەتیو مەتیو دەورەیان دەدام. بەڵا لە درۆیان دا بۆ خۆشم کەم کەمە گەرم دادەهاتم.

پێم سەیرە ئەتوو دەڵێی چم دەباران دانێن، حیسانی عەزەب وەک سۆبەی وایە، کوڕە بڕوام پێ دەکەی شەمچەی پێ هەڵدەبن.

دەرویش «حەلی» بگێڕ بوو، لبادی دەکردن، خەڵکی ئێرە بوو. جار جار وەدەر دەکەوتە ئەو دێیانە. ساڵێکی هاتە ماڵی مامی دایەم، لبادی لەبۆ دەگێڕاین، قسەی خۆش بوون، هەندێک کورتە باڵا بوو، بەڵان چەندی بتەوێ ئاقڵ بوو، تێ نەدەدما، هەندی سەد پیاوانی دەزانی، نەقڵ و نەزیلەی دەخۆش خۆشی دەگوتن. بەڵا لە درۆیان دا، دە دڵدا حەزم لێ دەکرد، خوای هەڵناگرێ چاوحیز و سووک و چرووک نەبوو. چ خۆی تێ نەدەگەیاندم، وەم دەزانی ژن و منی هەیە. لانی کەم گراوی و شتی ئەوهای هەن.

ڕۆژێکی لە لایەکی نێو ماڵێ، لبادێکی چووکەی ڕایەخستبوو، لە بەرگنی سپی وردە وردە دەینەخشاند، دار و گوڵی لەبۆ ساز دەکرد، ئای دونیای بێ ئەمەگ، هەتا گڵەبانی چاوانم دەکەن لە بیرم ناچێتەوە، بەنارە نار گۆرانی دەگوتن. زۆرتری وردە مەقام بوون، یەکیانم زۆر بەدڵ بوو، دەیگوت:

لە ماڵ دانیشتبووم خەیاڵێ لە سەری دام.

ئیشقی باڵای جوانت ئەرێ نازەنین، ئەی قەدەم خێر، جێبەجێ لە دڵی دام

ئەی جێبەجێ لە دڵی دام.

بەچەندی ئای بەچەندی، خڕێ لە باغی ورمێ

چ بکەم بۆ برینجی سەدری ئەرێ نازەنین ئەی قەدەم خێر لێمان میوانە نەرمێ)

ئەو هەی گوت، چاوێکی کڕیارانەی لە من کرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا،





کەسن لە کن نەبوو، هەر دوو بەدوو لە نێو ماڵەکە بووین، ئەمن هەویرم دەشێلا. لکە سۆرانیم هاویتبۆ ئەستۆم، سەرم دەگێژوە هات، زانیم ئەوهەیانی لە بۆ من گوت. ئاورم دە هەناوێ بەربوون.

بەسەری توو وەهای کار لە جەرگ و دڵانم کرد: خۆشەوەنەبێ. ئیدی حەیا و مەیام دەگەڵ کەویە بەفری نیساران چوونەوە گوتم:

– ئەرێ دەرویش وا بەغوربەتی دەلۆریەوە، خوای پێم نەگری خەیاڵی ماڵێ لە سەری داوی.

هەناسەیەکی هەڵکێشا، وەهاشی هەڵکێشا بینی پێ خواردەوە، گوتی: «ماڵە بابم جا ماڵی چی! سەڵت و ڕەبەنم.»

ئیدی سەری زبانێ خۆم گەست، دەدڵدا گوتم:

«وە دیارە دەرویش هەر بەحەدەبە، لە ڕووی هەڵنایە، دەنا ئەویش سووتاوە، وە چاکە دنەی دەم، بزانم چی دە دڵی دایە» گوتم:

«دەرویش ئەو هەوایەم زۆر بەدڵ بوو، ڕەحمەت لە دای و بابانت هەندێکی دیکەشی بڵێ.»

دار و گوڵێکی جوانی لە نێوەڕاستی لبادەکە بنیاد نابوو، وردە وردە دەیتەپاندەوە گوتی:

«پێت خۆشە هەر دەمایەکی بتەوێ ئەو هەوایەت بۆ بڵێم؟»

گوتم:

– ئەیبی، جا کوێر چی دەوێن، دوو چاوی ساخ.

بزەیەکی هاتە سەر لێوان، لە بنەوە چاوم لێ کرد، جار جار سیلەی چاوم دەدایە، ئەی کوێر بم: وەک هەر ئێستا بی، ڕوومەتی هەوایەک سوور ببوون، نێوچاوانی ئارەقەیەکی وردی لێ نیشتبوو، زۆر بەشەرمەوە گوتی:

«ئەرێ خەیاڵ ! بۆ نایەی پێکەوە ڕێککەوین، چش خێری ناکا.»

دەنگی دەلەرزی، بەپیاوەکی نەترسم نەدەدی. جار جاریش دەتگوت:

«شەرمێونە» خۆم دەخوارە بایان دەگرت، وەک چی لێ حاڵی نەبووبم:

– یانی دەفەرمووی بەدووی یەکدا غار دەین؟

هەندێک پێکەنی، گوتی:

«ڕەیەک ناکەوین، وە یەک دەکەوین».

بەئاشکرایی درۆم دەکردن، دەمەویست ئەویش وەکی من شەرمی بشکێ، گوتم:

– ئەتوو بەلای خـــۆیەوە دەروێشی، تـۆبەکـــاری، ئەدی چ لە دەزنوێژێ دەکەی، دەزنوێژت دەشکێ، وەنییە؟!

گوتی:

«دەروێش نیم، تۆبەکـــاریش نیم، ئەو ناوە لە بابم ڕا بەمن گـەییـــوە، هێندەش خۆ هەتڵە مەکە، ئەگەر قایلی دێمە سەر بەڕەی؟»

کردمەوە گاڵتەکەی دەخۆم:

– بێیە سەر لبادی حەیبی نییە، بەڵان بەڕە هەر نانا. ئەتوو نەتبیستووە دەڵێن:

«بەڕە فوو لە قوونێ پیاوان دەکا.»

شەرم و مەرمی شکابوون، قاقا پێدەکەنی و دەکوڵی، گوتی:

«خـەیاڵ نەمـدەزانی ئەوها قسـەخۆشی، هەتا کـەسن لە لا نیـیە با پێت بلێم، ئەگەر ڕازی دێمە خوازبێنی.»

چاوێکم بەحەزەوە لێ کرد، سینگم لەبۆ لەراند و گوتم:

– ئەتوو ناهومێدت کردم، ئەویش لە ڕێوە.

گۆشەیەکی چاوم دایە، وەها بـەدەمـاخ بوو، وەوەی دەچوو شاگەشکە بێ، گوتی:

«کوا ناهومێدم کردووی؟»

بەبزەوە گوتم:

«ئەوهە نییە دەڵێی: «دەروێش نیم، تۆبەم نەکردوون»

ئەگـــەر وابی، زەرگ و شـــتی وەهاشت نین، ئوو وەڵڵاهی دەســـتم دە هەویریدا نەبان بەچەپۆکانم دەکوشتی.

ئای ئازاد گیـان! دنیـای هەر جحێڵی تێدان. سـەد بری هەر ئەوێ دەمێ دەستم دەسوێنەی دابوو دەمردم. جا لە بۆیە پێت دەڵێم شەو و ڕۆژ مەلیلەی سـوور و سەپان لە پەناتە خـوای پێم نەگری بێ مـەیلیش نیـیە، هەرئەوها





بەرهەڵدای مەکە.

کوڕانم جحێڵی هەر چەنگەفلیقەی خۆشن، تەمەن هەر کڵاو سووڕانێکە، هەتا چاوان لەسەر یەک دادەنێی و چاوان هەڵدێنییەوە تەواو دەبی).

دایە خەیاڵ چۆتەوە سەفەری لاوی. بێ پەنا و پەسیو قسان دەکا، شەرمم لێ ناکا، بەئاوەدانیشم نازانێ، وەک سەرم پێوە نەبێ. سەر هەڵدێنێ:

– دەروێش (حەلی) نەیهێشت چیدی بلێم، دەستم هەروا دە هەویرەکە دابوو، وەک بزووت هەڵی کوتا سەرم، خۆی گەیاندمێ، بەپەلە ئەولا و لای ماچ کردم.

دەو جـەنگەدا، جیـڕەی چەپەری نێـو مـاڵێ هات، دایکم بوو، هەر کن خـەجڵاین، دایکم ڕۆ هاتە تیـرۆکـەکـە، بەهەمـوو هێزی خۆی یەکی لە نێـو شانی دەروێش ڕاکێشا. دەروێش دەرپەڕییە حەوشە، دایکم دەمن بەربوو. دوو سێ تیرۆکی لە لا تەڕیگەم دا، هاواری لێ بلێند کردم:

(دایە مەمکوژە، چ بکەم دەستم بەهەویرەوە گیرابوو.)

دایکم ئیمانی لێ هار ببوو:

– هەوەڵ جارتە، نۆبەخشت بێ، وەڵڵاهی جارێکی کە ببینمەوە هەتیو مـــەتیــوت پێ هەڵاڕۆچکێن خـوای هاوار. چەتیـــوە ســـووک و چرووکـــە سەبەڕەڵا، ئەگەر دایکی درۆیانی نەگاوە دەبا بتخوازێ.

گوتم:

– ئەتوو ڕانەوەسـتـای، کابرای گـۆڕینت کـوشت، لە ترسـانت حـەول بوو، دەنا فەقیرە قسەی پێ بوون.

– قسەی چی؟

– قسەی قسە، دەیگوت:

(دێمە سەر بەڕەی)

دایکم هەندێک ئەهوەن بۆوە، هەسـتـام سـوێنە هەویرم داپۆشی، وەلام نا هەڵێ، بەدڵێ خۆی بەسەرم ڕۆیی، شێلامی و سەرکۆنەی کردم.

سـەبرێکی وەدەرکـەوتم، دەروێش لە حـەرزێ خـوای دیـار نەبوو، ئاوێکم بەدەسـتم داکـرد، یەک دوو مـسـتم بەسـەر و چاوان هەڵپـڕژاند. نەبام پێـدا

هاتبوو نە بۆران، ئەوی دەمگوت نەمدەگوتەوە.

تازە دایکم لەبەر نانی ڕۆنیشتبوو، دەروێش سەرێکی دە ژووریٚ نا. دایکم گوتی:

(وەرە وەرە ڕۆنیشە وا بەحەدەب مەبە.)

دەروێش بەئەسپایی هاتە ژووریٚ، لە قوون تەندووریٚ ڕۆنیشت:

(دایە خەجیٚ ماڵتە دەستت قورسە!)

دایم بزەیەکی فێلاوی هاتیٚ:

– دەستم شکیٚ، دەبوو لە کاژەڵەی سەرتی دەم، وە پشتێت کەوت، چ نەبوو، هەتیوە سەیە، با کوڕەکان بێنەوە دەلێم سەت پێوە نێن، وەرە نانەکی گەرم هەڵگرە با تێشووی قیامەتێت بی.

خێرایەکی لە بن هەرزاڵیٚ هێندێکم ڕۆنی کەرە هێنا، دەگەڵ دوو نانی گەرم هەڵمپشاوت، کردمە هەرمێشک و لە پێش دەروێشم ڕۆ نا. دایم چاوەکی لیٚ کردم و گوتی:

(ئەتوو وای بەخێوکەی بەخوای تیرۆکی دیشی ویٚ دەکەون)

دەروێش ڕووی دە دایکم کرد:

(دایە خەجیٚ! ئەگەر خەیاڵم دەیەی گەردنت ئازا دەکەم)

دایکم لە خۆشیان یەک دوو نانی نیوە سووت کرد، لەبەر لێوبەوە:

(خەیاڵ قەرەواشی توویە. بزانین قیسمەت چ دەبی. خزم و قەومن هەیە، مامم، ئامۆزاکانم. خوای نووسیبێی دەبی. بەلاٚن ڕۆڵەم دەروێش ئەتوو دنیات دیوە، هەندەران چووی، وەک سەی پیٚ سووتاو چ جیٚ نەماوە نەچی، هەڵمەکوتە سەر کچۆلاٚن، کوڕە خراپ دەبینی. بەلای خۆیەوە تۆبەت کردوون.

ئەتوو وای دانیٚ بەجێی من مامم با، ئامۆزاکانم بان، کوڕە سەیان پێوە دەنای، نێفەکیان دەبڕی، بەچەقوێیان دەگەڵ دەکردی، ئەوە لە بۆ هۆشت بەسەر خۆوە نین؟!)

دەروێش سەری دەبەر خۆ نابوو. دایکم دەستی پیٚ کردەوە:

(دەنا ئەتوو بەکچی من قایل بی، وێت دەدەم، ئەی وەکێی دەدەم؟ خۆتوو





سووک و چرووک نەبووی، حیز و دز نەبووی، ئەمن بەتەمابووم نوێژێت لە پشتەوە بکەم، حەمرت نەمێنی تاویٚ دی سەت لە پشتەوە نە دەژیا. ئەوها لە خۆت مەکە، لێپرسینەوەی دەبی، ئەدی کوڕانم!) دەروێش غیرەتێکی هێنا بەرخۆی:

(دایە خەجیٚ هێندەم مەشێلە، بۆ خۆشت جحێڵ بووی. کارەکە وا هات ئەمن و خەیاڵ دوو بەدوو بووین. موختەسەر پێم کوت. ئەویش دیار بوو بیٚ مەیل نییە. ئەمن دەپێشدا ئاشقی ژن چاکی تۆ بووم. خەیاڵم لەبەر تۆ دەویٚ. هەر بۆ خۆشت عەرزی مامت بکە. ئەمن خۆم پیٚ بەڕیٚ دەچیٚ. کاسبی دەکەم، سەڵت و ڕەبەنم، سۆرە و تۆرەم نییە. ئەوەندەشم لیٚ مۆڕ مەبەوە. خودا پارووە نانێکی داوە. وەتاغێکم لە گەڕەکی باغی سیسەی بەکریٚ گرتووە، دەیکەم بەدوو. ئەتۆش دەبەینە لای خۆمان. دایکی منیش بە. خۆ بەردم بەکابەی دانەداوە. دەستم ڕادەگرم بەسەریدا بڕۆی.)

دایکم لە شلیەی دا:

(ئەگەر ئەوهایە کوڕانم دەروێش حەلی ئەدی دراوێک، شتێک متێک چت بەدەستەوە هەیە پێی وەگوێزی یا هەر بەڕانکەوە مەمۆم لە بۆ دەڵێی؟!)

دەروێش گوتی:

(بێت و بیانووم لیٚ نەگرن هەمە، پێم دەگوێزرێتەوە. ئەمما ئەگەر شیربایی و خوێن و ئەوانەتان بویٚ وەڵلاهی پێم نادریٚ)

ئازاد گیان! دایە خۆت دەبەر مری، دەڵێن:

(زۆر گوتن قورئان خۆشە) وەڵلاهی ئەویش پێم وایە خۆش نییە وەباشە هێندەی نەڕێسم. دایەم بەمامی ڕاگەیاند بەلاٚن مامە وە تەماح کەوت، گوتبووی دوو کوڕی بیٚ ژن و ماڵم هەن، خەیاڵیٚ بەژن نەبیٚ نادەم.

چاون کرد ئەوهە جێبەجیٚ نابی. دەروێش چ کەسی نین ژن بەژنەی پیٚ بکا. دەیجا واش دەسڕۆیو نەبوو بەدراوان بیانخنکێنیٚ. فکر فکر چ کەردەن، قەرارن دانا، شەوەکی بێتە قەراخ دێی و هەڵمگری. خوای پێم نەگری دایەشم سۆسەی کردبوون. ئەو شەوە پاش شێو خواردن دەستم دا دوو

جەڕۆکان بەبیانووی ئاو هێنانێ دەلاقانم وەراند.

دەروێش لە محەلی قەرارێ چاوەڕێم بوو. ماڵی مامی دایەم شڕودڕ بوون. خۆن نەگرت. لاقە قوونەی نەجات دە. حەیامێکی زۆر هەر بەغاردان ڕان کرد. ماندوویی وردە وردە ئەهوەنی کردینەوە. لارێ لێن دەدا، بەو کێو و بەندەنانەدا. بەچڕ و هەڵەمووتان هەڵدەچووین. دەروێش ولاّتەکەی وەک بەری دەستان شارەزا بوو، شەویش وەها تاریک و بەسام بوو چاو چاوی نەدەدی.

کوڕە هەر ناگەڕێتەوە. سەد کون و کاژێری پێ کردم. بەکوێستانی بادینە کوێریدا، بەبەندەنی شەش ڕێیانی دا تێهەڵ بووین، هەندی خوای حەز بکا دوور کەوتینەوە. شۆنیان نەشکاندین.

جار جاریش لە پەناو پەسیوان پشووێکن دەدا. ترسن شکابوو، دەروێش هەندێکی کولێرە شەکری و غوڕابی و شتی وەها هێنابوو، نێوە نێوە لەتێکن داویتە زاری. زنە و کانیاویش زۆر و زەوەند بوو.

ئای ڕۆڵەم، قەننەکێشێک جحێڵی، هەموو تەمەنی پیری دێنێ نەماندوو بوونن دەزانی نە بێ خەوی. موختەسەر ڕۆین، حەساینەوە و ڕێن بڕی. لە ئەشکەوتێکیش سەرخەوێکن شکاند. پاشی گەیشتینە سیا قۆڵی خوارێ. خۆن دەماڵە کاک (برایمی کاک پیرۆتی) هاویت. لەوێ حەساینەوە. تازە کەسن پێ نەدەوێرا.

ئەمنیان بەرێ کردە دیوی ژوورێ و دەروێشیان بردە دیوەخانێ. ئەو حاجی کاکە سوارە ئەوێ دەمی نەچووبووە حەجێ، تازە دەگەیشتێ، پێیان دەگوت کاکە سوار، پیاوێکی توندوتۆڵ و سوارچاک بوو. بەمشووریش بوو. بەسەری توو هەمووی بازاڕێکی نەگرت مەسلەتی لە بۆ کردین. دەروێشیان دەناسی. زۆریان حورمەت گرتین. جلوبەرگیان بۆ هەرکن کڕی، بەڕێیان کردینەوە شاری.

ماڵ و حاڵێکی خۆش و فەقیرانەن هەبوو، ئاتاج و موحتاج نەبووین. دەروێش هەرچی وەدەستی کەوتبا دەباخەڵی منی ڕۆ دەکرد. لە گوڵێی کاڵتر پێ نەدەگوتم. بۆ خۆشی لە ئاوی شەوی پارێزی دەکرد. ڕووخۆش و





زمان خۆش بوو. دەتگوت قەندە. ئای لاڵ بم چەند دەم و کاوێژی خۆش بوون. ڕاوێژی دەزاری خەوی لە چاوانم دەتۆراند.

نەقڵێکی خۆشیم لە بیرە، ئەوهەشت بۆ وەگێڕم ئیدی دەنووین، شەون درەنگ کردووە. بەڕەحمەتێ خودای شادبێ. دەیگوت:

(لە حەمامی شۆڕ، لبادم لوولە کردبوو، دەمسووەوە، لە مێژ بوو بێنە و بەرەم پێ دەکرد. بەتەواوی کزر ببۆوە، سێ چوار هات و برکەی مابوو تەواو بێ.

یەکی زەلامی مەچەک ئەستوور، لە تیانەی حەمامێ ڕا بەرەو رووم دەهات. شۆڕەشۆڕ ئاوی لە فۆتەی دەچۆڕاوە. هێندە بلێندکێش بوو چاوی لەبەر پێیی نەدەکرد. ڕێ و ڕاست بەسەر لبادە کزرەکەی مندا ڕۆیی. ڕیسەکەی لێ کردەوە خوری. لانی کەم دەبوو دوو سەحاتی دیکەی خەریک بمەوە، هەتا وەک خۆی لێ دەهاتەوە. لە حەیبەتان چەقووت لێ دابام خوێنم نەدەهات.

ئێدی چاوم حەرزی نەدی... دەستم کرد بەجنێوان و هەڕام کردێیە. سەری هەڵێنا، گوتی:

«دەروێش جنێوان مەدە، شەڕەکەشمان دەکەین»

وزاقی خۆم دا، دەمگوت بیگەمێ بۆ بابی ئاقڵ دەکەم. دەگەڵ گەیشتمێ لە سەرەخۆ پیلی گرتم، وەک منداڵێک بگرێ، شەقێکی تەڕی لە قوونیم ڕاکێشا، گەیاندمیە ئەو سەری دەحەمامێ.

گەڕامەوە و هەڕام کرد هەی...

گوتی:

«قەرارمان هەیە جنێوان نەدەی»

وزاقی خۆم دا بەمست و پێلاقان هەر بیکوژم، دەستم وێبڕا نەگەییبوو، ئەگەر بن پیلی گرتم و شەقێکی دیکەی لێدام نیوگەزی لە حەرزی جوێ کردمەوە. ئەو حالەمەی چاویان لێ بوو لەسەر گازەرای پشتێ کەوتبوون، سێ چوار جاری دیشمان ئەو کایە کرد زەفەرم پێ نەبرد. هەموو جاران یەکا و شەق دەیگەیاندمە ئەو سەری دەحەمامێ. ئاخری چاوم کرد ئەو شەڕە بێ

سەمەرە، لە پەنا لبادەکەم ڕۆنیشتم. کابرای زلەش ڕۆیشتە دەرێ. چی وای نەگرت جارچی حەمامێ هات لە دووم:

«دەروێش وەرە بانگت دەکەن»

بە قەڵسی گوتم:

– کێ بانگم دەکا؟!

«کوڕە ماڵت خرانەبێ ئەوە چت کردووە! ئەوەی دەگەڵی بەشەڕ هاتووی، پیاوێکی زۆر ماقووڵە، هەژنۆ دە نۆکەری لە پشتە، نەخەڵەتیی...» بەشوێن جارچیدا چوومە دەرێ. ئاغایەکم دی وەک کوڕی شای، لە ترسان سڵاوم کرد. سەری هەڵێنا:

«دەروێش براله! شەڕێکمان کرد، خەتام نەبوو، باوەڕ کە لبادەکەم نەدیبوو. قەرارە هەتا هاتمە حەمامێ ئەو شەڕە دەکەینەوە بەبێ جنێودان، جنێو بۆ پیاوان ئیرادن، وەرە پێشێ بزانم!»

دە دڵە خۆمدا گوتم:

«سەت شەپی دیکەشم وێ دەکەوێ»

بەڵام چ وای نەکرد. ماچی کردم و سەد تمەنیشی دامێ. بەدەستی دانووسام:

«ئاغا عەفووم کە، نەمناسی خەجاڵەت خۆم»

گوتی:

«نا نا، قەرارمان هەیە، بێ جنێو، هەموو جارێش ئەو سەد تمەنەت هەبێ.»

دەروێش زۆر قسە خۆش بوو، لە باوەشی تێر نەبووم. لە پەنای نەحەسامەوە. ماڵ و حاڵەکەن شێوا. وەک خانووچکەی دەمندالان پاشی ساڵێکی ئازارە باریکەی گرت، هەرچی حەکیم و دەرمانن کرد، ئەجەڵی خوای حیلاجی نایە. حومری درێژی بۆ تۆو بەجێ هێشت. لە گۆڕستانی مەلا جامی ناشتمان. هەموو جومعان دەچوومە سەر گۆڕەکەی هەتا وەرهەرام قەبرەکەشی تێکدا.

دیسان بێ سەلا کەوتمەوە. سڕ و سیپاڵم بەکۆڵی دادا چوومە ماڵە ئاغای





سالار، کوڕی ئاغا میرزا فەتاحی، وەک بابی خۆم باڵی بەسەر کێشام.)

دایە خەیاڵ ورتەی گریانی دێ. چاوەکانم لێڵ بوون، بەرە بەرە دەچم دەباوەشی خەوێکی گرانەوە:

لە بەستێنی چۆمی (یەرغوو)م. ئاو ماڵکی لافاوی بەهار، قرچ و هۆڕ لەبەر پێم دەشکێن. نێو ماڵی چۆم بەحاڵ تەڕایی ماوە. تەمێکی بێ وادە شاری داگرتووە.

پۆلێک (سەبەرەڵا)، برسی، کز و لەجەر دمیان دەزبڵ و زاڵ دەگێڕن. سەر پشتیان ڕووتاوەتەوە. کولکەیان بەرداوە و کەلەکەیان قوپاوە. دێڵە بەبایەک دوو گۆڵی لە سەرن. سەرو گوێلاکیان بریندارە، لێک دەمرێنن و خەریکن ئامبازی یەک بن.

لە زارکی گەرەکی (خرێ)م، گورپەیەکی قەڵەوی ڕندۆڵ درێژ بێچووە پشیلەیەکی خواردووە. ئێسقانەکانی ورد ورد دەکرۆژێ.

مێیە پشیلە بەچاوی چڕ داگرتوو، دەڕوانێتە ئەو دیمەنە. لاقی دەبەست چوون. زاتی نییە تەنانەت هەڵێ. دەستەیەک پشیلەی برسی کلک پەڕیو لە لایەکی تر کۆ بوونەوە. شوێنەواری زیانی خرۆیی دەئاکاریاندا دیارە.

بەنێوەڕاستی قەیسەریدا، ڕێوییەکی کلک درێژ هەڵدێ. بۆی لە تەختە دەدەن. هەرکەس لە پێش دووکانی خۆی ڕاوەستاوە. تۆزتەکێن بەدەستانەوە هەڵدەسوورێن. وێکرا هەرا دەکەن:

(ئەها هات، ئەها هات)

تەپە تەپ و تەقە تەقی تەختە وڵاتی هەڵگرتووە. (بیگرن هات...)

دوو سێیەک زارکی گوزەری لێ دەگرن. ڕێوی لمبۆزی هەڵدێنێ و کەلپەکانی وەدەردەخا. دەردەپەڕێ، تێکەولێکەیە و کەس شوێنی ناشکێنێ. ڕێوی بەکووچەی مزگەوتی حاجی سەید بایزدا تێهەڵدەبێتە سەرێ و خۆ دەماڵێک داوێ.

دەگەڕێمەوە قەیسەری. گۆڵە کەرێک دەزەڕێنێ. یەک هەرا دەکا:

(کورتانەکەت دڕاوە)

دیسان دەزەڕێنێ، لووشکان داوێ، هەتا جووتەیەک داوێ، باوەشێک

کـووتاڵ بەر دەبێـتـەوە. تۆپە حـەریر و جـەلسـە خلۆر دەبنەوە. کـووتاڵ وەک تەرمەک بەسەر یەکدا تەپیون. ڕێ نییـە لاق هەڵێنییەوە... گۆڵە کەر مەست و غلووره. ڕزگار قۆڵم دەگرێ...

دەچینە مەیدانی چوار چرا، دوو (کەمیـتـار)ی پیر خەریکن (شـێر)ێک لەدار دەدەن...

(حوسێن)م. دەسلوول دام. ئەمیر ڕوو بەڕوومە. نێـوچاوانم گرژ دەکەم، دەگوڕێنم:

– ئەمیر!

لەسەرەخۆ جوابم دەداتەوە:

– بەڵێ.

– ناوی ئاواڵەکانت بنووسە!

– کەس ناناسم.

شەڵلاغێکی لە تۆقی سەری دەدەم، سەری هەڵدەتۆقێ، دەڵێم:

– چۆن ئاواڵت نییە؟!

– وەختی ئەوەم نەبوو وە شوێن ئەو کارانە کەوم.

پێلاقەیەکی بەپەنجەی دادەدەم. گوێم لە دەنگی وردبوونی قـامکی لاقی دەبێ . یەک بەخـۆی دەهۆڕێنێ. لاقی لە دەمـپـایی دێتـە دەرێ. بەسـەریدا دەنەڕێنم:

– ڕۆژە تەعتیلەکان دەچوویە کوێ؟

لەبەر ژانی پەنجەی پێی، بەباشی جوابی پێ نادرێتەوە:

– لە ماڵان دەبووم.

– چت دەکرد لە ماڵان، باسی چوو دەکرد؟

– دەرس، دەرسم دەگوت.

– بەکێ؟

– بەمنداڵی دەوڵەمەندان.

– لە بەرچی دەرست پێ دەگوتن؟

– پووڵیان دەدامێ.





– پووڵەکەت چ لێ دەکرد؟

– دەمناردەوە بۆ باوکم.

– ئا، ڕاست برۆ! باوکت ئەو پووڵەی بۆ کوێ دەنارد؟

– بۆخۆی خەرجی دەکرد. ئێمە نەدارین.

– هۆی ئەو نەدارییەتان چییە؟

– نازانم، هەڵبەت خوا نەیداوینێ.

– لە بەرچی نەیداونێ؟

– لە خۆی بپرسی باشترە.

– ئەوم وەگیر ناکەوێ، لە تۆ دەپرسم؟

– ئەتۆ نەتهێشت بمانداتێ.

– من؟!

– یەکێ وەک تۆ .

– ئەمیر بەڕاستی پێت وا نییە نەداریی ماڵیی هێندێک خەتای خۆتانە؟

– هەرچی بڵێم چ ئا چ نا هەر دەیکەیە تاوان.

– ئەو پرسیارەم لەسەر حیساب نەبێ، بەقەولی شەرەف.

– ئەگەر یادداشتەکانمت خوێندبێتەوە، جوابی ئەو پرسیارەتی تێدایە.

– چۆن؟

– بەشێک لە نەداری ماڵی بەهۆی نەداری فەرهەنگییەوەیە.

– ئەی بۆ بەجێی ئەوەی دەزینداندا بی وە شوێن فەرهەنگ ناکەوی؟

– تۆ ناهێڵی.

– من؟!

– عەرزم کردی، یەکێ وەک تۆ، حکوومەت.

– چۆن؟

– دەکرێ من پرسیارێک بکەم؟

– بڵێ.

– بۆ چیتان گرتووم؟

– ڕاپۆرتت لێ دراوە.

– ڕاپۆرتی چۆن؟

– زۆر شت.

– وەک چی؟

– دژی حکوومەتی.

– لەبەر چی، بەهۆی چی؟

– چونکە دەگەڵ ئێمە نەبووی.

– هەر ئەوەندە؟

– بۆ ئەوەندە کەمە؟!

– ئەگەر ئەوە بەڵگەیە، هەرچی لێم دەکەن بکەن، بەو حیسابە دەبێ زۆربەی خەڵکی ئێران بگرن.

– کەس هەیە تا کەس.

– چۆن؟

– تۆ کوردی خاین، جیای، هەر جیاوازیخوازیشی.

شەو درەنگە، لە باشگای ئەفسەران بانگێشتن کراوین. دەبێ بڕۆم. زەڕی چاوەڕێمە، هەرای نیگەهبان دەکەم:

– وەرن ئەو زیندانییە بەرنەوە، لاقی دەرمان کەن.

دەچمەوە وەتاغەکەی خۆم. پاکەتێکی لێیە، پاداشە، پووڵێکی زۆرە، تازە تازەن، وەک ئێستێ هەڵپاچرابن، دەس دەدەمە کیفەکەم. وەڕێ دەکەوم.

زەڕی بەپیرمەوە دێ. لێوەکانی ئاڵ و داغن. جلی شەونشینی دەبەردایە. سوورا و سپیاوێکی کاڵی کردووە. ژیان لە سیمای دەبارێ. ئامێزم پێدا دەکا:

– شەو درەنگە، دێیە ژووریێ یا بڕۆین؟

پاکەتەکەی دەدەمێ:

– ئەوەی تاقەت کە، وەرە بڕۆین.

باشگای ئەفسەران یەکی دی نابا. بەشانە چرکە جێگای من و زەڕی





دەکەنەوە. تالار وەک کۆلکەزێڕینە نەخشاوە. ژاوەی دێ، پڕە لە ژن و پیاو. کەس بەسەر کەسەوە نییە. میوە و ئاوەکیمان بۆ دێنن. زەڕی هەر میوە دەخوا. دڵم گیراوە.

تینوایەتیم ناشکێ. قەرە تەپە دەڕۆمە سەرێ، یەک یەکی ئەو ژنانە بەچاوی موشتەری دەڕوانم. هەمووی شەنگ و شۆخن، زۆریان جوانن. هی دزێویش هەن، بەڵام زۆر کەمن، هەرچی هەڵیاندەسەنگێنم، لە زەڕی جوانتری تێدا نییە. زەڕی سەرتۆپی ئەم شارەیە. خۆ بەبەختەوەر دەزانم. ژنی جوان، ماشێن، پووڵ، ماڵی خۆش، ڕێز، حورمەت و شوغڵی ئابڕوودار...

نانا، ئەوە شوغڵ نییە، بەزیاد نەبێ، خوا لێم وەرگرێتەوە. پەنجەی لاقی ئەمیرم ناپیاوانە تێکشکاند. چی کردبوو؟!...

شتێکی وای لێ نەگیراوە، پێم وا نییە ئەهلی ئەو کارانەبێ. وە دیارە کوڕێکی وشیارە، جا ئەوەش دەبێتە تاوان؟!

دوێ شەو، جەناب سەرهەنگ دەیفەرموو:

(دەبێ وە قسەی بێنی، «ناڵێ»مان، نییە. دەبێ بڵێ، بنووسێ، لانی کەم دەبێ هاوکاریمان بکا، هی وامان دەوێ.)

مچوڕکم پێدا دێ، لە خۆم وەڕەزم، دەمەوێ بگریم. زەڕی تێم دەکوتێ:

(حوسێن! چییە؟ ناڕەحەتی؟)

سەر ڕادەوەشێنم:

(نا زەڕی گیان! ماندووم.)

(لە چی ماندووی، فەعلەییت کردووە؟)

(سەد بریا فەعلەبام...)

ژنە سەرهەنگێکی خوێنتاڵ لە پەنام ڕاوەستاوە. دەستم بۆ درێژ دەکا، دەیەوێ کەشەیەکی سەما دەگەڵ بکەم.

بێ جواب مەحتەلی دەکەم، بێ حاڵم نازانم چی جواب دەمەوە. زەڕی لەبەر لێویەوە دەڵێ:

(هەستە! عەیبەی بزانە، دەی زوو.)

بەنابەدڵی ڕاستەوە دەبم، وەک بێگارم پێ بکەن، قۆڵ دە قۆڵم دەکا. گۆشت تاڵ، ترە دێو، خۆم ڕێدەخشێنێ.

دەچینە سەر سەکۆی سەما. ئاهەنگێکی ئارام بڵاو دەبێتەوە. زوویەکی خۆی دەگەڵ ڕێک دەخەین. دەستم دەپشتێ وەردێنێ. سەفێک دەسووڕێین. هەر دێ و خۆم پێوە دەنووسێنێ. وەک چەقە و بنێشت. خۆم دەکێشمەوە، دەستی توندتر دەکا، خەپڵەیە و نالەبار. ئارایشێکی توندی کردووە.

هەتا دەیەوێ خۆ بەنازتر نیشان دا، خوێن تاڵتر دەنوێنێ، دەمەوێ هەڵێم، پێم عەیبە، دەبێ بەلەونێک خۆ نەجات دەم. بەرم نادا، مەست و گێژە، وەک کوورە دایسێ، خۆ پشتەوشکێن دەکەم، سینگ دینێتە پێش، سەر دەباتە بن گوێم:

(ناوت چییە؟)

خۆ گێل دەکەم، دیسان دەپرسێ:

(گوتم ناوت چییە؟)

(مەنووش)

سەرهەنگ دەیگوت: ناوی (حوسێن)ە.

(هەر چۆنێک پێت خۆشە.)

(ئەی شەیتان! چەند دۆستی کچت هەیە؟)

(بەتۆوە دوو.)

(ئەوی دی کێیە؟)

(زەڕی.)

لە قاقای پێکەنین دەدا:

(ژنەکەی خۆت ناڵێم.)

سەرهەنگی مێردی ژنە، زەڕی هێناوەتە سەر سەکۆ. سەودایەکی خراپی نەکردووە، زەڕی لە من تووڕەترە، ڕەنگی گۆڕاوە، دەیەوێ زوو ئاهەنگ تەواو بێ. خۆی لێ دەکێشێتەوە. سەرهەنگ بەری نادا. دێتە سەرم هەڕڕای کەمێ...

چرایەکی کەم نوور هەڵدەکەن. چراکانی دیکە دەکوژێنەوە. ژنە چەنەی لە





ڕوومەتم دەخشێنێ. بۆنی ترياک لەوانەیە قڕم کا، دیارە بەرنامەی دیشی بووە، خەریکە هێڵنجم بێتێ. لێو بەلێومەوە دەنێ. یەک بەخۆی دەمژێ. چاو لە زەڕی دەکەم وەکی منە...

بەدەستێکم سەری ژنە لادەدەم، بەرم نادا، ئەوەندەی هێزم هەیە، دە نووکی قامکەکانمدا خڕی دەکەمەوە، یەک بەخۆم سمتی هەڵدەقورینجێنم، یەک بەگەرووی دەزیرێنێ، چرا هەڵدەبنەوە. هەموو پێدەکەنن، قاقا لەسەر قاقا، سەرهەنگ چاوی وەک کەشکە فەریکە دەرپەڕیون، وەخەبەر دێم، نوێژی بەیانییە. چرای هاڵەکە دایسی. دایە خەیاڵ وەدەرکەوتووە.

5

ماشینەکەم لە سرویس وەردەگرمەوە، سەبرێکی وەڕێی دەخەم. دەسوورێمەوە مەیدانی (ڕەزاشا). چی وا نەچوومە پێشێ، (مەلی) بەپێکەنینەوە ڕێم لێ دەگرێ، دەیدەمە قەراغێ، خۆ دەژوورێ داوێ:

(مەبارەکە!)

هەموو گیانی پێدەکەنێ، ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون، سەیر بەکەیفە، دەڵێم:

– یاڵڵا، مەلی خانم! ئەوە بۆ کوێ دەچووی؟

– دەمەویست سەرێکی نەشمیل بدەم.

چاوێکی بەمانای لێ دەکەم:

– ئیزن دەفەرمووی کەمێکی بێنزین لێدەم، چی وای تێدا نەماوە، چاو لە دەرێ دەکا:

(دەخزمەتت ڕا دێم)

وەڕێ دەکەوم. هەوەڵ گۆشەی مەیدان، ئاژانێکی کڵاو سپی، فیتەم لێ دەکا، دەیدەمە کەنارێ، دێتە پەنام:

(مبارەکە کاک ئازاد! تازەیە؟)

– سپاس سەرکار، شتێکی وەک تازە.

پوولێکی دەمستی داوێم، بزەی دێتێ:

(خەجاڵەتم دەکەی، بۆیەم نەبووی، ئیشاڵڵا تەستیقەکەش وەرگرە.)

– ئیشاڵڵا.

پۆمپی بێنزین چۆلە، زوو دێمە دەرێ. ڕوو دە مەلی:

– بۆ کوێ دەچی خاتوون؟

– بەجامی جەمدا بۆ لای گوومرگێ.

بەخۆم نییە لە قاقای پێکەنین دەدەم. ماڵی هەردووکمان نیزیک شەقامی حافزە، پێویست نەبوو لە مەیدانی (ڕەزاشا) بۆ تاکسی مەحتەل بێ.





ڕووم تێ دەکا:

(چ خەبەرە! بیفەرموو با ئێمەش بزانین)

(فارس دەڵێ: درۆزن کەم هۆشە.)

(مەنزوورت لە چییە؟)

(هیچ بۆچوونە گوومرک بەمەیدانی «ڕەزاشا»دا وەک کونیکەی وایە. ئەتۆش پێت وا نییە؟)

– (ئازاد، بەڵا لە درۆیان دا، دەمەویست هەوەڵ کەس بم کە سواری ئەو ماشێنە دەبێ وە پۆز مەکەوە، پێش ئەوەی تۆ وەدەرکەوی، سەردانی نەشمیلم ساز کرد.)

– ئەگەر وایە ماڵە نەشمیل تەحتیل.

– سەرێکی وێش دەدەین، نەوەک دایکم لێی بپرسێ.

– لە کەنگێوە لە قەراخ ئەو مەیدانە ڕاوەستاوی؟

– لەمێژ نییە، ئەوە بۆ هێندەت پێ چوو؟

– (من چووزانم تۆ مەحتەلی، بەیانی کوتبات دەهاتمە بەر دەرگا، هەتا حەق و حیسابی ئەو سرویس و شتەم دا، زۆری پێ چوو.)

پشتی دە دەرکەی کردووە، ڕووی دەمنە:

(دەزانی چۆنە، درۆزن نیم، غیرەتی ئەوەشم هەیە بەدایکم بڵێم، دەگەڵ ئازادی دەڕۆم، ئەمما نامەوێ منەتی هەڵگرم.)

(من و تۆ هەر ئاواڵەکەی جارانین، ئێستا چ بووە؟)

(جەنابی ئیفلاتوون چ نەبووە، ئێمەین گەورە بووین، بریا نەبووباین. خەڵک ئاقڵی دەچاوی دایە، ئەمن لە تۆ نیگەران نیم، دایکیشم هەروا، پێشم خۆشە دایمە دەگەڵت بم. ئەوەش بزانە ئەو چەند ڕۆژەی دەرست پێ گوتووم هێندی ساڵێکی فێر بووم.)

– مەلی!

– گیانە!

– بچینە ماڵی نەشمیل؟

– لەبەر دەرکی گوومرگێ تاوێکی ڕایگرە، زوویەکی دێمەوە. چووم

دەفکرەوە:

هەلێکی چاکە، نەرمی کەم لە شایی «رەزا» دەگەڵ فەوزیە نەیکاتە شەڕ و کێشە. هەر چونێک بێ حاڵی دەکەم. فەوزیە ئەهوەنترە، قسەی دەگەڵ دێ. چ بکەم مامم بەمنی ئەسپاردوون. دەیگوت:

– (ئاگات لییان بێ.)

لە (مەلی) دەترسم، شێتە، زۆر عەیب دەبێ بیکەنە هەڵڵا، نازانم چۆنی پێ بڵێم، شۆخی دەگەڵ ناکرێ. لەبەر قسەی مامم نەبا هەر نەدەچووم. (رەزا)م حاڵی دەکرد. ئەرێ (مەلی) چی لە گیانی من دەوێ؟ جار جار چاکم تووڕە دەکا. بەوی چی؟! بۆ خۆی کردۆتە خاوەنی من.)

پڕی دا گوێم:

(جەنابی ئیفلاتوون دەفکری چ دای؟ ڕایگرە ئێرە گوومرگە!) لام دا قەراغێ، (مەلی) دابەزی. دوو منداڵی ڕووتەڵە بەشەڕ دێن، لێکیان دەکەمەوە، هەر یەکەی قەرە پوولێکیان دەدەمێ، دەست دە ستۆی یەکتر دەکەن و دەڕۆن، ئاوڕێکی خۆشەویستی لە من دەدەنەوە.

(مەلی) دێتەوە، سوار دەبێ:

– مەلی نەشمیلت دیت؟

(دیتم، کوتم ئەگەر دایکم پرسی، بڵێ سێ چوار سەعاتم لە لا بووە، زۆریشی پێ خۆش بوو دەگەڵمان بێ، فەرمووم نەکرد.)

– لەبەر چی؟

– لەبەر بۆیە.

– چۆن بۆیە؟

– بۆیە، بۆیە، بۆیە.

وەرێ کەوتین، بەڕاشکاوی دەستووری دا:

– بڕۆ جادەی سەددێ.

بەتەنیشت تاقەداردا وەسەرکەوتم، گوتی:

– سەبر بڕۆ، دەئاوێم داوێی.

– خوا نەکا، چۆن دڵم دێ.





– نەشمان بوو، ئەتۆش دڵت هەیە ئیفلاتوون؟

– ئەگەر دەزانی دڵم نییە بۆ دڵپیسیم لێ دەکەی؟

– دەترسم مەشکەدڕە فریوت دا.

– بڵێی وا زوو فریو بخۆم؟ ئەدی چۆن ڕۆژێ دوو سەعات دەرس بەتەمبەڵ خانمێ دەڵێم؟

– دیسان بەچاوت دادامەوە، بۆ دەرسان زیرەکی، بریا بەدوو ساڵان دەرسێکت خوێندبا ئەمما پیاو بای.

– دەفەرمووی پیاو نیم؟

لە قاقای پێکەنینی دا:

– ئەوەت عەرز ناکەم، تەنیا بەمنداڵت دەزانم، تازە خەریکی گەزەگەزەی، پێم بەگازەوەنا، ناڵەیەکی کرد و دەرپەڕی. ماشێنێک لەو لاوە بەپەنامانداا ڕۆیی، ئاهێکی مابوو خۆمان لێ دا، (مەلی) ترسا. دەستم لەسەر دەندەیە، دەست لەسەر دەستم دادەنێ:

– سەبر بڕۆ ! تۆبە، لەسەر ئەو دەستە جوانانەت. ئازاد گیان دەبەر چاوت مرم سەبر!

سپی، سپی هەڵگەڕاوە، شلی دەکەمەوە، ڕایدەگرم:

– دیاری دا!

– زۆر ترسام، هەر ئاهێکی مابوو، ئەو جادە بۆ پەلەی نابێ.

– ئەدی ئەتۆ بۆ ئەو قسە زەلامانە دەبی؟

– نەوەڵڵا، تۆبە، کلفەتی تۆم ئیفلاتوون گیان.

دەمەوێ لە بیری بەرمەوە:

– دەگەڵم دێی بۆ سەر شایی؟

– بەداخەوە نا.

قامکێکی لەژێر چەنەی دەکوتم:

– ئەگەر بەداخەوەی، نەهاتنت لەبەر چییە؟

– دایکم و کاکم و براژنم دێن، دەبێ دەگەڵ وان بم.

بزەی دێتێ وە دیارە هۆی تریشی هەیە، دەڵێم:

- دەلیلی دیکەت نییە؟
- ئەتۆ دەخزمەت مەشکەدڕەی چاو هەڵپزاو دای.

سەرم سوڕماوە بەکوێیدا زانیوە؟! دیسان ڕەنگە هاجەری خاڵۆزای... دەڵێم:

- (مەلی)!
- بەڵێ.
- دەکرێ تکایەکت لێ بکەم؟
- فەرموو، خاوەن سەر نیم.

قورس و پتەو چاو دەچاوی دەبڕم:

(ڕەنگە ئاگاداربی مامم گوتوویە، ئامۆژنم و فەوزیەی بەرمە داوەتی ڕەزا. ئەوەش دەزانی بەهەویای فەوزیە نیم. ئەوەش دەزانم خەریکی لە داخانی لێکەوەبی. دەمەوێ لەو شاییە هەڵڵا دەرنەهێنی.)

زەرد، زەرد هەڵگەڕاوە، لێوی دەلەرزێ:

- ئەگەر دەدەستی تۆدا هەڵنەپەڕێ، کارم پێی نابێ.
- هاتوو هەڵپەڕێ.
- چاوی دەردێنم.

ئەوەندە لەسەر قسەکانی سوورە، وێ ناچی تۆسقاڵێک نەرم بێ. هەر چۆنێک بێ، دەبێ ئاوی گوێی دادەم:

- بە چ حەقێکی چاوی دەردێنی، زێڕ خەریدی تۆیە، قەرەواشی ماڵە بابتە؟
- خاترجەم بە، با ڕێووڕاست عەرزت کەم، هەتا مەلی لەسەر دنیایەیە، کەس حەقی تۆی نییە.
- خۆ تۆ دەزانی من فەوزیەم ناوێ.
- بەڵێ، ئەو ئەتۆی دەوێ.
- جا بەتۆ چی، بوویە وەکیلی من، بۆ بەزۆر خۆت نەخۆش دەکەی؟ دوو جاران بەزمان لێوی تەڕکرد:
- پێت وایە بۆت حەکەدار بووم، مەیتی خۆشم بەتۆ هەڵناگرم، نانا ئاغا،





سەدجارم پێ گوتووی ژن هێنان و مێردکردن بەمەرگی ئیشق دەزانم، عادەتم بەتۆ گرتووە هەروەک ئەتۆش وای.

لە بیرتە ئەو شەوەی کوتم داوام دەکەن، ترت بەتاق نەدەهات، ئەمنیش هەروام.

- مەلی، منت خۆشدەوێ.
- خۆشم دەوێی، حەزت لێ ناکەم.
- دەتەوێ مارەت کەم؟
- هەرگیز.
- ئەدی چ دەڵێی، کچ دەبێ شوو بکا، کوڕ دەبێ ژن بێنێ.

چاوێکی کرپارانەم لێ دەکا:

(ئازاد گوێم دەیە، دەزانم دەتەوێ حوکماتم لەسەر بکەی، دەتەوێ لە شایی ڕەزا بەشەڕ نەیەم، عەیبە، ئابڕووچوونە، مامت ژن و منداڵی بەتۆ ئەسپاردووە، دوو لای شتەکە بۆ تۆ جێگای پەرۆشین یەکیان ئەوەیە ناتەوێ لە لای مامت بێ عورزە دەرچی، دووهەمیان دڵت لە من بێشێ. بەڵام چ بکەم خۆم پێ ڕاناوەستێ، ئەتۆ دەڵێی شووکردن و ژن هێنان چارەنووسی هەر کچ و کوڕێکە، بەداخەوە وایە، بەڵام من نامەوێ مێرد بکەم، ئەگەر هەر عیلاجم نەبێ تەنیا شوو بەتۆ دەکەم. ئەویش قسەی خەڵکی بۆ من بایی پووشێکە تەنانەت نەزەری خۆت.

بۆ خۆت دەزانی هەتیو مەتیو نەیان وێراوە چاو لە من کەن، با ئەو ڕاستییە بڵێم ئەتۆم خۆشدەوێ نەک وەکوو خۆشەویستی کچ بەرامبەر بەکوڕ، بەڵکوو وەک خۆشەویستی منداڵێک. ئەتۆ وریات خۆشدەوێ؟

- ئەرێ وەڵڵا .
- (باشە دەزانم، ئەمنیش دەگەڵ تۆ ئەو هەستەم هەیە. غەریزە دەگۆڕێدا نییە. لە منت پرسی: (دەتەوێ مارەت کەم) عەرزم کردی: (هەرگیز) دەزانی بۆ چونکە کچێکی وەکی من ناکرێ مێرد بەکوڕێکی وەک وریا بکا، بەڵام دەکرێ خۆشی بوێ، بیلاوێنێتەوە)

بەتووڕەیی گوڕاندم:

- یانی ئەمن وریام؟!

پێشاو برەی قسەکەی دامەوە:

(جەنابی ئیفلاتوون دەنگ بلێند مەکە، بەڵێ لە لانی ڕووحییەوە، لەلانی پاکییەوە وەک وریای، لەمێژە لە تۆ سەیادم، بەرانبەر بەهیچ ئافرەتێک نەزەرت نییە. دڵداری بۆ تۆ مانا نادا.) بەو تەشەرەی خوێنم خراپ بوو:

- تاقیت کردوومەوە؟

سەرێکی لێ ڕاوەشاندم هەزار مانای دەدا:

(گورەگوڕێ مەکە، جنێوان مەدە، لای خۆی خوێندەواری، بوویە کرمی کتێب، هەر شەوەی ٢٠٠ لاپەڕە دەخوێنییەوە، ئێمە قسە دەکەین، نە قەڵسی تێدایە نە نێو و نرکە، مەبەستی من لە باری فیزیکییەوە نییە، لە لانی ڕووحییەوە دەڵێم، تۆ ئامادەنی، ترسی ئەوەمە فریوت دەن و لە منت بکەن، سەبرکە بۆت شی دەکەمەوە. دەکرێ دەگەڵم ڕوو ڕاست بی؟)

- من لە حاست تۆ پێچ و پەنام نییە.

ڕووی دەلای ئاوی سەددەکە کرد. دەگەڵی سوورام، شەپۆڵی ورد، نەرم و هێدی خۆ بەلێوارە و بەستێنی گۆمیلکەدا دەدەن، بەرە بەرە هەوا داغ دەبێ، جادە ئارام و کەم هاتوچۆیە. بایەکی مەیلەو گەرم دەموچاوان دەلاوێنێتەوە، بزەیەکی ئارام مەلی خوێن شیرنتر کردووە:

(ئازاد! نەشمیل چۆن کچێکە؟ جوانە؟ نەجیبە؟ زیرەکە؟)

- لە هەر بارێکەوە حیسابی کەی شار کەمی وای تێدایە.

- (ئا، ڕەحمەت لە بابت، بەهاری ڕابردوو لێی ڕانەسپاردبووی؟) خووداربووم، ئەوەی لە کوێ زانیوە؟! قەرارم کردووە ڕاست بڕۆم:

- با، شتێکی وا هەبوو.

- بۆ بەمنت نەکوت؟

- پێویست نەبوو.

- چت جواب داوە؟

- هیچ.





- قسەکەت بەتەواوی بگێڕەوە.

- ڕاستییەکەی نەشمیل زۆر خانمە نامەوێ...

- بەڵێنت داوە ڕاست بڕۆی.

- گوتم بەتەمای ژن هێنانێ نیم، دەمەوێ دەرسەکانم ئیدامە بدەم، سەرێکی بۆ لەقاندم:

- ئەو ڕۆژەی لە ماڵە مامت بووی، فەوزیە چەند جاری بەگوێت دادا.

- زۆر.

- تا ئێرە ڕاستە، مەرگی من ئازاد! ئەشرەف خانم جوان نییە، خانومان نییە، خەریک نییە چاوت دەرێنێ؟

- ئەوانەی هەموو تێدایە.

لە سیمایدا شادی و سەرکەوتوویی دەبینم:

- قەت وا بووە لە بەرانبەر یەکێک لەوانە بلەرزی، لە باری فیزیکییەوە ناڵێم، بەخەیاڵتدا هاتووە جارێک؟

- ڕاستییەکەی نەوەڵڵا .

- (کوڕە ئەمن لە هەموو کەست باشتر دەناسم، چاوی هیچ پیاوێک وەکی تۆ پاک نییە، ڕوانینی تۆ ڕاست وەک ڕوانینی «وریا»یە، وەک ئاوی شەوێ پاکی، لەبەر ئەو پاکییە وەک بوت دەتپەرەستم. ئازاد گیان! کەمڕوو، نی. غەرڕەی، بەدەعیەی، زۆرتری قسەکانت حاڵەتی فەرماندان و دەستووریان تێدایە. جوانی بڵێم لە ڕووت هەڵنایە. تاقە کوڕە بووی لە منداڵییەوە وا فێر بووی. بەڵام حەرامزادە و چاوحیز نی. ژن وەک ئینسان چاو لێ دەکەی. ژن لە لای تۆ «بووکە چینی» نییە. کایەی پێ ناکەی، بۆ دامرکانی تاوێکی خۆت ئابڕووی نابەی. هەر ئەو ڕەفتارەت بۆتە هۆی ئەوەی بەدەرسەکانت ڕابگەی. دوارۆژی تۆ ڕوون دەبینم، دەچییە زانکۆ، ئەگەر لەوێ نەگۆڕێی، باشترین کوڕی دنیایەی. لە ڕووی زانینەوە ژیان دادەڕێژی. دەگەیە جێگای بەرز، نازانم چۆنی بڵێم دەگەیە حەددی خۆ دۆزینەوە.

دەمەوێ ئەوێدەمێ کە ڕەنگە دووریش نەبێ لە پەنات بم. سووژەی

شێعرەکانت بم. ڕاوکەی چیرۆکەکانت بم. ئە ئەو بوونە ویست و داخازی ڕووحی نەسرەوتووی من دابین دەکا. بۆیە بەکەست نادەم. بۆیە تەنیا تۆم دەوێ. لە هەموو کەسم خۆشتر دەوێی. دەدەورت دەگەڕێم. دەسەرت دەسووڕێم.

ژن هێنان یا مێرد کردن، شتێکی ئاساییە. کاری هەموو کەسە. کارێکی حەیوانییە. گاڕان پڕە لە نێرومێ. غەریزە هێرش دێنێ. گەرم دادێ. هەموو گیانلەبەرێک ئەوەی تێدایە. ئینسان خاوەن ئاقڵە، بۆ ئەوەی نەزم و نیزام تێک نەچێ، نەسل و نێژاد ڕاگیرێ، مێژوو هەبێ، کەلەپوور بەجێ بگا، مارە و تەڵاقی پێکهێناوە. دێرەدا منداڵ دایک و بابی مەعلوومە. منداڵ خاوەنی هەیە، بۆ پێگەیاندن، بۆ تێگەیاندن، بۆ چوونە سەر، بۆ زاڵبوون بەسەر تەبیعەتدا.

ئەو پەیمان و قەرارە چ لە کلیسا چ لە مزگەوت. کارەکە هەر یەکە. مەبەست نەزمە و نیزام.

تەنیا تۆ دەنێو هاوتەمەنەکانتدا، هێزی سەرکوتکردنی هەوەست هەیە. منیش دەمەوێ ئەو هێزە دەخۆمدا بەقەوەت کەم. بەسەر غەریزەدا سواربم، لەژێر پێمی نیم.

لە بیرتە، ئەو شەوەی چۆڵەمەشکێنەکەت لێ بردمەوە، وەختا بوو وریام لێ بکەوێ. من داغ ببووم. گێرودەی چاوەکانت ببووم، تۆ بووی وریات دامەدەستی، تۆ بووی وریات کردمەوە. من تەنیا دە بەرانبەر تۆدا شلم، هێزێک دەچاوەکانتدا دەبینم ئەو هێزە دەمبا دەخاڵی تووانەوەوە. بێ ئەوەی لێوەکانت برینجە بکا. بێ ئەوەی بتەوێ وابم، وام.

هیچ کوڕێک زاتی نییە دەبەرامبەر مندا بکۆخی. هەموویان وەک دێڵی حیز سەر دادەخەن. لە من دەترسن. منیش تەنیا کەمێک ئەندێش لە تۆ دەکەم. من هەوڵ دەدەم هەوەس دەخۆمدا بکوژم، تەنانەت ئەگەر تۆ تووشی هاتی ڕاتکرم.

ئازاد من دەمەوێ هەموو دنیا، هەموو کاینات، هەرچی هەیە و بوونە دەخاڵێکدا کورت کەمەوە، دەواژەیەکدا کورت کەمەوە، ئەویش «ئەوینە»





ئەو تاقە واژەیەش بخەمە ژێر پات.)

یەک بەخۆی ئامێزی پێدا کردم. قەت پێم وانەبوو مەلی هێندە تێدەگا. ئەوە تەنیا ڕۆژێکە لە لای من قسەی وا گەورە دەکا. وردە وردە شەیدای ئەو تێگەیشتووییەی دەبم. سەرمەستە تا ئێستا گوێم بۆ قسەکانی ڕاگرتووە و کاری تێ کردووم. دیسان هەڵیدایە:

(ئازاد! ئەو هەلانەی بۆ تۆ هەڵدەکەون، هەر کەسی دی بێ دەیانقۆزێتەوە دەمەوێ هەر وا بمێنییەوە. من نیو تانجی زێڕ، شامرەخت و سەر پشتێنم لە تۆ ناوێ. نامەوێ مارەم کەی، نامەوێ دەزگیرانت بم. تەنیا دەمەوێ هی من بی. ئیشقی هەمیشەیی من بی. ڕووحی سەرکێشی من بەم بوونە ڕازی دەبێ . ئەو بوونە بەمافی ئینسانی خۆم دەزانم. ئەو حەقە بەکەس نادەم، هەزاری وەک نەشمیل، فەوزیە وە... بەخاتری تۆ بەو پەنجانەم دەخنکێنم.

من فزە فز نازانم. کوڕ پێم ناوێرن، هەتا لەبەر کچان هەڵێم. هەر کەس بێتە بەرەگەی دەخیچێ. «ناڵدار ناڵ دەوەرێنێ و باڵدار باڵ»).

کیفەکەی دەکاتەوە. پاکەتێک شۆکۆلاتی خاریجی دەردێنێ. دەیداتە دەستم:

(ئەوەش شیرنی ماشێنەکە)

وە بیرم دەکەوێتەوە، من دەبوو شیرینی بدەمێ:

– ببوورە، قەرار نەبوو پێکەوە بێن، ئەمن دەبوو شیرنی بکڕم.

دەست دەگیرفانم ڕۆ دەکەم، کارت و سویچی ماشێن دەردێنم، دەیدەمە دەستی:

– دیارییە، دیارییەکی چووکەیە بۆ تۆ !

وەریاندەگرێ، ماچیان دەکا و دەیداتەوە بەخۆم:

– (پێشکەش بەخۆت بێ، لە هەموو دیاری دنیایە گەورەتر بۆ خۆتی، لە هەموو شیرنی شیرنتر بۆ خۆتی، بۆ خۆتم دەوێ، پێت خۆش بوو. ماڵت ئاوەدان، دەنا نا بەزۆری.)

بەپێکەنینەوە دەست دەکەین بەشیرنی خواردن، سەرجەمی قسەکانی بەقەوەتن. لەوە دەترسم ئەو حەسوودییە نەخۆشی کا. وەوەی دەچێ لە مێژ

بێ لەژێر چاوەدێری دابم. وەک نیسێ پێ بەپێ دەگەڵم هاتووە. کێشکی لێ کێشاوم و نەمزانیوە، سەر هەڵدێنێ:

(ڕۆژ درەنگە، وردە وردە نەڕۆینەوە؟)

– کەمێکی دیکەش دەگەڕێین پاشان.

– نا ئازاد گیان، ئەگەر وابێ یەگجاری هەڵمدەگری. بەشی من بەزیاد. ئەو نەختە توند ڕۆیشتی بەشی حەوت پشتم دەکا. سەبر سەبر بڕۆوە با بەجووتە ون نەبین. دایکم نەزانێ باشترە، هەرچەندە زۆریشی پێ خۆشە بمدا بەتۆ. ئەو شەرمە گێلاخەی بەڕاستی نییە.

ئەوێ جارێ بۆشم گێڕایەوە، هاتبوونە سەرم، گوتم:

– دایە گیان، با خاترجەمت کەم مێردی ناکەم.

گوتی:

– یانی بەهیچ کەس!؟

گوتم:

– تەنانەت بەئازادیش.

گوتی:

– حەک ڕاستەوە نەبی، ئەمن پێم وابوو لە سەروەی ڕاوەستاوی. جا کچم ئەگەر وایە وەک کچە هەرمەنی خۆت هەڵگرە بۆ حەزرەتی عیسا.

گوتم:

– شەرتە بەویش نەکەم.

چەمۆڵەیەکی لێنام و گوتی:

– (کچەتیوە شەیتانە، هەر لە هەوەڵەوە نێرانی دروست کرابووی، بەمنداڵیش ئەدا و ئەتواری کچانەت نەبوو. ڕۆڵەم کەیفی خۆتە، بەڵان کچ دەبێ مێردی بکا.) زۆری لەو فەرمایشانەی جەنابی ئیفلاتوون بەسەر و گوێم دادا. دەی ئازاد دە بەر ئەو چاوانەت مرم هەڵی کە با بڕۆینەوە. خۆت مەخافڵێنە. مەشکەدڕەش چاوەڕێت دەبێ . مامت بەستۆ و گردەرانی شکاوی بەتۆی سپاردووە).

ماشێنەکەم سووڕاندەوە، بەرەو شار وەڕێکەوتین، کەوشەکانی داکەندووە





لاقی دەحەسێنێتەوە:

– ئەو کەوشانەم بۆ شایی کڕیون، دەمەویست بەلاقم خۆش بن، ئێوارێ تێر و پڕت دەگەڵ هەڵپەڕم، جا نازانم دەعیەت دێنی یانە نا؟

– ئەگەر فەوزیە لەوێ نەبێ دەخزمەتت دام.

لینگە کەوشێکی بەدەستەوە گرتووە:

– بەخودای پەنجەی دەپەڕێنم.

ڕۆ هاتە لاقی من. لینگە کەوشێکی لە پێم دەرێنا، دەپێی خۆی کرد:

– (ئۆخەی چەند خۆشە، کەوشی ژنانە هەر بۆ شەڕێ چاکە. لە بەیانییەوە وەختە پەنجەم لێوە بێ.)

جار جار وەهمی وەی لێ دەکەم نە نێر نەمێ بێ. بەڵام زوویەکی پەژیوان دەبمەوە. ژنێکی تەواوە. ئەندامی قسەی لەسەر نییە. سینگی کەمێکیش لە حاست تەمەنی قیتترە. ئاکاری وەک سەرشێت و دەلووکار دەچێ، کەچی زۆرزانە، سەبرێکی دەڵێم:

– مەلی!

– ئا.

– غەیری کتێبی دەرسی چیدیکەت خوێندوونەوە؟

– (قەرارمان ئەوە بوو ڕاست بڕۆین، تەواوی ئەوانەی تۆ خوێندووتنەوە، منیش لە دایکتم وەرگرتوون. زۆریش بەشێنەیی خوێندوومنەوە. ئەتۆ زرینگ بووی دەرسەکانیشت دەگەڵ دەخوێندن، ئەمن هەر خەریکی ئەوانە بووم. لەبەر ئەوەی ئەمن بوومە تەمبەڵ خانم، ئەتۆش بوویە جەنابی ئیفلاتوون.)

– نەدەکرا دەرسەکانیشت لەبەرەوە بخوێنی؟

– (ڕاستییەکەی ئازاد، دنیای من دنیای مەدرەک و مەدرەک بازی نییە. بەقەولی ئیفلاتوونەکانی وەک تۆ مەدرەکگەرا نیم. هەر قەدەرێکی دیکە دیپلۆم وەردەگرم. بۆ وەی لە ماڵێ نەترشێم لە جێگایەکی دادەمەزرێم. زۆریشمان هەیە، ماڵی بابم بەهەزاری وەک من تەواو نابێ.)

– چاکە مەلی، بۆ بەدزی من کتێبت دەخوێندەوە؟

(وەڵڵاهی دایە خانم فەرمووی: «هێندێک لەو کتێبانە بۆ کچان باش نین.» بەڵام دڵی نەشکاندم، هەرچی ئێوە هەتانە یەک یەک هەمووم خوێندوونەوە. ئەو کوتی: «لە لای ئازاد باسی مەکە» وەک بزانم بۆ خۆشی زۆرتریانی خوێندۆتەوە.

لە ڕۆژنامەکانیش ڕانەوەستاوم، جەدوەلەکانیش حەل دەکەم. خەیاڵی تۆش دەخوێنمەوە. ئەو ماوەی پێکەوە بووین، یانی لە منداڵییەوە هەر ئەدایەکی ئەتۆ لە ماڵە خۆتان دەرت دێنا، ئەمنیش ڕاست و ڕەوان ئاوام دەکرد. جگە لە دەرس خوێندن.

سەرێکی بابم هەراسان کردبوو، کۆت و شاڵوارم بۆ بکڕێ، پێم خۆش بوو ئەوەشم وەک تۆ بچێ. ئاخری جوابی نەدامەوە. هەتا پار و پێرار زۆر جاران لیباسەکانی تۆم دەبەر دەکردن. ئێستا ئەتۆ درێژ بووی بۆم گەورەن. کاکم فێری ماشێن لێخوڕینی کردووم. ئەوانەم بەدزی تۆ کردوون، جا کەیفت دێنێ پێت خۆش بێ، دەنا لە حەیفانم لێکەوەبە.)

گەیشتووینەوە لای تاقەدار، سەبرێکی دەیدەمەوە کەنار جادە. ماشێنەکە دەدەم بە(مەلی) هەتا نیزیک ماڵێ زۆر بەباشی دەچینەوە خرتە لە دەرگا دێنم گوێم لە دەنگی دایە خەیاڵە:

– دایە خانم ئەوهە ئازادی هاتەوە

دەچمە ژوورێ، دایکم بزەیەکی بەمانای دێتێ، دایە خەیاڵ دەڵێ:

(کوڕانم ئەو کچۆڵەی خۆن دەگەڵ توو نەبوو؟)

خۆم لە گێلیە دەدەم:

– کام کچۆڵە؟

– کوڕە ئەوهەی دەڵێم، مێوژە ڕەشکە، مەلیلەی خۆن.

– ئەمن لە زگ ماشێنەکەم بووم، بۆ مەلی لە ماڵ نییە؟

دایە خەیاڵ لێم چەپ و چیڕ دەبێ :

(ئەیبی ئووەڵڵاهی خوای پێم نەگری، دەگەڵ توو بووە، کوڕە ئەوە دایەی دوو جارانی تەلەفوون کردوون دەیگوت:

(لە سبەی زووەوە، وەدەرکەوتووە)





ئەگەر فیتی خۆت نییە هەڕۆ تەلەفونێکیان لە بۆ لێدە بزانین هاتووتەوە.

دایکم پێدەکەنی ئاماژەی من دەکا:

(دەبڕۆ ڕۆڵە ڕاست دەکا، بزانین وەدیهات.)

مەلی جوابم دەداتەوە:

(بەڵێ قوربان)

– مەلی هاتوویەوە؟

بەو جۆرەی کەس گوێی لێ نەبێ:

(بەدرۆ دڕێی، دایکم و دایە خانم زانیویانە، ئەگەر دایکم قسەی دەگەڵ کردی حاشایە مەکە.)

– باشە کەیفەکەت چۆنە؟

– (ئەمن چاکم دەفکری خۆت دابە، دایکم دەیەوێ قسەت دەگەڵ بکا.)

– ئەلۆ .

– سڵاو دایە مەلەک.

– عەلێکە سەلام و سەرچاوەکانم، چۆنی ئازاد گیان، چاو بەکەیفی، دایە خانم چۆنە، چاکە شکور، ئەوە دەڵێم چابوو زووم زانی شێتە دەگەڵ تۆیە.

– چۆنت زانی پێکەوەین مەلەک خانم؟

– (لەوانە گەڕێ، دیزە بەدەرخۆنەی پێ دەکەم، خێرخولایەک کوتی. خۆ مەلی شەو و ڕۆژ دەگەڵ تۆیە، هەر ئەوەندە کوتبای پێکەوەین پەرۆش نەدەبووم... دەبەر ئەو بەژن و باڵایەت مرم، جوانی گەڕەکێ. هێندی نووکە دەرزیەکی لە تۆ نیگەران نیم، میرزا عەولاش هەروەتر، ئەمما ئاخەر کچی سوور و سەپان لە بەیانییەوە بچێتە دەرێ، نابێ بڵێ دەچمە کوێ؟ لە نەشمیلێ دەپرسم دەڵێ:

«وەڵڵا تاوێکی لێرە بوو، وە دەرکەوت، بۆ نەهاتۆتەوە». دەبەر چاوت مرم جاری وا پێم بڵێ، ئەتۆ چاوت لەو شەیتانەی نەبێ.)

– مەلەک خانم بڕێکی لێدە با تەمبێ بێ.

– خۆ بەسەری تۆ خەریک بووم یەک دوو نەقورچی تێسریوێنم، هەر دمی گەیشتێ فریوی دام، ئەوەندەشم خۆش دەوێ پێی ناوێرم.

– ئێوارێ تەشریفو دێ بۆ شایی؟

– ساحێب تەشریف بی، قەرارە دەگەڵ مەحموودی بچین.

– ئەگەر ئەو پێی نەکرێ دەخزمەتت دام.

– باشە دەبەر ئەو چاوە جوانانەت مرم جا فەرقی تۆ و مەحموودی نییە.

خوا حافیزی لە مەلەک خانم دەکەم. دایکم بەکەیف و دەماغ ڕووم تێ دەکا:

– ڕۆڵە کچی خەڵکی دەبەیە گەڕانێ، خەبەریشیان دەیە.

– دایە بەسەری تۆ ئاگادار نەبووم، خۆی دەماشێنێ هاویت، گوتی: (بمبە ماڵە نەشمیل)، لەوێشڕا گڕنەی گرت بیبەمە سەددێ. بۆ خۆت نایناسی؟

دایە خەیاڵ وە قلە کەوت:

(کوڕە ئازادی، سەرم لەبەر تاوێ سپی نەکردووە، ئەتوو بەکێ دەڵێی. قەراریت دەگەڵ داناوە وەیبەی، دایەشی حاشا حازری درۆیان دەکا لە تووی پێ خۆشترن، ئەوهە فێڵەحیزانە لەبەر من ماونەوە. وەرە وەرە نانەکەت سارد بۆوە.)

هەوا فێنکی کردووە، جلەکانم گۆڕیون، خۆم بۆ شایی تەیار کردووە، دەڕۆمە خوارێ، ئەشرەف خانم لەبەر دەرگایە، دێتە لام:

(بەهـ بەهـ ئازاد جان، لە کوێ دەچی؟ عەروسی دەچی، هامیشە دەر سەیر. ئازاد جان، شیرین شەیتان، کچ خەڵکی سوار ماشین دەکەی. گوتبات ئەهای ئەشرەف ئەتووشی وەرە سواربە. ماشین تازە، کۆت شەڵوار تازە، نامزەد جووان، مەبارەک دی.)

سەری زبانی خۆم گەست:

«ئەشرەف خانم ئەتۆ بەمن دەڵێی لە لای دایەخانم باسی ئەو شەوە مەکە، بۆ خۆشت دنیام لێ پڕ دەکەی. لە کوێت ئەمن دیوە کچی خەڵکی سوار کەم؟) – (ئەها، لە مەیدان ڕیزاشا، دێدم با نیگەران نەبین، ئازاد ئەسەبانی مەبە، جەوانییەدا، ئەمین شیش مانگ تەواو نامزەد سەرکار بووم. گەراین، موسافیرەت، نە ئەگد بوو، نەسیگە. دنیا ئاخر نەبووکی. «مەلی» شەیتان، ئەتووشی شەیتان، ئەگدی دوو شەیتان لە ئاسمان.)





ئەشرەف خانم، وەک نەبای پێدا هاتبێ نەبۆران. قاقا پێدەکەنێ. دایکم و دایە خەیاڵ تایەکی پەنجەرەیان کردۆتەوە چاومان لێ دەکەن. دایکم چاوی پڕ بووە لە ئاو. هەر چۆنێک بێ خۆ لە چەنگ ئەشرەف نەجات دەدەم. دەستێک لەوان هەڵدێنم و دەڕۆم.

لە ماڵی مامم، (فەوزیە) دەرگام لێ دەکاتەوە:

– سلاو کاک ئازاد، بەخێر هاتی، ماڵتە بۆ وا درەنگ خۆ چاوم خێل بوو.

– خوا نەکا ئەو چاوە جوانانەت خێل بن.

– وێنەی خۆتە دەمنیدا دەبینی. دەفەرموو وەرە ژوورێ با دایکم منداڵەکان ساز کا.

دەکشێتەوە پشتەوە. ئامۆژنم بەپیرمەوە دێ، ئەم لاو لام ماچ دەکا. فەوزیە شەربەتم بۆ دێنێ. هەموو گیانی پێدەکەنی. کراسێکی سەوزی دەبەردایە. زێڕەکانی لە چاو دەدەن. بزەیەکی دێتێ، هەوایەک سینگ دەلەرێنێ:

– کاک ئازاد ماشێن و لیباسی تازە مەبارەک. نەخشەت لێ بێ، شەرتە هەتا نەکەوی لە دەستت نەچمە دەرێ.

قومێک لە شەربەتەکە دەدەم:

– بۆ خۆت نەخشەت لێ بێ. هێندەشم ماندوو نەکەی چاکە، دەترسم بەکۆڵێت بێنمەوە.

سوار دەبین. فەوزیە لە لای من، ئەوانی تر لە پشتەوە. سەر دێنێتە پێشێ برۆم بۆ ناسک دەکا:

– ئەوە ماشێنەکەت پەخشی تێدا نییە؟ وام زانیبا بۆم دەکڕی.

– کڕیومە، قەرارە سبەینێ وێیخەن.

– ماڵتە دەمەویست ئەو دیارییەم لە کن تۆ هەبێ ئەویش...

– ماڵی من و تۆ بەش نەکراوە.

ئامۆژنم دێتە نێو قسە:

– ئەمن پێم وابوو دیاری گەورەتری دەدەیەی.

فەوزیە:

– سەریشم ئی کاک ئازادە.

– سەرت سلامەت بێ.

– دەگەڵ تۆ .

بەر دەرگای ماڵی ڕەزا شلووغە. بەقۆنەقۆن دەچینە ژووریّ. دەنگی داوەت و هەڵپەڕکێ نایە. شایی لە مەدرەسەیەک دەکرێ.

بۆ خۆیان جێ و ڕێیەکی وایان نییە. بەگەرمی بەپیرمانەوە دێن. بەتایبەت بەهاتنی ئامۆژنم زۆر کەیفخۆشن.

دەوراندەوری حەوشە، کورسی داندراوە. مەیدانی کایەی مەدرەسە جێداوەتە. ڕەزا دێتە لای من:

– ئازاد گیان بەخێر هاتی، نەخشەت لێ بێ.

– ڕەزا گیان پیرۆز بێ، ئەدی بۆ داوەت نییە؟

– وەڵڵا سێ چوار هەتیو مەتیو لەسەر سەرچۆپی کردیانە شەڕ، بڕێکیان لە سەروسەکوتی یەکتر ڕاکێشا، وە دەرمان ناون، دەیگرینەوە. لە دیوی ژنان دەنگی گۆرانی بایز ئاغا دێ:

– تەسکە تەنک تەنکی...

میوە و شەربەت دەگێڕن، لە حەوشە دەنگی تەپڵ و تووزەلە، ولات وەجۆش دێنێ. ڕەزا پڕ دەداتە دەستی من. دەچینە نێو داوەت. ئێستا گەرم دانەهاتووە. خوشکی ڕەزا دێتە دەستمان. کچ وردە وردە دێنە تێوێ. فەوزیە دێتە دەستەکەی دیم. داوەت هەردێ و لە زیادی دەدا. حەوشەی مەدرەسە دادەگرێ. (مەلی) دیار نییە. دەبێ نەگەییێتێ.

زۆرتری هاوکلاسەکانم لەوێن. ڕەشید و ئاوات ڕووبەڕووم هەڵدەپەڕن. (نەشمیل) دە دەستیان دایە. جوانێکی بێ وێنەیە. یەک پشوو بزەی دێتێ. بەمن پێدەکەنی، وەدیارە بەشێتم دەزانێ. فەوزیە ماندووە. ئارەقەی دەرکردووە. سەر دەبەمە پشت گوێی:

– قەرار بوو من ماندووکەی!

– کاکە ئازاد ئازای بەدەنم بۆتە ئاو، قەڵەوی بەلایە، خۆزگەم بەخۆت،





پۆز و هەوا دەسیمایدا نەماوە. نیگایەکی مەزلوومانەی هەیە. دڵم بۆی دەسووتێ. توند دەستی گرتووم. دەستی تەڕ تەڕە. دیسان سەر دەبەمە پشت گوێی:

– ئەگەر ماندووی تاوێکی بڕۆ دەرێ.

– برستم لێ بڕاوە، ئەدی ئەتۆ؟

– دەفکری مندا مەبە ئەمنیش دێمە دەرێ.

دایکی ڕەزا بانگی کچەکەی دەکا، فەوزیە بەدوویدا، ئەمنیش دەچمە دەرێ. لەسەر کورسی دادەنیشم. فەوزیە دێتە پەنام:

– ماندوو نەبی!

– بژی بۆ خۆت ماندوو نەبی.

– کاک ئازاد جوان هەڵدەپەڕی.

دەستێکی ڕادەوەشێنێ، ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی تێدایە. نەقیمەکەی لە چاو دەدا. دەستی سوور هەڵگەڕاوە. سەر دەبەمە بن گوێی:

– دەستت دێشێ؟

ڕوومەتی گوڵی داوە، دە ئەوپەڕی سەرمەستیدایە، هۆرمۆنی لێ دەبارێ:

– ماڵتە دەستم توند دەکوشی.

– باوەڕکە بۆ خۆت بووی، من کاری وا ناکەم.

سوور هەڵدەگەڕێ:

– ئەو کچەتیوە کێ بوو هاتە دەستەکەی دیت؟

– خوشکی ڕەزایە.

– خۆشت ناوێ؟

– ڕقم لێی نییە.

– نا وەک حەز؟

– نە بەسەری تۆ، بەمەرگی دایکم.

– چاکە دڵم حەساوە، ئازاد گیان خۆشم دەوێی!

- خوشکم نییە، ئەتۆ لە جێی خوشکی چووکەمی.

بەقسەکەم تووڕەیە، بەدڵی نییە، کچێکی منداڵکاری زۆر قەڵەو دێتە پەنا فەوزیە. دەستی دەملی دەکا. وەک حۆل دەچێ، دواکەوتوو. پشتێنەکەی بەحاڵ دوو قەد لە تەنگەی گەیوەتەوە. قسەی بەباشی بۆ ناکرێ، هێندێک لە پیتەکان کێش دەدا. وەک ڕادیۆیەک باتری کەم بووبێ.

فەوزیە بەسرتە:

- ماپەرە، کچی کاک (هەیدەر)ی قەسسابە، جیرانمانە. زۆر دێتە ماڵە مە. ئەمنی زۆر خۆشدەوێ، وەک خەڵکی نییە.

بەحاڵ دەڵێم:

- وەک گێژ دەچێ.

- ئەقەب ماندەیە.

- بۆیە ئەتۆی خۆشدەوێ.

بەجووتە پێدەکەنین. ماپەرەش وەکی مە، ڕوو دە فەوزیە دەکا:

- دادیە فەوزیە ئەوە کێیە؟

فەوزیە بەپێکەنینەوە:

- ماپەرە گیان، ئەو تاقە ئامۆزایەم هەیە، دەبێ وریا بم لە چەنگم دەرنەهێنی.

ماپەرە یەک پشوو پێدەکەنێ:

- ئامۆزا، وەک خەمانی مە؟

- ڕاست بۆ خۆیەتی، وەک خەمانی ئێوە.

هەر پێدەکەنی ڕوو دەمن دەکا:

- ئەتۆ، ئەتۆ، کاکە خەمانی فەوزیەی؟

فەوزیە شاگەشکە بووە، ماپەرە ماچ دەکا:

- کاک ئازاد، سەگی وەک خەمانی تۆیە.

ماپەرە، ڕووی دەمنە و پێدەکەنێ، زگی دەگەڵ پێکەنین هەڵدەبەزێتەوە، فەوزیە خەریکە بخنکێ، منیش قەت هێندە پێنەکەنیوم، فەوزیە دەست دەخاتە سەرشانی:





- ماپەرە گیان، ئەمن و کاک خەمان دەچین هەڵدەپەڕین، ئەتۆ نایەی؟

- نا، دایکم لێ دەدا.

فەوزیە پڕ دەداتە دەستی ڕاستەم. هەڵدەستین. وەک پاڵەوانێکی سەرکەوتوو سینگ وە پێش دەخا. ڕەفتاری بەچاکی لە چاو دەدا. دەچینەوە نێو داوەت. زۆر هەڵدەپەڕین. تاو خەریکە ئاوا دەبێ. دەنگی (وریا) دێتە گوێ، یەک بەخۆی دەزیقێنێ:

- کاک ئازاد!

بەباوەش مەڵەک خانمەوەیە. دەستێکی بۆ هەڵدێنم. (مەلی) وەک میرغەزەب چاوم لێ دەکا. چاوم لێیە دەچنە ژوور. خۆش دەبوو لە حەیفان نەیەتە داوەت. ئاگام لێ نییە لە نەکاو دەستی من و فەوزیە شەق دەکا. فەوزیەم لە دەست دێنێتە دەر. فەوزیە سوور هەڵدەگەڕێ. مەلی مۆڕە، بەبن گوێم دەڵێ:

- پێم نەکوتی.

سەبرێکی دەڵێم:

- عەیبەی بزانە. بەسسە. دەنا خودا هاوار.

فەوزیە دەچێتە قەراخ داوەت. مەلی کەیفی سازە. یەک دوو گەڕ دەڕۆین. فەوزیە دێتە دەستەکەی دیم. مەلی وەک بزووت دەچێتە دەر. فەوزیە لەو دەستەشم وە دەر دەنێ.

(فەوزیە) دێتەوە دەستی ڕاستەم. هەموو چاویان لەو خووگەملەیە. ئارەقەم لە بەری پێی دەتکێ. (مەلی) دەیەوێ جارێکی دیکەش دەرپەڕێ. توند دەستی دەگرم، بەری نادەم:

- بەرم دە، دەچمە دەرێ، دەی زوو دەستم شکا.

- چاوت دەرێ دەستت شکێ.

هەر دووکیان قەڵسن. لەوەی دەترسم خراپتر بێ. ڕەزا بەچاو حاڵی دەکەم داوەتەکە بەردا. داوەت بەر دەبێ.

دەستی فەوزیە بەرنادەم. دەچینەوە لای ماپەرە. فەوزیە:

- کاک ئازاد، نەمکوت ئەو کچەتیوە بۆیە نابێ ڕووی دەیەی. ترسی

ئەوەمە بۆت بێتە حاشایە.

– فەوزیە تکات لێ دەکەم دەنگ هەڵمەهێنە. نەتدیوە بەرەڵڵام کرد.

– ئاخەر کاک ئازاد خۆمن چم نەکردووە. بەوی چی دەدەست تۆ دا هەڵدەپەڕم، ئەتۆ ئامۆزامی، چی وی؟

بۆ وەی بێدەنگی کەم، ڕوو دەماپەرە:

– ماپارە گیان چۆنی، ماندوو نەبی.

پێدەکەنێ:

– چاکم کاکە، خەمان.

جگە لە هێندێک سرت و خورت وڵات بێدەنگە. مەلی ونە. ڕەزا دێ لە دووم:

– ئازاد هەستە شام سازە.

ئیزن لە فەوزیە وەردەگرم. کەمێک ئەهوەنترە. دەگەڵ ڕەزا دەڕۆین. بزەی دێتێ:

– ئەوە چ بوو!؟

– بۆ خۆت دیتت، ئابڕووچوون.

– بەدایکم کوتووە لە لای یەکیان دانەنێ.

چاوێک لە ڕەزا دەکەم، ئەو لە من تووڕەترە:

– ئازاد خۆت نارەحەت مەکە. چۆن دەڵێی وادەکەم.

– عیلاج ئەوەیە پاش شێوخواردن هەتا ئەوانە دەبەمەوە، داوەت نەگیرێ.

– باشە نیگەران مەبە. منداڵن لە بیریان دەچێتەوە.

دەچینە ژوورێ. نازانم چ دەکەم و چ دەخۆم. وەک دەژووری کراسی کەم. شێواوم. دەستێک لە شام وەردەدەم. بۆ هەڵاتن لەو خەیاڵە دەچمەوە حەسار. ماپەرە و فەوزیە پاش شێو خواردن دێنەوە ئەم لاو لام دادەنیشن. (مەلی) خۆ دەگەێنێتێ. ماپەرە ڕاستەوە دەکا و بەرێ دەکاتەوە پەنا (فەوزیە). دەکەومەوە بەینی دوو دوژمن، ترسی هەڵڵایەکی دیکە دایگرتووم. لێک دەمرقێنن. دەمەوێ ماڵی مامم خێرایەکی بەرمەوە.





(مەلی) وەک ماری تووله جینگڵ دەدا. (فەوزیە) لێوی ویشک بوون. ماپەرە لە خۆوە پێدەکەنێ. سێ چوارێک، واوەی ئێمە گوێیان قوت کردووە. چاوەڕێی شەڕێکی ترن.

لە (مەلی) تووڕەم، خۆی تێناگەیەنم. دەبێ تەمبێ کرێ، نەشمیل بزەبزیەتی. ئاوات سەر بادەدا. لە گۆشەیەکی حەوشە سێ چوار ژن سرتەیانە. (فەوزیە) ڕووی دەمنە:

– کاکە ئازاد کەنگێ ساز دەبی بچینە سەفەرەکە؟

– کام سەفەر!

– ئەی ماڵتە سەفەری (ڕەشت)، (رامسەر).

بۆ وەی (مەلی) پێ ورد کەم:

– هەر دەمایەکی بتەوێ.

– هەتا دەریا وەختی بەسەر نەچووە.

– باشە، پاشان قسەی لێ دەکەین.

(مەلی) خەریکە دەخنکێ، تێم دەکوتێ:

– نەشمان بوو.

ڕووی تێ ناکەم، جوابیشی نادەمەوە. ماپەرە لە پەنا فەوزیەیە. یەک بەدووی یەکدا باوێشکی دێتێ. هەر دووک دەستی بەپشتی کورسییەکە گرتووە. خۆی لەبەر یەک دەکێشێتەوە. جووڵە جووڵێەتی، لە نەکاو بایەکی لێ دەبێتەوە یەک بەحەوشە. (مەلی) وەک بزووت دەردەپەڕێ، چەپۆکێک بەسەر فەوزیە دادەدا:

– تەک لێت دەرنەیە، هێندێک کەمترت خواردبا.

دەنگی پێکەنین و حیلک و هۆڕ وڵاتی داگرتووە. (ماپەرە) وێڕای وان پێدەکەنێ. (فەوزیە) دەستی دەپرچی مەلی ناوە:

– کچەتیوەی سەر سواڵکەری حیز.

(مەلی) قوڕقوڕۆچکەی فەوزیەی گرتووە:

– ئارەزووی چوونە دەریات بەپشتەوەدا هێنا دەرێ.

لەبەر یەکیان هەڵدەپچڕم. ئامۆژنم دەگاتێ:

– ئەوە چییە فەوزیە؟!

فەوزیە بەگریانەوە:

– ماپەرە تڕیوە، ئەو جندەیە بەچەمۆڵە دەمن بەربووە.

دایکی ماپەرە دەقیژێنێ:

– کچەتیوە سووک و چرووکانە، بۆ خۆتان تڕیون بەسەر ئەو مەزڵوومەی دادێنن.

پڕ دەداتە پیلی ماپەرە، لەوانەیە لە بنڕا دەربهێنێ:

– هەستە بڕۆینەوە، سەد جارم پێ کوتووی خۆ لەو جندانە مەدە، مەلەک خانم (مەلی)م لە کۆڵ دەکاتەوە. ماپارە بەڕێوە دەڵێ:

– دایە، شەڕ.

شەڕە جنیو و پێکەنین تێکەڵە. نەشمیل وەختی تۆڵەی وەگیر هێناوە، خەتاکە داوێتە ئەستۆی من:

(شەڕ و تڕ ئاوری ئەو هەتیوە ژنانیلەیە)

ماڵی مامم دەماشێن داوێم. وەک تیری ساردەکەوان، لە کۆڵان دەچمە دەرێ. ئامۆژنم تووڕەیە، بەسەر فەوزیە دەڕوا. فەوزیە دەگری. منداڵەکان بەماپەرە پێدەکەنن. بۆ خۆم وڕ و کاسم. لە چوونە شاییەکەم دڵسارد و پەژیوانم.

بەهەر لەونێک بێ فەوزیە ژیر دەکەمەوە. لە ئامۆژنم تکا دەکەم ئەو هەڵڵایە لە لای مامم باس نەکا.

لای نیوە شەو دەچمەوە ماڵی خۆمان. دایکم خەوتووە دایە خەیاڵ لە هۆدەکەی منە. هەواڵی داوەتی ڕەزام لێ دەپرسێ، زۆر ئاسایی سەروبەری شاییەکەی بۆ دەگێڕمەوە، وە دیارە جارێ خەبەری شەڕ و هەڵڵای پێ نەگەیوە. منیش باسی ناکەم. خەوم نایە، هەوڵ دەدەم دایە خەیاڵ وەقسە بێنم. ئاخری دێتە سەر خەت:

– «ڕۆڵەم، لە غەوسی دەکەم تەڵەب و تەمەنایە، نەخشەت لێ بی. جا دەڵێن: (حەیران پیر نابی) سەد جارانت قسە و باسی دەقەدیمیان بۆ وەگێڕم هێشتا لێیان وەڕەز نابی.





گوتم، پاش شەهیدبوونی ئاغای ڕەحمەتی، ماڵن چووە سوێناسێ. ئاغایان لە حەوشەی دە مزگەوتی (شا دەورێشی) ناشت. کوڕەکانی ئاغای خۆ دەشێرنەوە و پەڕیوەی هەندەران دەبن. خوای پێم نەگری لەکم دەچنە بەری فەیزوڵڵا بەگیان لە (بۆکان)ی. ماوەیەکی لەوێ دەمێنن. پاشان عورووسی عەفوەتێ دەدا، دەشلێ کوڕانی دەئاغا میرزا فەتاحیش، دەبێ بێنەوە سەر ماڵ و مڵکێ خۆیان، چکارن پێیان نابی. ئەوهانیش وەبەر عەفوەتێ دەکەون و دێنەوە شاری. بەڵان عورووسی فێڵێیان لێ دەکا و دەیانگرن.

سالار، قازی محەمەد[*]، مەنسوور و میرزا ئەحمەدی قۆڵبەست دەکەن، بەڕێیان دەکەنە حورووسیاتی وێڕای دیلی دەشەڕێ. وەک من بیستوومە قازی (مونعم) و قازی (لەتیف)یش بەجیا دەگرن. ئەوانیش بەلایەکی تردا بەڕێ دەکرێن. ئاغای سالار دەیگێڕاوە: (من و قازی محەمەد و مەنسوور و میرزا ئەحمەد، ئەو چوار برایە پێکەوە گیراین. بردیانینە ئۆردووگای دیلان. عەسکەری عوسمانلیشمان زۆر دەگەڵ بوون. لە نیزیک بادکۆبەی بووین. زۆریان بێ حورمەتی و بەڵا بەسەر هێناین.

شەوەکی هاتینە سەر ئەو تەگبیرەی، دێرەدا دەمرین و کەسن بەهاوار نایە. هەرچۆنێک بی دەبی خۆ ڕزگار کەین و هەڵێین.

ئۆردووگا، هەر دەرگایەکی هەبوو. قەرارن دانا، ساڵلاتی بەردەرگا بکوژین، خۆ دەرباز کەین، جا نابەڵەد و غەریب پاشی چن بەسەر دێ، خوای دەزانی. خوا و ڕاستان ئەو شەوی هەلێکی چاکن بۆ هەڵکەوت. دوو ساڵلاتی بەردەرگا بەجووتە خەویان لێ کەوتبوو، دەکرا بێ تەقە و ڕەقە وەدەرکەوین. بەڵان بۆ بەدبەختیان لە ئێوارێوە قازی محەمەد نۆبەتێیەکی گرتبوو، ددانی ددانی نەدەگرت. هەرچی تێفکرین بەو حاڵە دەرچوونن نەدەبوو.)

رووم دەمیرزا ئەحمەد و مەنسووری کرد و گوتم:

(براله ئێوە بڕۆن، من دڵم نایە قازی بەو نەخۆشییە بەجێهێڵم، با لانی

(*) قازی محەمەد: قازی محەمەدی حاجی ئابادە.

کەم لەو چوار برایە، دوو کەسن ڕزگار بی. ئەگەر چیدیش وە درەنگیی بخەن، لەوانەیە ئەو کافرانە وەخەبەر بێن و هەلی وان وەدەس نەکەویتەوە یا بنبەنە ئۆردووگایەکی دیکە.»

دایە خەیاڵ لە زمان ئاغای سالارەوە نەقڵەکەی دەگێڕێتەوە، بەڵام قسەکان بەبن لەهجەی مەنگوڕی دەڵێ. قسەکانی هەڵدەبڕم:

– ئەرێ دایە خەیاڵ، ئەوە نازانی بەڕاوێژی موکریان نەقڵەکەم بۆ وەگێڕی؟

– کوڕە ئازادی چلۆن نازانم، دەمهەوێ ئەتووش ڕاوێژێ من فێر بی دەنا کوڕانم دایە خۆت تەمەنی دەموکریاندا تەواو کردووە. جا گوێت لە دایە خۆت بی. ئەرێ گەیبوومە کوێ؟

– خەریک بووی میرزا ئەحمەد و مەنسووری بەڕێ کەی.

– (ئەی سەد ڕەحمەت لە دایوو بابت. لای نیوە شەو ئەوانم بێ دەردەسەر بەڕێ کرد. قازی نۆبەتێیەکی هاتبوّیە وەک ئاور داییسا. هەر چۆنێک بوو ئەو شەوە خۆمان مات دا. سبەی بەیانی عرووس زانیان دوو کەسمان هەڵاتوون. دەستیان کرد بەئازار و ئەشکەنجەی ئێمە. لەبەر دەرگاڕا وزاقی خۆیان دەدا، جووتپێ خۆیان پێدا دەداین. ئەوی لە دەستیان هات لە ئەزیەت و ئازار ڕانەوەستان، ئیدی خوا نەکوشتە نامرێ.

پاش ماوەیەک بردیانین بۆ ئۆردووگایەکی دیکە. لەوێش زۆریان ئەزیەت داین. نەقڵی برسیایەتی و نەخۆشی و ناتەواوی ئەو سەردەمە هەر ناگەڕێتەوە.

کورتی ببڕمەوە پاش ئەوەی شەڕ ڕاوەستا(*)، دەستە دەستە کۆیلە و ئەسیر ئازاد دەکران. من و (قازی)ش ئازاد کراین و گەڕاینەوە بادکۆبە، قازی زەرد و زەعیف و نەخۆش، من دەستکورت و نەدار و ئەسپێ دەگیرفاندا سەوزەڵەی دەگوت. دەبوو ئەویش بەخێو کەم و پەسمەندەیەکیش بۆ خەرجی ڕۆینەوەمان وەلانێم. هەموو ڕۆژێ دەچوومە مەیدانی شار، لە کار دەخولامەوە. لەوێش کەس چی بەجەرگەوە نەماوبوو. ئێواران

(*) شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و ڕووخانی تەزار.





بەدەستبەتاڵی دەگەڕامەوە. لە کاروانسەرایەکی شپڕێو، ڕۆژێ بەنانێکی بەڕێ دەچووین. چەند مەناتێکمان پتر پێ نەمابوو، سواڵم دەغیرەت دانەبوو کاریشم وەگیر نەدەکەوت.

ڕۆژێک لەو ڕۆژە ڕەشانە، لە مەیدانی فەعلان ڕاوەستابووم پیاوێکی کۆک و پۆشتە بانگی کردم، وەدووی خۆی دام و بردمیەوە ماڵێ. هێندی دوو سێ تۆنی داری موورەکراو نیشاندام، بیورێکی زەلامی دا دەستم و گوتی:

(ئەوانە بکە قەڵاشکەری)

بەهەموو دەماغی خۆم وەری گەڕامێ، تەڵەزمی چووکەم لێ دەکردەوە و چم بە چ نەدەکرد. بەو پێیە کاری ئەوساڵم بوو. کابرای ساحێب ماڵ ئاگای لێ بوو، لە پەنجەرەوە هەرای لێ کردم، چوومە ژوورێ. داینام و نان و چایان بەتەسەلی دامێ. پاشان ڕووی تێ کردم و گوتی:

– کوێندەری و لە چی دەگەڕێی؟

بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕاوە. گوتی:

– براله گیان، زووت لێ حاڵی بووم، دەست و پێ سپی و بەکەڵکی دار شکاندن نایەی.

دەستی دەگیرفانی نا، چەند مەناتێکی بەزۆری دامێ و بەڕێی کردم. خەرجی قەدەرێکی دیکەش خوا گەیاندی.

ڕۆژێکی هەروا بەشاریدا دەخولامەوە، بەڵکو ئاشنایەک ڕۆشنایەکی بدۆزمەوە، تووشی مزگەوتێکی هاتم. چوومە حەساری مزگەوت. ئەنجومەنێکی خەیریەشی لێ بوو. فەقیر و هەژار دەهاتن نان و پێخۆریان وەردەگرت.

بەر هەیوانێکی خاوێنی لێ بوو. تازە سپی کرابۆوە، لەوێ هەڵتووتەکام، هەروا بەئیشتیا، بیسمیلایەکم لەسەر دەرکی هەیوانەکە، بەکڵۆیەک ڕەژی نووسی. پیاوێکی وێچوو پەیدا بوو. چاوی بەنووسراوەکە کەوت. بانگی مجێوری کرد و گوتی:

– کوڕە ئەوە کێ نووسیویەتی.

کابرای مجێور گوتی:

– قوربان ئاگام لێ نییە.

– کابرای مجێوری توند کرد:

– چۆن ئاگات لێ نییە، ئەگەر وابێ هەر لێرە نی، ئەو شتە بەسەعاتێکی هەر ئەوەندە بنووسرێ. بۆ دەبێ ئاگات لە ولاّتی نەبێ.

زگم بەکابرای مجێور سووتا، لەوانە بوو لەسەر کاری لابا. وردە وردە چوومە پێشێ، سلاّوم کرد و گوتم:

– قوربان لەو مجێورە توورە مەبە، خەتا لە من ڕایە، ئەمن نووسیومە، کابرای کاربەدەست چاوێکی لە جلوبەرگ و قەد و گیپالّی من کرد، سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

– یانی ئەتۆ ئەو خەتەت نووسیوە؟

گوتم:

– بەلّێ.

بزەیەکی هاتێ:

– ئەگەر ڕاست دەکەی یەکی دی بنووسە.

دەستم دا لەتە ڕەژی. ئەوەندەی مژێ لە قەننەی دەن یەکی دیکەم لە پەنا وی نووسی زۆر جوانتر. کابرا مەحتەل مابوو گوتی:

– چ کارەی، خەلّکی کوێ و لە چی دەگەڕێی؟

بەکورتی بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕاوە. گوتی:

– لەبەر چی لێرە ماویەوە؟

گوتم:

– برایەکەم دەگەلّە، نەخۆشە و لە کاروانسەرایەکی کەوتووە، دەمەوێ هێندێک خۆ بگرێتەوە. بەشی خەرجی ڕێیەش شتێکی وەدەست خەم و پاشان بڕۆینەوە.

دەستی گرتم و بردمیەوە مالّێ، دەستووری دا بردمیانە حەمامێ و جلوبەرگی لەبەر گۆڕیم. بڕوا بکە خۆم نەدەناسیەوە، چووینەوە مالّێ، وە ژوور کەوتم، ساحێب مالّ یەک پێ لە بەرم ڕاستەوە بوو پێم وایە ئەویش





نەیناسیبوومەوە، نەهارێکی تێر و تەسەلیان دامێ و بەسەر و ڕوو خۆشی گوتی:

– لەوڕۆڕا بەرپرسی ئەو بنکەی خەیریەی. وەتاغێکت بەهەموو ڕاخەر و پێخەفێکەوە دەدرێتێ. براکەشت بەرە، خاوێنی کەوە و بیبە لای دوکتۆر، هەتا بتانەوێ دەتوانن لەوێ بن. مواجبت بۆ دەبڕمەوە و هەرکارێکی هەتانبوو ڕیوڕاست بەخۆم بلّێ.

چوومەوە لای قازی:

– هەستە براله خودا گەیاندی.

ماوەیەکی لەوێ بەئاسوودەیی ماینەوە. (قازی)م دەپلاّو و گۆشتان گرت و عەلەمی لێ بڕا. بنکەمان بەباشی بەڕێوە دەبرد. کابرایەک هەموو ڕۆژێ دەهات دوو کاشی خۆراک وەردەگرت. ڕۆژێکی لێم پرسی:

– یەکیان بۆ خۆتە، ئەوی دیکەیان چ لێ دەکەی؟

– کابرایەکی پیری نەخۆشم لە لایە، بۆ وی دەبەم.

– خەلّکی کوێیە؟

– ئێران.

کاروبارم بە(قازی) ئەسپارد، کابرام وەپێشە خۆم دا. لەو سەری شار لە مزگەوتێک بوو. پیاوێکی نەخۆش دەلێفە کۆنێکدا بەحالّ پشووی دەهات. سەرم بەسەری داگرت، لەوانە بوو شادی مەرگ بم. نەخۆش مامە لەتیفم بوو. سەرم بردە بن گوێی:

– مامە! مامە! ئەمن سالارم، دەمناسیەوە؟

دوو سێ جاری چاو ترووکاند و ئەستڕی:

– سالار، عەبدوڕەحمان!؟

دەگەلّ مامم دەستمان دەستۆی یەک کرد، سەعاتێکی گریاین. ئەو لە دەستەی ئەسیرەکانی عوسمانی بوو، نەدەکرا بیبەمە لای خۆم، بەلاّم خاوێنم کردەوە، نیشانی دوکتۆریم دا، جلوبەرگم لێ گۆڕی و دەپلاّو گۆشتانم گرت، هەموو ڕۆژێ سەرم لێ دەدا.

بەکورتی مامیشم وەک قازی لە برسان کەوتبوو، چی وای نەگرت ئەویش

بووژاوە، پاش ماوەیەک قازی (مونعم)یش وەدیهات و پێک شاد و شوکر بووین.

مامە (لەتیف) دەگەڵ ئەسیرەکانی عوسمانی بەڕێ کراوە وڵاتی. من و (قازی) و (قازی مونعم) مابووینەوە. بەشی خەرجی ڕێگامان پەسمەندە کردبوو. چووینە لای ڕەییسی ئەنجومەنی خەیریە، ئیزنی مەرەخەسیمان خواست. هەر چۆنێک بوو خۆمان گەیاندە پردی ئارازێ. بەرگەی ئازادییەکەمان مۆری کۆنسوولی ئێرانی پێوە نەبوو، دەبوو بگەڕێینەوە مۆری کەین، ئەو مەناتانەی پێمان بوو، دەگەڵم بەش کردن. ئەوانم لە قاوەخانەیەکی بەجێ هێشت و بەتەنیایی گەڕامەوە.

لەبەر دەرگای قوونسوورگەری(*) زۆریان مەحتەل کردم. ئاخری ئیزنیان دام، چوومە لای قوونسوور، لە هەوەڵەوە بەهێندی نەگرتم، هەتا ناو و نیشانی خۆم پێ کوت، دەگەڵ باسی (ئاغا میرزا فەتاح)م کرد، گوتی:

– ناوت چییە و ناوی براکانت چن.

دەگەڵ جوابم داوە و زانی درۆیە ناکەم، ڕاستەوە بوو، دەستی دەستۆی کردم:

– چۆن ئەتۆ عەبدوڕەحمانی و ئەمن نەمناسیویەوە؟

– بەڵێ قوربان.

– براگیان من ماوەیەکی لە لای ئاغا، میرزا بووم، دەرسم بەتۆش گوتووە و فلان کەسم.

زۆری حورمەت گرتم، زۆری حەول دا بنێرێ (قازی و قازی مونعیم) بێنێتەوە لای خۆی و گوتی:

– ئێوە شازادەی منن، نامەوێ بەجلوبەرگی کۆن بگەڕێنەوە وڵاتی، بەڵام قەبوولم نەکرد، ئەگەر زانی بەپەلەم و هەر دەڕۆمەوە، پاش نەهارێکی تەسەل، بەرگەی بۆ مۆر کردم و سەری سندوقی پۆڵای بۆ هەڵگرتم و گوتی:

– هەڵگرە، هەر چەندی دەتەوێ.

بەشی چوونەوەم هەڵگرت، ئەویش دە ئەوەندەی بەزۆری دەباخەڵم ڕۆ کرد

(*) کۆنسوڵگەری.





و گوتی:

– ئیزن بدە جلوبەرگتان بۆ ساز کەم با بەکۆک و پۆشتەیی بچنەوە بۆ من عەیب دەبێ . ئەمن سەد هێندەم نانی ئێوە خواردووە.

گوتم:

– قوربان جلەکانمان خراپ نین، لە مێژە لە ماڵێ دوورین ئیزن بدە بڕۆم.

بە فایتوونی خۆیدا بەڕێی کردمەوە سەرپردی ئارازێ. بەپیاوەکەی خۆی کوت هەتا بەچاوی خۆت ئاوەژووی ئەوبەریان نەکەی نەیەوە.

نامەیەکی بۆ پۆستی ئێران نووسی و دایە دەستم، مۆری کرد و سەری نەبەست.

نووسیبووی:

(ئەو سێ نەفەرە بەڕێز و حورمەتی تەواوەوە وەرگرن، هەتا شاری تەورێز بەڕێیان کەن و ئەوپەڕی خزمەتیان پێ بکەن. پاشان ڕاپۆرتی کارەکەتان بدەنەوە بەمن.)

بەخێر و خۆشی گەڕاینەوە. لە شاری تەورێز پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین و دوای چەند ڕۆژێک ناردیانینەوە ساباڵاغ.)

نازانم دایە خەیاڵ بۆ خۆی دەگری یا بۆ ئاغای سالار، بەگریانەوە هاتۆتەوە سەر ڕاوێژە شیرنەکەی خۆی:

(ڕۆڵە ئازادی ئەوهانە دەزەینی خۆتدا ڕاگرە. وڵاتی موکریان و شاری ساباڵاغ پیاوی زۆر کەڵە کەڵە و دەگەورەی بووە. لالایم گاتێ حەجەم قەتی نەهێشت گوڵ بکەن. قەت چاوی دیتنی ئەو شارەیان نەبوو. ئەو خەڵکە ئازا و ئاقڵەیان نەناسی. هەر بەسەریان دادا. ئەگەر نەکرابی خۆ بەخۆ بەگژ یەکیان داکەن، وەک قەلی سەر قوڕاوی بەهەمان تێی بەربوون.

(ڕەبی ئەتووش وەکی ئەو پیاوانە ماقووڵ بی. ئەوەندەی گڵ لەسەر وانە سەد هێندە حەمری توو بی.)

دایە خەیاڵ بێدەنگ بۆوە، هەرچەندە شەڕ و هەڵڵای (مەلی) مێشک و دەمارم ئازار دەدا، دیسان بەرە بەرە چاوەکانم بۆ خەو شل دەبن...

نەهارێکی تێر و تەسەلم خواردووە. دەستاوی زەڕی قسەی لەسەر نییە.

(ئیلاهە) تازە دارە دارە دەکا.

لە باوەشی دایکی ڕا بەلارەوە خـــۆ دەئامـــێـــزی من داوێ، وەک لە هەورازێک سەرکەوتبێ پشوو سوارە. دەتریقێتەوە، سەر بەسینگمەوە دەنێ. دەست بەسەریدا دێنم، خۆ دەباوەشی دایکی داوێتەوە، (زەڕی) توند بەخۆیەوە دەکوشێ. بۆنی پێوە دەکا. دەیلاوێنێتەوە، دەخەوی دەکا.

خەریکم وەدەرکەوم، جلەکانم دەبەردەکەم، زەڕی ئیلاهەی نواندووە، بلووز و داوێنی لیمۆیی دەبەر کردووە. بزەی لەسەر لێوە، بۆ لای من دێ، بسکی بەسەر سینگیدا پەرێشانە، قوبەی سەر سینگی شەپۆلی بسکەکانی دڕ داوە. دێتە پەنام، چاوە خومارەکانی ناز دەبارێنن:

– حوسێن!

– ئا.

– ئیلاهە چەند جوان و شیرن بووە، تۆ عەیبی دەبینی؟

– نا ئیلاهە لە ساواییییەوە هەر وابوو، هەردێ و شیرنتر دەبێ.

– نا حوسێن ئەوە چاوی دایک و بابە جوان دەبینێ.

– دەتەوێ بڵێی ئیلاهە عەیبدارە!؟

– هەرگیز، دەڵێم هەموو کەس منداڵی خۆی خۆشدەوێ.

لە قاقای پێکەنین دەدەم:

– عەجەب کەشفێک.

– نەت ئەنگاوت.

– چییە ئەدی؟

– تکایەکم هەیە!

– فەرموو!

– منداڵی خەڵک ئازار مەدە، وای دانێ کەسێک بیەوێ ئیلاهە، تەمبێ کا، یا خەتاشی کردبێ.

چوومەوە ئیدارە، نازانم، لەخۆوە بێ وازم یا قسەکانی زەڕی کاری لێ کردووم. قەرار بوو پرسیار لە ئەمیر بکەم. بۆ جاری سەدوم. دڵم بۆی ناچێ. زەنگ لێ دەدەم، یەکێک دێتە ژوورێ:





(ئەمرکە قوربان).

– پەروەندەی ئەمیر بێنە.

بن هەنگڵێک پووشە و پەروەندە لەسەر مێزەکەم دادەنێن. کوتە کاغەزی چەپک کراو، پرسیار و وەڵامەکانی، یادداشتەکانی، زۆریان لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵناسین، وێ دەچێ پتر کاری لەسەر دەرسەکانی خۆی کردبێ، خەریکی گرد و کۆکردنی نەزەریەی عیلمی و عەمەلی بووە.

تاوێکیان کار لەسەر دەکەم، هۆگری قەڵەمەکەی دەبم. هەردێ و پتر، زۆریان هەر چڵک نووسن، مەودای نووسینەوەی دووبارەی نەبووە، ئێمە نەمان هێشتووە، پێش ئەوەی کارەکانی تەواو کا دە زیندانمان کرد...

لەبەر چی گرتوویانە! ئەگەر عیلم خراپە ئەدی ئەو زانستگایانە بۆچی ساز کراون؟! ئەمیر گوناهی چییە! کلکی کەری وەیسی بڕیوە؟ کام نەزمی شێواندووە، ئاه ئەو چەپکە کاغەزەیم نەخوێندۆتەوە، دەمبا دەناخی خۆیەوە:

«بەندیخانەیە، (مچەکەچەڵ) ئانگژای (حوسێن قوڵی) بووە. وێڕای یەک چۆکیان لەسەر بێتۆنی ساردی حەوشەدا داوە، خەریکی زۆروانی دەستێن. مەچەک و قۆڵی خاڵکوت کراو، ڕەگی شین و توند و خوار و خێچیان لە چاو دەدا، هێندە گرێگرێ و کلکەتەشین وەک ئێسقانی قۆڵ و جونگەیان تەنیبێ و چنیبێ.

ئارەق زەنگوڵ زەنگوڵ لە سەروگوێلاکیان دەتکێ، مل هێندی کاریتە ئەستوورن، پەنجەیان وەک هۆرە چووە دە پاڵ یەکەوە. دوو گرێداری چەقاو، جار جار موویەک ئەولاولا دەکەن.

جەماعەت دەوریان داون، هەرکەس دۆعا بۆ کەڵی خۆی دەکا.

(مەمەد ڕەزا) دەڵێ:

(فوولاد پەنجە لاروە گوربانەم – بەقوربانی ئەو پەنجە پۆڵایانەت بم)

– خلە شەل:

(مچە کەڵە)!

سێ چوار ڕووتەڵەی زەردەڵە، بەکەلێنی حەشامەتی شڕۆل و دڕۆڵدا، چاو

لە زۆرەوانی ئەو دوو ملهورە دەکەن.

لە هەر چورتە چورتی شان و باهۆ و نرکە نرکی سینگ و گەرووییەک، زەردەڵەیەک دەلەرزێ و سەری حەسرەت ڕادەوەشێنێ و هەناسەی بێ هێزی هەڵدەکێشێ...

حەوشەی بۆڕ و چڵکنی بەندیخانە یەکی دی نابا. زۆرتریان لە دەوری زۆرەبانی کۆ بوونەوە، چاوەڕێن یەکیان ببەزێ، چاوەڕوانی بۆ ماوەیەکی کورت، ئارەزووی هەڵفڕین بەسەر دیواری بەرز و ساردی بەندیخانەی لە بیر بردوونەوە.

لەو بەری حەوشەی زیندان، من و ئەحمەد ئارام ئارام دێین و دەچین. ڕێچکەی بێتۆنی حەوشە وەها تەسکە شانی وێک خستووین. من ئیزنم وەرگرتووە بۆ تەحقیق بێمە نێو بەندیخانە. (ئەحمەد) تاوانبارێکی پیاوکوژە، زیندانی ئەبەدیان بۆ بڕیوەتەوە، تا ئێستا دە ساڵی کێشاوە، ڕووی تێ دەکەم:

(دەی کاکە! یا من بەهەڵە چووم، یا عیلم، تێناگەم، نازانم، تۆ نابێ پیاوی خراپ بی، دنیایەک ئەهوەنی و لەسەرەخۆیی دەتۆدا دەبینم، وەها لە حاندت خاترجەمم، دڵم حەساوەتەوە. دەمەوێ وەک دوو هاواڵ وەک دوو برا پێکەوە بدوێین.

هەرچی دەکەم و دەکرێنم بۆم ناگونجێ تۆ بەپیاوکوژ دانێم، وێ ناچی، نانا هەرگیز خوێن دەچاوی تۆدا نییە. دەمەوێ ورد ورد لە سەرەتای ژیانت ڕا بۆم بگێڕیەوە، تکا دەکەم حیسابی دۆستێک لە سەرەمن بکە. ئەوەندی لە توانام دابێ هەوڵ دەدەم ڕەزامەندی تەڕەفەکەشت بۆ وەرگرم. خوا یاربێ کاریشم لە دەس دێ.)

ئەحمەد بەکۆڵێک تەجرووبەوە، بەدنیایەک ئەدەبەوە، جوابم دەداتەوە:

(ڕواڵەتی ئێستای من ئەوە نییە کە دە ساڵ لەمەوبەر دەتدی. مامۆستا قانع لە خۆڕا نەیگوتووە:

«قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بەبەندیخانەیە»

من ئەوە نەبووم کە ئێستا دەمبینی، من بەشەر نەبووم، هیچ هەر نەبووم،





گایەکی سەر و قوون کونکراوی بەرەڵڵا.

بەندیخانە بۆ من بوو بەزانکۆ، لە هەوەڵەوە کەڵکم لێ وەرگرتووە، ئێستاش هەروا، هەر ڕۆژەی تەجرەبەیەک پاشقول دەدەم، دەرسم خوێند، کارم کرد، ئەوەندەم هەوڵ داوە ئەگەر بژیم تۆڵەی چرووسانی ژیانم بکەمەوە. بوومە چەرمی ئاوەسوو، لە کڵ دەردێم. دەزرینگێمەوە، دەبمە شتێکی تر، پەسمەندەی فکری و ماڵیم پێکهێناوە بۆ وەی ڕۆژێک چوومە دەرێ بیکەمە دەزمایە، ئەو ئەحمەد مرد، ئەحمەدێکی ترم.)

هەڵدەکوتمە سەر قسەکەی:

(قەرارمان ئەوە بوو کورتەیەک لە ژیانت باس بکەی.)

(کاک ئەمیر! من زیندانی ئەبەدم، هەرچەندی بتەوێ وەختم هەیە، جگە لەوە دەردی دڵ کردن باری خەمم لەسەر سووک دەکا. ئەمما ئەوەی تۆ دەتەوێ دەبێ وەکی من پیاوێک بکووژی و بێیە ئێرە، دەنا کاری ئەمساڵت دەچێ.)

دەستێکم لە پشتی دا و گوتم:

– پیاو ناکوژم، بەڵام بەڕاستی پێم خۆشە ماوەیەکیان ئیزن دابام لە لات مابامەوە، خوا یاربێ دێیە دەرێ و بەئازادی لە لای یەک دەمێنینەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا:

«گەرمێن دوورە بۆ پیاوی فەقیر، زۆرم پیاوەتی دەگەڵ بکەن لانی کەم پێنج ساڵی دیکەش لێرە میوانم. دوور نییە دێرەدا بمرم. ئەوەش بزانە لە مردن ناترسم، مردن بۆ من حەل بووە، شتێکی ئاساییە، هەزار ژیانی وا خوا بەقوربانی مردنێکی کا، داخەکەم پیاو وەختێک تێدەگا، درەنگ بووە و لە دەستی دەرچووە، بریا ئەوەی ئێستێ دەیزانم دە ساڵ لەمەوبەر دەمزانی، کار لە جێیەکی تر دەبوو، دەڵێن: (هەر ئاقڵەی لە خەسارێکی) بریا ئەو ئاقڵە پێش خەسار بوون هەبا. ئەوەندە لە ژیانی پێشووم پەژیوانم، جاری وایە دەڵێم (بریا هەر نەبووبام) یا مردبام و سەرلەنوێ ژیابامەوە، دەمەوێ لە هەوەڵ ڕۆژەوە بەمێشکەوە بژیم.

زۆرت ماندوو نەکەم باشە، دەگەڕێمەوە منالی، هەر چەند لە چەنگ

بیـــری منالّیم هەڵدێم، ســـەرجـــەمی دەرد و زووخـــاو بـوو. ناتەواوی و هەناسەساردی بوو.

دایک و بابم بەمنەوە چوار کوڕ و سێ کچیان بەشوێن یەکدا ببوو، لەوانە دوو کچ و کوڕێک بوونە سەدەقە و بەلاگێڕی تۆ . ئەوان بەختەوەر بوون و زوو مـردن، من منداڵی گـەورەی ماڵێ بووم، هێشـتا لە یادم نەچۆتە دەر، خـوشکێکی چووکـەم مـرد، زۆرم لە گـۆڕی مـردووم خـۆشـتـر دەویست. ئاخ هەرگیز، هەرگیز لە مێشکم ناچێتە دەر، بەمردوویی سەد جارم شالاو بردە سەرێ و لە ئامێزم گرت، کراسەکەی دڕابوو، لەشی ساردەوە بووی لە سێ جێیان وەدەرکەوتبوو، کراسەکەی ئیتر پینەی هەڵنەدەگرت...

دایکم گـێل و فـەقـیـر بوو، بەنانی ویشکی دەفـەی دەسـووڕاند هەرچی هەمـانبـا دەیگوت: (خودا بەزیادی کـا) ڕۆژێکی هێندەم ڕق هەسـتا لەوانە بوو لێکەوە بم گوتم:

(هێندەت بەنانەڕەقە گوت بەزیاد بێ، خوای گەورە چاوی کرد ڕازین چی تری نەداینێ.)

دایکم هەر ئەوەی بیـسـت دەسـتی دا کـوڵەوەژی تەندوور، هەســتـان و دەرپەڕینی من یەک بـوو. هەڵدەهاتم ئەویش دەسـتـەوتێـلا بەدوومـەوە. لە بەری دەرنەچووم، بەڵام ئەوەندە بەروحم بوو پێش ئەوەی لێم دا گوتی:

(ڕۆڵە ئەحـمـەدە ئەوە لێت دەدەم مـەترسێ، بیـسـمـیللا) هێـشـتـا بەو قسەیەی پێکەنین دەمگرێ.

باوکم بەپێـچـەوانەی دایکم سـەری بەفـەڕزێ خـوای دانەدەدا، لەتاو دەستەنگی بەو ڕۆژگارە کوفری دەکرد، جگە لەو ئاکارە مێشک ویشک و نەزان بوو. شەوانە بۆ ئەوەی بێدەنگمان کا حەکایەتی شای جندۆکانی بۆ دەگوتین، لە ترسی شای جندۆکان هەریەکی کوندەیەکمان میز دە پاڵ خۆمان دەکرد.

خـەریک بووم کـلاسی پێنجی سـەرەتاییم دەخـوێند، سـەرە بەهار بوو، لە مـەدرەسـەی هێنامـە دەرێ، کـتـێـبـەکـانی تووڕ هەڵدامـە نێـو گـۆلاوێکی و گوتی:





(خوێندن بەسە، منالّ زۆر بخوێنێ کەر دەبێ )

لەوەی دوا هەزار کـاری پێ گـۆڕیم، حـەمـاڵی قـرتاڵە، فـەعلەیی، پێش حافزی، کوورەدەمێنی، شاگرد پینەچی وە... کوڕە کاری هیچەکە و پووچەکە نەما پێم نەکا. هەر دەشیگوت: (ڕۆڵە هەتا نەمردووم فێری هەموو کارێک بە، نەمرم دەتکەمە پیاوێک هێندی فەیلەفووسێک(*) بزانی.)

مچە کەچەڵ و حوسێن قـولّی هەروا بەرانگەریەکن. مەچەکیان وەک دوو دار بـووزی لێـک هـالاو هەروا بەهەواوەن. ڕەنـگـیـــــان زەرد هەڵـگـەڕاوە، تێکەلاوێک لە زەرد و ڕەش، وەوەی دەچێ دەقـــەوەیەک دابن. هیچ کـــام نابەزن، یەکـتـریش بەر نادەن. لێـیـان بۆتە کـوردە نـامـووسی. (مـەمـەد ڕەزا) دەگوڕێنی: (یاشاسن، یاشاسن هوسێن گولی – بژی، بژی حوسێن قولّی)

خلەشەل جوابی دەداتەوە:

(مچە لە ئاسنیش ڕەقترە)

(ڕەحیم کاوەیس) سەر ڕادەوشێنێ:

(لەو بەقـوڕێگیراوە پەتێـک، گـوریسێـک وەگـیر ناکـەوێ دە لاقـیـان کـەین، سالّێکی کەلّی مالّی مامم دەگەڵ کەلّی مالّی مەحمـوود جەگەن دەگژ یەک ڕاچوون، ڕۆژێکی عەلەنتەواو فەتەق لێکیان دا، کۆلکەی شاخیان بەجووتە هاتە دەرێ، خـوێن دەڵەمـەی بەسـتـبـوو، کـوڕە سـەرانگوێلک وەک گـایان سەربڕیبێ هەر زلّچەی دەهات. ئاخری هیـچـیـان نەبەزین. من و کـوڕەکـانی مامم بەزووخالّەوە لە پشت کەلّەبەش چەقیبووین. مـالّی جەگەنیش هەروا، لەوانەبوو دەگژیەک ڕابێین. خەڵـکەکە نەیانهـێشت، گـوریسیـان دەپاشووی کەلّەکان کرد و لێـکیان کـردنەوە، شتی وا فـەتەق کێشەی بەدوەوە. قـومار تاوێکی خۆشە. ئەوان زۆرن وەچاکە لێکیان کەینەوە، با نەبێتە شەڕ .)

خلەشەل گوڕاندی:

(حـەللەلا، وەڵلاهی مـچـە دەسـتی وە حـەرزی کـەوێ، دەبێ خـوێن بێ و سـەران بەرێ، مـچـە بێ کـەس نییـە، ئای لالایم گـاتێ ئەگـەر مـچـەش وەک حوسێن قولّی لە ئاشپەزخانە کاری دەکرد...)

* فەیلەسووف.

مرقە مرق و فیتە فیت لەولاولا دێتە گوێ. مەچەکی تێکگیراو هەروا چەقیون ئاخر هێز و توانایان دێتە کایە. ئارەق زەنگوڵ زەنگوڵ لە لا ملیان دەتکێ. (ئیرەج ئاژان) بەغەزەبەوە دێ و دەچێ، تێیان ڕادەخوڕێ:

(هەستن! هەستن! بڕۆن بەسسە!)

گوێی نادەنێ. باتوومەکەی لە بەرقەدی دەکاتەوە، نەحرەتەیەک دەکێشێ:

(دەگەڵ تۆمە کەرە کەچەڵ !)

بەردەبێتە سەروگوێلاکی (مچە). دەستیان لێک بەردەبێ، هەڵدەستنە پێ. ئاژان هەمووان دادەگرێ، بەڕاست و چەپدا، دەوەشێنێ، وەک گوێلەگەل دەژووریێیان دەکاتەوە.

ئاژان بۆ لای (ئەحمەد) دێ خەریکە ئەویش وەبەردا، بەرگەی مۆرکراوی نیشان دەدەم:

(سەرکار ئیزنی وەم هەیە)

حەوشەی زیندان چۆل بووە، تەنیا من و ئەحمەد ماوینەوە، لە دەللاقەی ژووریڕا دەنگی (مچە کەچەڵ ) دێ:

(هەر لە من دەدەن. سەد کەس بەشەڕێ لێکی دەکەنەوە. من جەفەنگ لێدەم جووتان دەخۆم، دەڵێی مەختەی شەپانم، شەرتە ئیرەج ئاژان تۆڵەی سەد ساڵت لێ بکەمەوە.)

(ئەحمەد) جگەرەیەکی داگیراند، پاکەتە سیغارەکەی بۆ لای من ڕاداشت و گوتی:

(کاکە کوێت بۆ وەگێرم، ژیانی ئێمە ژیان نەبوو، ژان بوو. هەر لە ئێستێوە هەتا هەتایە باسی نەداری و هەژاری خۆمانت بۆ باس کەم، کەمم کوتووە. ئەوە بزانە ئەو جیرە ناتەواوەی زیندان هەزار شەرەفی بەسەر خواردنی دەرێی مندا هەیە، ئێمە هەرگیز دوو شێومان لەسەر یەک بەتەسەلی نەخوارد.

من و خوشک و براکانم بەبرسیایەتی گەورە بووین، فەرهەنگی بنەماڵەشمان ئەوە بوو عەرزم کردی. باوکم ڕۆژ بەڕۆژ هەژارتر و دەستەنگتر دەبوو، لەبەر نەداری خوشکە هەناسە سارد و منداڵکارەکەمانی دا





بەپیاوێکی گەڕاوەی ژن مردوو، چوار سەغیریشی بوو. هەرگیز هاوکووف نەبوون. باوکم بۆ خۆی لە کار کەوتبوو، بەڵام سێ کوڕی کاریی هەبوو. ئەمما کار نەبوو.

شەوێکی لە برسان، لە داخان و لە وەڕەزی لە ماڵ وەدەرکەوتم، هێندێک خولامەوە، تووشی هاوکلاسیەکی منداڵیم بووم، جلوبەرگی زۆر باش بوون، پێم وابوو کاروباری گرتوویەتی. سڵاو و چاک و خۆشیمان کرد، پێم عەیب بوو زۆری لە لا ڕاوەستم، سەری خۆم داخست بڕۆم، توند شانی گرتم:

(بۆ کوێ!)

- هیندێکم کار هەیە، ببوورە دەرمان بۆ باوکم وەردەگرم.

- ئەحمەد پێم وایە نامناسیەوە، کوڕە ماڵوێران پێم وانەبوو هێندە گێژی، من (حەسەنم)

بەناعیلاجی گەڕامەوە:

- زۆر چاکت دەناسم، لە هەوەڵەوە ناسیمیەوە جا سڵاوم کرد.

- ئەدی بۆ لە لام ڕاناوەستی، ئەو درۆیانە چییە دەیانکەی، تاوێ دی تووشی باوکت هاتم ساغ و سڵامەتە، دەرمانی چی و نەخۆشی کوێ؟

- ڕاستییەکەی (حەسەن) گیان، چت لێ وەشارم لەبەر بێکاری سەرم لێ ئەستوور بووە، نازانم چ دەکەم.

قاقایەکی توندی کێشا:

(کار، هەر ئەتۆ و کار شەرتە ئەمشۆ کارێکی باشت بۆ بدۆزمەوە)

دەستی گرتم و بردمیەوە ماڵی خۆی، ماڵ وەک هی قەرە تاژدینی. جلوبەرگەکەم خراپ بوو، زۆر بەخۆداشکامەوە، نەمدەزانی چۆن دانیشم.

ئەو شەوە حاڵ و باڵی گوزەرانی خۆم بۆ حەسەن گێڕایەوە، جار جار بزەی دەهاتێ، جاری واشبوو سەری لێڕادەوەشاندم، پەیتا پەیتا چڵە و شەوچەلەی لە پێش دادەنام، هێندی دەرخواردام مڕ بووم، شەو درەنگانێکی جێگای بۆ ڕاخستم:

(بەخاترجەمی بخەوە، تا نەیەمەوە وەدەرمەکەوە، هاتوو لە دەرگاشیان دا، لە کەسی مەکەوە، لە کاریش پەرۆش مەبە، تەنیا بەو شەرتە لە قسەم

دەرنەچی) خێرایەکی جلێکی کۆنە و نوێی دەبەرکرد، ئەو ڕۆیشت و من خەوتم، لای نیوەڕۆ بەدەنگی حەسەن وەخەبەر هاتم، بن هەنگڵێکی خواردەمەنی هێنابۆوە، بۆنی کەبابی گەرمم بەسەردا هات، لە مێژ بوو دمم لە گۆشت نەدابوو، هەتا بەپەلە چەپۆکێکم ئاو بەچاوم دادا، ئەو کەوڵی ڕاخستبوو.

بێ تۆ ناخۆش هەتا دەنگمان لە زگی هات خواردمان، پاش نەهار چاوێکی کڕیارانەی لێ کردم و گوتی:

(هەتا سەرخەوێک دەشکێنم، دەستێک بەسەر و گوێلاکتدا بێنە، تیغ و لفکە و سابوون لە حەمامەکە داندراون، خۆت خاوێن کەوە، لەم خەڵوەتیە دەستێک جل بەئارەزووی خۆت هەڵبژێرە، پێلاوی تازەشی لێیە، ئەوانیش تاقی کەوە بزانە کامیان بەلاقت خۆشن.)

بەعومری خۆم کەس هێندەی پیاوەتی دەگەڵ نەکردبووم، پێم وانەبوو لە بەهەشتیش ئاوە کۆک و پۆشتە دەبم، بەڵام نازانم چ هەستێک بوو، سوور هەڵگەڕابووم، بەخۆم داشکابوومەوە، دەمەویست ئەو خەڵاتە وەرنەگرم.

(حەسەن) دڵسواری و سەر لێشێواوی دە ڕوخسارمدا خوێندەوە، بەچاوی لۆمەوە:

(ئەگەر دۆست و برادەر نین ئەی بۆ شەوی ڕابردوو سفرەی دڵت لە لام کردەوە، قەرار بوو لە قسەم دەرنەچی؟ پێم وابوو زۆر لەوانە پیاوتری! هەستە! ڕاستەوە بە، من و تۆ بۆ ڕۆژێک پەیمانی برایەتیمان نەبەستووە!)

ئیدی لە قسەی دەرنەچووم، هەتا من دەستێکم بەسەر و گوێلاکمدا هێنا و خۆم خڕ هەڵدا، ئەویش سەرخەوێکی شکاند.

کاتێک هاتەوە هۆدەکەی من، قاقایەکی کێشا و باوەشی پێدا کردم:

(لەوانە بوو نەتناسمەوە، بوویە پیاوێک دەبێ ملکت پێ بەش کەن، جا برالە لە قەدیمەوە گوتوویانە (کەوای سوور پلاوێ دەخوا) من دەبێ بڕۆم، تۆ هەر لێرەبە، خۆت بەشتێکەوە بخافڵێنە، دوای نوێژی خەوتنان دێمەوە، پێکەوە وەدەر دەکەوین، شێو لە دەرێ دەخۆین، کەسوکارت فەرامۆش کە،





تازە بۆ خۆت پیاوێکی، ئەو جێگا و ڕێگایەشمان هەیە، سەر بەسەری یەکەوە دەنێین، لە کەمی کەم و لە زۆری زۆر، سەڵت و ڕەبەنین. بەڕێچوون ئەوەندەش گران نییە، هەر ڕێگاکەی بدۆزیەوە کار تەواوە، ئەویش من شارەزام، ئەدی گێلەگیان! بێعار بە، دنیا زۆردار و بێعار دەیخوا، ئەو جلە کۆنانەش فڕێ مەدە بەکەڵکمان دێ.)

پێش وەدەرکەوتن دیسان جلە کۆنەکانی دەبەر کردەوە، قرتەیەکی توندی لە قامکی دەستی هێنا، وەدەرکەوت و دەرگای لەسەر پێوەدام. لە پێش ئاوێنەیەکی باڵانوێن چاوم لە قەد و گیپاڵی ڕانەهاتوو بەبەرگی تازەوە دەکرد، دنیایەک پرسیاری بێ وەڵام دەورەیان دابووم، ئەو ژیانەی بە چی پێکهێناوە!؟

بەبوونی ئەو هەموو بەرگ و لیباسە تازانە، ئەو جلە کۆنانەی بۆ چییە؟! بەرگی شەو و ڕۆژی یەک نین! بە چی بەڕێ دەچێ؟ دەیان پرسیاری دی ئاخری فکرم بڕی نەکرد و چم بۆ ساغ نەبۆوە، خۆم ڕازی کرد هەرچی ئەو بڵێ وا بکەم، ئیدی لە ڕووتی و برسیایەتی جاڕز ببووم و بیری گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆمانم بەڕاشکاوی فڕێدابوو.

ئەو شەوە و چەند شەوێکی تر بەو چەشنە گوزەرا، هەر شەوە لە ڕەستووڕانێک خۆمان کۆک و پۆشتە دەکرد و وەدەر دەکەوتین، چی وای نەگرت ئۆگری ژیانی تازە بووم، نێوە نێوە چەپکە پووڵێکیشی دەگیرفانم ڕۆ دەکرد، پێش ئەوەی وە دەنگ بێم دەیگوت:

(بەقەرز دەتدەمێ، کەوتیە سەر کار بمدەوە، ئەو من و تۆیەش وەلانێ.)

دەو ماوەدا چەند جارم ئەو پرسیارە لێ کردبوو:

(کەسپت چییە و چ کارێکی دەکەی؟)

خۆی دەگنخاند و وەڵامی نەدەدامەوە. هەتا شەوێکی گەیاندمە ئەو جێیەی ئەگەر: (پێم نەڵێی دەڕۆم و چیدی نانی سەدەقە سەری ناخۆم) بەبێ وازی و ناقایلیەوە گوتی:

(پێم وابوو چەند ڕۆژێکی تریش وەحەسێی، پاشان پێت بڵێم، ئێستا کە لینگت چەقاندووە باشە، بەڵام دەپیاوەتیت ڕاببینم؟)

گوتم:

(من و تۆ بەلای خۆیەوە پەیمانی برایەتیمان بەستووە، قەرار وابوو کارێک بۆ من بدۆزیەوە. قەدەرێکە وەک گوێلکی جووی بەخێوم دەکەی، منیش پیاوێکی زڕ و زەلامم، لەشم بەمفتەخۆری ڕانەهاتووە، پێم خۆشە دەگەڵت یەکلا کەمەوە، ڕاستەوخۆ بڵێ بزانم تۆ چ کارەی؟ لە دەستم هات وەکی تۆ دەکەم دەنا نا بەڕێی خۆمدا دەڕۆم.)

هێندێکی چاو دەچاوم بڕی و لە سەرەخۆ:

(وا زوو بەجێم دێڵی؟ هەگ ڕاستەوە نەبی چ پیاوێکی، قەت پێم وانەبوو هێندە ترسەنۆکی، لە منت نەکەوێ خوێڕیە پیاو! ڕۆیشتنی چی؟! نانا ئەو فکرانە لە سەرت دەراوێ، ئەمشۆ هەموو شتت پێ دەڵێم، لێشم جیا نابیەوە، تازە دەهەموو سڕوتڕێکی من گەییوی، گەڕانەوەی تێدا نییە. ئەو ماڵەی من غەیری تۆ کەس نەیدیوە، کەسپی منیش شتێکی زۆر ئاساییە، «مجێورم» مجێوری مزگەوت.)

بەبیستنی ئەو قسە چاوێکم لێ بوو بەچوار، خوایە ئەوە من بەشێت دەزانێ یا شێت بووە؟ هاتم زار بکەمەوە، گوتی:

(ڕاوەستە با بەتەواوی حاڵیت کەم، خەریکی شێت بی، بەڵێ ئەحمەدە گێلی ماڵوێران، حەپە مێش خۆری قوڕ وەسەر، دە دنیای ئێمەدا هەرکەس ڕاست بڕوا لە برسان دەمرێ. کەسپی حەڵاڵ ئەگەر هەبێ تەنیا نانی ویشکی دەردێنێ. من بەڕۆژ مجێورم، بەشەو دز، هەر شەوی ماڵێک، دووکانێک، جێگایەکی دەبڕم، هۆدەیەکم لە حەوشەی مزگەوتدا دراوەتێ، لەوێ دەیشارمەوە، هەتا دەنگوباس دەخەوێ. پاشان سەبرێکی ڕایدەگوێزم بۆ ئێرە، لێرەش دەیتوێنمەوە.

شەوانە یەک دوو پیر و پاتاڵ لە مزگەوت هەن، دەرگایان لەسەر دادەخەم و بەجێیان دێڵم، بەڕۆژ خۆم کز کردووە، بەو جلە کۆنانەوە موسوڵمانان خێرم پێ دەکەن، کەس تا ئێستێ شکی تێ نەکردووم، هەروا یەک دوو ساڵێکی دیکە بێ مسەوەدەبم، بەشای دەڵێم یارۆ ...

بەتەنێ کارەکەم پێ هەڵنەدەسووڕا. لەمشۆڕا دەبینە دوو کەس، چی تۆم





ناوێ. هەر ئەوەندە کۆڵی قورس بتوانی ئەویدی لە ئەستۆی خۆم.

هەرچی وەگیرمان هێنا، بەبرابەش بەشی دەکەین. تەنیا شەوانە کەرەتێکم دەگەڵ بکە، بەڕۆژێش لێی بخەوە، من بەبیانووی نانی جومعەی، ماڵە گەورەکان هەڵدێنم لە تۆم دەوێ کۆڵبارچییەکی بەتاقەت بی.)

گوتم:

(بەعومرم فەعلە و حەماڵ بووم، بەتای شەش پووتیەوە غار دەدەم)

(ئەحمەد) دێرەدا بێدەنگ بۆوە، وەوەی دەچێ کۆنە برینی کولابنەوە و سەرلەنوێ زاریان کردبێتەوە. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و دەنگی دەرنایە، زمانی ویشک بووە، خۆ ڕێک دێنێ وەک ئەوەی ئێسقانەکانی، بێ هەست و خوست دەپاڵ خۆیدا بشکێ و بهاڕێ.

زڕەی ڕاکێشانی زنجیرێک ئەحمەدی هێناوە حاڵ:

(بەڵێ کاک ئەمیر، ماوەیەک ئەو کارە نالەبارەمان کرد، ڕۆژێک حەسەن ناردمی بۆ لای ماڵ کڕێک، لە شارێکی نیزیک، ماڵی دزێتیمان دابوویە، پووڵەکەی وێ نەدەداین، دراوەکە زۆر بوو، دەستا و دەستی پێ دەکردین، چووم، کابرام دیەوە، زۆر بەڕووخۆشی وەری گرتم. وەعدەی دا بۆ سبەی پووڵەکەم وێ دا. بردمیە ماڵە خۆی. شێوی دامێ، قەرار بوو بەری بەیانی بەڕێم کاتەوە، قسەی دێو بەراوەژووە. لای نیوەشەو بەجیرەی دەرکە وەخەبەر هاتم، هەروا خەواڵوو بووم، دەستە و خەنجەر هەڕڕای کردمێ. خەنجەرێکی لە قۆڵم دا، گەرمە برین بوو بەئێشی خۆم نەزانی. تێک ڕۆهاتین، نازانم چم کرد و چ کرا، بڕوام پێ بکە دەسکی خەنجەرەکە هات دەدەستمەوە، مۆڵەتم نەدا و کوشتم. لاقم دەبەست چوون، هاواری ژن و منداڵەکەی گەڕەکی وەسەرگێڕام، کەوتمە ژێر ئەزیەت و سوال و جواب، تەنیا قسەیەکم دەکرد:

(قەرزم لە سەری بوو، قەرار بوو بەیانی بمداتێ، قەستی بوو بمکوژێ من کوشتم.)

ژن و منداڵی کوژراویش لەوە بەدەر چیان نەدەزانی. هەرگیز ناوی

حەسەنم نەبرد، باسی ڕابردووشم نەکرد، تکا دەکەم تۆش باسی مەکە. حەسەن دوای گیرانی من ماوەیەک ڕای کردبوو، ئێستێ وەک بیستوومە تۆبەی کردووە و پیاوانە دەژی. ئەوێ دەمێ دەمگوت هاواڵمە و بیپارێزم باشە، ئێستا دەڵێم پاک بۆتەوە با پیسی نەکەمەوە. حەسەن ئەو حەسەن نییە، منیش ئەو ئەحمەد نەماوم. نازانم کێ تاوانبارە، من؟ حەسەن؟ کوژراو؟ کۆمەڵ؟ یا...؟)

(مچە کەچەڵ ) دەست و پێی دەزنجیردا، لە بەینی سێ ئاژانی تووڕە بەرەو زیندانی موجەڕەدی دەبەن، خڕوهۆڕی زنجیر تێکەڵاوی گوڕڕەی بووە:

(من تاوانبار نیم، زۆرەوانی دەستیمان دەکرد، ئیرەج ئاژان غەرەزی دەگەڵمە...)

دەستم دە دەستی ئەحمەد ناوە بڕۆم:

(ئەحمەد گیان! دڵنیا بە قسەکانتم دەگۆڕستانی دڵمدا ناشتووە، هەوڵ دەدەم ڕەزامەندی کەسوکاری کوژراویشت بۆ وەرگرم، جوابی پرسیارەکانیشت ئەوەیە:

(دەسکورتی ماڵی و لاوازی فەرهەنگی وێڕایەک ڕەبی ڕوو لە هیچ بنەماڵەیەک نەکەن.) بریا منیش کۆمەڵناسیم نەخوێندبا، چ دەکرێ لەو بەندەڕا دەبێ بچمە زیندانێکی گەورەتر، خواحافیزت بێ.

***



6

پاش داوەتی (ڕەزا) مەلیم نەدواندووە. چەند ڕۆژێک بوو دەهات دەرسی پێ بڵێم قسەم دەگەڵ نەدەکرد. ئاخری دایکم تکای بۆ کرد، هەتا دەرسەکانی تەواو دەبن ڕۆژی سەعاتێکی دەگەڵ خەریک بم. هەموو ڕۆژێ دوای ئەوەی دەرسەکانی تەواو دەبوو، بەقسەی حەلەق مەلەق زۆری حەول دەدا دڵم بەدەس بێنێتەوە رووم نەدەدایە. باسی سەردەمی منداڵی دەکرد، جەفەنگی داویت، خەبەری نێو شاری بۆ دەگێڕامەوە، هەرچی دەیکرد و دەیکڕاند، زۆر ویشک و ڕەسمی جوابم دەداوە، ئەو ڕەفتارەی من زۆری ئازار دەدا، ڕۆژێکی کوتی: (ئاخ چەندەم پێ خۆشە، سەت شەپم لێدەی و قسەیەکم دەگەڵ بکەی).

دیسان چم نەگوت. تەنیا دەمەویست تەمبێ کرێ. من نەمدەتوانی و ئێستاش ناتوانم (مەلی)م ناخۆش بوێ تەنانەت ئەگەر خەتای گەورەتریش بکا، ئەو ماوەیەش دەدڵدا بۆی پەرۆش بووم.

ئەگەرچی دەشایی (ڕەزا)دا بەتەواوی شووی لێ هەڵکێشا و ئەوەی نەدەبوو بیکا کردی، دیسانیش لە بەر چاوم نەکەوتووە، مەلی ئەوەندەی شەیتانە، سەد ئەوەندە شیرنە، ڕوو هەڵماڵاوە، نەترسە، وریایە، ئەوەی بیەوێ دەیکا، (مەلی) فەوزیە بەحەریفی خۆی دەزانێ، پێی خۆشە چاوی کوێر بی و ئەوی پێ نەبینێ.

ئامۆژنم و فەوزیە لەو شەوە تووڕەن، وازیان لە من هێناوە تەنانەت دایکم و دایە خەیاڵیش ئەم ساردییە هەست دەکەن. خەبەری دەرچوونم لە کۆنکۆر، ڕشتەی کشتوکاڵی زانکۆی ورمێ هاتەوە، دایە خەیاڵ لە حاڵێکدا کەیفخۆشی لە ڕوخساری دەبارێ: (ڕۆڵە ئازادی ئەلحەمیلا لە دوازدە حیلمیش واوەتر چووی جا دایە خۆت شیرنی دەوێ!)

– هەرچی بفەرمووی حازرە!

– (فەقەت تکایەکت لێ دەکەم گوێیە خۆم وێ دە و بلێ بەڵێ.)

– بەڵێ!

(ئا کوڕی ئەو پیاوەی نەمری، تکایەکەم ئەو هەیە، «مەلیلە» قەدەرێکە

خۆی بۆ ئێستێ هەڵگرتووە، ئەوهە دڵی لە بۆت دەترۆقێ، کەپۆیە خۆتی بەس لێ هەڵقرچێنە، ئەگەر ناتهەوێ قەیدی نییە بەڵان کێشە دەگەڵ کچۆڵان حەیبە، خۆ توو دەگەڵ سوارەی گوڵاوی ئاغات لێ نەقەڵماوە، لەبەر دڵی دایە خۆت بەڕووخۆشی چاک و خۆشیەی دەگەڵ بکە، ئەگەر بکرێ چەنگە پلماسکەیەکیش خێرت دەگاتێ، ئەدی کوڕانم.)

هەرچەندە نەمەدەویست بەم زووانە دەگەڵ (مەلی) ئاشت بمەوە بەڵام ناکرێ تکای دایە خەیاڵ نەگرم:

– دایە گیان لەبەر خاتری تۆ بە چاوان.

– ئا، هەزار ساڵ بی، رەبی هەر ئەتوو نەکەی خوای بدداتێ.

دەو قسانەدا بووین لە دەرگایان دا، (مەلی)یە بەچەپکێک گوڵی بنەوشەوە، روومەتی گوڵی داوە، جوانترین جلی دەبەر کردووە، پاش پیرۆزبایی:

– ئەگەر زانیت گوڵی بنەوش مانای چییە؟

– دایە خەیاڵ لە پەنای راوەستاوە، دەچێتە دەرێ، بەچاو ئاماژە دەکا دەگەڵی گەرم بم، روو دە (مەلی) دەکەم:

– گوڵ بەپاڵەوان دەدرێ، من کارێکی وام نەکردووە، ئەوە گەورەیی تۆیە، سەرێکی بەمانام لێ ڕادەوەشێنێ:

(جەنابی ئیفلاتوون نەیزانی، دیارە گوڵ بەپاڵەوان دەدرێ، تۆ لە زانکۆ دەرچووی، جێگایەتی، مەنزووری من گوڵی بنەوشە.)

خۆم لە گێژیە دەدەم:

– هەڵبەت گوڵی دیکەت وەگیر نەکەوتووە.

– نەت ئەنگاوت، ئەوە دەرس نییە لە هەموو کەسی باشتر بزانی، ئەگەر گوڵم لێرە وەگیر نەکەوتبا، دەچوومە چل پلەی عەمانێ، گوڵی شۆڕانم بۆ دێنای، گوڵی بنەوش مانای ئەوەیە (لە بیرم مەکە).

چاوەکانی زیت کرد:

– جەنابی موهەندیس ئیفلاتوون، هەتا خێرایەکی دەستی دایە خانم ماچ دەکەم، بێ زەحمەتێکی ئەگەر دەکرێ، ماشێنەکەت زین کە، بمبە لای





نەشمیل.

جلەکانم بە تەواوی نەگۆڕیوە، بەپەلە دێتەوە دیوەکەی من:

– ئیجازە هەیە زەنگێک بۆ نەشمیل لێدەم؟!

– فەرموو.

دەگەڵ نەشمیل چاکوخۆشی دەکەن و سرتەیان دێ گوێی نادەمێ. پردەداتە قۆڵم:

– هێندە ئەم برۆسە بەسەرتدا مەهێنە، تووکت پێوە نەهێشت بڕۆین، لە سەر پلیکان تووشی دایە خەیاڵ دێین، گەسکەکەی دادەنێ:

(خوای پێم نەگری، ئەوهات خۆ ڕازاندۆتەوە، وەوهەی دەچی تا رۆژئاوایە چاون بەئازدی نەکەویتەوە.) (مەلی) بێ راوەستان:

– پیرێژنی ئەو زەمانەی خۆیان خستە بەربایە، شەرعی من و تۆ دەکەن ئی خۆیان وەبیر نایە، دایە خەیاڵ بزەی دێتێ:

(ئی خۆشن وە بیردێ، هەندێکم لە بۆ ئازادی گوتووە، کچانم دنیا هەر دڵداری تێدایە بەڵان بەڕوو سووری.)

بۆ وەی قسەکە بگۆڕم:

– دایە خەیاڵ کاری بازاڕیت نییە؟

(ئازاد گیان چن ناوێ، گوێچی خۆت گرتووە، وریابە لێت نەرفێنن، بەخوای بەو جۆرەی خۆی لە تەپڵی گوڵی داوە، چ قسەی لە سەر نین هەر ئەورۆ هەڵت دەفریوێنێ.)

(مەلی) دەست دەستۆی دەکا. دایە خەیاڵ چاوی پڕبوون لە ئاو:

(رەبی رۆلە چێشتی شاییەتان خۆم)

بەپێکەنین دەچینە دەرێ. سوار دەبین و دەڕۆین، لە نیزیک گوومرگ:

– مەلی من نایەمە ماڵی نەشمیل.

– دەزانم، منیش ناچمەوێ.

– ئەی بۆ خۆت نەتگوت دەچمەوێ!؟

– نەشمیلم حاڵی کردووە، ئەگەر دایکم پرسی.

– ئەدی بچینە کوێ؟

– دەچینە باغی (مکایلی).

– جا ئەوێ بۆ؟!

– دەمەوێ قسەت دەگەڵ بکەم.

– قسەی چی؟

– قسەی، قسە. بەپەنا بەستێن چۆمدا، بەرەو باغی مکایلی دەڕۆین. (مەلی) بێدەنگە. جادە چۆڵە. قسەکانی دایە خەیاڵ بردوومی دەفکرەوە... مەلی وەخۆم دێنێتەوە:

– وریابە دە سەددێمان ناوێیێ!

باغی (میکایلی)م بەجێ هێشتووە:

– ئاھ (مەلی) ببوورە، فکرم رۆییبوو، بگەڕێمەوە.

– نەخێر، مەگەڕێوە، چ باسە فکرت ئاڵۆزە؟ برۆ قەراخ سەد.

– ئەگەر قسەت پێم بوو، نەدەکرا لەوێ پێم بڵێی؟

– ئاوە ئازادترین، لە بەر دایکیشم وا جوانترە.

– دایکت ئیزنت نادا بێیە لای من، خۆ زۆرتر لەوێی.

– نا دایکم من و تۆی بۆ یەک داناوە، لە لانی وییەوە کار تەواوە، هەر وام پێ خوشتر بوو.

رێباریکەیەک لادەدا سەر بەرەو ژێر بۆ قەراخ سەد، سەبرێکی دادەگەڕێمە خوارێ، چێشتەنگاوێکی درەنگە، پشووبایەکی فێنک دێ. ئاو لە کەمیەی داوە، لێوار کەسی تێدا نییە.

لە پەنا شەپۆڵەکان رایدەگرم:

– ئەگەر وابوو، شتێکمان هێنابا بیخۆین.

– هێناومە.

کیفەکەی دەکاتەوە، پاکەتێک مۆز و ئاجیل دەردێنێ. پەتوویەک لە پشت ماشێنەکە دەردێنم و بەرەو ئاو دادەنیشین. چاوی دەشەپۆڵە وردەکانی دەریاچە بڕیوە، دوور دوور دەڕوانێ، وەک چاوی لە داهاتوو بێ، تا دوا شینایی ئاو، بێدەنگی، بێدەنگە، لە نەکاو:

– ئازاد!





– ئا

– لێم قەڵسی؟

– لە بەرچی.

– پاش شایی رەزا، هەست دەکەم ئەو ئازادی جاران نەماوی.

– حەقم نییە؟

– نا.

– چۆن نا؟

– نا، نا، نا.

– خراپ جووڵایەوە.

کەمێکی دیش دەچێ دەفکرەوە:

– ئازاد!

– بەڵێ.

– سەر هەڵێنە، چاو دەچاوم برە.

سەر هەڵدێنم:

– فەرموو.

– منت خۆشدەوێ؟

– کەی ناخۆشم ویستووی؟

– لە شاییەکەوە.

– حەقم نادەیەی؟

– حەقی چی؟!

– مامم ژن و منداڵەکەی بە من ئەسپاردبوو، رەفتاری تۆ زۆر نانەجیبانە بوو، دەگەڵ فەوزیە بۆ وات کرد؟

– باسی مەشکە دڕڕەم لە کن مەکە، لێت دەتۆرێم.

– مەلی!

– بەڵێ.

– (فەوزیە) ئامۆزای من نییە؟

– بەڵێ هەیە.

– حەقی نییە دە دەستی مندا هەڵپەڕێ؟

– حەقی نییە چاویشت لێ کا.

– لەبەر چی؟

– لەبەر بۆیە.

– چۆن بۆیە.

– بۆیە، بۆیە، بۆیە.

– (مەلی) مەنتقت هەیە؟

– مەنتقی چی؟

– دە قسەکردندا قەبوولتە!

– لە حاست تۆ واوەی ئەوانەم.

– چۆن؟

– چاک.

– یانی دەفەرمووی چ بکەم؟

(عەرزت دەکەم کەس حەقی تۆی نییە، کەس ناتوانێ تۆ لە من بستێنێ. نەشمیل من بەگژ تۆمداکرد، بۆوەی دڵت بشکێنێ و قەت بەهەویات نەبێ. لە فەوزیەم راسپاردووە، بێت و دەس هەڵنەگرێ لە نێرەی خەیابانی ئابڕووی دەبەم، دەرپێی لە بەر دادەکێشم.)

– مەلی دەڵێی چی؟ شێت بووی؟

– شێت نیم، زۆریش ئاقڵم و زۆریش ئاشقم.

– ئاشقی کێ؟

– ئی جەنابی ئیفلاتوون، ئی ئازاد.

– باشە باشە، هەمانبوو، نەماندەزانی.

(قەت نەتزانیوە، قەت منت نەناسی، هەرگیز هەست و داخواز حاڵی نەبووی. هەزار جارم خۆ تێ هەڵقوتاندی، لێم ڕاسپاردی، خۆم دەماڵەکەی هاویتی، یانی هەر حاڵی نەبووی؟ تۆ گاڵتە بەهەستی من دەکەی. تۆ ئەوەندەش گێژ نی... تۆ دڵت نییە، بەردی، داری، ئاسنی، مناڵی، ئەگەر





پیاویش بی، ناپیاوی، ئێستە تێگەیشتی؟)

دەستی کرد بەگریان، لەبەر گریان قسەی بۆ ناکرێ. وڵات چۆل و هۆلە، کەس دیار نییە. سەری داخستووە و دەگری. دەسماڵ لە سەری بۆتەوە. دەس بەسەری دادێنم. دەیلاوێنمەوە:

– مەلی نەمدەزانی هێندە منداڵی، خۆ من چم نەکوتووە، لە خەڵکی قەڵسی بەمنی دەڕێژی. من و تۆ هەر ئاواڵەکەی جارانین، تۆ هەر (مەلی) خۆمی، هەر ئەو کچۆڵەی پێکەوە خەستەکێن و کایەمان دەکرد. جاران وانەبووی، بەخیل و حەسوود نەبووی...

سەر هەڵدێنێ، چاوە جوانەکانی وەک گۆمی خوێن:

(ئازاد، کەس حەقی تۆی نییە، هی خۆمی، لە منداڵییەوە، هەرکەس چاوت لێ کا چاوی دەکۆڵم، من خۆم پێ راناگیرێ، نەشمیل تۆی خۆش دەویست هەزار درۆم تێک خست بۆوەی لەبەر چاوی بکەوی. من گەوادیم پێ ناکرێ. گیانی منی، ئاواتی منی، هەموو ئارەزووەکانم دەتۆدا دەبینم، هەموو خۆشەویستی دنیایە دەنیگایەکی تۆدایە.)

دەستی کردەوە بەگریان، گریا، گریا، بەدەنگێکی نوساو:

(لەو داوەتەوە ئابڕووم چووە، دایکم، بابم، براژنم، کاکم هەموو لۆمەم دەکەن. خەڵک دەڵێن: «ئەو کچەتیوە بێ حەیایە» کەس دە دڵی مندا نییە، کەس ئاگای لێ نییە دەو دڵە سەگەمدا چ رادەبرێ.)

– مەلی با پێت بڵێم.

– فەرموو.

– تۆ خوێندەواری بۆ کارێکی وا دەکەی بیبە سەرکۆنەی خەڵک. جارێ دی لەو بەری سەد، عەرزم کردی: (دەتەوێ مارەت کەم) ئەدی بۆ ملت نەدا.

نیگایەکی بەلۆمەوەی لێ کردم و سەری راوەشاند:

(پێت وایە ترسی مانەوەم هەیە، وەهمی ترشانێ دەکەم. پێت وایە مێردم وەگیر ناکەوێ، نا زگت پێم نەسووتێ، من شوو ناکەم. وەک پێم کوتی: «شوو کردن مەرگی عیشقە» من خۆشەویستیم زۆر لە ژیانی ژن و

مێردایەتی پێ گەورەترە. مەبەستی من ئەوەیە، تۆش یا ناتەوێ یا حاڵی نابی. ژن و مێرد دوور نییە لێک وەڕەز بن، تۆران هەیە. تەڵاق، دووری. ئەو پەیوەندە دوور کەوتنەوە و پسانی تێدایە.

خۆشەویستی شتێکی دیکەیە، تەنانەت مەرگ ناتوانی تێکی دا. ئەوەشت لە بیر نەچێ وەک دایە خەیاڵ کوتی: (بەڕوو سووری) ئەمە مەبەستی منە. تۆشم بۆ تای خۆم هەڵبژاردووە، کەیفت دێنێ هەرگیز تێمەگە. من ئەو بەشەی غەریزەیە دەتوانم دەخۆمدا بیکوژم، بەڵام ئەوەی ڕەگی لە دڵم هاڵاوە یانی خۆشەویستی، ئەمەیانم پێ فڕێ نادرێ.

گوڵی (بنەوش)یش مەبەستم ئەوە بوو، لە زانکۆ کچەتیو، مچەتیو دەورەت نەدەن. منت لە بیر نەچێ. ئازاد بۆ هەتا هەتایە دە دڵی منداى، تەنیا ئاواتەکەم!)

خۆ دەباوەشم داوێ. گێژ و مەنگی دامدەگرێ، نازانم چۆنم، لە خۆوە لەشم وەک بینی ئاو دەلەرزێ. بۆنی بسک و بنانگوێی خولێک بەمێشکم دادێنێ. نازانم چ دەکەم و چ پەلەقاژەیەکمە. لە نەکاو هەردووک گوێم دەگرێ:

(دڵداری بەڕوو سووری)

لە خەجاڵەتیان وەختە بتوێمەوە، ڕەنگم گۆڕاوە، دەنگم دەلەرزێ، نازانم چۆنم، مۆزێک پاک دەکا، دەزاری منی داوێ، قەپاڵێکی لێ دەدەم، لەتەکەی دەزاری خۆی دەنێ.

وردە وردە دێینەوە حاڵ. دەست دەکەین بەئاجیل قرتاندن چاو لە چاوەکانی دەکەم:

(مەلی منداڵییە، کایە، تۆران، ئاشت بوونەوە وە)

ئێستاش چاوەکانی ساکار و بێ خەوشن، زیت و وریان، خۆشەویستییەکی تەواو دەچاوەکانیدا هەست دەکەم. دڵم پڕ دەبێ بۆ هەوەڵجار بەچاکی تێگەییوم خۆشەویستیی (مەلی) وەکی من نییە. لە مەرز و سنووری تێپەڕاندووە، چاوم پڕدەبێ لە ئاو. بەچاو تێدەگا، پیلم دەگرێ و ڕاستەوەم دەکا. پەتووەکە دەپشت ماشێن داوێ و قۆڵ داوێتە





قۆڵم:

(با قەدەمێک لێدەین)

بای قۆرغێ نەرم نەرم هەڵی کردووە. بەلێواری ئاوەکەدا دەڕۆین. دوور لە ئێمە دوو کەس قولاپیان هاویشتووە، من بەتەواوی بێدەنگم. مەلی وەدەنگ دێ:

(دەی جەنابی ئیفلاتوون، پێم وابوو هێشتاش وەک «وریا»ی برازام منداڵی، کەچی لەوانەبوو قووتم دەی. ڕەنگە مەشکەدڕە فێری کردبی، هەی قوڕی بەدمی، مەگەر ئەمن بمرم، ئەو ژنەتیوە سووک و چرووکەش بە دەورەتدا دێ)

– کام ژن؟

– ئەشرەف.

– مەلی باوەڕکە تەنیا یەک دووجارمان سلاو و چاکوخۆشی بووە، ئەویش ئەو دەستی پێ کردووە.

– دەزانم بەو شەرتەی واوەتر نەچی.

دیسان نیگای ساکار و منداڵانەی لاچووە. چاوەکانی پڕن لە حەسوودی، بوغز و غەرەز... ڕووم تێ دەکاتەوە:

(دەمزانی بەپێی تەمەن ڕۆژێک غەریزە سواری ملت دەبێ، هێندەی پێوە مەگیرێ، هەوڵ دە ئەو شتەی لانی کەم بۆ چەندساڵێک دەخۆتدا بکوژە، پاشان وەختی دەبێ، تکا دەکەم وەکی من بژی، غەیری تۆ پیاوێک دەدنیادا نابینم.)

– بەچی ڕا بزانم؟

(ئەیلۆ ئەیلۆ «وریا» گیان، تفلە شلک و شلەکەم.)

هەردووکمان بەقاقا پێدەکەنین. توند دەستم ڕێکدەکوشێ، دەگەڕێینەوە لای ماشینەکە.

– مەلی هێندێک تێهەڵنەبین بۆ لای مەیدان بەلەک؟

– هەرچی پتەوێ. بەدەم ڕێوە، لە بەر لێویەوە بەورە بەیتی (خەج و سیامەند)م بۆ دەڵێ: – خەج وەڵامی داوە:

(کەسوکارم ئامۆزا سیامەندی دە نۆجوانە. سمی وڵاغەکەت لە کوێ بێ، لەوێیە سەری خەجێجی بابان وێرانە.
خەج رووی دەکردەوە تەویلە و یەختەرخانە.
دەری دەکێشاوە بۆرەیەکی سەرخڕی کەفەڵپانە. پاشتەرکێکی دادەگرت بەوەزن سووک و بەقیمەت گرانە
دەگەڵ ئامۆزا سیامەندی وەرێ دەکەوت دەچووە سەری دەکێلە سیپانە
شەوێ روویان دەکردەوە کوێستانی عەزیمەت و گەورە و گرانە
دەمانەوە لە بن بەردی دەشاخانە.
سیامەند سەری وەسەر رانی خەجێ دەکرد
خەج دەگریا وەکوو تاوی دەبارانە)
«وە دیارە بەیتی خەج و سیامەندی بەتەواوی لەبەرە، خۆی لێ گێل دەکەم و چ ناڵێم.»
فرمێسک دەکەوتە سەر روومەتی سیامەندی، لە خەوی شیرن هەڵدەستا دەیگوت:
(ئامۆزا بۆ دەگری وەکو تاوی دەبارانە
ئەگەر بەمن ناقایلی تا بتبەمەوە ماڵی دەبابانە)
خەج بەگریانەوە:
(بەهارە ئامۆزا گیان، بەهارە، بەهارێکی لە من لە نەکاوێ
کەس بەدڵی خەجێی قەلەندەر و قەت کەس نەماوە نەبێ
چەندی لە ئێشە، چەندی دەکاتەوە گەرداوێ
ئامۆزا خۆزگەم بەوێ رۆژێ کا، هەڵت دەدا خێوەتێکی تەپڵەک بەزێڕ رووت دەکردە سێبەری دەتاوێ
سەرت دەکردە سەرڕانی خەجێ قەلەندەر و قەت کەس نەماو
دەنوستی وەختی دەچێشتەنگاوێ)
بەرەو مەیدان تێهەڵدەبێن، بێ ئەوەی خۆ سڵ کەم گوێم داوەتێ. بەیتەکەی بەش بەش کردووە، ئەو جێیانەی بەسۆزن پتر ئەوان دەڵێ:
سیامەند دەڵێ:





(وای لە من خەجێ وای لە من تۆ خواکەی خەجێ
بەسەر و رووی سوورەوە
بەسە. مەکە هەی رۆ و گریانێ
مێهر و خۆشەویستیت لە دڵمە تاکو مرانێ
ئاورێک بەربۆتەوە هەناوم
نە بەکۆرژنی شیبای نیوەشەوێ دادەمرکێ
نە بەپریشکە پریشکەی دەبارانێ
بۆ چرووکم لە بەدەنی هەڵدەستێ
لە کوێن هەوری رەش بگرنەوە کەلێنی ئاسمانێ
ئاخ دەستم ناگرێتەوە شینگێ گەرووماری
خەنجەری دەبانێ
لەبۆت بگرمەوە سەر و خواری وڵاتی کرمانجەتی
شەشدانگی کۆنە مەیدانێ بەهارە ئامۆزا
بەهارێکی لەمن بەگێژە،
سەری سیپانێ بەگوڵە، بەسونبولە، داوێنی لە من چەند لێژە
ئامۆزا وەرە تۆ خوداکەی
لە دارەبەن و دارە بناوێم وەکە
لە سێ ریبیانم بنێژە
هەرچەند جارێ دەگەڵ پۆلی شەنگە بێریان هاتی بەسۆزەوە حەیرانێکم لە سەر بوێژە
دەزانی مانگ و شەوێکە دەگەڵ تۆم
دەستمان هەروا بە دەسنوێژە)
(مەلی) چاوەکانی تەڕن، گەیوەتە جوابی خەج:
(ئامۆزا سەری سیپانێ لە من بەدارە
هەر بەدار بەڵالووکە
تەماشای بەختی منی قەلەندەری بابان وێران کە

زیادە لە راوچی دە خەڵکی
سیامەندە بووە بەپەلی دارەبەنێ
خەجێ ماوەتەوە بووکە
ئامۆزا سەری سیپانێ لە من بەدارە، هەر بەدارە سێوە
زێدە لە راوچی دە خەڵکی
سیامەندە بووە بەپەلی دارەبەنێ
خەجێ ماوە بەرەفیقی جند و دێوان هەر قورِ پێوە
بەهارە ئامۆزا گیان، بەهارە
بەهارێکی لە من بەبنیاتە
سەری سیپانێ بەگوڵە، بەسونبولە
دامێنی لە من بە تاتە.
خوارەوەی بەدارەبەنە
سەرەوەی لە من بە قەڵاتە
مەڵێ خەجی پاشی من داخوا کێ بەهەویاتە بەخودای شەمامە رەنگینی
باخەڵی خەجێ لە دەس هەموو کەس قاتە
هەتا بۆ خۆت ماوی لە حاڵی حەیات
ئامێزم بۆ وەگرە
ئەوە «خەجێ»شت بەخەڵات بۆهاتە)

(مەلی) بەکوڵ دەگری، سەری بەئەنیسکانەوە هەڵدەقەندرێ. بەئەسپایی لە داوێنی کێو هەڵدەکشێین...

جادە چۆلە، ئارام و فێنک، دەچینە سەر. (مەلی) هەروا دەگری.

نەقورچێکی تێ دەکوتم:

– بەسە مەگری!

بەگریانەوە دەڵێ:

– ماشێنەکەت لێخورِە کارت بەمن نەبێ.

– قەرار وابوو، قسەم دەگەڵ بکەی، نەمزانی بوویە خاتوو زمهەریر





شینی برایان دەگێرِی.

چاوی دەسرِیتەوە:

– قسەی خۆم کردووە، ئەگەر گوێت لێ بووبێ.

– گوێم لێ بوو، حاڵیش هەم، ئەوە دەحەسوودیدا دەخنکێی. زیندانی تاریکی بەخیلی بیر و هۆشی داگرتووی. هەوڵ بدە چیدی نەگری، یەکێک دەوحاڵەدا تووشمان بێ خەیاڵی خراپ دەکا.

– خەیاڵی چی؟

– دەڵێ داخوا ئەم کچۆڵە چ پەندێکی بەسەرهاتووە، ئاوا لە کوڵ دەگری.

– من شاگردی (خەجی)م. سەد ساڵی تەواو لەو کێوانە پێکەوە بین، دەزنوێژم ناشکێ.

– پێم وایە تاوێ دی دەزنوێژت شکا.

یەک بەخۆی لە قاقای پێکەنین دەدا:

– ئەمن قایم، ئەتۆ گەرم داهاتبووی.

دەمەوێ گریانی لە بیر بەرمەوە:

– کاکت زۆر جاران دێتە ئەو دەوروبەرەی، تووشی بین چ دەکەی؟

– چ ناکەم، لە کەس ناترسم.

– ئەگەر بیەوێ بەڵایەک بەسەر من بێنێ؟

– هەتا ماوم کەس ناتوانێ، بۆ مردووم؟

– کاکت دەگەڵم بەشەرِێ چ دەکەی؟

– کاکم نا هەرکەس، چاوی دەکۆڵم، هەموو کەسوکارمت دەسەر دەگێرِم.

– نەمدەزانی هێندە مێرد خۆشەویستی!

– مێرد و دڵە دەرد.

– بۆ!

– لە بەر بۆیە، کەس مێردی من نییە و نابێ.

– ئەی چی؟

– تەنیا خۆشەویستی.

– من بمەوێ چی؟ یا خۆشەویستەکەت گرنە بگرێ؟
– بە ناقایلی دەڵێم بەڵێ.
بەڕاشکاوی بێ ئەوەی بزەم بێتێ:
– ئەمشۆ بنێرمە خوازبێنی چی؟
– جارێ چوار ساڵی دی لە زانکۆی.
– کارێکی بەژن هێنان نییە.
– ئەدی سەربازی؟
– لەبەر دایکم نامبەنە سەربازی.
بێدەنگە لە پڕڕا:
– دەزانی چییە ئازاد، ئەگەر زۆر مەجبوورم کەی، دیسان چەند ساڵێک دەبێ دەزگیران بین، دوور نییە بۆ هەمیشە.
پێکەنین دەمگرێ:
– دەشیبڕی، دەشیدرووی، هەر بۆ خۆشت هەوی.
– ئەوە قسەی دڵمە، ئازاد ئی منە، بیەوێ و نەیەوێ.
– ئەگەر دڵی بەیەکی دیکەوە بێ؟
– هەردووکیان و پاشان خۆم.
– چی؟
– دەکوژم.
– ئەگەر تۆی خۆش نەوێ چی؟
– درۆیان دەرمەهێنە، تاوێ دی گوێم نەگرتبای...
– هێندەم بەڕوودا مەدەوە، ئەوە جحێڵی بوو.
– ئەدی چاوەکانت چ لێ دەکەی، چاو درۆیە ناکا.
– کەی چاوی من؟
– ئەو ڕۆژەی داواکارم هەبوو، ئەو وەختی چۆڵەمەشکێنەکە.
هێشتا نەگەیشتووینە سەر (مەیدان بەڵەک):
– ئەرێ شاگردی (خەجێ) دەڵێی چی یەگجاری هەڵتگرم؟





چاو لە سەعاتەکەی دەکا:
– ڕۆژ درەنگە بگەڕێینەوە.
سەر داوێمە سەری:
– شاگردی خەجێ لە دایکی دەترسێ.
– لە کەس ناترسم تۆش پیاوی ژن هەڵگرتن نی
– لەبەر چی پێت وایە؟
– بگەڕێوە، ئەرزت دەکەم.
– ناگەڕێمەوە، چت لە دەس دێ؟
– بەگوێتدا دەنووسێم.
خەریکە ئامبازم بێ، دەو جەنگەدا ماشێنێک ڕووبەڕوومان دێ. ددان دەچیرەوە دەبا:
– خێرایەکی بگەڕێوە، هەتا سێ دەژمێرم، گوێیەکت دەچێ.
پتەیەکی لە کەپۆی دەدەم و دەگەڕێمەوە:
– فەرموو!
– دەزانم پیاوی ژن هەڵگرتن نی ئیفلاتوون گیان!
– ڕاست دەکەی، کەسێک ژن هەڵدەگرێ نەیدەنێ.
– دایکم لە مێژە بۆ یەکتری داناوین.
پێچێکی توند ڕەت دەکەم:
– وەڵڵا دایکی منیش هەروەتر.
– ئەرێ دایە خەیاڵ هەمووی بۆ گێڕاومەوە.
– هەر دوو قسەی مەلای ماوە.
– هەرگیز، جارێکی دیش نەخەڵەتێی دەستم لێدەی.
پڕ دەدەمە دەستی:
– دەستم بەردە، زوو!
جوابی نادەمەوە، وردە وردە ڕێکی دەکوشم، بەهەموو هێزی خۆی دەستی بۆ دەرناکشێ:

– دەستم بەردە، دەنا دەیگەزم.

جوابی نادەمەوە، زۆر هەوڵ دەدا، لە نەکاو بەدەستمدا دەنووسێ:

– بوویە پشیلە!

– خەتای تۆیە.

چاو لە دەستم دەکا، جێ ددانەکانی قووڵ بوون، جێ کەڵپی خوێنی لێ هاتووە:

– حەک کوێر بم.

– حەک سەد جار.

زەرد هەڵگەڕاوە، پڕ دەداتە دەستم، سەبرێک ماچی دەکا:

– ئازاد! زۆر ئێشا؟

– چ نییە، نارەحەت مەبە.

– کوێر بم.

– سەد جار.

– ئازاد تووڕەی؟

– نا، دەستم بەردە!

– بەرینادەم.

– بەریدەی باشترە.

پێدەکەنم، حاڵی دەبێ:

– ئازاد! دەگەڵم ئاشت بوویەوە؟

– تازە خوێن هاتۆتە گۆڕێ.

– بەر خۆین دەبم، لەو قەراغەی رایگرە تێر و پڕم لێدە.

– (مەلی)! ئەرێ شێت نەبووی.

– کوڕە بەرێ وەڵڵا، شێتی تۆم، دەبەر نێوی دڵت مرم. دەسەر ئەو چاوە جوانانەت گەڕێم، دڵم دەگەڵ چاکەوە.

– دڵم خرانەبووە، ها جارێکی دیکەش دەستم بگەزە.

– لە بەر وەی ناڵێم، لە سەر مەشکەدڕەی چاو هەڵپزاو دەڵێم.





– راستییەکەت دەوێ؟

– دەمەوێ تێر و پڕم لێدەی، هەزار جنێوم دەیەی، دەگەڵم لالووت نەبی.

– تەنیا دەمەویست تەمبێت کەم.

بزەبزیەتی:

– یانی دڵم دەگەڵ چا دەکەیەوە؟

– هەرگیز!

– هەرگیزی چی، تۆ ئەو خودایەی بەسە، تۆبەی دەکەم. مەڵێ هەرگیز.

– ئێستاش دەڵێم.

– چاوی پڕ بوون لە ئاو:

– ئێستاش چۆن، چ دەڵێی؟

– هەرگیز ئەو دڵەم نەبووە لە تۆ بڕەنجێ.

وەک گوڵێکی تینوو ئاوی لێ بپڕژێ، گەشاوە:

– بەری پێت ماچ دەکەم، لەو وەختەوە لێم تووڕەی، شەو نەبوو خەونم پێوە نەدیبێی.

– خەونی چۆن؟

– دەخەونەکاندا تووڕە نەبووی، ئازادی جاران بووی.

– من هەر ئازادی جارانم بەو شەرتەی تۆش کەمێک ئاقڵ بی. دایە خەیاڵ زۆری تکا بۆ کردی، دەنا بەم زووانە دەگەڵت ئاشت نەدەبوومەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا.

– تۆبە ئازاد، شەرتە مەشکەدڕە چاوم دەرێنێ دەنگی نەدەم. دایە خەیاڵ، بەڕاستی ژنی چاکە هەر ئەو بۆی گێڕامەوە و حاڵی کردم تۆ فەوزیەت نەویستووە، ئازاد گیان خەجاڵەت خۆم، ئەوە پشتی من و داری تۆ، ببوورە، ئازاد ماڵە بابم...

لەو سەرەولێژەی روو بە باغی (میکایلی) دەچینە خوارێ، تاو لە نێوەڕاستی ئاسمانە. دەستی چەپمان تاقە گراوی بناری کێوە. تاقەدار سەر لکەکانی دیارن. پردی سوور لەبەر سەد بەپێوە ماوە. بای قۆرغێ قوولەی دێ، هاشەی دارە چنارەکان بێدەنگی رێگای وەژێر سامی خۆی داوە.

(مەلی) تەخت و خاترجەم لە پەنام دانیشتووە زرووقەی دێ، روومەتی وەک کۆلکەزێڕینە دەنوێنێ. تیشکی نیگای تیر داوێ، لەشی سووک بووە، رەزامەندی لە روخساری هاوار دەکا.

لە نیزیک مالێ رایدەگرم، (مەلی) دادەبەزێ، خواحافیزیەکی گەرم، دێ بڕوا، دەگەڕێتەوە:

– خەنەت لە لای من رەنگ ناگرێ. کاری خۆشم کرد، ئاشتیش بووینەوە، دەستم گەستی و ماچیشم کرد. شەوێ دێمە لای دایە خانم، بۆت دێمە حاشا، خۆم لێ ون نەکەی.

حیلکەیەکی دێ و دەڕوا. دایکم و دایە خەیاڵ سفرەیان راخستووە، چاوەڕێی منن. دایکم:

– ئازاد لە برسانت کوشتین! ئەوە لە کوێی رۆڵە گیان!

– دایە رەزا دەقسانی گرتم.

دایکم بزەی دێتێ. دەچمە پێشێ دەستی ماچ دەکەم. ئەولاو لام ماچ دەکا.

توند شانم دەگرێ:

– رۆڵە رەزا سەری رەنگ کردۆتەوە؟

– لە بەرچی دەفەرمووی؟

تاڵێک مووی رەشی درێژ لە شانی کۆتەکەم دەکاتەوە:

– لە بەر ئەوە. بەجارێکی خوودارم دەکا، لە شەرمان نازانم چی جواب دەمەوە:

– ئەوە نا، مووی رەزا نییە، نازانم!

دایکم وازدێنێ و چ نالێ، دایە خەیاڵ بەچاویلکەوە دێ:

– دەی، دەی، دەی دەزانم ئەوهە مووی مەلیلەیە، مێوژە رەشکەیە. زۆر بەخۆدا شکاومەوە. سوور هەڵگەڕاو و ئارەقە کردوو، بەبیانووی جل گۆڕین روو دەکەمە هۆدەکەی خۆم. پاش تاوێک خۆ خافلاندن دێمەوە سەر سفرە. دایە خەیاڵ هەڵدەداتێ:

– ئازادی! مەلیلە چی بەسەر هات، لە کوێ بەرهەڵدات کرد؟





– لە ماڵی نەشمیل دابەزی، رەنگە هاتبێتەوە.

چاوەکانی پرووش کردوون، دەزانم جەفەنگی هاتووە:

– پیاوی دە ساڵ و زەمانان، راوە بەرازیان دەکرد، دەچوونە راوە ورچێ، کاری ئەوهایان دەکردن، کوڕ و کاڵی ئێستێ بێ چاوێنی بن، هەر دەگەڵ شەڕە پشیلەیان کردووە.

– شەڕە پشیلەی چی؟

– ئەییی ئەدی بلێ بزانم پشتە دەستی توو چیان بەسەر هاتووە.

دایکم بزەی دێتێ، دایە خەیاڵ قاقا پێدەکەنێ، ئەمن سوور هەڵگەڕاوم، دایکم باسەکە دەگۆڕێ:

– ئازاد گیان خۆزگە نەدەمردم ئەو چوار ساڵە دانیژگایەت تەواو دەکرد.

– دایە گیان ئیشاڵڵا نامری و تەواویشی دەکەم.

دایە خەیاڵ هەڵدەداتێ:

– ئەرێ کوڕم لە وێندەرێ شەڕە پشیلەت نەبن وەڕەز نابی؟

جوابی نادەمەوە، دیسان هەڵدەداتێ:

– ئەرێ ئازادی کوڕم، چ دەبی مەلیلەش بەریە لای خۆت، با لەوێ پڵاوانت لە بۆ لێنێ، دەستاوێکی زۆر خۆشیشی هەن.

جەفەنگی هاتووە و دەست هەڵناگرێ، دەبێ جوابی دەمەوە:

– ئەرێ ئەوە دەڵێی چی، چۆنی بەرمە لای خۆم.

چاوەکانی بەدەغەڵی زیت کردوون و لەبەر لێویەوە:

– ئێستی چلۆنی دەبەیە هەندەران هەر ئەهوا.

شەرم لە دایکم رێ نادا زۆر ناسکی جواب دەمەوە، بەڵام بەو جۆرەی، بەری لێ گرتووە چارە نییە:

– دەبێ بلێیم وەک دایە خەیاڵ رۆژێ جارێکی رەدوو دەکەوت، ئەتۆش وابکە، ئاوا رەنگە دڵی نەرم بێ.

لە نەکاو قووت دەبێ:

– درۆیان تێک دەیەخەی، تاقە جارێکی رەدوو کەوتووم، ئەویش حەیامی حەزەبیم بوو.

– جا چاکە، ئەویش با تاقە جارێکی...

– دەیجا حەیبی چییە، لە نێو حەجەم مەجەمان بۆ خۆت سیخەیەکی باوێ سەرێ و ئاوێ بێنە و دەستان وەشۆ. وەک من بزانم ئاخیری خۆت بە سەردا ساخ دەکاتەوە، جا لە بۆ وەدرەنگیەی دەیەخەی.

– دایە خەیاڵ ئەوانەی بۆ دەگێڕمەوە.

– کوڕە جا وەیلێ، هەر ئێستە بۆی وەگێڕە، خوای بەقوربانی تووی کا، هەر ئەوڕۆ نەیگەیبامێ تڕی بەتاق نەدەهاتن. بۆ خۆشی ئەو هەندەی پێ خۆشە، حەجەمی ئەوهای غارەکەر پێ خۆش نەبی. کوڕانم ئەوێ دەمێ خەیاڵی رەدوو دەکەوت ئەو بەرهەڵدایییە نەبوو، لە سەڵای بەیانیڕا کچۆڵە دەگەڵ کوڕان چنگە پلّماسکەی بکا و ئای جار جارەش بیڕنێ.

یا بەدەستانی دانووسی پاشی بەبێمزەڕەتی نوێژی نیوەڕۆیە وەگەڕێن. دەلێن دەزگیرانی ئەو حەیامەی، لە نێو حەجەمان یانی، شەش مانگی رەبەق بێ مارە و تەڵاق پێکەوەن، پاشی ئاهی نەگرفتە دەبنە ژن و مێرد یا هەرکەسەی بەڕێی خۆیدا.

بۆوەی خۆ لە جەفەنگی دایە خەیاڵ بدزمەوە، نەهارەکەم بەنیوەچڵی بەجێ دێڵم، دەچمە ئاشپەزخانە چایەک بۆ خۆم تێدەکەم، دەیبەمە وەتاغی خەو. دەرگا لە سەرەخۆم پێوە دەدەم.

لەو بەری پەنجەرە، ئەشرەف خانم دیارە، سەری بەسەر ئاڵبۆمێک داگرتووە. جار جار شانەکانی جووڵەیەک دەکەن، وەوەی دەچێ بگری. بەدەسرۆکەیەک چاوی دەسڕێ. منی نەدیوە...

چایەکەم خەریکە سارد دەبێتەوە، قومێکی دەخۆمەوە. سێغارێک هەڵدەکەم، خەمێکی لە نەکاو دامدەگرێ. لە سەر تەختەکەم رادەکشێم، روخساری شیرن و مەزڵوومی (ئەشرەف خانم) دەمبا دەفکرەوە:

(سەرکار گەڕاوەتەوە، ئەشرەف ئێستا ژنێکی کامڵ نییە، دەبێ چەند ئارەزووی نەخشینی بووبێ، ئەو خەیاڵانەی وەک بلّقی سەر ئاو پێکدێن و دەپووچێنەوە. ئەو چاوەڕوانییەی لە ژیان هەیە و پێک نایە. هەر گیانلەبەرێک حەقی ژیانی هەیە. ئەوانەی نیازەکانیان دابین نابێ، بەچاوی





ئاوەڵاوە دەمرن، بەزیندوویی مردوون، ژیانی بەشەر دە دنیای ئێمەدا، چەرمەسەرەیەکی بێ کەڵکە، بەداخەوە ژیان، ژانە. بەژانەوە ژیان ئاویلکەیەکی درێژە، گیانەڵڵایەکی بێ ئامان و بنەوبێر. .کەس بەبەشی خۆی قایل نییە، ئەو هەستە دەناخی ئینسان دایە، ئەگەر قایل بێ مردووە، «ئەشرەف خانم» نموونەی مەزڵوومتری ئەو کۆمەڵەیە...)

دایە خەیاڵ تەقەی قاپ شوتنی دێ. ژانە سەر دایگرتووم، خرتەو تەقەی دایە خەیاڵ مەودای سەرخەوێکم ناداتێ. حەبێکی (والّیۆم) داوێم. ئەو دیو و ئەو دیو و تلانەوەیەک و چاو لێڵ بوون. دەمبا دە خەوێکی گرانەوە، زەنگ لێدەدەم:

– ئەمیر بێنن.

ئەمیر وەک رەگە گیای لێ هاتووە، رەنگی بەڕوویەوە نەماوە، چەشنێک نەترسی و خۆڕاگری دە روالّەتیدا لە زیاد بوونە. وەوەی دەچێ خووی بەئازار گرتبی و دەگەڵ ئەشکەنجە ڕاهاتبێ. ئاماژەی دەکەم لەسەر کورسییەک دانیشێ. ڕۆدەنیشێ.

ئەو ماوەیەی نووسراوەکانیم خوێندوونەوە، بەتەواوی لە بارەی ئەودا بیرم گۆڕاوە. زۆر ژێر تەئسیری نووسراوەکانیم، کەسایەتی ئەمیر لە لای من بەرزە، رێز و حورمەتی بۆ دادەنێم، ئیتر ئەمیر ئەو ئەمیری پێشوو نییە، بۆ خۆم لە بەرانبەر ئەمیر تێکشکاوم. پاش ئەو هەموو ئەزیەتە چم لێ وەدەس نەکەوتووە. بەپیاوێکی گەورە و مەزڵوومی دەناسم:

– دەی ئەمیر! دەمەوێ برایانە قسەت دەگەڵ بکەم. نامەوێ بنووسی، خاترجەم بە قسەکان ناخەمە سەر شریتیش، هەروا دەدوێین، ئارام و لەسەرخۆ سەر هەڵدێنێ:

– لە کەنگێوە وا برابووین؟! رەنگە خەونێکی تازەت بۆ دیبم.

– ئەمیر باوەڕکە وانییە، تەنیا بەخوێندنەوەی نووسراوەکانت نەزەرم گۆڕاوە. لەوەی دواوە بەڕاستی برادەر دەبین.

– ئەو یادداشتانەم دە حەددی دەرسەکانم دان، شتێکی جیا لەوانەم نەنووسیوە.

– راستە، بەڵام لە بەشێکی نەگەیشتم!

– کام بەشی؟

ئەو بەشەم جیا کردۆتەوە، دەیدەمە دەستی:

– ئەوانە نازانم چن نە فارسییە نە عەرەبی، زبانی عیبری نییە؟

بزەیەکی دێتێ وەک بەشێتم بزانێ:

– ئەمانە کوردین.

– بۆ کوردیش خەتی هەیە؟!

– بەڵێ.

– لە کەنگێوە؟!

– لە مێژە، پتر لە شەست، حەفتا ساڵە.

– یانی چی، کوردی لەهجەیەکە لە فارسی، بەتۆش وانییە؟

– بەڵێ کەیفی خۆتە.

– یانی چی کەیفی خۆمە؟

– یانی نامەوێ بۆت سبووت کەم.

– لە بەرچی ناتەوێ؟

– لەوانەیە ئەوەشم لێ بکەیە تاوانێک، ئێوە لە زمان دەترسن کە ئاساییترین کەرەسەیە بۆ حاڵیبوونی دوو لای قسەکردن.

بەڕاستی نامەوێ بەڵگەی لێ وەرگرم، بەپێکەنینەوە:

– ئەمیر بەهەرچی خۆشەویستمە سوێند دەخۆم، تەنیا مەبەستم تێگەیشتنە.

– باشە. کوردی زبانە، ئەوەی ئێوە دەڵێن لەهجە و گوویش و ئەوانەیە، بێ دەلیل لێتان بۆتە عادەت.

– چۆن؟!

– زبان ئەوەیە، ئەلف و بێی تایبەتی خۆی هەبێ. دەستووری هەبێ، ڕێنووسی هەبێ...

– یانێ ئەوانەی فەرمووت هەیەتی.





– بەڵێ هەیەتی و لە باری واژەشەوە زۆر دەوڵەمەندە.

– ئەمیر!

– بەڵێ.

– ئێوە بەڕاستی پێم بڵێ، جیاوازیخوازن؟

– ئێمە کێ؟

– ئێوەی کورد؟

– خێر.

– چۆنی سبووت دەکەی.

– من نامەوێ سبووتی کەم، ئەوە تۆی دەبێ ئەو تاوانە بەبەڵگەی قایمەوە لە سەر من سبووت کەی.

دەفکری ئەوەدام ئەگەر ئەمیر هاوکاری ئێمەی کردبا، زۆر زوو پلە و پایەی دەچووە سەرێ. هێندە دەو فکرەدا نامێنمەوە، دیسان ئەمیر دەڕوانگەی مندا بەرز و بەرزتر دەبێ:

– ئەمیر، ئەم ناوە کێ لە تۆی نا، تۆ دەڵێی فەقیرین بەڵام ئەمیر ناوێکی شازادانەیە.

– ئەم ناوە خۆم بۆ خۆمم دۆزیەوە.

لە قاقای پێکەنین دەدەم:

– خۆت ناوت لە خۆت ناوە؟

– سەیر نییە ئەویش لە ترسی ئێوە بوو، باوکم ناوی نابووم (عومەر) بۆ خۆم لە ترسی ئێوە کردمە (ئەمیر) جێگای پێکەنین نییە و جێگای گریانە، دەکۆمەڵێکدا دەژیم حەقم نییە ناویش بەسەلیقەی خۆم هەڵبژێرم.

– ئەمیر! باوەڕکە قسەکانت زۆر خۆشن، بۆ من تازەن، بڵێ بزانم جگە لەوانە بۆ خۆت چی؟

– من ئینسانم.

– یانی چی! مەگەر کەسێک بەرگری لە ئینسان بوونی تۆ کردووە؟

– بەڵێ.

– کێ؟

– حکوومەت.

– یانی پاشایەتی؟

– ئەگەر وەک بەڵێنت داوە نەیکەیە پەروەندە، بەڵێ.

– دەلیلت چییە؟

– ئەوە نییە حەقی ئینسانی من کە ئازادییە داگیر کراوە.

– ئەمیر، دەڵێی چی؟! ئێران بەپڕتاو بەرەو شارستانییەت چوار ناڵە دەڕوا.

– بەڕواڵەت بەڵێ، بەڵام ئەوەت عەرز کەم حکوومەتی دژی ئازادی ناتوانێ بەرەو شارستانییەت بڕوا.

– لەبەر چی؟

– لەبەر ئەوەی ئەندێشە، بیر و خۆ دۆزینەوە و خۆ ناسینی ئینسانەکان رادەگیرێ. شارستانییەت بەبەرگ و لیباس وە... پێک نایە. – نموونەیەک؟

– گیرانی من.

– تۆ دژی ئەو پێشکەوتنەی.

– دەلیلت چییە؟

– ئەوانەی سەرێ وا دەڵێن. ئەگەر واش نەبێ بلێ بزانم لە مافی ئینسانی چت دەوێ؟

– وەک ئینسانێک بژیم.

– دەبێ چ بکەن کە ئەو مافی ئینسانییەت بدرێتێ؟

– مافی بەشەر لە دایکبوونڕا دراوە، پێویست ناکا بیدەنێ، بەڵکو حکوومەتەکان زەوتی دەکەن، لێی داگیر دەکەن، ئەو مافە لە ئینسان جیا نییە، دەزاتی ئینساندایە. ئەو حکوومەتانە خەڵک ناپارێزن. بەڵکو خۆیان دەپارێزن، دەوەها جێگایەکدا حەق پێشێل دەکرێ. لە ترسی زوڵم حەق ناگوترێ، کە نەگوترا زەوت دەکرێ. کۆمەڵ ناچێتە پێش، رۆژ بە رۆژ بەنیسبەت دنیای خۆی وە پاش دەکەوێ. جا پاشکەوتوویی نابێتە شارستانییەت.

– ئەمیر بۆ نایەی هاوکاری ئێمە بکەی؟





– نامەوێ خۆفرۆش بم.

– یانی من خۆفرۆشم؟

سەرێکم لێ بادەدا:

– خۆت دەزانی، من نامەوێ لۆمەت بکەم، تەنیا جوابی پرسیارەکەت بوو.

– ئەمیر بەڕاستی تۆ جیاوازیخواز نەبووی؟

– هەرگیز.

– ئەی بۆ وایان بەئێمە سەلماندووە؟

– بۆ وەی بەگژ یەکی وەک منت داکەن.

– ئەمیر بەبڕوای من تۆ بێ تاوانی.

– ئەدی بۆ پەنجەت بەپێلاقە شکاندم.

– خەجاڵەتم ئەمیر...

لە وەتاغی ئەشکەنجەڕا هەرا و هاوارێک دێ:

(بلێ، بلێ، بلێ!)

– جەللاد، پیاو کوژ، بێ شەرەف، بمکوژە، نازانم.

ئەمیر ئاقڵە، مەزڵوومە و من ناپیاوم. مچوڕکێک بەبەری پێمدا دێ بەتۆقی سەرمدا دەچێتە دەرێ. هاواری وەتاغی ئەشکەنجە هەر دێ و بەسامتر دەبێ لە نەکاو دوور دەکەوێتەوە وەک لە بنەبانی ئەشکەوتێک، نیوە نووزەی برێنداریک...)

مەلی سەبرێکی هەرام لێ دەکا:

(ئازاد هەستە ئێوارەیە!)

***

لە زانکۆی ورمێ ناونووسیم کرد. زۆرم هەوڵ دا لە جێخەوی دانشجوویی تەختیان نەدامێ. هەرچەند ماشێنم هەیە و بەینی (مەهاباد) و (ورمێ)ش هێندە دوور نییە، ئەمما ئەو هاتوچۆیەم دایە پێ ناکرێ. هەموو رۆژێ دەرچوونم نابێ. هۆدەیەکم دەوێ تێیدا وەحەسێم.

شار دەگەڕێم و دەپرسم. دایی (غولام) دەدۆزمەوە، دەلالی ماڵ و دووکان بەکرێگرتنە. پیاوێکی پیری بەگوردە زۆربەی خەڵکی شار دەناسێ. پاش رۆژێک گەڕان، لە گەڕەکی (مێهدولقەدەم) وەتاغ و پاشخانەیەکی خاوێنی بۆ دۆزیومەوە. ماڵی ژنێکە بەناوی (جەیران) خانم. وەتاغێکی بەلاوەیە. ماڵی (جەیران) خانمیش لەو بەری حەوشە دیارە زۆر لە هۆدەکەی من رێکوپێکترە.

ئەو ماوەی دەگەڵ دایی (غولام) دەخولاینەوە یەک پشوو نیسکە نیسکە کولێرەی داویشتە زاری. پاش دۆزینەوەی ماڵ رووم تێ کرد، بۆوەی گاڵتەیەکی دەگەڵ بکەم:

– دایی ماندوو نەبی لە کولێرە خواردن!

بە پێکەنینەوە:

– عەمەل کراوم، دایە برسیمە.

کیفەکەم دەرێنا و پوولم لە پێش راگرت، بەهەموو کەیفی خۆی تەنیا دوو سەت تمەنی هەڵگرت. گوتم:

– هەڵگرە دایی ئەوە کەمە.

– بەزیاد بێ بەسمە، بەشی کولێرەکەم دەکا.

بۆ خۆشم دوو سەتی دیکەم بەزۆری دەگیرفانی هاویت. هەرچەند بەرواڵەت نەیدەویست، بەلام کەیفی پێ ساز بوو گوتی:

– ئەگەر ئێرەشت بەدڵ نەبوو، دەنگ بکە جێگای باشترت بۆ دەدۆزمەوە. جەیران خانم مۆرەیەکی لێ کرد. پاشان مالاوایی کرد و رۆیی.

دەوەتاغە تازەکەمدا دێم و دەچم. فکر لە راخەر و پێخەف دەکەمەوە، چ دەگەڵ خۆم بێنم و چۆنی خاوێن کەمەوە. بیرم دەچێتە سەر دایە خەیاڵ و





مەلی.

(جەیران) خانم دەگەڵ کچێکی جحێڵ وەژوور دەکەون. بەزمانێکی نیوە فارسی و نیوە ترکی:

– (زوهرە) کچمە، تازە دیپلۆمی وەرگرتووە، ئیشالڵا لە دانشگاش دەردەچێ.

زوهرە کچێکی قژ کاڵی لێو ئاڵە. کورتە بالا، زیت، وریا، خوێن شیرن و شەیتان. بێ چارشێو و لەچکە، قژە کاڵ و خاوێنەکەی لە تۆقی سەری فەرەحی کردووە. بەفارسییەکی بێ لەهجە بەخێرهاتنم دەکا:

(کەنگێ ئەسپابەکانت دێنی؟)

بێ تەعاروف و خۆماڵی دەدوێ، وەک لە زووەوە شناس بووبین، دەڵێم:

– سبەی دەگەڵ خۆم دێنم، ئەوی بۆشم نەهات لە بازاڕ دەیکڕم.

– هەر ئێستێ وەتاغەکەت بۆ خاوێن دەکەمەوە، بۆ بازاڕیش ئەگەر پێت خۆش بێ دەگەڵت دێم.

زۆری ماڵئاوەدانی لێ دەکەم:

– رازی بەزەحمەتی تۆ نیم.

کچ و دایک بەزۆر دەمبەنە ماڵی خۆیان. شەربەت و شیرنی و گەورەیی تەواو دەنوێنن. زۆر هەوڵ دەدەن بۆ شێو خواردن لە لایان بمێنمەوە. بەلام مل نادەم و راستەوە دەبم. تا نێو ماشێن بەرێم دەکەن دە وەرێکەوتنەدا (زوهرە) هەرام لێ دەکا:

(ئازاد خان! لە بیرت نەچێ بۆ شت کڕین دەگەڵت دێم)

لە خۆوە دەڵێم:

– باشە، سپاس!

سبەی بەیانی بەشتوومەکەوە زەنگی ماڵی (جەیران) خانم لێدەدەم. زوهرە، شاد و بە کەیف دەرگام لێ دەکاتەوە:

(رۆژ باش ئازاد)

– بەیانی باش زوهرەخانم. خێرایەکی جلوجۆڕم دەگەڵ دەست دەداتێ و دەیبەینە ژوور، هۆدە خاوێن کراوەتەوە، دەرگا و پەنجەرەی شۆراون و تۆزیان

لێ تەکاوە و سڕاوە. قورئان و ئاوێنە و گوڵدانێکی پڕ لە گوڵی سوور لە سەر تاخچەیە. وڵات وەها خاوێنە بۆنی تازەیی لێ دێ. (جەیران) خانم دیار نییە. (زوهرە) زۆر خۆماڵی وڵاتم دەگەڵ ڕێکوپێک دەکا. بەسەلیقە و بەمشوورە. بەئەسپایی وڵات رادەخا و بەشێنەیی دەیرازێنێتەوە. بزە بزیەتی و رووم تێ دەکا:

– (دەی ئازاد، وا دیارە دایکت زۆری خۆشدەوێی.)

– بۆ دایکی تۆ وانییە؟

«بەپێکەنینەوە» ناگاتە دایکی تۆ.

سوورێک بە نێوقەدە باریکەکەی دەدا و بۆ هۆی پرسیارەکەی:

– (شتومەکەکەت هەمووی خاوێن و هەڵبژاردەن، وە دیارە بنەماڵە و دەوڵەمەندن، خۆزگەم بەخۆتکا.)

لە خۆوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم:

– دایکم هەر ئەمنی هەیە. بەداخەوە بۆ خۆشی چەند ساڵێکە فەلەج بووە. «چاوێکی تایبەتیم لێ دەکا:»

– (ئاخ ببوورە، وەدیارە نارەحەتم کردی.)

– ئێمە کەم و کووڕیمان لە باری ماڵییەوە نییە. بریا چمان نەبا و دایکم بەپێوە با، یا باوکم مابا.

– (ئاخ بۆ باوکیشت...)

– بەڵێ بەداخەوە چەند ساڵێکە.

رەنگی دەبزرکێ، خەمێکی گران دەڕوخساریدا هەست دەکەم:

(ئاغای منیش...)

دەیەوێ باسەکە بگۆڕی، بەبەرەوە وردەکارەکانیشی دەکا:

– (لە چ رشتەیەک دەرچووی؟)

– کشتوکاڵ.

بەرواڵەتێکی سەرسوڕماوەوە:

(– کشتوکاڵ!؟ چ بێ مانا، وەمزانی رشتەی هونەری.)

– لەبەر چی دەفەرمووی خۆ کشتوکاڵ رشتەیەکی بەکەڵکە!





بزەیەکی شیرنی دێتێ، بەوردە نازێکەوە چاوەکانی خومار دەکا:

(بەڵێ بەکەڵکە، ئەمما لە تۆ ناوەشێتەوە.)

– دەکرێ رێ و راست بفەرمووی بۆ؟

(– ببوورە، زۆر ببوورە، وەنەبێ کەم و کەسری دەتۆدا بێ، ئەمما.)

– ئەمما چی؟

(– راستییەکەی قەڵافەتی تۆ پتر بۆ خەیابان دەبێ نەک بیابان.)

سەرێکی لێ رادەوشێنم، دەدڵە خۆمدا:

– چی بەسەر چییەوە، هەوەڵ پیاڵە و مەستی...

وەتاغ راخراوە. بەگەسکێکی خاو خەریکی وڵات ماڵینە لە بەرەوە قسەم دەگەڵ دەکا:

(– ئازاد، دایکم چۆتە ماڵی خاڵم، تا ئێوارە نایەتەوە بۆ نەهار چ دەخۆی؟)

نیوە ئاورێکی داوەتەوە، چاوەڕێی وەڵامی منە:

– رازی بەزەحمەتی تۆ نیم. پێم خۆشە پێکەوە لە دەرێ نەهار بخۆین.

(– ئەرێ قەرار بوو بچینە بازاڕیش.)

– جارێ چی وام پێ شک نایە، ئەگەر پێویست بێ سەرێکی بازاڕیش دەدەین. بەڵام بۆ نەهار کەرەم کەی بەسەرم کەیەوە مەمنوون دەبم. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون، بەمەبەستی گاڵتە:

(– دەترسم پووڵەکانت تەواو بێ، کرێ خانووی دایکم نەدرێ.)

بەجووتە پێدەکەنین. رووی تێ دەکەم:

– پەرۆش مەبە، حەواڵەی لای تۆی دەکەم.

(زوهرە) کارەکانی تەواو کردووە، گەسکەکە داوێتە دەرێ:

– ئیزن بدە جلەکانم بگۆڕم و بڕۆین.

ماندوو نەبینی و دەست و چاوخۆشیم لێ کردووە. بەلار و لەنجە بەرەو جل گۆڕین دەڕوا. یادی (مەلی) دەکەم:

– ئەگەر لێرەبا دەیبیردە ئەو جێیەی مەشکەی لێ دەژێ.

وەدەر دەکەوین، خولێکی بەرەو شەقامی دانشکەدە و بەند و دەسووڕێینەوە بەرەو دەریا:

– زوهرە خانم تۆ منداڵی ئێرەی کوێت پێ خۆشە بچینەوێ؟

– جارێ زووە، قەراخ دەریا ناخۆش نییە.

– من کارێکم نییە، بەڵام بۆ تۆ...

– بێ خەیاڵ بە، لە حەوت دەوڵەت ئازادم.

– من واوەی حەوت دەوڵەتیش (ئازاد)م.

حیلکە حیلک بەو جوابە پێدەکەنێ. جادەی دەریا چۆڵە. خەونەکانم وەبیر دێنەوە، حوسێن، زەری و فۆلێکس واگوون...

نازانم چەند دەو خەیاڵەدام، بەدەنگی زوهرە، دێمەوە حاڵ: (– ئازاد چ باسە زۆر توند دەڕۆی!)

چاو لە کیلۆمێترژمێر دەکەم، نیزیک سەتو بیستە. هۆشم لێ نەبووە زوهرە دەستی لە سەر دەستم داناوە. سەبرێکی دەستم دەردەکێشم.

رووی تێ دەکەم:

– ترسای؟

جوابم ناداتەوە. سەری بەرداوەتەوە. چاو لە بەر پێی دەکا، شووشەی لای خۆم دادەکێشم. سێغارێک هەڵدەکەم. زوهرە حاڵەتی دڵشکاوی هەیە. نێو چاوانی گرژە و رووی لە من وەرگێڕاوە. بەشێنەیی دەچینە پێش. بێ ئەوەی چاوم لێ کا:

(– ئەوە چ لێخوڕینێک بوو؟

– کوردەواری.

بزەیەکی ئارامی دێتێ. دەگەینە نیزیک دەریا. بەرەو پلاژەکان لادەدەم، بەستراون. بەستێنی دەریا چۆڵە. تاق تاق ماشێن دێن و دەڕۆن. لای لەنگەرگا چەند کەسێک دیارن:

– زوهرە خانم! ئێرە چۆڵە، وەدیارە نەهارمان وەگیر ناکەوێ.

(– دەریا وەختی بەسەرچووە، مەبەستم نەهار خواردن نەبوو. دەمەویست کەمێک دەردی دڵ بکەین.)





سەرم سوڕماوە، چ دەردەدڵێک. ئاشنایەتییەکی وامان نییە. هەمووی دوو رۆژە یەکترمان دیوە. کەچی زۆر خۆماڵی دەدوێ:

– تکا دەکەم هەرچی دەدڵت دایە بیفەرموو.

ئارام و بێ تەعاروف:

(– هەڵی دەگرین بۆ وەختێکی دی.)

لە سەر لێواری دەریا رایدەگرم. بێ ئەوەی قسەی لێ بکەین، بەجووتە دادەبەزین. شەپۆڵ دێنە بەر پێمان و دەکشێنەوە، کەروێشکە دەکەن. بایەکی سارد و سوێر دەموچاوم دەزوورێنێتەوە زوهرە هەروا ماتە. ماوەیەکی لەوێ دەبین. رووم تێ دەکا:

(– بڕۆینەوە نێو شار. رۆژمان درەنگ کردووە.)

هەروا بەبێدەنگی دەگەڕێینەوە بۆ لای شار. پەخشی ماشێن دەکەمەوە. دەنگی گەرم و بەسۆزی هایدە بەرەو قووڵایی ژیان رامدەکێشی:

(بیا عزیزم بیا صبرم سراومد.)

دەگەڕانەوەدا زۆر لەسەرخۆ دەڕۆم. خەمێکی گران لە سەر شانەکانی هەست دەکەم. ئەو سەر زیندوویی و لار و لەنجەی بەیانی تێدا نابینم. یەک وچان دەڕوانێتە درێژایی ڕێگا. هەتا دەگەینەوە نێو شار، قسەیەکی وا ناکا.

لە نیزیک (بوغدە مەیدانی) بەهەزار زەحمەت جێگایەک بۆ ماشێن راگرتن دەدۆزمەوە. بێ هەست و خوست دەچینە خواری. نەهار لە رەستووڕانێکی نێو بازاڕ دەخۆین. کەمێک قاپ و قاچاغ بەسەلیقەی ئەو دەکڕین. بۆ چایی خواردنەوە و حەسانەوە دەچینەوە بەرەو ماڵ. (جەیران) خانم نەهاتۆتەوە. ئالبۆمی وێنەکانی دێنێ، لە منداڵییەوە تا ئێستا. کەمێک چاو لەوان دەکەم. لە ماڵە خۆیان روو خۆشترە. بەڵام ماتییەکەی لانەچووە، بۆ وەی کەمێکی بلاوێنمەوە، دەست لە سەر عەکسێک رادەگرم:

– تەنیا دەو وێنەدا هێندی ئێستێ جوانی.

کەمێک سوور هەڵدەگەڕێ:

(– کەمێک شانس لە جوانی باشترە.)

– بۆ خۆت بەبەختەوەر نازانی؟

لە مەتڵەب، لادەدا:

– ئازاد، رشتەی دەبیرستانت چ بوو؟

– تەجروبی.

– ئاه هی منیش تەجروبییە. معەدەلی دیپلۆمەکەت چەندە؟

– شتێکی وانییە، هەژدە.

– ئاه زۆر باشە، دەبێ زۆر زیرەک بی.

– زیرەک نیم زۆرم دەخوێند.

– بۆ پزشکیت لێ نەداوە؟

– پێم خۆش نەبوو، دەکرێ لەو رشتەی خۆشم دوکتۆرا وەرگرم.

– ئیشاڵڵا. رەنگە نیازی مالیت نەبێ.

– بەشی خۆمان پتر هەیە.

– ئازاد جاروبارە دەرسم پێ دەڵێی؟

– ئەگەر بزانم.

– شکم نییە دەزانی، بەڵکو ساڵی داهاتوو منیش لە دانشگا دەرچم.

– باشە بەرنامەی بۆ دادەنێین.

بەو قسانە کەمێک هاتۆتەوە حاڵ. بۆ زەحمەتەکانی و بۆ چایە پاک و خاوێنەکەی زۆر سپاسی لێ دەکەم. تاوێک لە هۆدەکەی خۆم رادەکشێم. کارێکی وام لە ورمێ نییە و کلاسەکان گەرم نەبوون. لای ئێوارە، لە حاڵێکدا (جەیران) خانمیش تازە پەیدا بۆتەوە خوا حافیزیان لێ دەکەم و بەرەو مەهاباد وەرێ دەکەوم. ئەو شەوانەی لە ورمێ دەمێنمەوە، زوهرە بەتەواوی دەرسم لە لا دەخوێنێ. لە رادە بەدەر وریایە، بەکورتی ئەوەی من دەیزانم و پێی دەڵێم نە تەنیا فێری دەبێ بەڵکو دەیقۆزێتەوە. بەهەرەمە خەریکە و هومێدم زۆرە ساڵی داهاتوو لە رشتەیەکی باش سەرکەوێ. جار جار بەتورکی قسە دەکەین و ئەو زمانە شیرنەش بەشێنەیی فێر دەبم. (جەیران) خانم زۆر کەم دەبینم و زۆرتر لە دەرێیە لە تێرمی یەکەم بەباشی دەرچووم. دەرسەکان بۆ من چەتوون نین. زۆر جار بێ ئەوەی خۆی پێوە





ماندووکەم، لە سەر کلاس فێریان دەبم. زانکۆ دڵی گرتووم دەگەڵ هاوکلاسەکانم رێک کەوتووین. نامۆیی ناکەم. بەهاری ساڵی ٥٧ سەری پێوە ناوە. ئێران بەرە بەرە دەشێوێ. شتێکی سەیر کە ماوەیەکە بیری ئاڵۆز کردووم. نیگای کیژێکی دانشجووە. ساڵی دووهەمی ئێمەیە. هەر چەندی تێک هەڵدەنگووین بەتیژی تێم دەڕوانێ. تەنانەت هەوەڵ جار کە تووشی هاتم، هەڵبەزیەوە، هەستم کرد تەکانێکی توندی کرد.

نیگایەکی بە قەوەت، بەهێز، بەهێندێک سەرسوڕمانەوە وەک ئاشنایەکی غەریبە، وەک دۆستێکی نامۆ. چاو لێکردنێکی تایبەت.

جار جار دێمە سەر ئەو باوەڕە، کورد بەداعبایەکی سەیر بزانێ. فکرێکی عەوامانەیان هەیە دەڵێن: (کورد لە تایفەی شایەتینییە) رەنگبێ ئەو ئەفسانەیەی لە منالییەوە بیستبێ. یا خەڵکی ناوچەیەکی دووربێ و تازە تێگەیشتبێ کورد (بنیادەمە).

جارێکی دانشجوویەکی رەشتی دەیگوت:

(تا تۆم نەدیبوو نەمدەزانی کورد ئەوەیە. بیستبووم کورد (ئینسان خۆرە، گۆشتی بنیادەم بەشیشەوە دەکەن و دەیخۆن. ماوەیەکی تەواو خۆم لێ لادەدای هەتا دەگەڵت ڕاهاتم. ئێستا ئەو روانگەیە ئەزیەتم دەکا.)

نیگای ئەو کچە خۆشەویستی تێدایە. خۆشەویستییەکی ساکار. وەک خۆشەویستی کوڕ و کچێک نییە. هەوەسی تێدا نییە. نیازی تێدا نییە. دەکرێ بڵێم دایکانەیە یا شتێکی وا. دەغەڵی و حیزی تێدا نابینم. بەپێچەوانەی هێندێک لە کچەکانی دی زۆریش بەحەیایە. بەڵام دەگەڵ تێک هەڵدەنگووین. رادەچەنێ، عەجایب دەمێنێ. نیگایەکی تیژ، شەبەق، خۆشەویستی، ئاشنایەتی، تاسە، خۆشی و خەم و بەتوندی خۆ دزینەوە. حەز دەکەم دەگەڵم رووبەڕووبێ. رەمزی ئەو چاوانە، هۆی ئەو چاو لێکردنە لەسەر دڵم ماوەتەوە و بۆتە گرێ.

ئەمڕۆ دەپشوودانێکی دوای دەرسدام. بەرەو گۆشەیەکی حەوشە دەڕۆم. هەست دەکەم کەسێک بەدوومەوەیە. هەنگاوێکی بەهەرەمە بەشوێنم دادێ. ئاوڕ دەدەمەوە:

- سڵاو!
کچەیە:
- سڵاو خانم.
هێزی نیگای هەر وا تیژە. چاوە رەشەکانی بەرقێکی دڵگریان تێدایە، ئەو شەبەقە قەف قەف بەنێو رەگ و رەگە موویەکانم وەر دەبێ:
- ئازاد خان، ناوی من (ئیلاهە)یە، ساڵی دووهەمم.
- خۆم بە بەختەوەر دەزانم دەخزمەتت دابم، شکور حاڵت باشە؟
- شوکر بۆ خوا.
سێ چوار کوڕ و کچ لێمان نیزیک دەبنەوە، هەست دەکەم ئەوەی دەیەویست بیڵێ، نایڵێ. لە مەتڵەب لادەدا:
(یەکێک لە دەسکەوتەکانی دەورەی دانشگا، ناسینی میللیەتە جۆراوجۆرەکانە. ئەو کەسانەی دەو چوارچێوەدا لە پەنایەک دەڕۆن و دەژین، بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی یەکتر دەناسن و تێک دەگەن. ئەو ناسین و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییە دەبێتە هۆی گۆڕانی روانگە. گۆڕانی روانگە بەشەر بەرەو کاملبوون دەبا.)
هەر چەند قسەکەی جوانە بەبزەوە رادەگەیێنم قسەی دڵی نەکردووە:
- من جارێ چم نەدیوە.
حیلکەیەکی ئارام و دڵگری دەگەرووی دایە:
- پەلە مەکە، شەیتان پەلەی کرد چاوێکی...
- من هەر دووک چاوم خێل بووە، پەلەشم نییە.
کوڕ و کچەکان گەیشتوونە پەنامان، لە بەر لێوبەوە:
- لە بەر ئەوانە دەیخەینە هەلێکی تر.
- هەر دەمێک بفەرمووی!
هەوایەک برۆی هەڵدەتەکێنێ:
- سەعاتی ئاخر لە بەردەرکی گەورە چاوەڕێم بە!
تا لە زانکۆ مرەخەس دەکرێین، بیر لە (ئیلاهە) دەکەمەوە: (هەستی ئەو کچە بەرامبەر بەمن چییە؟ چاولێکردنی؟! نیگای پڕ لە رەمز و رازی!





خۆشەویستی! بۆ؟ وەک نیگای ئەوانی تر نییە، گەرم و بێ هەوەسە، قووڵ و سەرسوڕهێنەرە، بێ مانای ماناداره، چەندەش نەجیبە! تێگەیشتووە، چەند زانایانە سەری قسەی دەگەڵ کردمەوە: (یەکێک لە دەسکەوتەکانی زانکۆ، گۆڕانی روانگەیە، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگە) دەبێ چ کارێکی بەمن بێ؟ بۆ بەمنەوە نووساوە! تەنیا و گۆشەگیرە. لەبەر چی، ئەو کچە بەو جلوبەرگە خاوێنەوە، ئاوا جوان، ئاقل. دەگەڵ من! منی کورد، غەریب، یانی چی؟! چ نهێنییەک دەناخی دەروونی ئەو کچەدایە؟! بڵێی خزمێکی کوردی نەبێ، رەنگە شکاک بێ! نەوەڵڵا بەفارسی قسەی دەگەڵ کردم. ئەویش وەک کچەکانی دی نەزەرێکی هەیە؟ نانا، نیگای پاک و نەجیبانەیە، ناکرێ ئەوە بێ، سووک و چرووک نییە، ئەو ماوە چم پێوە نەدیوە، کەم پێدەکەنێ. نەدوێنە، قایمە، بەهێزە. رەنگە ئاسۆری، ئەرمەنی، ئەوانەش چەشنێک هاودەردی و نیزیکی دەگەڵ ئێمە دەنوێنن. ئەی ناوەکەی (ئیلاهە) دەبێ موسوڵمان بێ. لەهجەی هەبوو، بێ شک ئازەرییە...)
کاتێک دەگەمە بەر دەرگای گەورەی دانشگاه، (ئیلاهە) چاوەڕێمە.
خێرایەکی دەڵێ:
(برۆ لە هەوەڵی شەقامی دانشکەدە لە سەرم راوەستە.)
ئیدی مەحتەل نابم. دارەکانی کەناری شەقام چرۆیان دەرکردووە. سروشت بەرەو جوانی دەڕوا. سۆزی شەماڵ سینگی ئەرز گەرم دەکاتەوە. خاکەلێوە ملی پێوە ناوە. بۆنی بەهاری شلک و ساوا بەبەر لووتم دادێ. دەبیری (ئیلاهە) دام. ئارام و لەسەرخۆ بەردەبمەوە نێو شار. لە هەوەڵی شەقام پەنا جۆگە رایدەگرم. جگەرەیەک دادەگیرسێنم. دوو مژی لێدەدەم. ئیلاهە بەتاکسییەک دەگاتێ. لە پەنام دادەنیشێ. بێ سوال و جواب وەرێ دەکەوم. بەسەر پردی شارچاییدا دەپەڕمەوە بەری شێخ تەپە. بێ مەبەست هەڵدەکشێین. بەئەدەب وەدەنگ دێ:
- لە جێیەکی رایگرە، تاوێک قەدەم لێدەین.
قسەکانی پتەو و قایمن، زۆرتر وە فەرمان دەچن.

لە گۆشەیەک رایدەگرم، دەچینە دەر. ئاورِ دەداتەوە:

– دەرگاکان داخە.

شان بەشانی یەک دەڕۆین. ئەوەند مـاقـوولـە شـەرم دەمگریَ. بەدەگـەڵ ڕۆیشتنی غەڕرە دەبم. چاوەڕێی قسەکانیم. چاوم دەزاری بڕیوە:

– تا ئیَسـتیَ دەگـەڵ چەند کـوردی دیکەش هاودانشکەدەبووم، هەمـوو بەئەدەب بوون، ئێوە ئێرانییەکی ڕەسەنن. تۆ لە هەمووان پتر.

– شتێکی تایبەتی دەمندا نییە، چاوی تۆ جوان دەبینیَ.

(– نا ئازاد، رووبینی ناکـەم. رەنگە بیسـتـبـێت کـاتێک «کـوورش» یۆنانی گرت مەلەکەی یۆنان کچێکی لە رادەبەدەر جوان بوو، دەگەڵ چاوی بەکوورش کەوت ئاشقی بوو. گوتی «دەمەویَ ئەمشۆ لە لات بمێنمەوە»

کوورش گوتی:

– دەتوانی لێرە ببی بەڵام لە چادرێکی دیکە.

مەلەکە گوتی:

– دەمەویَ شووت پیَ بکەم.

کوورش گوتی:

– ژنم هەیە، دەبیَ بچـمـەوە ئێـران پرسی پیَ بکەم، ئەگـەر رازی بوو قەبوولە. من ئەو سەداقەت و راستی و پاکییە زۆرتر دە ئێوەدا دەبینم.»

– عەرزم کردی پاکی دەتۆدایە.

– نا ئازاد، لە مـێـژە بەهەویام قـسـەت دەگـەڵ بکەم. ئەو کـوڕانەی دانشکەدە، هێندێکیان من بەمەئمووری دەوڵەت دەزانن بۆیە نەمدەویست لەویَ پێکەوە قسە بکەین. من مەئمووری کەس نیم. بڕوا بکەی و نەکەی فـەرقی پیَ ناکـەم بەڵام لە بەر پاراسـتنی تۆ ئەو ئەندێشـەم کـرد. دەترسـام تۆش بەخۆمەوە تاوانبار کەم.

– تۆ لەو شتانە گەورەتری، تاوانیش دەرِێی تۆدا خەڵاتە.

– سپاسی بیری بەرزت دەکەم، دیارە بەهەڵە نەچووم، دە خەیاڵی مندا هەر ئەوە بووی کە ئیَستیَ ڕووبەڕوومە.

– تکا دەکەم هەرچی مەبەستتە، بیَ تەعاروف ڕاست و ڕەوان بیفەرموو.





– وەک بیستوومە تۆ تاقە کوڕەی دایکتی، باوکیشت بەداخەوە؟

– بەڵیَ ڕاستە.

– منیش باوکم نەماوە، یانی هەر نەمدیوە، دەگەڵ دایکم دەژیم، دەزانم چەندی خۆش دەویَم. دایکم لە پێناوی مندا تەمەنی جوانی بەخت کرد.

نامەویَ دیداری ئەوڕۆکەمان خەمبارکەم. رابردوو ڕۆییوە. ناگەڕێتەوە، تەنیا دەڵێم دایکی دڵسۆز خێری خوایە.

– بە تایبەت هی تۆ.

– نازانم دایکی فـیـداکار هەموویان وان. دایکی من دەئەوپەڕی جوانی دایە. هێشـتاش کە تەمەنێکی رابواردووە، کەس وەهمی ئەوە ناکا دایکی من بیَ. مـەگـەر لە نیـزیکەوە بمانناسیَ. ئەو خـۆبەخـتکردنە، چەتوونە. ئارەزوو کوشتن سەختە. من مەرگی باوکم وەبیر نایە، بەڵام ئاگام لێیە زۆر پیـاوی مـاقـوولَ ناردوویانەتە سـەر دایکم، زۆریشـیـان منەت بردووە، تەنانەت پێشنیاریان کردووە منیش بەکچی خۆیان قەبوولَ کەن...

زۆری لەسەر ناڕۆم، تۆی تاقانە و تاقە کوڕە پتر ئاگات لە خۆت بیَ.

– یانی چۆن؟

– یانی سەری ئازاد دەپرێسکە مەبەستە.

– دەکریَ روونتر قسە بکەی!

– لە خـۆت مـەگـۆڕە، وردە وردە وڵات دەشـێـویَ، مـیـللەت خـەریکی جووڵانەوەیەکی سەرتاسەرییە. شارە گەورەکان خۆ نیشـاندانی گەورەیان کردووە. زانکۆی ئێمە دەحاڵی تەقینەوەدایە. کوردەکان لە هەمان توندترن، تۆش هەروەتر. هەرچەند خـۆ گـێل کـەی ئاگـام لێـیـە. تۆ بەتەواوی ژێر نەزەری.

– سـەیرە ئیـلاهە تۆ کـچـێکی تێگەیشـتـووی، من و تۆش بەمـیـللەت حیسـابین ئەی چ بکەین؟ دژی خەڵک بین! دەست لە سـەر دەست دانێین؟ بزەیەکی بەحەیاوەی دێتیَ: – دەکریَ بەمن بڵێی کورد چی دەویَ؟

– لەو وڵاتەی تێیدا دەژی، لە هەموو میللەتان مەزڵوومترە.

– لەبەر چی، زوڵم زوڵمە، مەزڵووم چ کوردبیَ چ تورک.

– وانییە، زوڵمی دووقەدی لێ دەکرێ. زوڵمی کوردایەتی بەتەنێ لێ دەکرێ، زوڵمی ئێرانی بوونی وێڕای میللەتی ئێران. جا بۆیە وەک فەرمووت کوردەکان لە هەمووان توندترن. کورد پتر هەست بەژان دەکا. بەدرێژایی مێژوو زوڵمی لێ کراوە. قەت بەهێندیان نەگرتووە، ئەو بەکەم زانینە دەردە، دە ماڵی خۆیدا غەریبە، بۆ نموونە تۆ دە شاری ورمێدا پاسەوانێکی کوردم نیشان دە.

(ئیلاهە) هەر قامکەی ژانی خۆی هەیە... تۆ دەردی منت نییە. ڕەنگە دەردەدار بی بەڵام نەک وەکی من، نەک وەکی کورد، حکوومەت چی لە ئێمە دەوێ، نەبێمان هەڵدەکا نەوێمان هەڵدەکا. ئازادی مافی ئینسانە، ئێمەی کورد پاش هەر جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازی، مۆری جیاوازیخوازیمان لێ دراوە. ئەوە حکوومەتەکانن بەدەستی زۆر جیامان دەکەنەوە پاشان ئیزن نادەن جیاش ببینەوە بۆمان دەکەنە تاوان.

نازانم دەو قسانەدا چ ڕەفتارێکم نوواندبوو، توند شانی گرتم:

– ئازاد توند دەڕۆی، من ناڵێم ناحەقیو لێ نەکراوە، ئەوانەی تۆش باسی دەکەی بەشی زۆری ڕاستە بەڵام شا جارێ بەدەسەڵاتە، دەگرێ و دەکوژێ. وای دانێ شل بێ و خەڵک سەرکەوێ کە پێم وایە دوورە، ئەوێ دەمێ چی؟ فکر دەکەی گیروگرفتی ئێوە کۆتایی بێ؟ پێت وایە ئەو هاوسەنگەرانەی ئێستات بەشت دەدەن!؟

– نازانم بۆ ئێمە چ دەبێ؟ من بۆچوونی خۆم دەڵێم، ئەگەر لێمان گەڕێن وەک ئینسانێک هاووڵاتی دەرەجە یەک بین، بۆ خۆمان لە سەر خۆمان حکوومەت بکەین، فەرهەنگ و ئاوەدانکردنەوەمان هەبێ و بکرێ...

– ئەدی ئەگەر وانەبوو؟

– کێشە نابڕێتەوە.

– لات وانییە بەو کێشەیە وڵاتەکەتان وێران دەبێ؟

– جێگایەک وێران دەبێ دەپێشدا ئاوەدان کرابێتەوە.

– پێت وایە توانای ئەوەتان هەبێ، لە خۆتان بەسەر خۆتان ڕابگا.

– چاوکە ئیلاهە، ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کوردیان تێدا نییە؟





– با، بگرە زۆریشن!

– ئێمە دە قۆناخی عەشیرە و عێل و ئەوانەدا نەماوین، لە مێژە دانشگا گەورەکانی دنیا دوکتۆرای زبانی کوردی دەدن، دە حاڵێکدا لە وڵاتی خۆمان بەرەی دەسەڵاتدار بەزمانی ڕەسەنی کوردی دەڵێن: (گوویش) هەرگیز نەیانهێشت خۆمان بەسەر خۆمان ڕابگەین. کەسێک بتوانێ لە دانشگا دەرس بڵێ بۆ ناتوانی بەسەر شارێک یا ئوستانێک ڕابگا؟! من ئەوەت پێ بڵێم زۆر جاران کێشەی کورد سەرکوت کراوە، بەڵام نەبڕاوەتەوە چارەی ئەم کارە حەلکردنی ئەو کارەیە بەلانی سیاسیدا، نەک بەشێوەی نیزامی. ئەگەر دە وڵاتێکی وەک ئیران چەند میللیەتیدا ئەو تەفاوەتە لانەچێ هەرگیز برایەتی پێک نایە.

ئێمە براکوژیمان ناوێ. نیازمان بەحەسانەوە هەیە. ئارەزوومانە وڵاتەکەمان ئاوەدان کەینەوە. خوێندەوار بین. دەگەڵ خوێندنی فارسی زمانەکەی خۆشمان بەدەرس بخوێنین. ئەگەر بەرەی خۆبەزلزان دەستمان لە یەخە بکاتەوە، ئەو داوایە شتێکی زۆر ئاساییە. بەرانگاری حەقی هەر گیانلەبەرێکە، تەنانەت پشیلەیەک ڕێگای لێ بگری بەگژت دادێ. ئێمەی ئینسان لای کونێمان لێ گیراوە تۆ دەڵێی چ بکەین؟ بۆ کوێ هەڵێین، ئەم وڵاتە ماڵی ئێمەیە، مەوتەنی ئێمەیە و حەقی خۆمانە. ئێستێ دوژمنی گەورە حکوومەتی پاشایەتییە، وێڕای خەڵکی گەورەی ئێران خەبات دەکەین بزانین پاشان چ دەبێ.

زۆر لەو بابەتانە پێکەوە دەدوێین. ئیلاهە هێندێک شل بووە بەڵام پێی وایە شا دەمێنێ و خەڵک ماندوو دەبێ، چەند جاریش بەدڵسۆزییەوە با دەداتەوە لای من:

(من نامەوێ تووشی گیروگرفت بی. بەخاتری دایکت کە تەنیا تۆی هەیە هێندێک هەستی تریشم بەرانبەر بەتۆ هەن، دەکاتی خوێدا پێت دەڵێم بەخاترجەمی وەک برایەکی خۆمت چاو لێ دەکەم.)

بەقەدەم لێدان لە ماشێنەکە نیزیک دەبینەوە. دەورێکی شار دەدەین. زۆر لەسەرخۆیە. چاوەکانی پڕن لە خۆشەویستی. هەر چەندی چاومان تێک

هەڵدەنگوێ، شەبەقێکی ورد و تەکانێکی ئەهوەنیان تێدا دەبینم. وەک هەوەڵ نیگای، ئەمما دەگەڵی رادێم و بۆم دەبێتە عادەت. قەت چاوی کیژێک ئەوەندە سادە و ساکار، بێ خەیاڵ و هەوەس لە بنەو پاڵەوەم نەبووە.

بەو پێیە منیش ریزی بۆ دادەنێم. هەر چەندە بیر و بڕوامان یەکتر نەگرێتەوە، دڵم لەحاستی دەحەسێتەوە. ئاخ (مەلی) داگیری کردووم دەنا ئەو کچە کچی دڵخوازی من دەبوو...

لە دەوری مەیدانی ئەیالەت دادەبەزێ. بەئەدەب خواحافیزی دەکا. بێ ئاوڕدانەوە لێک ون دەبین. ئێوارەیەکی خەمبارە، دڵم گیراوە، لە دەوری مەیدان دەنگە دەنگی منداڵە بلیتفرۆشەکان ریبوار بۆ لای خۆی رادەکێشی:

(بەخت ئازمایی. وەرن بەختەوەری ئەم حەوتووە بن...)

خەریکە نیسێ بەسەر شار دەکشێ. بێ واز و بێ مەبەست شەقامەکان دەسووڕێمەوە، خۆم تەنیا و بەتاڵ هەست دەکەم. وەک قالۆرێکی بێ نێوەرۆک چاوەڕێی ئاوابوونی هەتاوم. سەیری شەقام و حەشیمەت هیچ چەشنە هەستێکم نابزێوێ.

لە دەرێ شێو دەخۆم. دەڕۆمەوە مەزڵەکەم. تازە چایەکەم دەمی کێشاوە، (زوهرە) وە ژوور دەکەوێ. لێوی ویشکە، رەنگی شڵەژاوە:

(سڵاو ئازاد، ئەوە لە کوێی خەریک بوو شێت بم.)

– عەلەیکە سەلام زوهرە خانمی زیرەک و وشیار، دەگەڵ زەحمەتەکانی ئێمە،

(شتی وا مەفەرموو، ئەو هەمووەت دەرس پێ گوتووم، من شەرمەزارم. وەزعی مەهاباد چۆنە؟)

– چۆن دەفەرمووی، شتێکی وانییە، هەر وەک ئێرەیە.

– بیستوومە ئیعلامیە بڵاو دەبێتەوە؟!

– منیش بیستوومە، لێرەش هەیە، ئەوە جێگای ئەو پەرۆشییەی تۆ نییە.





– من پەرۆشم؟

– رەنگ و رووت هاوار دەکا.

سەری داخستووە، خۆم بەسەماوەرەکەوە دەخافڵێنم. چایی تێ دەکەم. لە پێشی دادەنێم:

– راست دەکەی، لە مێژە، یانی لەو رۆژەوە، پێکەوە چووینە دەریا، دەمەویست ئەو گرێیە لەسەر دڵم بکەمەوە. راستییەکەی لە رووم نەدەهات. بەچاکی تێشت بەڵەد نەبووم، هێندێک زوو بوو.

نازانم چی دەوێ، رەنگە وەک ئەوانی تر ئاشق بووبێ:

– من ئامادەم.

هێندێک دەمینگێنێ لە نەکاو:

– بەم شەرتەی لە لای کەس باسی نەکەی.

– شەرت بێ.

قومێک چایی دەخواتەوە:

(– لەو دنیا پان و بەرینە تەنیا دایکم هەیە. دایکێکی بەڕواڵەت دڵسۆز. تا ئێستێ دەحەقی مندا چاکەی کردووە، شانی وە بەر باری ژیان داوە و منی پێگەیاندووە، باوکم چەند ساڵ لەمەوبەر گیرا، تریاکیان لێ گرتبوو، دادگای نیزامی ئەبەدی داوەتێ. پاش دوو ساڵ نامەیەکی بۆ دایکم نارد، نووسیبووی:

«من لانی کەم پازدە ساڵ لێرە دەبم، نامەوێ تۆش بەمنەوە بسووتێی، «زوهرە» و ماڵەکەم بەیەکجاری دا بە تۆ. ئازادی دەتوانی شوو بکەی.»

دایکمی تەڵاق دا. زۆر خوازبێنیکەری هاتە سەرێ، بەڵام مێردی نەکرد. دەیگوت: «دڵم نایە زوهرە دەچنگ زڕباب نێم» ئاخ سەد بریا مێردی کردبا. بریا هەر ساڵەی مێردێکی کردبا و ئێستە ئەو رۆژەم نەدیبا. هەر رۆژی کراسێک گۆشت کەم دەکەم. ئەو شەوانەی تۆ لێرەی باشە، دڵم بەوە خۆشە تەنیا نیم.)

هەڵدەکوێمە سەر قسەکەی:

– بۆ ئەی دایکت!؟

– نازانم لە کوێ دەبێ، دەڵێ: (سیغەم خوێندووە، سیغەی شەرعی، یا دەبێ کابرای بێنمەوە یا دەبێ بچمە لای.)

ئەو کارە بەشەرعی مە حەڵاڵە، بەڵام من بۆم قووت نادرێ. تاقەت ناهێنم. زۆربەی شەوان تەنیام وەک ئەمشۆ، لە لای کەسیش نەمدرکاندووە. ئەم دەردە وەک خۆرکە دەمخوا و دەمخواتەوە. ماڵەکە بەناوی دایکمە منی ئافرەت تاق و تەنیا و بێ پووڵ و پارە بۆ کوێ بچم. نازانم دەگەڵ دایکم چ بکەم. سەری بچێ نوێژی ناچێ. بەرۆژوو دەبێ. محەرەمانە دەچێتە نێو دەستە. بەرواڵەت کارێکی خراپی نەکردووە، ئەمما من پێوەی گیراوم. من بەتەنێ چۆن دەو خانووەدا بژیم.

هەستا ئاوی دە ئیستکانەکان وەردا، چایەکی دیکەی بۆ من تێ کرد. دڵخۆشیم داوە:

– ئەتۆش مێردی دەکەی و بەشوێن ژیانی خۆتدا دەڕۆی.

کەمێک سوور هەڵگەڕاوە:

(– من تەنیا تۆم پێ شک دەهات دەردەکانمت لە لا هەڵبڕێژم. ببوورە ئەگەر نارەحەتم کردی. ئەگەر نەمگوتبایە دەخنکام، ئێستا هەرچەند عیلاجی ئەو دەردە بەتۆش نەدۆزراوەتەوە، کەچی سووک بووم. وەک تۆ گوتت بۆ ئەوەی لەم حەسارە بچمە دەرێ، هەوەڵ کەسی دەست هەڵێنێ مێردی پێ دەکەم. هەر چەندە مێردکردن و ژن هێنان قۆناخێکی زۆر حەستەمە و نابێ هەڵکوتیە سەری. ئەگەر ئاوە لە لای تۆ دەرسەکانیش ئیدامە بدەین دوور نییە سالێ داهاتوو لە کۆنکۆر دەرچم. ئەوەش هومێدێکە.)

– زوهرە، ئێستاش ئەگەر دەتەوێ سەربەخۆ بژی دەکرێ لە جێگایەک دامەزرێی، مواجب وەردەگری و کارێکت بەدایکت نابێ.

شەو شەق بووە هەر قسە دەکەین. تەواوی ئەمشۆ نە من نە (زوهرە) دەستمان وە کتێب نەکەوتووە. خوا حافیزی دەکا و دەڕوا. حەوسەلەی دەرس و دەورم نییە. جێگاکەم رادەخەم. چراکە دەکوژێنمەوە. چرای وەتاغی زوهرەش نایسێ. سەبرێکی دە جێگە دەخزێم...

***

تیمسار بانگی کردوومە دەفتەرەکەی خۆی. نێو چاوانی گرژ و مۆنە،





خوێنی بەبارێک قەند ناخورێ:

– دەی جەناب سەروان چت دەگەڵ ئەمیر کردووە؟

نازانم چۆنی جواب دەمەوە:

– حەزرەتی تیمسار بازجویی تەواوم لێ کردووە.

– دەی ناوی چەند کەسی هەڵداوە؟

– هیچ کەس.

چاوەکانی وەک کەشکە فەریکە دەردەپەڕن:

– ئەدی بازجویی چی؟!

– قوربان چی دەباراندا نییە، کوڕێکە زانا و تێگەیشتوو، لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و فەقیرە.

مۆڵەتم نادا جوابەکەم تەواوکەم:

– قسەت لێ وەرنەگرتووە، پێم وابوو نەزەری خۆشت لەسەر نووسیوە؟ فەقیرە و تێگەیشتووە بۆ من نابێتە کار. زانای فەقیر کۆمۆنیستە، کوردیش جیاوازیخوازە.

– قوربان ئەو دوو تاوانە پێکەوە دەبێ!؟

– چۆن نابێ، دەیەویست کوردوستانی جەمهووری سۆسیالیستی پێک بێنێ. کوردی زانای فەقیر، بێ تاوان نییە!

لە بەر لێومەوە:

– حەزرەتی تیمسار، تکا دەکەم، ئەو کارە بەیەکی دیکە بسپێرە. من هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە. بەمستەکۆڵە لەسەر مێزەکەی دەدا:

– ئەو غەڵەتانە بۆ تۆ نەهاتوون، نەخێر دەبێ بۆ خۆت تەواوی کەی. دەبێ لانی کەم ناوی دوو کەسی هاوفکر و هاوکاریشی بڵێ. حوسێن مەگەر نازانی شەش مانگە دەرەجەکەم راگیراوە، ناتەوێ کۆمەگی من بکەی! یا تۆش لەو سفرەیە بەشت دەوێ، ئەویش دە نەزەر دەگرم.

– قوربان باوەڕ بفەرموو هەرچی عەزابی هەیە بەسەر ئەو چارە رەشەم هێناوە، بەڕاستی چی دە باراندا نییە.

تیمسار لە داخان رەش هەڵگەڕاوە:

– یا دەیکوژی یا وە قسەی دێنی. من دەڵێم حاڵی هەی! برۆ ئاخ و ئۆخی لێ ببڕە. داغی کە، کەلاکی باوێ بەردەمی سەگان.

بۆ هەوەڵ جار لە ماوەی خزمەتم ویژدانم دە عەزابدایە، لە زارم دەردەپەڕێ:

– قوربان، تاوان سەپاندن بەزۆر کەڵکی چییە؟!

– قوربان و دڵە دەرد. من قسە دووپات ناکەمەوە، دەبێ وە قسە بێ. ئەو تەشکیلاتە پان و بەرینە نەتوانێ هەتیوێک وە قسە بێنێ ئەدی چ کارەیە؟ سەفەرێکم دەپێش دایە، دەچمە دەرەوەی وڵات، هەتا دێمەوە کاری ئەمیر تەواو کرابێ، ئەگەر مرد، مرد. ئەگەر ژیا سکرتێری حیزبە و هاوڕێکانیشی گیرابن. تەواو، مرەخەسی!

بەسەرلێشێواوی دەچمە حەساری ئیدارە. ماشێن هەڵدەکەم، دەرکەوان دەرگام بۆ دەکاتەوە. نازانم بۆ کوێ بچم. زەڕی و ئیلاهە، چوونە سەفەر. دەگەڵ کەس هاموشۆم نییە، نیازم بەحەسانەوەیە، کەسێکم دەوێ دەردی دڵی لە لا هەڵڕێژم، خەمخۆرێک، خەمڕەوێنێک... لە شەقامی پەهلەوی وەبیرم دێتەوە، هێندێک کەلوپەل بکڕم. لە کەنار خەیابان رایدەگرم. خۆ دەسۆپێرمارکێتێک داوێم. ئەوەی پێویستە وەری دەگرم. (مەهین) وەک تاوسی مەست چاوەڕێمە. دەنێو ماشێندا دانیشتووە. بەبێ وازی سلاو و مەرحەبایی دەکەم. حەوسەلەی (مەهین)م نییە. لە روو ناچێ:

(– ژن و منداڵەکەت لە ماڵ نین.)

– لە کوێرا دەزانی؟!

– دوو رۆژە زەنگ بۆ ماڵی ئێوە لێدەدەم، کەس هەڵی ناگرێ.

دەمەوێ لە کۆڵ خۆمی کەمەوە، دانابەزێ. تەخت دانیشتووە، وەڕێ دەکەوم، بەتووڕەیی دەڵێم:

– دەچییە کوێ؟

– هەر جێگایەک تۆ بچی.

– من کارم هەیە.

– منیش کارم هەیە.





– بە کێ؟

دەست داوێتە ملم:

– بە تۆ عەزیزی دڵم.

– دەچمە بەردەرگای خۆمان، دەگەڵم دێتە ژوورێ. بەناز و کریشمەوە خۆم تێهەڵدەسوێ. دە ئەوپەڕی جوانیدایە. شیرنە. کێل گەردنێکی تەسک و ترووسکە، ناسک و قەد شمشاڵی. خۆ دە باوەشم داوێ. دەرد و داخم لە بیر دەچێتەوە، یەک بەخۆم ئامێزی پێدا دەگرم. رێکی دەکوشم. قرچەیەکی توندی لە پشتی دێ.

وە خەبەر دێم، زوهرە بەتەنافێکەوە لە حەوشە خەریکی کایەیە. هەڵدەبەزێ. تاو هەڵاتووە:

– زوهرە خانم رۆژ باش! دیارە باش نوستووی!

کایەکەی ڕاناگرێ:

– بەداخەوە زۆر کەم خەوتووم. دوو جاریش هاتمە ژوور سەرت وەها مەزلوومانە خەوتبووی دڵم نەهات، هەرات لێ کەم. خۆزگەم بەخۆت کا بێ خەیاڵ دەنووی.

– رەنگە نەتوێرابێ وە خەبەرم بێنی!

قاقا پێدەکەنێ:

– وەک تفەنگی خراپ دوور نییە لێک بترسین. من لە کوڕی وەک تۆ نەجیب ناترسم.

دوو چەپۆک ئاو بەسەر چاوم دادەکەم. بەتەمای بەرچاییەکی بەپەلەم. پڕ دەداتە قۆڵم:

– چاییم دەم کردووە، سەنگەکی گەرمیش هەیە، فەرموو!

بێ دڵی ناکەم. بەرچایی دەخۆین. سفرەکەی تا بلێیی خاوێنە. ئاساری بێ خەوی و شەونخوونی دە روخساریدا هاوار دەکا. بەدڵ بۆی پەرۆشم:

– سەعات دوازدە و نیو لە دەوری مەیدانی ئەیالت چاوەڕێت دەبم.

– لە بەرچی؟

– نەهار میوانی منی.

پێدەکەنێ:

– دەترسم پووڵەکانت تەواو کەی و کرێ خانووی...

– مەترسە، حەواڵەی تۆی دەکەم.

کیفەکەم دەس دەدەمێ، بەرەو زانکۆ وەڕێ دەکەوم. کاتی پشوودان تووشی (ئیلاهە) دێم، زۆر بەگەرمی چاک و خۆشیم دەگەڵ دەکا.

(شەهرامی) هاو کلاسم قۆڵ دە قۆڵم دەکا و دەمدزێ:

– خۆ لەو کچە مەدە!

– بۆ؟!

– مەئموورە.

– لە رووی چییەوە دەڵێی؟!

– هەموو کوڕەکان دەیناسن، بەخۆی و دایکییەوە جاسووسن.

دە دڵە خۆمدا دەڵێم:

(ئەگەر وابێ کارم تەواوە).

دڵم بۆی ناچێ. دڵ درۆیە ناکا. وێ دەچێ شا دۆست بێ بەڵام وەهمی جاسووسی لێ ناکرێ. کەسایەتییەکی بەهێزی تێدایە...

نەهار دەگەڵ (زوهرە) دەخۆین.

جار جار بزەیەکی دێتێ. دە دڵدا هەروا پەرۆشە. بەئانقەست دەیەوێ خۆی بەکەیف بنوێنێ. دوای نەهار خواردن دەچینەوە ماڵێ. کتێبەکانی دێنێ. دەست دەکەین بەدەرس.

لای ئێوارە راستەوە دەبم. دەگەڵ دەزانێ دەڕۆمەوە مەهاباد، خەم دایدەگرێ:

– ئەمشۆیش لە شەوانی تەنیاییمە.

دوو جار دێتە سەرم دەگەڵە خۆم بیبەمە مەهاباد، لەبەر (مەلی) دڵم نایە. ئەوەی ببینێ خۆ دەکوژێ. خوا حافیزی دەکەم و دەڕۆم. بیری (ئیلاهە) و (زوهرە) وچانم نادا. دوو کچی ژیکەڵە. دوو دایک یەکی باش و یەکی خراپ، هەردووکیان فیداکار. دوو روانگەی جۆراو جۆر. تا نیزیک سێ رێی نەغەدە بەو فکرانەوە گیراوم. ماشێنێکی جیپ لە کەنار





جادە وێستاوە، دوو کەس خەریکێن. دەگەمە پەنایان:

– کاکە بۆ مەحتەلن؟ کۆمەگتان ناوێ؟

یەکیان سەروچاوی بەستووە، رووم تێ دەکا:

– بەرێ وەڵڵا کاک ئازاد یارمەتی تۆمان دەوێ.

– ئەی کاکە سوار ئەوە ئەتۆی، سەروچاوت بۆ بەستووە؟!

– ئازاد گیان ددانم دێشێ، دەچییەوە شاری؟

– بەڵێ.

پێش ئەوەی فەرمووی کەم خۆی دەژوورێ هاویت:

– فەرموو بڕۆین.

– ئەدی هاواڵەکەت.

– دەچێتەوە رەزائیە، لە خانێ ڕا بەکرێم گرتبوو. (سەروگوێلاکی دەکاتەوە) – لەو لاسەرانە بووم، کاسپێ دەکەم کاکە، خەڵک وەک تۆ خودا پێداو نییە.

لە ئاوێنەکەوە ئاگام لێیە، پاش ئێمە جیبەکەش وەڕێ دەکەوێ:

– رەنگە هەموو کەس وەکی من خودا پێداو نەبێ، ئەمما کەسیش وەک تۆ درۆزن نییە.

لە قاقای پێکەنین دەدا:

– چۆن؟

– چاک، نەددانت دێشێ، نە ماشێن شکابوو.

– کوڕە چ بکەم بۆ ژیان درۆ پێویستە، خۆت دەزانی چەند ساڵ جیرانی ئێوە بووم، زۆرم دەستاوی دایە خانم خواردووە، دەکاری قاچاغی دام. وەڵڵاهی کاری حیزانەش ناکەم. ئەمما ئەوەش بزانە هاوڕێیەکی درۆزنیش لە تەنیایی باشترە.

– سوارە گیان بەخێرێی بۆ هەر جێیەک دەچی شەرمی ناوێ.

– هێندە بەروان تەنگ نیم، ئەو رەستوورانەی سەر رێیە (کولبە)ی دەڵێم، ئەگەر دەکرێ تاوێک لەوێ خۆ مەحتەل کەین، هەتا شەو بەسەر دەستان دادێ، جا نازانم وەختت هەیە؟

– کارێکی وام نییە، عەرزم کردی دە خزمەتت دام.

لامان دا بەرەو (کولبە) پێش ئەوەی بگەینێ:

قەرارە نوێژی شێوان هێندێکم سەگترێن بۆ بینن. لێرە وەری گرم. بۆیەت عەرز دەکەم نەفەرمووی: (ئەوەش درۆیەک) ماشێن دەبێ، ئەمما ماشێنی تۆ شک نەگرە. حەزێ دەکەی لە حاست (وسووکەندی) دامبەزێنە.

بێ ئەوەی جوابی دەمەوە، لە بەر دەرکی (کولبە) رای دەگرم. دەگەڵ جادە مابەینێکی هەیە. دادەبەزین، رەستووڕان غەیری مە کەسی تێدا نییە. دەنگی ماملێ لە سەر بڵێندگۆ ئارام ئارام دەهۆدە دەگەڕێ:

(بازی بێریان دوورە دێیە...)

سوارە هەرای گارسۆن دەکا:

– کاکە لە برسان مردین چی حازرو هەیە دەگەڵ ساردی!

ئەو بەهەڕەمە، من لەسەرخۆ، دەخۆین، یەک یەک و دوو دوو موشتەری ئێوارە سەیران پەیدا دەبن.

خەریکە نیسێ بەسەران دەکشێ. رەستووڕان هەردێ و پڕ دەبێ. من و سوارە لە گۆشەیەک دانیشتووین. پیاوێکی ئاماڵ گەڕاوە، کۆت و شەڵوارێکی بۆر دەبەردا، راست دێتە سەر مێزەکەی ئێمە. سوارە یاڵڵایەکی لە بەر دەکا:

– هێناوتە؟ بەمانای بەڵێ دوو جار سەر دەلەقێنێ. وەوەی دەچێ زمانی نەبێ. بەسامە. گرژ و مۆنە. خوێنتاڵە، بەو قسە نەکردنەی ئەوەندەی دی بەسام بووە. سوارە رووی تێ دەکا:

– شێو دەخۆی؟

دیسان سەر دەلەقێنێ. ئارەزوومە زاری هەڵپچڕێ بەڵام خوانەکا. دوای شێو خواردن دەچینە دەرێ. وێڕای مە سوار دەبێ. دەچینەوە سەر جادەکە ئاماژەی ئەوبەری جادە دەکا، چاو لە سوارە دەکەم دەڵێ:

برۆ ئەو بەری کاکە گیان!

دەچینە ئەو بەر. دەچین دەدڵی دەشتەوە. نەدیو دەبین، لە بەر شۆقی چرای ماشێن، جیبێک وەدەردەکەوێ. پیاوێکی چەکدار لە پەنای





راوەستاوە. دەپەڕێتە قەراخ رێگا. رایدەگرین. (لاڵە) خێرایەکی دادەبەزێ. دوو ساکی گەورە لە جێبەکە دەردێنێ، روو لە سوارە بۆ هەوەڵبار:

– پووڵەکەی.

سوارە چاوێک لە نێو ساکەکان دەکا:

– چەندن؟

– ئەوەندەی ویستبووت.

پووڵی دەداتێ. لە بەر شۆقی چرا چاوێک لە چەپکە پووڵەکان دەکا، هەر یەکەی بەلایەکدا دەڕۆین. کەس ئاوڕ ناداتەوە.

واق ماوم، شتی وام نەدیوە، کاری وام نەکردووە. هێندێک دەترسم، دەچینەوە سەر جادە، بەرەو شار دەبین. بێ گیروگرفت دەگەینەوە.

ماڵی سوارە لە گەرەکی (خرێ)یە. لە بەر دەرگا دادەبەزێ، ساکەکان خێرا دەژووری داوێ:

– فەرموو کاکە دابەزە:

خودا خودامە لێم گەڕێ بڕۆم:

– ئاوەدان بێ، دەبێ بڕۆم، نان و چاشم خواردووە.

– دنیاش خرابێ هەتا چایەک نەخۆیەوە ناڕۆی.

وە پێشم دەکەوێ بۆ هۆدەیەکی گەورە. خێرایەکی شیرنی و چایی دادەنێ، دەچێتە دەرێ، چی وای پێ ناچێ حەوتیرێک و دوو خەشاب بەدەستەوە، لە پێش منیان دادەنێ:

– ئەوەش دیارییە بۆ کاک ئازاد.

چاویان لێ دەکەم وەک ماری رەش وان. تازە و نوێ. لە دەستان خۆش دڵم دەیانگرێ:

– پووڵەکەی دەبێتە چی؟

بزەیەکی دێتێ:

– سلامەتی سەرت.

– بەبێ پووڵ نامەوێ!

سەرێک رادەوەشێنێ:

– دەزانم پوولّی هەزاری وات هەیە، دەمەوێ یادگاری من بێ. ئەوەش بزانە هەرکەس هێنابامیەوە بەپێنج ئەوەندەش رازی نەدەبوو.

– خۆ من بەپوولّم ئەو کارە نەکردووە.

– منیش تۆم نەناسیبا، عەرزم نەدەکردی، ئەوانەشم بۆ هاورێکانی تۆیە.

– کام هاورێ؟

– خۆم لێ مەگۆڕە، ئەوانەی بەم زووانە دەرژێنە شەقامەکان، کاکە نەمناسیبای رووم لێ نەدەنای. ئەوە کاری منە، خێری لێ دەخۆم، دایکی خۆم دەگەڵ دایکی شای بگۆڕمەوە باقیم دەوێ. هەر ئەمشۆش رەتیان دەکەم. هەڵی گرە زووکە ئابڕووچوونە.

حەوتیری بەزۆری نایە گیرفانم، قوتوویەکی چووکەشی فیشەک دەگەڵ خست. تا بەر دەرگا بەرێی کردم و زۆری مالاّوایی کرد.

چوومەوە مالّی خۆمان. دایکم و دایە خەیاڵ پەرۆش بوون. هەر چۆنێک بوو سەروبەری درەنگ هاتنەوەم پێکهێنا. حەوتیرم لە هۆدەکەی خۆم تاقەت کرد. خەریکم جلەکانم دادەنێم، مەلی دێتە ژوورێ:

– ئەوە بۆ وا درەنگ جەنابی ئیفلاتوون!

– لە مالّی مامم بووم.

– ئەیلۆ ئەیلۆ، دایە خانم نیگەران بوو، تەلەیفوونی بۆ وێش کرد.

– لە دیوی فەوزیە بووم هەڵبەت دەنگیان نەکردووە.

یەک بەخۆی باسکم هەڵدەقورینجێنێ و دەچێتە لای دایکم. دایە خەیاڵ هەرا دەکا:

– ئازادی گیان شێوت خواردووە یا لە بۆت گەرم کەمەوە.

– بەلّێ خواردوومە.

– لە کوێ؟

– لە مالّە مامم.

– ئەییی کوڕە ئەوە چ دەلّێی، خۆ توو لەوێندەرێ نەبووی!

مەلی رووی تێ دەکا:





– ئەوە سەر دەخاتە سەر من.

کەمێک ئاو بەدەست و چاوم دادەکەم، دەچمە لای ئەوان. (مەلی) چایەکم لە پێش دادەنێ:

– فەرموو نەوەک ئەو شامە چەورە لە دلّت بدا.

– ئەوەی دلّی بردووم یەکی دیکەیە.

(مەلی) لێم مۆڕ دەبێتەوە، دایکم و دایە خەیاڵ لە بنەوە پێدەکەنن، زۆر لەوێ مەحتەل نابم. دەچمە هۆدەکەی خۆم. دایە خەیاڵ بەدوومدا دێ، دێتە پەنام:

– دەلێم ئازادی، دەگەڵ خەون و مەونان چلۆنی؟

دەمەوێ وەقسەی بێنم:

– خەونی چی؟

– کوڕە چووزانم، خەونی حەجەم مەجەمان، ئەوهانی دەتگوت.

– وەلّلا نەنە گیان هەرماون.

– ئەدی رۆلّەم شەوانە لە بۆ نایەوە ئێرە.

دەزانم قسەی ئەسلّی نەکردووە:

– دەی چیدی؟

– کوڕە دەی نا، دوازدەی، وەهام تێ بەلّەد بووی خۆشەوە نەبی. ئێوارێ لە لای دایکی دە مەلیلە بووم زۆر گریا، دەیگوت: (مەلی) بەکەس دابین نابی. لەوەتی ئازادی رۆییوە وەک هارانی لێ هاتووە. بەو رۆژگارەی خەریکە کچەتیو مچەتیوان لە خۆ کۆ دەکاتەوە و لە دەولّەتیان تیژ دەکا، ئەوی ئەو نەیکوژی نامری.

دەیگوت:

– قاقەزان دەنووسێ، بەمالاّنی وەردەکا، سرتە و پرتەیەتی، دەترسم پەندەکی بەسەرخۆ بینی ئەو سەری دیار نەبی.

دەیگوت:

– بە ئازادی بلێ هەندێکی دەگوێیە سریوێنی. بەقسەی وی نەبی جوابێ کەس ناداتەوە، ئەوهە نەشم وێراوە بەحاجی بلێم، ئافرەتە نەکا خوای

نەکردە...

– دایە خەیاڵ پچۆ بەدزی دایکم بەرێیی کە لای من.

مەلی دێتە ژوور، ددانی وەک بەفر سپین. کەمێک قەڵەو بووە، بسکە ڕەشەکانی بەسەر کراسی سپیدا پەرێشان کردوون، جوانتر بووە، ڕاست دێ لە پەنام ڕۆدەنیشێ، چاو دەچاوم دەبڕێ:

– دەی جەنابی ئیفلاتوون فەرمایشت؟

دەستێک دەخەمە سەر شانی، چ ناڵێ، دەستم دەبەمە پێشتر، پشت ملی رووتی دەگرم، داغ داغە، دەردەپەڕێتە ئەو بەری وەتاغەکە:

– لە جێی خۆت نەبزووی، ملی مفتێت وەگیر هێناوە!

ئەوەندە توند و تۆڵ و حازر جوابە وە پێکەنینم دەخا:

– ئەوە بۆ هەڵاتی جرپن!

– هەتیوە لووسکە، ئەوەندە شیرینی دڵم نەهات زللەیەکت لێدەم.

چاوی تێ دەبڕم تووڕە و بەکەیفە:

– مەلی قەڵەو بووی.

– بە تۆچی؟

– قەرار وانەبوو هی من بی!

– ئەمن ئی تۆ یا ئەتۆ ئی من؟

– فەرقی چییە؟

– فەرقی زۆرە.

– باشە لەوانە گەڕێین، قەڵەو بووی، چ دەکەی، خەریکی چی؟

– دەرسم لە کۆڵ بوونەوە، وەک کچی شای دەخۆم و دەنووم، تازە میرزای قەڵەم زێوین کەشفی کردووە. ئەتۆ قوربان لەو بستە ڕێیەی بۆ شەوانە نایەوە، خۆ چت دەبن سەریدا نییە؟

– نە بەسەری تۆ، مەلی. لێم پرسی چ دەکەی؟

– کچۆڵە و ژنەتیو منەتیوان لە خۆم خڕ دەکەمەوە، تەیاریان دەکەم بۆ ڕۆژێک خۆ پیشاندانی خەیابانی.

– چ کارت بەو کارانەیە؟





– ئەدی ئەتۆ چ کارت بەو کارانەیە؟

– فەرقی من و تۆ زۆرە.

– بۆ نموونە یەکێک لەو تەفاوەتانە؟

– ئەمن پیاوم.

– بەڵێ، مەمبارەکە، هێشتا نەبوویە کوڕ، باز مەدە بەرەو پیاو.

– مەلی مەیکە جەفەنگ دەبێ زۆر وریای خۆت بی. ئەرێ بۆ نایە لای من؟

– چونکە سمێڵت بۆر بوون، دەفەرمووی پیاوم.

– خۆ من و تۆ هەر پێکەوە بووین چ لێرە چ لەوێ.

– ئاخەر قوربان بابم دەڵێ: (مەچۆ)

– مەلی شتێکی دی!

– ها

– چۆنە مارەت کەم و بتبەمە لای خۆم. چاوی بز کردوون، بزەی دێتێ:

– هەی خڕە لە باوانی کەوێ خەپە گیان. عەرزم کردووی مارەکردن هەرگیز. لە خۆت مەگۆڕە هێندی حەوت مەلایان دەزانی، ئێران دەحاڵی تەقینەوە دایە، ئێمەش بنیادەمین.

– ڕاستە لە هەموو ئێران هەر ئەو باسەیە، بەڵام دایکت لە تۆ نیگەرانە، دیارە حەقیەتی ئەتۆ کچی بتگرن جوان نییە.

سەرێکی راوەشاند:

– ئەمن لەو کچە ترشاوە نەخوێندەوارانە نیم، ئەگەر مەبەستت نێرومێیە خۆ تۆ لە من لووستری.

خۆم گەیاندێ، یەک بەخۆم چەپۆکێکم پێ دادا. زیقاندی، دایە خەیاڵ گەیشتێ:

– ئەیەڕۆ ئازادی ئەوهە لێیی دەدەی؟!

– ئەتۆ نەتکوت لێیی دە؟

– کورە نەوەڵڵا گوتم: (هەندێکی قماران دەگەڵ بکە با وەڕەز نەبی)

دەنگی مەلەک خانم دێ:

– دەستت خۆش بێ ئازاد گیان ئەو کچەتیوە هار بووە.

دەگەڵ مەلی چاو لێک دەکەین ئاگامان لێ نەبووە مەلەک خانم هاتۆتە لای دایکم. دەچینە لای وان، قسەکە دڕاوە بەنیگەرانییەوە چاومان لێ دەکەن. دایکم:

– ڕۆڵە ئازاد وریای خۆت بە، خودای شک دەبەم و ئەتۆ، پاش تۆش (مەلی)، ڕۆڵە گیان دەگەڵ هەرکتائمە دەڵێن: (دەوڵەت کز دەبێ و نامرێ) ئەو سەیانە بێ ڕەزان، وەگیرتان خەن تازە چاوم پێو ناکەوێتەوە.

دایکم فرمێسکەکانی هەڵوەراند، مەلەک خانم بەدڵپڕی:

– دایە خانم ئیشاڵڵا چ نابێ، دڵی خۆت بەخەم مەکە، ئازاد ئاقڵە. بەخوڵای جارجاریش دەڵێم قەدەرێکی (مەلی) بنێرمە کن پووری لە تارانێ. ئەوە جارێ ملی نەداوە. مەلەک خانم و مەلی هەتا لای نیوە شەو لەوێن، هەڵدەستن بڕۆنەوە تا دەرگای خۆیان بەڕێیاندەکەم. دایە خەیاڵ لە دیوەکەی منە:

– ئازاد گیان خانم ئەوە نوێژان دەگێڕێتەوە، هەتا ئەو خەو دایدەگری بەسەرهاتێکی چووکەت بۆ دەگێڕمەوە، پاشی بەجێیت دێڵم، باسی (حەوڵای مارف هەمزە)ی پێم وایە بەکەیفێت دەبێ. قسەی خۆمان بێ سەقەتت لە (مەلیلە)ی ڕاکێشا، قەیدی نییە با لێت بترسی بۆ پاشەڕۆژێ خێرە.

– (حەوڵای مارف هەمزە)ی خەڵکی (دەوەشاری) بوو. ئاغای ڕەحمەتی خاڵی ئەو خانانەی (دەوەشاری) بوو. جا لەو ڕێیەوە زۆر دەهات بۆ ماڵە ئاغای. حەوڵای پیاوەکی ئاقڵ بوو، وەک دەیانگوت ئەگەر خانی دە دەوەشاری پیاوەکیان بووبێ حەوڵای بووە. لە بیرمە زۆر قسە خۆش بوو. دەیانگوت هەموو ساڵێ دەگەڵ مزگەوت ئاوەدان دەبووەوە هەتا بای وەعدە بەفری لادەبرد، (حەوڵا) دەبوو بەئاغای دێ و حوکماتی دەکردن. بەسەر ئەو دێیەدا ڕادەگەیشت، یانی بەئاغا و ڕەعیەتەوە، هەرکەسی ئیشتیا لێ با جوبەی دەکرد. کەس حەقی نەبوو بلێ ئەتوو چ کارەی، ئاغاکان بۆ خۆیان ئەو پێی و شوێنەیان بۆ ڕەچاو کردبوو. جاری وەها بوو ئاغا پیر و ردێن





سپییەکانی نیوە شەوێ لە جێیە دەهێنا دەرێ، چ قسەی لە سەر نەبوو، دەبوو بێتە دەرێ بزانن (حەوڵا) چی دەوێ. پاشی خۆی و ئینسافی خۆی، تێرە خۆرەی حەشیمەتی مزگەوتی مێوژ و گوێز لێ دەستاندن و ئیزنی دەدان هەڕۆنەوە. پیاوێکی گەلێ گەلێ بەغیرەت و ئاقڵ و دەنگ خۆش و قسە خۆش بوو.

دەیگێڕاوە دەیگوت:

«– شەوێکی هێشتا مزگەوت ئاوەدان نەبیۆوە. قەوسی پایزێ، وەختی ئاو بەرەڵڵاکردنی. چل مێردەم خستبووە پشت دەرکەی. شاد و ئیمانم هینا و دەجێیە خزام. نازانم شەو دە چ حەدێکی دابوو کابرایەک هەرای لێ کردم:

(حەوڵا، حەوڵا وەرە خان بانگت دەکا)

گوتم:

– کوڕە بەو نیوە شەوە خان چ کاری بەمنێ؟ دەو قسانەدا بووین، کابرا بێ ئەوەی چل مێردەی پشت دەرکە وەلابەم لێم وە ژوورێ کەوت. بەسەری توو ئیدی بەفیتێ خۆم زانی. بەدووی کابرایدا ڕۆیشتم، هەتا لە هۆدەیەکی گەورە وە ژوور کەوتین. جا داوەتێکی ڕەشبەڵەک گیرابوو، سەروبنی دیار نەبوون. خان لە نێوەڕاستی داوەتێ لە سەر کورسییەک ڕۆنیشتبوو، هەرچی تێی فکریم نەمناسی، ئەو ژن و پیاوەی دە داوەتەکەش دابوو، شتاقم نەدەناسی، بەڵان جلەکانیان جلی خەڵکی دێی بوو، بۆ خۆشیان وەک وان نەدەچوون.

خان رووی تێ کردم:

– حەوڵا، داوەتێ بۆ بگێڕە.

قوربان دەستم پێ کرد، ئەوەی دەمگوت نەمدەگوتەوە. ئەو هەندەیان شاباشی دامێ بۆم هەڵنەدەگیرا. هەتا قەدەر حەیامێکی زۆر داوەت بوو.

پاشی خان گوتی:

حەوڵا! دەچینە بووک هینانێ، ئەتوو دەگەڵمان دێی؟

گوتم:

ئەگـەر خـان ئیـزنی لە سـەر بی، هەتا ئێـوە دەگـەڕێنەوە. سـەرخـەوەکێ دەشکێنم و با تاوەکی وەحەسێم. ئێوە خواتان دەگەڵ بی.

بەســـەری تـوو هەر ئەوەم لە زاری هاتە دەرێ بـوو بەتـاریکە شـــەو و ئەنگوستە چاوێک، چاو چاوی نەدەدی. نە چرا ما نە خان و نە داوەت، نە برازاوا و نە دۆ. دەجـووڵامـەوە بەسـەر وڵاغـێکدا دەکـەوتم. هەتا ئەژنۆیان دەپەین و پاڵـی ڕۆ دەچووم. بەهەزار ئەڵڵا و وەڵـڵا هەتا بەدەســتــە کــوتە چەپەری تەویلەم دۆزییەوە قیل سپی بوو.

چوومـە نێـو مـاڵێکی چوار کـۆڵەکـە. تازە سـپـیـایی ڕۆژێ لە کـولاوکـەڕا دیاری دەکرد.

ئەگەر تێفکریم ماڵێ (سوڵتان چووزەلە) بوو، هەرچی هەرام کرد:

(سوڵتان، سوڵتان، دادە هەمین، دادە هەمین)

خەو بەری نەدان، ناحیلاج چەپەری نێو ماڵم کردەوە و دەرپەڕیمە دەرێ».

ئەدی کــوڕانم ئەو پیـــاوە وەک دەیانگوت زۆر جــاری دیش شـــایەتینی دەیانبـرد بۆ گـۆرانی گـوتن و داوەت. قـەتیش نەدەترسـا. قـەتیش شـێت نەدەبوو، خـەون و مـەونـیـشی نەدەدی، حـەجـەم مـەجـەمـیـشی بەئاوەدانی نەدەزانی.

ڕەبی ڕۆڵەم ئازا و ڕزگاری خوای بی، وەک حەولاش بەغیرەت و مەرد و گەروو تاڵ.

دایە خەیاڵ وەدەرکەوتووە، چرای دیوەکەم کوژاندۆتەوە لە کەلێنی پەردەوە چاو لە ماڵی سەرکار نایب دەکەم. چرا خەوێکی سەوزی کەم نوور دایسێ. لە پشت گنج و لۆنجی پەردەی تۆڕی (ئەشرەف) خـانم وەک هەوری نەزۆک بەلەرە و لەنجە دێو و دەچێ. وەدیارە ئەمشۆش سەرکار نۆرە کێشکیەتی.

***



8

شــەو درەنگانە. جـوانی و شـیــرنی لە رادەبەدەری (مــەلی) و تەنیــایی (ئەشرەف) خەویان لە چاوم تاراندووە. مەیل و ئارەزووەکانم دەگەڵ ئەقڵ و هۆشم بەرامبەر بەیەک کێشەیانە، نازانم کەی خەوم لێ دەکەوێ.

شەشی بەیانی وەخەبەر دێم. ماشێنەکەم هەڵدەکەم، مەحتەلی ئەوەم گەرم دابێ و بڕۆم. (مەلی) بەو بەیانە دەگاتە پەنام:

– بەیانیت باش!

– ڕۆژ باش مەلی.

– ئازاد لە مـێـژە چاوەڕێم، شـەوێ هەڵـنەکـەوت پێت بڵـێم. کـوڕەکـان خەریکی چەک و چۆڵ کڕینن، ئەتۆش ناتەوێ بکڕی؟

– هەمە.

– ئەی بۆ بەمنت نەگوتووە؟

– ئەوە کاری ژنان نییە.

– مەرحەبیا، وای لێ هات، ئەمن بوومە ژن؟

– بێـدەنگ بە چت دەوێ زووکـە، درەنگە دەڕۆم، کـیـفـەکـەی دەکـاتەوە، بەستەیەک کاغەزی چەسپکراو دەداتە دەستم:

– ئەو چەپکە ئیعلامیەی دەگەڵ خۆت بەرە.

هەروا بێ چاو لێکردن دەیخەمە ژێر نێوفەرشی ماشێن. مەلی چاوەکانی زیت دەکا:

– ئافەرین وردە وردە بڕوا دەکەم بوویە پیاو.

– بڕۆ ژووری دایکت بزانێ لێت دەدا.

– هەرکەس لێم دا، لێی دەدەمەوە، تەنانەت ئیفلاتوون.

پاڵ بەسـینگیـەوە دەنێم، بەپەلە لە کـاراژ وەدەر دەکـەوم. دەسـتێکی لێ رادەوەشێنم:

– بە مەخسوود و مراد بی!

هەر دووک دەستی رادەوەشێنێ:

– دەبەر چاوە جوانەکانت مرم.

جادە چۆل و هۆلە. وەک تێزەی تفەنگێ دەڕۆم، هایدە پڕ بەگوێم دەیلێ:

(بیا عزیزم بیا صبرم سر اومد...)(١)

کاتێک دەگەمە زانکۆ، کلاس نەکراونەوە، ئیعلامییەکان دەدەمە دەست (ویکتۆر) کوڕێکی ئاسۆرییە، لەو کوڕە باشانە:

– ویکتۆر ئەوانە بڵاو کەوە.

– چەشم کاکە جان.

لە ویکتۆر دوور دەکەومەوە، لە پەنا پۆلە گوڵێکی نەستەڕەن، ئیلاهە ڕاوەستاوە، پێش سڵاو دەڵێم:

– عەجەب گوڵستانێک پێکهاتووە.

بە بزەوە:

– سپاس کاکە ئازاد، گوڵستان دە چاوی تۆدایە.

دەگەڵ (ئیلاهە) شان بەشانی یەک بەرەو کلاسەکان دەڕۆینە پێشێ. ئیدی خەبەرم نییە (ویکتۆر) چ دەکا.

سەعاتی ئاخر، بڵێندگۆی ئیتلاعات بانگی من دەکا. دەچم، دوو قەرە یەخە دانیشتوون، یەکیان:

– ئازاد؟

– بەڵێ.

کارتم نیشان دەدا:

(ساواک نەخوست وەزیری)

لە پەناوە هەر دووکیان کۆڵتی کەمەری دەنوێنن:

– فەرموو وە پێشمان کەوە، منداڵی نەکەی!

– لە پشتێن بەرەژێرم دەمرێ. وەک حەبم خواردبێ، گێژ و مەنگ وەپێش خۆم دەدەن:

– ماشێنەکەت بکەوە!

(١) وەرە عەزیزم وەرە، سەبرم بەسەرچوو...





دەچمە لای ماشێنەکەم. دەرگاکەی دەکەمەوە، یەکیان دەڵێ:

– دەرگای لای شاگرد بکەوە!

لە پێشێ دادەنیشێ، دیسان دەمانچەکەیم نیشان دەدا:

– ڕاست بەرەو شار برۆ!

لە ئاوێنەی ماشێنەوە (ئیلاهە)م دیوە، چاوی لێمانە، کوڕەکان پۆل پۆل بوون، تێمان دەڕوانن.

سەبرێک وەڕێ دەکەوم. کابرای دیکەیان بەماشێنێکی بێنزەوە بەدووماندا دێ. دەگەینە حەساری ساواک:

– لەو پەنایە ڕایگرە، پچۆ خوارێ دەست لە سەر سەرت دانێ!

دەگەڵ لاقم لە سەر مووزایکی حەوشە دادەنێم، چاوم دەبەستن، یەکێک قۆڵم دەگرێ:

– بە شوێن مندا وەرە، خۆت دانەوێنە سەرت وەمیچی نەکەوێ.

یەکی دیکە فەرمان دەدا:

– ئەو ماشێنە بدۆزن.

دەمبەنە سلوولێکی یەک نەفەرە، دوو جاران هەموو گیانم دەگەڕێن. چ نادۆزنەوە، لە ماشێن نیگەران نیم، دەمانچە و ئیعلامییە پەرۆشی کردووم. دوعا دەکەم هەرچی دەبێ دایکم نەزانێ، پیر و نەخۆشە تاقەتی ئەو بەڵایەی نییە.

پاش سەعاتێک تەنیایی، زەلامێک لێم وە ژوور دەکەوێ، چاوم دەکاتەوە، دیوەکە بێ پەنجەرەیە، چرایەک لە بن میچی سلوول دایسێ، زەلام وەک میرغەزەب وایە، دوو قامکی دەستم نیشان دەدا بەفارسیەکی نیوە ترکی:

– دوو ڕێگات پتر لە پێش نییە، یەکیان بەرەو زیندان، یەکیان بەرەو دەرێ.

دە دڵە خۆمدا دەڵێم: (عەجەب کەشفێک)

بەقسەکەی پێکەنین دەمگرێ. لە نەکاو زللەیەکم لێ دەدا، دنیام لەسەر سەر دەسووڕێ، دەستی هێندی کوتکی ئاسنگەر قورسە، کەمێک لەبەر

دەمم، دێ و دەچێ:
(هاوکاری دەگەڵ ئێمە تەنیا ڕێگای نەجات بوونتە)
بێ ئەوەی مەحتەلی جوابی من بێ دوو زللەی دیکەشم لێ دەدا، ئاور لە سەروچاوم هەڵدەستێ، یەک بەخۆم دەزیرێنم، یەکی دی بەپەلە خۆ بەژووریّ دادەکا:
چییە دەتەوێ یەکجاری بیکوژی، ئازاد کوڕی چاکە، قسەکانی بەمن دەڵێ، وەدەرکەوە بەمنی بسپێرە.
زلە دەڕواتە دەر، لە بەر دەرگا ئاوڕ دەداتەوە، ڕوو لە من:
– هەرچی دەزانی بەئاغای (بارزی) بڵێ، بگەڕێمەوە گیانت دەکێشم.
ئاغای بەڕواڵەت (بارزی) زۆر بەنەرمە نەرمە دەست پێ دەکا:
(– ئازاد، ئەوەی بزانە ئێمە خەبەرمان لە هەموو شتێک هەیە، هاوکاری تۆ دەگەڵ ئێمە تەنیا بەقازانجی خۆتە. دەوڵەت مەبەستی بەختەوەری میللەتی ئێرانە بەکورد و فارس و تورکەوە. شاهەنشا دەیەوێ بەرەو دەروازەکانی تەمەدونی گەورە بڕوا. دەو ڕێبازەدا، دەستی شەرق و غەرب بۆ شلکردنەوەی کاروانی پێشکەوتووخوازی دەکار دان. چاوی دیتنی ئێمەیان نییە، کۆمەڵێک مارکسیستی ئیسلامی ولاتیان شێواندووە، بەلاّم بەم زووانە کۆ دەبنەوە. شناساییمان کردوون، دەگیرێن و کار تەواو دەبێ، ئەوانەی من پێت دەڵێم وەک قسەی برایەک دەگوێیان بگرە.)
ڕووی دەمنە و چاوەڕێی جوابمە:
– جەنابی (بارزی) لەو شتانەی دەیانفەرمووی خەبەرێکی وام نییە. سەرم بەکاری خۆمەوە گەرمە. من کوڕە تاجرم. دەتوانی بپرسی، نە ئیسلامی بەو جۆرەی تۆ دەفەرمووی بیر دەکەمەوە، نە مارکسیستم. من کوڕی سەرمایەم، ڕەنگە دە بارەی مندا بەهەڵەچووبن.
وەک قسەکانی بەدڵ بن بەمانای سەلماندن سەرێکم بۆ دەلەقێنێ:
(– لە کۆک و پۆشتەییت، لە ماشێنەکەترا و بەپێی نەزەری دانشگا دەبێ وابی، شتێکی کە هەیە، ئەو خراپکارانە ئی وەک تۆ دەداو دەخەن و دەتکەنە داردەستی فکری گلاوی خۆیان. کوڕە بۆرژوایەکی وەکی تۆ کەمتر





شک دەیگرێ. ئێستاش درەنگ نەبووە قسەکانت بەمن بڵێ، لەوانە بکشێوە، بەڵێن بێ هەر ئەمڕۆ ئازادت کەم.)
– من داردەستی کەس نیم، پیرە دایکێکی فەلەجم هەیە، هەر ئێستە بزانێ من گیراوم سەکتەی تەواو دەکا.
دیسان سەر دەلەقێنێ:
– هەمووت وایە، تەنیا جوابی ئەم پرسیارەم بدەوە!
– فەرموو.
– ئەو ئیعلامییانەی بەیانی کێ بلاّوی کردوونەوە؟
– من ئیعلامییەم نەدیوە.
– سەعات چەند لە مەهاباد ڕاگەڕایەوە؟
– نیزیک هەشت.
– هەوەڵ کەس تووشی کێ بووی، لە دانشجووەکان دەڵێم؟
– زۆریان لەوێ بوون.
– دەگەڵ کامیان ڕاوەستای و قسەت کرد؟
– تەنیا دەگەڵ (ئیلاهە).
– (ئیلاهە) شۆرەتی چییە؟
– ئیلاهەی فەیز.
– هاوکلاستە؟
خێر ساڵێک لە من بالاّترە.
– چۆن کچێکە؟
– نەجیب و ماقووڵە.
– بۆ تەنیا دەگەڵ ئەوت قسە کرد؟
– وەخت نەبوو، من گەیشتمێ و کلاسەکان کرانەوە.
– ئەگەر (ئیلاهە) غەیری وەی بڵێ دەڵێی چی؟
وەک بەردم بەگورچووی دادا، قسەی دوێنێ: (خۆ لەم کچە مەدە) دە ئانێکدا، نیگای پاک و بێ نەزەری ئیلاهە دە فریام دێ:

- قسەی (ئیلاهە)م قەبووڵە.
- یەکترو خۆش دەوێ؟
- وەک خوشک و برایەک بەڵێ.
- راست برۆ، حەزی لێ ناکەی؟
- خێر.
- ئەو ئازەری و تۆ کورد، ئەو خوشک و برایەتیەتان لە چی ڕایە؟
- نازانم، هەستی من بەرامبەر بەو کچە ئەوەیە.
- بنەماڵەی دەناسی؟
- تەنیا ئەوەندە دەزانم دەگەڵ دایکی دەژی.
- ئەی باوکی لە کوێیە؟
- باوکی نەماوە.

دیسان سەرێکی رەزامەندیم بۆ دەلەقێنێ:

- ئەمرۆ تەنیا تۆ لە مەهابادڕا هاتووی. ئەو ئیعلامییانەش لەوێوە هاتووە، ئەدی کێ هێناونی؟
- من بێ خەبەرم، رۆژی هەزار کەس دێ و دەڕوا، بۆ پێت وایە ئەو کەسەی ئەوانە دەکا دەبێ هەر دانشجوو بێ؟!
- ئەی کاری کێیە؟
- تۆ دەتفەرموو شەرق و غەرب...

قسەی دیکەم دەگەڵ ناکا، دەڕواتە دەرێ. هێندەی پێ ناچێ مەئموورە (زلە) و یەکی لەوی زلتر دێنە جەستەم. وەرم دەگەڕێنێ شڵپ و هۆر. نامپارێزن، پاش ئەو شەپانکارییە، دەسبەند قەبانی دەکرێم. باسکم لە کلاوە دێتە دەرێ. نازانم چەندە خۆ ڕادەگرم. لە هۆش دەچم.

بەرە بەری بەیانییە، چاوەکانم تارمایی و رەشکە و پێشکەیەک دەکەن. چرای میچی سلوول هەروا دایسێ، باران بەغوورەم دەبارێ، دەنگی پلووسکەکان ئاهەنگی ڕێژنە بارانی هەیە. لە سەر موزایکی ساردی هۆدە فرێدراوم، باسکم لە دوو نایە، شل کەوتۆتە سەر ئەرز. هەمموو ئازای بەدەنم دەچریکێنێ. تاوێک دەحاڵی هۆش و بێهۆشی دام و دیسان نازانم چ





ماوەیەک بێهۆش دەبمەوە.

یەکێک باسکم رادەتڵەکێنێ، زۆرم ئازار دەدا، دەچێتەوە جێ ئەمما دەمرم و دەژیمەوە. دەورەم پڕە، وەک چاوەڕێی مەرگم بووبن، دەمبەنە سەراوێ بەدەستە ساغەکەم ئاوێک بەسەروچاوم هەڵدەپرژێنم، کاسەی سەرم دێ، دڵم پڕە، وردە هێڵنجم دێتێ، بێ حاڵم کەمێکم نان و پەنیر بۆ دێنن:

(بەر چایی بخۆ!)

دڵم هیچ نابا، دەمەوێ تاوێک راکشێم، لە تەرکی سلوول تخێڵ دەبم، چاوم هەڵنایە، ئێسکەکانم ژان دەکەن، سەرم خەریکە لێوەبێ.

ئاغای (بارزی) وە ژوور دەکەوێ، دەور و پشتی چاوی بای کردووە، وە دیارە شەوێکی درێژی رابواردووە، جلەکانی نوێن، بۆنی ئۆدکلۆنێکی خۆش بەبەر لووتم دادێ رووم تێ دەکا:

- ها ئازاد، ئاسوودە خەوتووی؟
- شتێک وەک خەو.

بزەیەکی دەغەڵانەی دێتێ:

- ئەگەر ئەمڕۆش راستییەکەی نەڵێی، ئەوانە دێنەوە.

هەرچی زانیومە بە تۆم گوتووە.

- (ئیلاهە) شتێکی دیکەی دەگوت، لە بیرت نەچێ قسەی ئەو...
- لە بیرم نەچووە.
- نانت بۆ نەخواردووە؟
- ئیشتیام نابا.
- بەدبەخت ئەتۆ چی و سیاسەت؟
- من سیاسەتم نەکردووە.
- ئیعلامییە بڵاوکردنەوە سیاسەت نییە؟!
- کێ دەڵێ، هەروا بەئیشتیا!

دەست دەگیرفانی دەنێ، ئیعلامییەیەک دەردێنێ:

- چەند پەڕی وا بوون؟
- ئەتۆ دەزانی.

– راست برۆ لە کێت وەرگرت؟

– ئاگادار نیم. شەپێک لە زگم دەدا، خوێن بەزارمدا دێتە خوار، بەردەبمەوە، بەر چاوم تاریکە، بە پێلاقە تێم بەردەبێ. چاوم وەک پەردەی کرکرە تارمایی دەکا. وەک لەسەر تەسمەبم، هەڵدەخولێم و سەرە گێژەمە بەحاڵ چاوم دەکرێنەوە، تارمایی، رەشکە و پێشکە، دوکتۆرێک بە گووشیەوە، سرۆم بەباسکمەوە، زەڕی، خەونە، نانا ئەوە خەون و خەیاڵ نییە. ئیلاهە، ئەو ژنەی تر، (حوسێن)م، زەڕی زۆر جحێل بوو. نا، هەرگیز من حوسێن نیم. لە کەس نادەم. ئازادم، لێیان داوم، ئازەری نیم کوردم، چارەڕەش، بێکەس، بێ ماف، بێ حەق...

نێوە نێوە گوێم لێ دەبێ. دەبنەبانی ئەشکەوتێک دام. قسە دەنگ دەدەنەوە. دەنگ دوور دوور دەبنەوە، گوێم کپ دەبێ و دەکرێتەوە، یەکێک دەڵێ:

(خەتەر، خەتەر، خەتەری نەماوە، ئەمشۆ خەوی لێ کەوێ، دای، دای، پۆش پۆشن، بێ نیگەرانی شەو، شەو، شەو...

بەڕواڵەت چاو هەڵدێنم، نازانم کوێیە!؟ دە وەتاغێکی مۆبلەدام، ماڵە، ئیدارە نییە. حوسێنم وەتاغی خەو، نامۆیی ناکەم ماڵە خۆمە، کام ماڵ؟ ئێرە کەی ماڵی من بووە. هیچم لە بیر نییە. تەنیا ئەوەندەم لە بیرە (بارزی) شەپەکەی لێدام، خوێن بەزارمدا هاتە خوار.

هەڵدەستم، هەموو گیانم دەزریکێنێ، لەشم دەگەڵم نایە. کەسم لە لا نییە. هەر چونێک بێ هەڵدەستمە سەر قوون. باڵنج و مەلافەکەم پەڵە پەڵە خوێنی پێوەیە، سەرم دەگێژەوە دێ. بەردەبمەوە، چاو هەڵدێنم ماڵەکەی خۆم نییە. ماڵی جەیران!؟ نانا ئەوێش نییە. دڵم دەبوورەوە دەچێ.

لە نەکاو دەستێکی گەرم هەست دەکەم. دەستێک لە سەر سەرم دادەندرێ، چاوم بەحاڵ هەڵدێ، بۆنێکی ئاشنا بەبەر لووتمدا دێ، ئاوڕ دەدەمەوە:

– ئاه ئیلاهە.

فرمێسک دەچاویدا قەتیس ماوە:





– ئازاد چۆنی؟

– مەمنوونم ئیلاهە، من لە کوێم؟!

– پەرۆش مەبە ماڵی ئێمەیە. مەترسە خەتەر لاچووە، کەس کاری پێت نابێ.

– من بۆ لە ماڵی ئێوەم؟!

– وەختی ئەوە نییە، هەوڵ بدە بخەوی.

– چەند رۆژە لێرەم؟

– تەنیا دوێ شەو، ئارام بە.

– ئیلاهە دایکم نەیزانیوە؟

– نا.

هەڵدەستمە سەر قوون، بێ ئەوەی پرسیارم لێ بکا دێتە بن پیلم، دەرکی ئاودەستم بۆ دەکاتەوە. سوور، خوێن دەمیزم، دەڵەمەی چووکەی خوێن. ئارەقەیەکی سارد دەکەم. وردە وردە سووک دەبم، بۆوەی نەکەوم دەست دادەدەم، کەمێک ئاو بەدەموچاو دادەکەم. خۆم نیم. خۆم ناناسمەوە، رەش و شین هەڵگەڕاوم، سەرم بای کردووە، دەوروپشتی چاوم وەک بەقیل سواخ کرابێ. لە ئاودەست وەدەر دەکەوم، ئیلاهە چاوەڕێمە، دێتەوە بن پیلم، ژنێکی سەوزەی باڵا بەرز لە پەنایەتی. پتر لە چل ساڵ دەنوێنێ. بەفارسییەکی ترکانە:

– ئازاد خان چۆنی؟

– سپاس خاتوون خەجاڵەتی ئێوەم.

– شتی وا مەفەرموو ماڵە خۆتە.

ئیلاهە دەمباتە لای جێگاکەم:

– ئازاد ئەوە دایکمە.

رووی تێ دەکەم:

– ببوورە دایە، شەرمەزارم.

– لەو قسانە گەڕێ، مات بە بحەسێوە.

لە سەر جێگاکەم رادەکشێم، مەلافەکان گۆڕاون. تازە و بۆن خۆشن. لە

پشت پەنجەرەوە حەوشە دەبینم لایەکی پەردە هەڵدراوەتەوە، حەوشەیەکی چووکەیە، دارێکی یاسەمەن، پڕ بەسینگم بۆنی یاسەمەن هەڵدەمژم. قەفقەف دە ڕەگانم دەگەڕێ. یەکێک رامدەتڵەکێنێ. دەستی گەرمی ئیلاهە نییە، دەستێکی بەقەوەت، هەرا دەکا:

– هەستە، هەستە!

دەنگی بارزییە، قەڵس نییە، ئارامە، بزەیەکی ساردی لە سەر لێوە: (هەستە، راستەوە بە! ئازادی)

– بەڵێ.

– دەگەڵ تۆمە ئازادی.

– بەڵێ، ئازادم.

– بەڵێ و زەهری مار ئازادی!

– بەڵێ ئازادم.

قاقا پێدەکەنێ. رامدەتڵەکێنێ. بەتەواوی چاو دەکەمەوە. دە سلوولی سارد و سڕی ساواک دام. ئازای بەدەنم ژان دەکا، دەلەرزم، مچوڕکم پێدا دێ، لە کەنگێوە وام؟ چەند رۆژە گیراوم؟ زەمان و مەکانم لێ تێکچووە، بەڵام چاکترم گوێم لە قسەی (بارزی)یە:

– ئازاد راستەوەبە، مەرەخەسی.

هەڵدەستمە سەر قوون. پێدەکەنێ:

– برۆ دەست و چاوت بشۆ، خودا بەقوربانی (زەڕی) خانمت کا. بەلارەوە لارەوە وەڕێ دەکەوم، دەرگام بۆ دەکاتەوە. بەر موسوڵدانم خەریکە بتەقێ، خۆ سووک دەکەم. مۆرەی پشتم دێشێ. دەست و چاوم دەشۆم. هەست دەکەم سەر و چاوم ئەستوور بووە. ئاوێنەی لێ نییە. بیر لە قسەکەی ئاخری دەکەمەوە: (خودا بە قوربانی...) تێناگەم. زەڕی خانم کێیە؟! بارزی چاوم دەبەستێ، دەستم دەکێشێ، هەوای دەرەوە بۆن دەکەم. لە پشت دەرگا پەرۆم لە چاو دادەماڵێ، دەرگای گەورە دەکاتەوە:

– فەرموو ئەوە سویچ، ئەوەش ماشێنەکەت، نەخەڵەتێی پێ خوار دانێی، ماشێنەکەم لە کەنار پیادەڕەو راگیراوە، (ئیلاهە) و ژنێکی سەوزە





بەپیرمەوە دێن.

سەریان سوڕماوە، وەک شتێکی عەجایبیان دیبێ، وەک گورگیان دیبێ. (ئیلاهە) سویچەکەم لێ وەردەگرێ. دەرگای پشتەوەم بۆ دەکاتەوە، لەسەر سەندەڵی ماشێن مەلاس دەبم، دە ئاوێنەدا دیارم، هۆی سەرسوڕمانی ئەوانم دێتە دەست. لە قەبرانڕا هاتوومەوە، بەر چاوم ڕەش هەڵگەڕاوە. چاوم وەک گۆمی خوێنە. سەرم ماسیوە، جلەکانم بێ لەزەتن، سەرم دەگێژەوە دێ. ئیلاهە دەچێتە پشت فەرمان، ژنە لە پەنای دادەنیشێ، دەچینە شەقامی زەنگەنە، رایدەگرێ:

– دایە ئەتۆ برۆوە، دەگەڵ ئازاد کەمێکمان کار هەیە پاشان دێینەوە.

نازانم بۆ کوێ دەچێ. وەڕێ دەکەوێ، نیوە ئاوڕێک دەداتەوە:

– جلەکانت پیس بوون، لیباسی زیادیت پێیە؟

– بەڵێ لە مەزڵەکەمە.

– کام لایە؟

– مێهدولقەدەم.

راست دەچێتە وێ. ئاماژەی بەردەرگای دەکەم. (زوهرە) دەرگا دەکاتەوە، چاوی بەمن دەکەوێ. دەست دەستۆم دەکا و لە بانگ دەدا:

– هەک چاوم کوێر بێ، بۆ وات بەسەر هاتووە! لە کوێ بووی؟ دەگەڵ کێ بەشەڕ هاتووی...

ئیلاهە بێدەنگی دەکا:

– مەیکە هەڵڵا برۆ ژوور.

زوهرە دەگری. ئیلاهە ژیری دەکاتەوە، حاڵی دەکا، جەیران خانم لە ماڵ نییە، زوهرە چایی دێنێ. ئیلاهە بزەیەکی دێتێ:

– جلەکانت بگۆڕە دایکم چاوەڕێیە! زوهرە بەگڕیدا دێ:

– بەو حاڵەوە بۆ کوێ دەچێ؟! هەر لێرە دەبێ! حەمام گەرمە، پڕ دەداتە بن پیلم، ئاوێک بەخۆ دادەکەم، کەمێک دەحەسێمەوە. جلەکانم دەگۆڕم، سەعاتەکەم شووشەی شکاوە دایدەنێم، وەک لە چلەی وەدەرکەوتبم، زوهرە بەرچایی دێنێ. بەتەواوی برسیمە تێر دەخۆم هێزێکم دێتە بەرێ. زوهرە

یەک پشوو تێم دەڕوانێ، چاو لێک نادا:

– ئازاد چاوەکانم کوێر بێ، ئەتۆ چی و ئەوانە، خۆ تۆ هەر خەریکی دەرسەکانتی خودا فەوت و فەنایان کا. دایکت چەند جاری تەلەیفوون کردووە.

تەلەیفوون بۆ دایکم دەکەم، دایە خەیاڵ جواب دەداتەوە:

– عەلۆ، ئازادی ئەوە ئەتووی، ماڵتە هەی، دایەت زۆر پەرۆشە دە هاها سڵاوەکی حەرز کە.

هەوڵ دەدەم دەگەڵ دایکم زۆر ئاسایی قسە بکەم:

– دایە گیان چووبووینە سەیرانی عیلمی لە (قەرە حەسەنلوو) بووین شەوێ دێمەوە، بەمەلی بڵێ، نیگەران مەبن.

– باشە کوڕم دەبوو پێمان بڵێی، نیگەران بووین.

خوا حافیزی لە دایکم دەکەم، هەڵدەستین بڕۆین، زوهرە زۆر هەوڵ دەدا لەوێ بین. ئیلاهە رووی تێ دەکا:

– هەستە ئەتۆش دەگەڵمان وەرە، هەر من و (دایکم)ین.

زوهرە دەگەڵ ئیلاهە لە پێشەوە دادەنیشن. هەوا گەرمی کردووە، شار شڵووغە، بەخەیابانی پەهلەویدا دەچینە خوار، دەست و فەرمانی ئیلاهە قسەی لە سەر نییە، لە زوهرە دەپرسێ:

– دەی زوهرە خانم وەدیارە ئەو کوردە کافرەت خۆش دەوێ؟

زوهرە خێرایەکی:

– برای خۆمە، دەرسم پێ دەڵێ، تەنیا کەسێکە هەستم دەکا.

– وەم زانی نامزەدن!

زوهرە لە زاری دەردەپەڕێ:

– بریا...

هەرسێکمان پێدەکەنین، ئیلاهە لە ئاوێنەوە چاوێکی دەغەڵانەم لێ دەکا، زوهرە سوور هەڵگەڕاوە، دەگەینە پەنا گوڵفرۆشییەک، دەستێک لە پشتی ئیلاهە دەدەم:

– بێ زەحمەت لەو کەنارە ڕایگرە:





پوولێکی درشت دەدەم بەزوهرە:

– زوهرە خانم، چەپکێک گوڵی جوان وەرگرە.

– پووڵم پێیە.

بەزۆری دەیدەمێ، دادەبەزێ، ئیلاهە بزەبزیەتی:

– ئەو زەحمەتەی ناوێ.

– خەجاڵەتی تۆ و دایکتم.

– ئەو قسانە مەکە، شوکر بەخێر گوزەرا، دەمزانی تووش دەبی، (ویکتۆڕ) چاکی نەجات بوو، نەیانزانییوە.

وەدیارە ئاگای لە هەموو شتێک هەیە، بەپێچەوانەی نەزەری کوڕەکان زۆریش کچی چاکە، بەو مەتمانەوە رووی تێ دەکەم:

– ئێوە چۆن بوو چاوەڕێی من بوون؟

– راستییەکەی پێرێکە زۆرم حەول دا دایکم وە شوێنت کەوێ، گوێی نەدامێ، کاتێک منیان ویست دڵی نەهات بەتەنیا بچم. مەسەلەی تۆ لەوێ هاتە پێش.

– چیان لە تۆ پرسی؟

– ئازاد چۆن کوڕێکە و مەسەلەی ئیعلامییە و ئەوانە...

گوتم:

– ئازاد ئەهلی ئەو کارانە نییە، بەیانی هاتۆتەوە دانشکەدە و تەنیا دەگەڵ من قسەی کردووە، کەسی دیکەی بەقسە نەدیوە و چشی پێ نەبووە.

دایکم قسەی دەڕوا، لەبەر وی توندیان لە من نەگرت. ئەگەر دوێ شەوێ هێندە نارەحەت نەبای دەگەڵ خۆمان دەمانبردیەوە وابوو کەوتە ئەمرۆ.

– ویکتۆر چی؟

– من ئاگام لێ بوو ئیعلامییەکانت دایە، باسی وی نەهاتە گۆڕێ ئەویش زۆر وشیارە وای بڵاو کردۆتەوە کەس نەزانێ.

– ئیلاهە دەکرێ تکایەکت لێ بکەم؟

– فەرموو.

– من زۆر بە تۆ قەرزدارم، لێم نارەنجی؟

– پێم قەرزدار نی و لێشت دڵ ئێش نابم.

– مانای ئەو چاولێکردنەت چییە؟

بەپێکەنینەوە:

– خاترجەم بە حەزت لێ ناکەم.

– ئەوەی دەزانم.

– ئەدی چت دەوێ؟

– دەمەوێ مانای ئەو نیگایە بزانم.

– بۆ چیتە؟

بۆ وەی وەڵامێک بۆ پرسیارەکانی دەروونی خۆم بدۆزمەوە.

– دەزانی چۆنە ئازاد، ئەو هەستەی بەرامبەر بەتۆ هەمە ئەگەر نەمبا، یا بەباری غەریزیدا بۆم گۆڕابا، بێ شک بۆ خۆم خوازبێنیم لێ دەکردی. بەڵام بەداخەوە ئەو هەستە ناگۆڕێ نیگای من بەرانبەر بەتۆ ناکرێتە نیگای ژن و پیاوێک یا کوڕ و کچێک بەرانبەر بەیەک. من تۆم بەڕاستی خۆش دەوێ، لە هەموو کەسیش بەلای منەوە باشتری ئەمما وەک برایەک وەک بابێک وەک مەحرەمێک.

– ناکرێ ئەو هەستە فێری منیش کەی؟

جارێ نا بەڵام شەرتە بەوەختی خۆی پێت بڵێم. ئەوەندەی بزانە دڵم لە لات دەحەسێتەوە. وەک برایەک چاو لە تۆ دەکەم و وەک زوهرە درۆیەش ناکەم.

(زوهرە) خەریکە لە گوڵفرۆشی بێتە دەر. ئیلاهە بەپەلە:

– هەتا زوهرە نەگەیوەتێ، لە لای دایکم باسی (ویکتۆر) و ئەو مەسەلەی مەکە، من تۆم وەک کوڕێکی نەجیب و رەسەنی کورد پێ ناساندووە.

– دەستت خۆش بێ چاکت ناساندووم.

بەجووتە پێدەکەنین. (زوهرە) گەیوەتەوە، فرسەتی تۆڵەی وەگیر کەوتووە:

– منتان دەگرێوی نان و پەنیر نا و تێر قسە بوون.





(ئیلاهە) دەندەیەک دەکێشێ و دەڕۆین. نیو دەورێکی شار دەدا و دەڕۆینەوە ماڵی ئەوان. لە بەر دەرگا رایدەگرێ، دەچم دەفکرەوە: (ئاخ ئەو دەرک و دیوارە چەندە لەبەر چاوم ئاشنایە، سەدان جارم دیوە، وەوەی دەچێ دێرەدا گەورە بووبم.)

بەسرتە لە ئیلاهە دەپرسم:

– ناوی دایکت خانمی؟

– (زەڕی).

هەڵدەبەزمەوە.

(ئیلاهەی مەلۆتکە، یانی ئەو ئیلاهە... یانی چی؟!)

زەڕی بەپیرمانەوە دێ. هەر زەڕی خەونەکانمە بەڵام دەنێوەوە چووە.

هەروا شیرنە. سەوزەیە. ددانەکانی وەک کلووی بەفرن. لەهجەی هەیە. تالاری پەزیرایی، ئاباژۆر، کورسی دەستکاری تاران، وڕ و گێژم. بەوەی چاکە گێژییەکەم بەحیسابی ئەشکەنجە و ئازاری ئەو دوو رۆژە دەگیرێ. ئای ئای خۆ زەڕی لە من گێژترە، بڵێی ئەویش ئەو خەونانەی دیبێ... قسەکانی لەسەرخۆ نین:

(– ئازادخان ماڵە خۆتە، خێر و بەرەکەتت هێنا، بەخێر هاتی بەخێر. زوهرە گیان بەخێرهاتی بەخێر، ماڵی خۆتانە.)

دە دڵدا دەڵێم: (دیارە ماڵە خۆمە)

(زەڕی) یەک بەچاوان تێم دەڕوانێ، لە بەری پێ تا تۆقی سەرم:

– کاک ئازاد، جێی داخە ئەزیەتیان کردی، دەستیان شکێ، ئیلاهە زۆرت تاریف دەکا، کوڕم ئاگات لە خۆت بێ.

– زەڕی خانم من شیاوی گەورەیی ئێوە نیم، ئەوپەڕی ئینسانییەتتان دەحەقی مندا کردووە.

– شتی وا مەفەرموو، بە(ئەبوولفەزل) پتر خەمی دایکتم بوو، رەبی رۆڵە منداڵو هەبێ تا بزانن چ باسە. رەبی رۆڵە پیر بن.

تەعاروفە و پەزیرایی، خواردن و خواردنەوە. دەو بەینەدا سەرسوڕمان، خەجڵان، نیگای من و زەڕی. من خەونەکانم بەزیندوویی دەبینم نازانم ئەو

چ دەبینێ. چاو لێککردنی لە حەد بەدەرمان ئیلاهە و زوهرەشی وە شک خستووە. ناحەقیان نییە وەک نەدیویدی تێک دەڕوانین:

(ئارەزوومە تەنیابایین، ئەوەی دەو دڵە پڕ ئێش و ئازارەمدا دەگوزەرێ، بۆم شی کردباوە، بۆم باس کردبا، باسی خەونەکانم، باسی ئەو ڕۆژانەی دۆست و دەزگیران بووین، دەگەڕاین، لە پەنای دەحەسامەوە، دەسوکنام، نێو نیشانەم بۆ هەڵدابا، بریا تەنیابایین گوتبام (زەڕی) نێوان هەر دوو شەپیلکی شانت خاڵێکی گۆشتی ڕەش و دڵگرە.

ئەوە هەوەڵبارە بەدیتنی لە نیزیکەوەی زەڕی لە ژیانی درێژ خایەنی خەونەکانم تووڕە نیم، هەر چەند منداڵی وەکی منی هەیە، هەر چەند بەمن دەڵێ ڕۆڵە، هەر چەند ئەو هەستە دەخۆمدا بەبێ ویژدانی دەزانم، ئەمما، ئەمما، ئاخ چ بکەم بەڕاستی شیرنە، جوانە، خانومانە، ئاقل و ماڵدار و پاک و خاوێنە...

ئەزموون و زانستی لێ دەبارێ، ژیانی لە لایە، حەسانەوە و مەتمانەی لە پەنایە، دەمەوێ تەنیا جارێک سەر شانی ماچ کەم، دەستە نەرم و شلەکانی بکوشم، قۆڵە گۆشتنەکانی دەقۆڵ کەم و شیرنایی نەباتی لێوەکانی بمژم.

کابرای حیسابگەر[٢] دەیگوت:

(خەونەکانت لە نیزیکەوە دێنە دی، بەپێچەوانەی ئێستێ زۆریش لە مانای خەونەکان خۆشحاڵ دەبی. خەون دەستبەردارت دەبن. پاشان تووشی قەیرانێکی دیکە دەبی. قەیرانیش دەڕوا، بەڵام زۆر دەکێشێ.)

دێتەوە بیرم:

(زەڕی دەزگیرانم بوو، لە من کەم تەمەنتر بوو، تازە دەگەیشتێ، لە گەلای دارانی دەدا، نێو قەدی دەستێکم تێ دەوەراند، سەر سینگی یەک بەئامێزم بوو، سەوزەیەکی شیرنی باڵا بەرز...)

ئێستێ زەڕی لە من پیرترە، من گۆڕانم بەسەر هاتووە، ئەو لە گۆڕان نیزیک دەبێتەوە، بەو پێیە ئەو بەرەو مناڵییە و من بەرەو پیری. بەڵکو

(٢) ئەو کەسەی پێشبینی دەکا astrologer





بەهارێکی تر، ژیانێکی تر، ژیانەوەیەکی تر، ڕوانەوەیەکی تر وێکمان بخاتەوە. بریا جارێکی تر، تەنیا جارێکی تر گەیبایینەوە ئەو دەم...

ئەو دەم چەند خۆش بوو، بەهارێکی سەر لە هەوەڵێ، بڵوورێکی زەردی تەنک و قۆڵ کورت، دەگەڵ شەڵوارێکی ڕەشی چەسپاو، وەک خەڵفی شلک و ساوای لیمۆ تەڕ و تورت، بۆنی پرچە خاوەکانیم دەسینگمدا ڕادەگرت، لەرەی وردی مەم، لەنجە و ناز، بزەی شیرن و نیگای چاوی باز، بسکی درێژی قاوەیی وەک شەپۆلی یاغی دەریایەکی وەحشی بەشان و پیلمدا دەکەوتنە خوار، بریا، بریا...

بریا سەد بریا ژوانێکی تر، دەنیوە شەوێکی تاریک و ئەنگوستە چاودا، بەشاکلیل دەرگام دەکردەوە، جارێکی تر بەژن و باڵای شووش و شەتڵاوی گوڵاوی، پێستی ناسکتر لە پەڕی گوڵی، دەمەوڕوو لە سەر تەنیا تەختی وەتاغەکەی، لە خەوی ناز ڕادەپەڕا و چاوە نەرمەکانی بەشەبەقی ترسێکی لە نەکاو سەد هێندە ئەفسووناوی دەبوو.

خۆزگە کەشەیەکی تر، جووتێک کۆتری تەقڵەباز، لە حەویقی ئاسمان خۆیان لێک دەدا وردە تووکیان دەهەوادا بڵاو دەکردەوە. نەرمە بایەک گێژی پێ دەدان. خۆزگە جارێکی تر لێوە داغەکانیم کە تینووی ماچێکی تەڕبوون تا بێ نیهایەتی بێ نیهایەت بەرەو هەرمانی زەمان ماچ دەکردن، خۆزگە جارێکی تر سەرلەنوێ کات و سات دەگەڕاوە سەر هەوەڵ خاڵ و هەوەڵ هەنگاوی حەز و خۆشەویستی.)

زەڕی و ئیلاهە خەریکی سفرە دانانن، زوهرە لە قووڵایی زەمان ڕام دەچڵەکێنێ:

– ئازاد چییە؟! بێ ئیختیار قسە دەپەڕێنم، بیر و خەیاڵم لە گرێژەنە چووە:

– ئاه زوهرە! ئەگەر تەنانەت جارێک دووپات بووباوە.

– چ دووپات بووباوە؟!

– ژیان، ژیان، ڕابردوو.

– بۆ، بۆ چییە؟

– ها، دەڵێی چی؟

– رابردووت بۆ چییە؟!

دێمەوە حاڵ:

– بۆ هیچ!

زوهرە سەر دادەخا، دیسان من و خەیاڵ:

(جار جار زەمان درێژ دەبێ، کورت دەبێتەوە، بەپڕتاو دەڕوا. بە پەلە دەگەڕێتەوە. رادەوەستێ، لە چرپە دەکەوێ. دەمرێ.)

دەنگێکی نەرم دێتە گوێم، ئیلاهەیە:

– فەرموون وەرنە سەر سفرە.

نازانم لە کەنگێوە خۆم نیم، هەر پێم وایە ئەو کاتەیە، چاوی (زەڕی) دەچاوی مندا، چاوی من دەچاوی (زەڕی)دا، ئارام ئارام دەڕەخسێن و حەل دەبوون.

نیسکە نیسکە خۆم بەنەهارەوە دەخافڵێنم، هەست دەکەم زەڕی تەواوی جووڵە و هەرەکەی من چاوەدێری دەکا. دەنێو دووچاوی ئەفسانەیی و مەستدا، چاوی وردبینی مەستی دەگێژیدا خنکاو دیارە.

دەست لە نەهار دەکێشینەوە، سپاسی زەحمەتەکەیان دەکەم، بەزوهرە دەڵێم:

– مەرەخەس بین و زەحمەت کەم کەینەوە.

زۆر هەوڵ دەدەن نەڕۆین بەتایبەتی زەڕی:

– با کەمێک ئەو سەروگوێلاکەت بێتەوە حاڵ، دایکت نارەحەت نەبێ.

– نا زەڕی خانم، گەورەیی بەسە، چیدی زەحمەتو نادەم. دایکم ئاخری دەزانێ، زووتر بچمەوە باشترە و گەورەیی تۆش لە بیر نابەمەوە. بەمینگە مینگەوە:

– راستییەکەی لە ئیدارەش دەیانەویست ئاوا خۆ نیشان خەڵک نەدەی. من زۆرم تکا کرد، هەرچەند بێ تاوان بووی دەیانەویست لە بەر ئەو سەروگوێلاکەت چەند رۆژێکت مەحتەل کەن.

– منیش هەوڵ دەدەم، لە سەر قەولی تۆ هەتا رەنگ و رووم دێتەوە





سەرخۆ وەدەرنەکەوم. دەگەڵ زوهرە راستەوە دەبین.

ئیلاهە:

– ئازاد! دەتوانی ماشێن لێخوڕی؟

– ئەرێ، حاڵم باشە، باینجانی بەم بێ ئافەتە. زەڕی و زوهرە چاوێکم لێ دەکەن و پێدەکەنن، زەڕی لەبەر دەرگا، بەگەرمی دەستم دەدەستیدا رادەگرێ، یەک دوو جار نەرم نەرم دەیکوشێ، هەرجارەی نوێنەری دەیان بیرەوەرییە، زوهرە دەبەمەوە ماڵی خۆیان زۆر هەوڵ دەدا نەڕۆمەوە، دەرگاکەیان ئاوەڵایە وەدیارە جەیران خانم لە ماڵە. کاتێک دایە خەیاڵ بەرەو پیرم دێ، خوودار دەبێ:

– ئەی سەڵاو قەت کەسم نەما، حەگ دایت نەمێنی، ئەیەڕۆ ئەوە لە بۆ وەهای، لە بۆ وەهات لێ هاتووە؟! دایە خەیاڵ دەست دەکا بەگریان، دایکم ئەهوەنترە، بەسەرهاتیان بەکورتی بۆ دەگێڕمەوە، دەست دەکەن بەگریان، (مەلی) دەگاتێ، هەر چەند زۆر دڵ بەخەم دەبێ، بەڵام ناگری. بە دووی ئەودا میرزا (عەولا) و (مەلەک) خانم پەیدا دەبن. دایکم بۆ شێو رایاندەگرێ، مامم و ئامۆژنم و منداڵەکان بەسەرمان دەکەنەوە. هاواڵەکانی خۆم هەروەتر، خەبەر بەشار وەردەبێ. دایە خەیاڵ دوو سێ رۆژان دە نیوەنمەکانم دەگری، کەمێک دێمەوە حاڵ.

زوهرە و جەیران خانم بەتەلیفوون لێم خافڵ نین، دایکم زەنگ بۆ (زەڕی) لێ دەدا و زۆری ماڵاوایی و سپاس دەکا، کوڕەکانی دانشکەدە بەگەرمی هەواڵم دەپرسن ویکتۆر دەڵێ:

– دەگەڵ ئیلاهە و هێندێک لە کوڕەکان دەمانەوێ سەرێکت لێ دەین.

دەڵێم:

– زۆرم پێ خۆشە بەتایبەت بۆ تۆ و ئیلاهە. ناهێڵێ قسەکەم تەواو کەم پێشاو بڕە لێدەداتەوە:

(– ئەی سەگە بەشی منت درۆیە و (ئیلاهە)ت بە کەیفێ.)

دەڵێم:

– باوەڕ کە بۆ هەمووتانم پێ خۆشە.

ویکتۆر:

– شۆخی دەکەم جارێ مەسڵەحەت نییە، ئازاد کەی دێیەوە؟

– حەوتووی داهاتوو. ئەو ماوەی شەو و رۆژ میوانمان دێن، کەمتر بەدەرسەکانم رادەگەم، فەوزیە رۆژێ جارێکم سەر لێ دەدا، مەلی دایە لە لامە.

لە (ساواکی) مەهاباد دەیانەوێم. دایکم زۆر نیگەران دەبێ، مامم بەپێچەوانە گوێی ناداتێ، فکر دەکەم تامی زاری کردوون و باسی ناکا. دەچم، بەشێنەیی کەمێکم بەسەر دەڕۆن و زۆریشم دڵخۆشی دەدەنەوە.

وەوەی دەچێ حکوومەت ئەو توند و تیژی جارانی نەمابێ، لانی کەم بۆ مەسڵەحەتی رۆژ، ماوەیەک دڵداری خەڵک بداتەوە. دایکم نیگەرانی بەسەرچووە، وردە وردە دەستی داوەتەوە کتێب و خۆ دەخافڵێنێ، قەرارە سبەی بچمەوە زانکۆ، دانی بەیانی دەرسمان نییە.

نیازم بەنەقڵ و نەزیلەی دایە خەیاڵە، ئەو بەسەرهاتانە گەرچی چارەی خەونەکانی نەکردووە بەڵام وەک ئەدەبێکی سوننەتی لە لام بەنرخن و پێیان دەحەسێمەوە، دەمبەن دە دنیایەکی دیکەوە، ئەوانە بەشێک لە ژیانی پڕ لە هەڵسوکەوتی نەتەوەکەمانن.

باران ورد ورد دەبارێ، دەنگی پلوسکەکان ئاهەنگێکی ناڕێک و بڕگە بڕگەی هەیە.

دایە خەیاڵ دێتە ژوورێ ئەو ماوەی وەک پەرستارێکی شارەزا بەدەورمدا هاتووە، بەسرتە بۆ ئەوەی دایکم نەزانێ:

«– ئازادی رۆڵەم، رەببی دەستیان بەقوونیانەوە نووسێ ئەو سەیانە سەقەتیان لێدابووی. مۆرەی محەمەدی ئازای بەندەنت وەک دەخەمێ هەڵکشابی ئەوهای لێ هاتبوو. ئەوێ رۆژێ لە سەر زگ راکشابووی قل قلەی هێلکەم لێدەنای، ئەتوو نەتدی، (مەلیلە) بەئەسپایی هاتە پەنام. بەدەست و بەچاوان دەپاڕاوە ئەتوو نەزانی ئەو لە پشت سەرتە. بێ حەدەبی نەبی ئاخەر ئەو بۆ توو مەحرەم نییە، جار جاریش دەستی منی وەلادەدا بۆ خۆی قل قلەکەی بۆ لە سەر دادەنای، بەڵان ئازادی بەسەری توو وەک





ئەوهێ لووساوکانە ئاوی بەچاواندا دەهاتنە خوارێ. ئەو کچۆڵە مەزڵوومە ئەتووی زۆر دەوێ، حەیفە دەدارای دە دونیایەدا کچۆڵە ئەوهای کوڕ خۆش نەوی. ئەوە سوێندێی دابووم بەتوو نەلێم، ئەمما بەڵا لە درۆیان دا، چم تێدا راناوەستی، کوڕە ئووەڵڵاهی لە پشتێن بەرە ژێریشی دیتی. ئەتوو شەرمێت لە من دەکرد. ئیدی نەتدەزانی ئەوهە (مەلیلە)یە، داتدەماڵی و لاقوونێت چەور دەکا.

بەخوای رۆڵەم وام لێکدەداوە هەر دەمایەکی ئاوە وای دانێ بوونە ژن و مێرد، سەرت بخاتە سەرێ و بلێ چەورم کردی و بەخۆت نەزانی.»

بۆ وەی وەدەماغی خەم:

– جا دایە خەیاڵ مەڵهەمی بۆ چییە، دەستی مەلی بۆ خۆی مەڵهەمە.

(– دە ئەوەی بلێ رۆڵە گیان، جحێڵی، هەڕەتی دە پیاوەتیەتە، شۆخی و قماران بکە، چەنگە پڵماسکەی بکە، ئازادی هێندەش خۆ لەو ئیحلامیە و میحلامیەی مەدە دەترسم مسەوەدەیەکت بەسەر بێ. ئەتوو ئەو دایکە مەزلوومەت دەگەڵ خەیاڵێ بێکەس و قەت کەس نەماوێ بەتەمای کێ دەکونجە خانووێدا بەر هەڵدا دەکەی. ئەتوو پیاوی ئەو ماڵەی. ئەتوو هەتیو مەتیوک نی، کوڕە حەجەم بێ ڕەزان، ئەتوو بەدەوڵەتی ناوەستی، خوای ساردتری لەکنە، دەترسم پەندێکت بەسەر بینێ ئەو سەری دیار نەبی.)

– دایە خەیاڵ!

– بەڵێ.

– ناتەوێ وردە حەکایەتێکم بۆ بکەی؟

– ئەگەر ئەتوو قەولێم وێ دەی کارت بەوهانە نەبی، چاوانیشت ماچ دەکەم.

– چاکە قەول دەدەم.

– دەچاکە کوڕانم بادایە خۆشت سەربنی خاترجەمی دەبن سەری نێ.

– ئەرێ دایە خەیاڵ جار جار دەڵێی (مەجیدە گوڕوێ) وای دەگوت، ئەو (مەجیدە گوڕوێ)یە کێ بوو؟

«– کوڕانم، ئەوەندی گڵ لە سەر وین هەزار ئەوەندە حومری توو بی، مام

مەجید خەڵکی مەحاڵی موکریان بوو، زۆرتر لە (دەوەشاری) و ئەوانە دەبوو. شایەر بوو بەیت بێژ بوو، دەنگ خۆش و قسەزان بوو، ئەگەر ویستبایەی هەموو قسەکانی بەشێعر دەگوتن، تەوس و پلاری بەهەرکەس دادابا حەیای پێوە نەدەهێشت.

نەخوێندەوار بوو بەڵان هێندی مەلایەکی دەزانی. پیاوەکی ئاقڵ و دانا بوو، هامووشۆی پیاوی دەگەورەی دەکردن.

جارێکی بەرەحمەتێ خوای شادبی دەیگێڕاوە دەیگوت:

(رووتی و بێ ئەنوایی رووی تێ کردبووم، چ دە گۆڕێدا نەمابوو، کلکی مشکێم لە ماڵێ بەئارد نەدەبوو. منداڵی دەسەر و پێچکە دەورەیان دابووم. گرانییەک بوو سە ساحێبی خۆی نەدەناسی. فکر فکر خوایە روو دەکوێ کەم. زەینی خۆم لێ دا ئەو لا و ئەو بەران، تەنیا شوێنەکم ڕەچاو دەکرد، ئەویش میرزا قادرخانی دە ئامۆزام بوو.

میرزا قادرخان خوێندەوار و پیاوی دەدەوڵەتێ، لە ئەیالەتی ورمێ کاربەدەست بوو. ماقووڵ و دەس رۆییو، حەجەم بەبێ وی سەری بەنەکیان پێ دوو لا نەدەبۆوە.

بەهەر چەرمەسەرەیەک بوو، بەقەرز و قۆڵە گۆڵە بارگینێکم وەدەس هێنا. رێگای ورمێ ئەوها دوور و یەکسم ئەوها ناجسن. هەیدێ بەرەو میرزا قادرخان، بەبارگینێکی قۆترِی پشت بریندار نیزۆکەی پێنج رۆژانم پێ چوو هەتا گەیمە وێ. بارگینم لە کاروانسەرایەکی قەراخ شار تاقەت کرد.

گەڕام و پرسیم هەتا سەر سەرای میرزام دییەوە. ماڵ وەکی ماڵە قەرە تاژدینی، میرزا بەڕووخۆشی بەخێرهاتنی کردم و گوتی:

– مەجید ئەوە چلۆنە رێگات خەڵەت کردووە، خۆ شوکور چ نەقەوماوە؟

گوتم:

– نەوەڵڵا شتەکی وەها نییە حەرزت کەم، بەڵان گرانی هێرشی هێناوە، رووی دەس نەرۆێوێ رەش بی خۆم دەپەنا توو هاویتووە، ئەگەر دەستم بگری و سەر دەرکەم، ئەوە بەرخی نێرم رۆژی خۆی دەفریات دێم.

گوتی:





– برالە مەجید، هەرچی بتەوێ لە ماڵی من دەستت وەبەر ناهێنم، هەرچی هەمە ئی تووە، بەڵان شەرتی هەیە!

گوتم:

– چاکی دەڵێی و پاشی خرای دەکەیەوە، شەرتەکەت چییە؟

گوتی:

– مەجید برالە کورتی دەبڕمەوە، ئەو برا چووکەت لە شاری ورمێ بۆ خۆی کەم پیاوێک نییە، شاییم بەخۆیە، خەڵک دەمناسی. ئەتووش ئامۆزای منی، ئەوڕۆش نەزانن پاشی هەر تێدەگەن، شەرت بەو شەرتەی گۆرانی مۆرانیان نەڵێی، ئابڕوویە من نەکەیە ئابڕووی دەکەوەر فرۆشی ئەوە چت بوێ وێ دەدەم، دەنا نا ئەتوو بەخێر و ئەمن بەسلامەت.

گوتم:

– شەرتە ئەتوو ئەوها پیاو بی، هەتا گڵەبانی چاوانم دەکەن لە شاری ورمێ بەورەش حەیرانێکی لە بۆ کەس نەڵێم، برالە میرزا قادرخان ئەتوو دەزانی مەجید سواڵکەر نییە، ئیدی لە نەهاتی گەڕێ، دەڵێن:

(نەهاتی باشە قۆرتەکانی خراپن). ئەمن داوایە لە کەس ناکەم ئەو پیاوە گەورە و ماقووڵانەش بەپیاوی خۆیاندا کەلوپەل و جلوجۆڕم بۆ دەنێرن، ئەو ساڵ ئەوهانیش چیان نەبووە بۆیە رووم لە توو ناوە. موختەسەر ئەو قەرارەن کرد. قەدەرێکی لەوێ مامەوە چ باس نەبوو، بەرۆژ دەچوومە بازاڕی، شەوانە دەگەڕامەوە، ئەوی باسی لێ نەکرابا دراو بوو. بڕە پوولێکی هەمبوو بەحەقی قاوەخانە و ئالکی گۆڵەبارگینی لە دەستم بۆوە. چیم دەگیرفانێدا نەمابوو، دەفکری وەیدا بووم چلۆن وەگەڕێم و چ قوڕێکی وەسەر خۆ کەم. بەیانەیەکی بەهەناسە ساردی بەرەو بازار دەڕۆیشتم، لەو فکرەی دابووم چ رێیەکی وەدۆزم و چلۆن سەردەرکەم. چاوم کرد لەبەر دەرکی گەورە ماڵەکی، هەرایەکە خۆشەوە نەبی.

گوتم چش خێری ناکا هەرچی دەبی ببی، گوێم دایە، جوولەکە بوون، چوومە پێشێ، بەزمانی جوولەکان گوتم:

– چ باسە؟ یەکێک گوتی:

– داوەتن هەیە.

گوتم:

– شایەروو ناوێ؟

گوتی:

– ئەوە شایەرەکی لە داری دادەتاشین، ئەتوو شایەری؟

گوتم:

– بەڵێ، شایەرم و بەزمانی دەخۆتانو بۆ دەڵێم. ئاغایەکی بەماڵم وە قلی بلی کەوتن، بەسەری توو سێ شەو و رۆژی عەلەن تەواو بەزمانی دە جوولەکان گۆرانیم لە بۆ گوتن، شاباشم وەرگرتن، پاشی کە سەر حیسابی خۆم بووم سەت و بیست تمەنێکم دە باخەڵی دابوون.

بەباخەڵی پڕ لە پووڵی سپییەوە رۆیشتمە نێو بازاڕی. جووتێک کەوشی گێلاسی، سەر تا پا خوار جلی نوێم کڕی. چوومە حەمامێ و سەر و ڕدێنێ خۆم خاوێن کردەوە، وەک کوڕێ دەشای دەڕۆمەوە ماڵێ.

گوێم لێ بوو وەختێک میرزا قادرخان هاتەوە و پێڵاوەکانی منی لە پاشخانە چاو پێ کەوت، روو لە ژنەکەی:

(میوانن هەیە؟)

ژنە گوتی:

– کەسن میوان نییە.

– ئەییی ئەو پێڵاوە تازانە!؟

– هی کاک مەجیدن.

میرزا لێم وەژوور دەکەوێ:

– کاک مەجید دەبەر ئەوێ بەژن و باڵایەت مرم، لە ئەرز و ئاسمان بی بەسەری توو گۆرانیت گوتوون.

گوتم:

– کوڕە ئەرێ وەڵڵاهی چت لێ وەشێرم سێ شەو و رۆژە داوەتی جوولەکان هەڵدەسووڕێنم.

گوتی:





– جا قەرارن ئەوە بوو؟!

گوتم:

– وەڵڵاهی خۆ راست دەکەی، بەڵان رووی پازدە رۆژە لێرەم. باخەڵم فسێکی تێدا نەماوە، ئەتووش باسی چ ناکەی.

گوتی:

– برالە کاک مەجید لەو داوەتە چت وەگیر هیناوە؟

پێم حەیب بوو درۆیە بکەم:

– بەڵا لە درۆیان دا، نیزۆکەی سەت و بیست تمەن.

سندوقی لە بۆ کردمەوە ئەویش سەت و بیست تمەنی لە بۆ دە کیسەیەک کردم و گوتی:

– بەو شەرتەی هەر ئەئێستە هەڕۆیەوە وڵاتی دەخۆن و حەیایە من نەبەی.

گوتم:

– قەیدی نییە بەچاوان. دراوی زۆر و زەوەند دەباخەڵێم دەنێم، بارگینەکەم بەئەسپێکی رەسەن سەودایە دەکەم، بەسێ چوار رۆژان دەگەڕێمەوە وڵاتی.»

ئازادی بەسەری توو، مام مەجیدی سوێندی دەگەورە گەورەی دەخواردن، دەیگوت:

(ئەو دراوە بژیوی دوو ساڵمی دەرینا)

بەرەبەری بەیانییە، بەدەنگێکی ئارام و خۆش وەخەبەر دێم: (دەسکە، دەسکە، دەسکەی دوو دەسکە، باقە باقە باقەی دوو باقە، کەوەر و پیواز و جەعفەری خەنەبەندانییەتی).

***

9

چەپۆکێک ئاو بەدەموچاوم دادەکەم. وەدەردەکەوم کەمێک نانی گەرم بۆ بەرچایی وەرگرم. لە بەر دەرگا تووشی ئەشرەف خانم دێم:

– یاڵڵا ئازادخانی گوڵی سومبول، سەهەری سیفتاح چ دەکەی کورە؟

– سەلام ئەشرەف خانم.

– هەوجار سلاو، جامێک پەلاو، شیرین شەیتان لە کوێ؟

– دەچم هێندێک نانی گەرم وەرگرم.

– منیش دەچم لە سەنگەک، سەرکار چووە لە ئیدارە، تەنێم.

– ئەگەر وایە زەحمەت مەکێشە، خۆ من هەر دەچم بۆ تۆش وەردەگرم.

– ئاە (گوربان گوێزلاروە)[٣] هەدم چییە وەرە بچین.

سەنگەک خانە دوور نییە، چارشێوێکی تەنکی نەباتی بەخۆ داداوە، شان بەشانم دەڕوا، جار جار شانێکم لێ دەدا بەتەواوی دەستەمۆی کردووم.

کابرای سەنگەکی ئاشنایە، سلاو و چاک و خۆشی و دەڵێ:

– چەندەت دەوێ؟

– سێ دانە کاکە.

لەوانەی پاشقولی داون سێ دەنکی برژاوم بۆ دێنێ، لە پێش ئەشرەف خانم ڕایدەگرم، دەنکێکی دە زەمبیلەکەی داوێ، خۆم بەکابراوە مەحتەل دەکەم، بەلام ئەشرەف خانم وەدەر ناکەوێ، پێکەوە دەگەڕێینەوە، یەک پشوو قسان دەکا:

«– ئازاد جان، خەبەری ئەتنمان زانی سەرکار گوت: (ئەشرەف من جوان نییە بچم، مەئموورم دا، ئەتن بچوو)، دوو جار هاتم میهمان هەبوو، ئازاد نەمدی، نەمدی چاوە جوانەکان ماچ بیکەم، سەرکار زۆر گەمی ئەتن بوو، زۆر زۆرها.»

– مەمنونم ئەشرەف خانم، ڕاوەستاوین. بەقسەکردن دەچینەوە بەر دەرگا،

(٣) بەقوربانی چاوت بم





سەبرێکی دەستم دەگرێ:

– وەرە بچین مالی ما!

پێم خۆش نییە وا بمان بینن. دەمەوێ خۆ رزگار کەم، دەستم بەرنادا:

– ئاوەدان بێ، فەرقی نییە.

– ئازاد جان، شەیتانی مەکە ماڵ خۆتە، وەرەدا.

– ئەتۆ بۆ نایەی دایکم پێی خۆش دەبێ!

راست وەپێشم دەکەوێ. دایە خەیاڵ بەپیرمانەوە دێ. پێش سلاوکردن:

– ئەی بەخێرێی باجیە ترکە، توولە نەمام!

خێرا ئەولا و لای ماچ دەکا. سەنگەکی لە من وەردەگرێ، روو لە ئەشرەف:

– خەبەرێکی مالە بابت، چۆنی کچی دەخۆم رەبی بێمزەڕەت بی هەر دەڵێی کیژۆڵەی کادەرویشیانی دەبەر ئەو بەژن و بالایەت مرم.

(ئەشرەف) لە خۆشیان روومەتی پتر سوور هەڵدەگەڕێ، من بەو قسانەی دایە خەیاڵ کوڵ دەمگرێ، روو دەمن دەکا:

– دەباشە کوڕانم جار جار شتی وەها دەگەڵ خۆت بێنەوە، خێرێت دەگاتی، سەد بری سەت مەڕن هەبایە و باجیە ترکەن هەبایە و لە کوێستانی گەدەی باین، هەر چەندی ئەو کچۆڵەی دەبینم عەزەبی خۆم وەبیر دێتەوە. ئەها ژن دەبی ئەوها بی، هەر دەڵێی، دەڵێی کەحلانە خەیاڵێت دەبەر مری.

دایکم چاو لە من دەکا، ئەویش وە پێکەنین دەکەوێ، خەریکی بەرچایی خواردنین مامم زەنگ لێدەدا:

– ئازاد چلۆنی بابم؟

– دەستت ماچ دەکەم مامە گیان، باشم.

– سلاوی دایکت بگەیەنە، کەنگێ دەچییەوە رەزاییەی؟

– لای سەعات دوازدە مامە گیان.

– کوڕم پێش ئەوەی بڕۆیەوە سەرێکم لێ هەڵێنە.

– بەڵێ مامە گیان، ئەوە دایکم سلاوت عەرز دەکا.

– لە بیرت نەچێ کوڕم خوات دەگەڵ بێ.

ماشێنەکەم هەڵکردووە بڕۆم، مەلی دەگاتە سەرم:

– بۆ کوێ دەچی ئازاد؟

– دەچمە بازاڕێ و سەرێکی دووکانێ دەدەم.

– بێ زەحمەت ئەمنیش بەرە کاغەزی دەکڕم.

– کاغەزی چی؟

– کاغەزی پۆلۆکۆپی.

– فەرموو؟

لە پەنا کتێب فرۆشییەک دایدەبەزێنم، دەچوونە دەردا:

– بەیانی ئەشرەف خانمت بۆ کوێ بردبوو؟

– چووینە سەنگەک خانە.

– ئازادی عەیبەی دەزانی!

راناوەستێ وەڵامی بدەمەوە، بەقەڵسی دەڕوا و ئاوڕ ناداتەوە، دەچمە دووکانی مامم. یەک دوو کەسی لە دەورەن. ئەوان بەڕێ دەکا:

– پارچەیەکی ئینگلیسی باشم بۆ هاتوونە، ئەو دوو تۆپەی پشتەوە، پێت چۆنە؟

– دەستیان لێ دەدەم:

– پارچەی چاکن.

– دوو قەوارەم بۆ لێکردوویەوە، ئەوەتان بیانبە لای خەیاتی، جلم بۆ دایکت و خات خەیاڵ لێکردۆتەوە، ئەو بوخچەیەش ئی وانە، ئەو بوخچە گەورەش قالیچەیەکە بۆ (زەڕی) خانم کڕیوە، شتێکی عەنتیکەیە بۆی بەرە، ئەرێ ئازاد گوتت بێوەژنە، جوانیشە؟

بە پێکەنینەوە:

– بەڵێ.

– دەچاکە، سڵاوی منیشی پێ راگەیەنە.

– مامە بەئامۆژنم دەڵێم.





پێدەکەنێ:

– بەکوشتم دەدەی؟ بزانە ئەو سەیەم تێ بەرنادەی!

مامم هێندێک جەفەنگان لێ دەدا و چەپکێک پووڵی درشتم دەگیرفانی رۆدەکا. خوا حافیزی دەکەم و وەدەردەکەوم. نەهار بەپەلە دەکەم و لەسەر نانخواردن، جگە لە جەفەنگەکان، قسەکانی مامی بۆ دەگێڕمەوە، دایکم وەک گوڵ دەکرێتەوە:

– بۆ خۆم بەخەیاڵ بووم دیارییەکی بۆ (زەڕی) خانم بنێرم، فەرقی نییە زۆری سڵاوی من عەرزکە و بڵێ دایکم عەرزی دەکردی پێم خۆشە بەخزمەتی بگەم، ئەگەر دەگەڵ ئیلاهە خانمی کچی تەشریف بێننە ئێرە زۆری منەت هەیە، ئەمن بەو حاڵەوە بەناشکوری نەبێ لە دەستم نایە. دەگەمەوە بەر دەرکی دانشکەدە، حوسێن، تەقی، خوسرەو، ئایدین، ویکتۆر و محەمەد و کچەکان، ئیلاهە، سۆلماز و فەریدە بەپیرمەوە دێن، بەگەرمی وەرم دەگرن. بەتایبەتی ویکتۆر، چاوی پڕبووە لە ئاو، بەدڵپڕییەوە چەند جارم ماچ دەکا، نیو سەعاتێک پێکەوە دەبین. پێش ئەوەی بچینەوە کلاس ویکتۆر لەوانی دی دەدزمەوە، بەکورتی چلۆنایەتی گیران و نەجاتبوونمی پێ دەڵێم، مەسەلەی ئیلاهە و بەهەڵەچوونی کوڕەکان لەسەر ئیلاهە باس دەکەین. ئەوەی کە دایکی چۆنی رزگار کردووم و نیزیکی دایکی لە حکوومەت بەبوونی ئیلاهە بەرەو موسبەت بوون کەڵکی لێ وەرگیراوە و حیسابی ئیلاهە لە دایکی جیایە و ئەو کچە لەخۆڕا تاوانبار مەکەن.

کاتێک کلاس دەکرێنەوە، دەڕێیەدا خۆ دەگەیەنمە ئیلاهە:

– سەعاتی ئاخر مەڕۆ کارم پێتە!

– ئەگەر ئیعلامییەت پێ نەبێ و بەگرتنم نەدەی بەچاوان.

وچانێکی چاک پێدەکەنین و لێک جیا دەبینەوە. سەعاتی ئاخر دەپێش کوڕەکانی دیکەدا وەدەردەکەوم. دەچمە لای ماشێنەکەم، ئیلاهە لەوێیە، سوار دەبین و بەقسەکردن دەچینە دەرکی ماڵەکەیان، دەرگاکە دەکاتەوە، قالیچە لە پشت ماشێن دەردەکێشم، ئاوڕ دەداتەوە:

– دیارییەکی چووکەیە بۆ دایکت.

دە حالێکدا دەچینە ژوور:

– ئەو زەحمەتە پێویست نەبوو.

(زەڕی) لە ماڵ نییە، ئیلاهە قالیچەم لێ وەردەگرێ. نێو ماڵ سەرنجم رادەکێشێ واق دەمێنم. چی وای تێدا نەماوە، وەسەرەخۆم ناهێنم. ئیلاهە شەربەتێک دێنێ. ماتە، سلاوی مامم و دایکمی پێڕادەگەیێنم. ئیزن دەخوازم بڕۆم، دەڵێ:

(– ئەگەر وەختت هەیە، پێکەوە وەدەر دەکەوین.)

– من کارێکی وام نییە، دەمەویست زەحمەت کەم کەمەوە.

دەچێتە دیوەکەی خۆی، خرتەی کلیلم دێتە گوێ، وەوەی دەچێ جلەکانی بگۆڕی، دیسان خڕ بوونەوەی ماڵەکە دەمبا دەفکرەوە، چی وا ناگرێ دێتەوە پەنام، جلەکانی گۆڕیوە، کۆت و دامەنێکی یەشمی دەبەر کردووە، زۆری پێوە جوانە. وەک کچی شای بێ. کەسایەتییەکی تەواوە، دەچینە دەرێ، لە شەقامی (پەهلەوی) بەزەحمەت جێگایەک بۆ ڕاگرتنی ماشێن دەدۆزمەوە، ئێوارەیەکی فێنکە، شەقام پڕە لە خەڵک. بای دەریا بەسەر شار وەربووە. شان بەشانی یەک دەڕۆین، بەر چاوین، جار جار قۆڵ دەقۆڵم دەکا. هەروا ماتە، لە بەر دووکانی وێنەگرێک رادەوەستێ:

– ئازاد پێت خۆشە وێنەیەکمان پێکەوە هەبێ؟

– بە فەخری دەزانم.

– فەرموو!

دەچینە ژوور، خۆ ڕاستە و پاستە دەکەین. بەپێوە، بەدانیشتنەوە، دوو وێنەمان لێ دەگرن، قەبزەکەی وەردەگرم، دەیدەم بەئیلاهە. وەدەر دەکەوین، تاوێکی دیکە دەگەڕێین، سەبرێک قۆڵم دەگرێ:

– ئازاد بچینە شوێنێکی چۆل. دڵم گیراوە.

سوار دەبین بەرەو بەند، ئەوێش پڕە، هەڵدەکشێین، لە گۆشەیەک ڕایدەگرم، لە پەنا من پاڵ وە ماشێنەکە دەدا:

– ئاخ ئازاد نازانی، نازانی چەندەم خۆش دەوێی!

– لە مێژە دەزانم.





– لە کەنگێوە؟!

– هەوەڵجار لە دانشکەدە، تووشی یەک هاتین، بەباشی هەستم کرد، خوودار بووی، ئەمما نیگات دارماڵ لە خۆشەویستی بوو.

قسەکەی بەچاکی بۆ ناکرێ، چاوی پڕ بوون لە ئاو، شڵەژاوە، خەمێکی گران لە سەر شانی هەست دەکەم:

– ئازاد نەتپرسی ئەو ماڵە بۆ وا چۆلە؟!

– بە دڵم داهات، دەمەویست بۆ خۆت باسی بکەی.

– من و تۆ قسەی نهێنیمان زۆرن، هەر لە لای خۆت بێ، دایکم دەیەوێ بڕۆین.

– بۆ کوێ؟!

– بۆ خاریج، رەنگە بۆ هەتا هەتایە. دایکم دەڵێ: (ئەگەر وڵات ئارام بۆوە دێینەوە، بەڵام گومان ناکەم تازە کار تەواوە، رەنگە هەرگیز چاومان پێک نەکەوێتەوە، ئەو وێنانەم بۆ ئەوە بوو، یادگارێکت لە لای من بێ، دایکم فەرش و ئەسپابی فرۆشتووە، خانووەکەی بەناوی خاڵم کردووە، پووڵەکانی بەڕێ کردۆتە دەرەوە، ئەو بڕە شتومەکەی ماومانن، ئەویش حەوتووی داهاتوو دەبەن.

– ئەدی دانشگاکەت چۆن دەبێ؟

– من شتی زۆر بەنرختر بەجێ دێڵم، ئەتۆ، گڵکۆی باوکم، وڵاتەکەم ئارەزووەکانم، ئەو مەسەلەیە غەیری تۆ و خاڵم کە نیزیکترین کەسی مەن، کەس نازانێ، پێرێکە بەدایکم گوت: (بەئازاد دەڵێم)

– (ئیلاهە)! با ئەو ڕاستییەت لە لا بڵێم من هێندی دنیایەک رێز و حورمەت بۆ تۆ قایلم، دەشزانم منت خۆش دەوێ، نازام بۆ؟! منیش هەر وام، دوو کارم لەو رێیەدا لە دەست دێ، یەکیان ئەوەیە دەوڵەمەندم هەر چەندی پتەوێ دەتوانم پووڵت بدەمێ، دووهەمیان لە هەر جێیەک و لە هەر شوێنێک بتەوێ شاهیدی پاکی و ڕاستی تۆم، تۆ لە هەر تاوانێک دووری نازانم هۆی هەڵاتنت چییە؟!

– مەسەلە من نیم، هێندێک لە منداڵەکانی زانکۆ من بەباش نازانن، لە

خۆڕا پێیان وایە ڕەنگە بەتۆشیان گوتبێ، من هیچ دەخۆمدا شک نابەم، ئەسڵ دایکمە ئەگەر نەڕوا دەکوژرێ، جارێ دیش عەرزم کردی کەس دایکی وای نییە، دەو وەختە حەستەمەدا ناتوانم بەتەنیا بەڕێی کەم، ئەویش دەو دنیایەدا دڵی بەمن خۆشە.

دەستی دە کیفەکەی ڕۆ کرد، دەفتەرێکی چووکەی دەرێنا:

(- ئادرێس و ژمارە تەلەیفوونی خۆت هەرچی هەیە لەو دەفتەرە بنووسە.)

نووسیم، تەنانەت ژمارە تەلەیفوونی دووکانیشم دایە. دەفتەرەکەی هەڵگرت، بە دڵپڕییەوە:

- بڕۆینەوە، دایکم خەریکی سارد و سەودایە، دەچینەوە شتێکی ساز دەکەین با ئەمشۆ پێکەوە بین، ئەوەشت عەرزکەم زۆر سپاسی پیاوەتی تۆ دەکەم، دەمزانی بەهەڵە نەچووم، ئێمە پووڵمان هەیە دایکم ئەوەندەی وە سەریەک ناوە بەشی سەد ساڵی دیکە دەکا. بریا چمان نەبایە و توانیبام لە وڵاتی خۆم نەبزووم...

- ئەگەر دەکرێ، دەچین (زەڕی) خانمیش دێنین، ئێرە جووجە کەبابی باشی لێیە، شام دەخۆین و دەچینەوە.

- نا، دایکم دەو وەختەدا جێگای وا نایە، هەر پێکەوە دەبین.

شێومان خوارد، کەمێک گەڕاین، چووینە سینەما نیاگاڕا نیزیکەی سەعاتێکە لەوێین، توند دەستی گرتووم. جار جار لەرزێکی بەلەشی دادێ، ددانەکانی لە خۆوە دەچیرەوە دەبا، فیلم تەواو نەبووە، سەر دێنێتە بن گوێم:

- هەستە بڕۆینەوە.

(زەڕی) خانم وەک خۆشەویستێکی لە دووڕرا هاتبێ، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنم دەکا، ئیلاهە دەچێتە دیوەکەی خۆی، دایکی بەدوویدا، کاتێک دێنەوە لای من، (زەڕی) زۆر سپاسی ئەو دیارییە دەکا:

- ڕەنگە ئیلاهە عەرزی کردبی، ئێمە شتەکانی خۆمان فرۆشتووە، ئەمما ئەو قالیچە کە یادگاری خۆشەویستێکمانە دەگەڵ خۆمان دەیبەین.





- زەڕی خانم، لەوەی کە دەڕۆن زۆر پەرۆشم، لانی کەم بۆ من داخێکی گەورەیە، بەڵام هەر خزمەتێکی لە دەستم بێ، سەرم لە ڕێدایە. مامم زۆری سڵاو دەگەیاندی، هەروەها دایکم عەرزی دەکردی ئارەزوومە بێمە خزمەتی ئەمما بەداخەوە نەخۆش و گردەنشینم، ئەگەر چەند ڕۆژێک بەسەرمان کەنەوە و تەشریف بێنن گەورەمان دەکەن. ئەو دیارییەش شیاوی ئێوە نییە، تەنیا دەربڕینی هەست و سپاسێکی کەمە.

- زۆر سڵاوم هەیە لە خزمەت دایکت و مامت، بەداخەوە وەختی ئەوەمان نییە، کارەکان زۆرن و مەودا بەرتەنگە، بەڵکە ئیشاڵڵا فرسەتێک هەڵکەوێ...

قسەکانمی زۆر پێ خۆشە، بەکەیفە، ڕوومەتی بەتەواوی گوڵی داوە، ئەو هەست و ئیحساسەی ڕۆژی هەوەڵ دیدار هەمانبوو، ئەمشۆش هەر وا بەتینە، جارێکی هەڵدەستێ دەچێتە ئاشپەزخانە، خەونی ئەوجارەی بە شا کلیل دەرگام کردەوە بەبەر چاومدا وەک هەڵکردنەوەی بەپەلەی فیلمێک دەڕوا، چاوەڕێی کفتەی ساردم، ئەمما کاسەیەک ئاجیل دێنێ، هەڵدەبەزمەوە بزەم دێتێ، ئەویش بزەی دێتێ، نازانم بۆ؟! هەرچەندە بەخەمەوە دانیشتووین ئاگام لە تێپەڕبوونی بەپەلەی کات و سات نەبووە. چاو لە سەعات دەکەم، لە یەکی نیوەشەو لایداوە، ڕاستەوە دەبم زۆر هەوڵ دەدەن لەوێ بخەوم، گیرنابم.

لە سبەینێڕا (ئیلاهە) تەنیا بۆ دیتنی جاروبارەی من دێتەوە زانکۆ. دوو سێ ڕۆژان دێتە دەرکی دانشگا و پێکەوە دەگەڕێینەوە نێو شار. ڕۆژ بەڕۆژ ماتی و نەدوێنی پتر بەسەر دادێ، ئەمما نیگای هەر ئەو نیگایە و بەرانبەر بەمن فەرقی نەکردووە. حەوتووی دی هەر نایەتەوە، چەند جار تەلەیفوون بۆ ماڵیان دەکەم، کەس هەڵی ناگرێ. دەچمە ماڵێ دەرگا داخراوە، خاڵی ناناسم، ناو و شوێن و ژمارە تەلەیفوونیشی نازانم. وەبیر وێنەکان دەکەومەوە. دەچمە لای وێنەکێش:

- قەبزەکەم لە لا نییە، ڕۆژەکەم لە بیرە، ئەگەر بکرێ بن قەبزەکە چاوێک لێکەی!

بن قەبز دێنێ. هەڵی دەداتەوە:

– بەناوی کێ بوو؟

– ئازاد.

– ها ئەوەتا، دەزگیرانەکەت وەری گرتەوە.

پێدەکەنێ:

– ڕەنگە نێوانتان نەبێ.

– لە بەر چی دەفەرمووی؟!

– لە بەر هیچ، ببوورە ڕەنگت تێکچوو، جحێڵی ئەوانەی هەیە، پەرۆش مەبە، سبەی و دووی ئاشت دەبنەوە، دێن عەکسی دیکەش دەگرن.

خاترجەمم ڕۆییوە:

– دەکرێ بفەرمووی کەنگێ وەری گرتۆتەوە؟

بن قەبزەکەی بەدەستەوە:

– ئەوەتا، چوار شەممەی ڕابردوو، دەتەوێ بۆ تۆش چاپ کەم؟

– نا جارێ، ژمارەی فیلمەکەم بدەیە، ئەگەر بکرێ! ژمارەی لێ وەردەگرم. بەدڵشکاوی وەدەردەکەوم. تا ماوەیەکی یادی ئیلاهە ئازارم دەدا. چاوە پاک و بێ گەردەکانی، هەستی حەزێکی پاک، دیمەنی مات و خەمباری دایە لەبەر چاومە ئەوەی کە ڕازی ئەو نیگایەی نەدرکاند، زۆر قسەی نەگوتراوی هەبوون نەیگوت پترم دەبا دەبیرەوە...

کوڕەکانی هاوکلاسم لۆمەم دەکەن:

– تۆ دەتگوت: (ئیلاهە کچی چاکە) حەرامزادە خۆشت دەویست ئەگەر وا بایە بۆ ڕای دەکرد؟

هەرچی دەڵێم:

– لە بەر دایکی، ڕۆییوە و بۆ خۆی کچێکی فیداکارە، بڕوا ناکەن. منیش وازدێنم، ئەوەی بۆ من گرینگ بوو، ڕازی ئەو چاولێکردنە، ئێستاش لە ژێر پەردەدا ماوەتەوە، هەرچەند ناو و نیشانی لێ وەرگرتووم، نامەیەکیشم پێ نەگەییوە، وڵات بەتێکڕایی شێواوە، ئێران وەک بۆشکەی باڕووت دەحاڵی تەقینەوەدایە.





ڕۆژێکی گەرمی جۆزەردانە، خەبەری مەرگی کاک (عەزیزی یوسفی) شاری (مەهاباد)ی شڵەقاندووە. هەرچەند ئەو خاکە پیرۆزە تەرمی زۆر عەزیزی وای دەباوەشدایە، کەچی خەڵکی هەموو کوردستان بەرەو پرسەی ئەو پیاوە گەورە دەهاتوچۆ دان.

ماتەمێکی میللی تەواوە، شینی ئەو مەزنە پیاوە هەرچەند بەکەس ناگێڕڕێ بەڵام هەوڵ دەدرێ هەرچی بکرێ پڕ شکۆتر بەڕێوە بچێ.

کاک (عەزیز) ساڵێک پێشتر، دوای بیست و چوار ساڵ زیندانی سیاسی کێشان بەهۆی نەزەریەی پزشکی و نەخۆشی قەلبی لە زیندانی شا ئازاد کرا. دوژمن دەیزانی دەمرێ و نەیدەویست مردنی لە ژیانی بەپیتتر بێ.

مەرگی ئەو پیاوە هەڵکەوتەیە خەڵکی لە خەوی گران ڕاپەڕاند. ئەم ڕووداوە پتر لە پێشوو خەڵکی وڵاتی بەرەو مەیدانی خەبات هان دا. سەرەخۆشی کراوە و سێ ڕۆژانە بەشوێنیدا هاتووە. لە هەموو لایەکەوە خەڵک هاتووە. حەوشەی مزگەوتی (هەباس ئاغا) بەشەقام و چوارڕێ و کووچە و کۆڵانییەوە یەکی دی نابا. پەردە و شوعار نووسراون. عەکس و پۆستێر لە هەموو شوێنان دراون. قەفەزێک بەمانای بەندیخانە، وێنەی کاک عەزیز دەنێودا بەقفڵ و زنجیر دەوردراو بەسەر شانی خەڵکەوە بەرەو گۆڕستانی بداخ سوڵتان دەچێ.

چەند ڕۆژێکە (مەلی)م نەدیوە. هەست دەکەم زیزە، نازانم لە بەرچی. وەختی وەشم نییە وە شوێنی کەوم. تەشکیلاتێکی ڕێکوپێک وەڕێ کەوتووە. بڕیار دراوە خۆپیشاندانێکی گەورە، بەبۆنەی مەرگی ئەو عەزیزەوە پێک بێ و جارێکی تر بێزاری و ڕق و قینی میللەت بەرامبەر بەڕێژیم نیشان بدرێ. من و (مەلی) هەر کەسەی دەجێی خۆیدا نەخشی بەرچاومان هەیە. ئەو چەند ڕۆژە لانی کەم بۆ ئاڵوگۆڕی خەبەر و نەزەریش خۆی نیشان نەداوم.

ڕێژیم هەموو پیاوەکانی بەچەک و چۆڵەوە دەنگ داوە. بەسەر خەڵکدا چاویان چڕ داگرتووە، وەختی خۆی شارەگی حەیاتی ئەو جووڵانەوەیە ببڕن.

سەربانەکان گیراون و بەدرێژایی شەقام سەرباز راوەستاوە.

لە دەروازەی مزگەوتی (هەباس ئاغا) بەپانایی شەقامی شاپوور بەرەو گۆڕستان دەچینە دەرێ. کۆمەڵی ژن و پیاو و گەورە و چووکە وەک ئەژدیهایەکی یاغی شالاو دەبا. شوعارەکان لە بڵیندگۆ بلاو دەبنەوە. نە خەڵک و نە ڕێژیم چاوەڕوانی ئەو خۆ پیشاندانەیان نەدەکرد.

شوعارەکان بەرە بەرە توند دەبن. ولات وەلەرزە دەخەن. لە سەر گڵکۆی کاک عەزیر وەک بۆم دەتۆقن. چەند کەسێک لە سەر شەهیدی ڕێگای ئازادی قسە دەکەن. خەڵک وە جۆش دێ. کۆنە برین دەکولێنەوە و ئاور هەڵدایسێ.

سێلاوی حەشیمەت، شێلگیر و یەکدەنگ بەرەو گۆڕی شەهیدەکان دەڕوا. لە وێڕا بەشوعاردان دژی ڕێژیم بەشار وەردەبن. لە چوار ڕێی شەقامی شاپوور و سەرباز ڕا، شەڕی خەڵک و حکوومەت هەڵدایسێ. تەقەی هەوایی و گازی ئەشکاوەر دەست پێ دەکا. خەڵک و پۆلیس بەگژ یەکدا دێن. لە چوار ڕێی مزگەوتی (هەباس ئاغا) شەڕ قورس دەبێ.

دەست دەکەن بەخەڵک گرتن. دەپێشدا بڕیار دراوە دەگەڵ بازاڕ شێوا. هەر کەس دزی گای خۆی بێ و ئەوەندەی بکرێ خۆ بەگرتن نەدەن. بەقوونە شەڕ خەڵکەکە خەریکی خۆ ونکردنن.

چاوەچاومە (مەلی) بدۆزمەوە، لە ئانیشکەی شەقامی (وەرەهرام) تێک هەڵدەنگوین، پڕ دەدەمە دەستی:

– وەرە بڕۆین!

خۆ ڕادەپسکێنێ:

– بەرم دە!

– بەرت نادەم وەرە دەگەڵم!

– دەگەڵت نایەم.

ڕایدەکێشم، خەریکە دەستم بگەزێ:

– وەختی ئەوانە نییە، مەگەر نابینی خەڵکی دەگرن.

– خۆ کوێر نیم، بمکوژن باشترە لەوەی دەگەڵ تۆ بێم.





سێ چوار سەرباز دەورەمان دەدەن. دەگیرێین، دەپشت جیبێکمان داوێن. دوو سەرباز لە تەنیشتمان سوار دەبن. (سەرکار) دەگاتێ دەسبەندێک لە دەستی هەردووکمان دەدا، بەگژ (سەرکار)دا دێم:

– بێ شەڕەف لانی کەم (مەلی) دابەزێنە، چۆن سەرت هەڵدێ؟!

– بێدەنگ بە هەتیوە پیسە، ئێستێ پێت دەڵێم.

زللەیەکم لێ دەدا دنیام لەسەر سەر دەسووڕێ.

ڕوو دە سەربازەکان دەکا:

– ئێوە دابەزن! سەرباز دادەبەزن. دەچێتە پشت فەرمان. وەک تیری ساردەکەوان دەردەپەڕێ.

با دەداتەوە شەقامی (فەرەح) پێم وایە دەمانباتە (ساواک). لەوێ دەچێتە خوار، فکر دەکەم بمانباتە کەلانتەری، دەگەڵ مەلی بەچاو یەکتر حالی دەکەین، ڕوو دە چوار چرایە دەکا، فکری ناوەندی شارەبانیمە، مەلی تێم دەگا، ناگاتە پردی تازە بەشەقامی حافیزدا تێهەڵدەبێ، ڕوو لە کووچەی خۆمان دەکا، لە بەر دەرگاکەی خۆی دامانبەزێنێ. ئەشرەف خانم لە بەر دەرگایە، دەکشێتەوە، دەژووریان داوێ:

– ئازاد خان بێ شەڕەف بۆ خۆتی، دایە خانم ئەمنی بەدووی ئێوەدا نارد.

دەستمان دەکاتەوە:

– لێرە نەچنە دەرێ، ئەشرەف دەرگاکە داخە!

سەرکار دەردەپەڕێ. دەگەڵ مەلی چاو لێک دەکەین. هەردووکمان عەجایب ماوین:

– مەلی زۆریان گرتن؟

– ئەگەر تووشی تۆ هاتم دوو جارم خۆ ڕاپسکاندبوو.

– ئەدی بۆ کێشەت دەگەڵ دەکردم!

– ئێستاشت دەگەڵ نایەم.

– بۆ؟!

– بۆیە، بۆیە، بۆیە. قسەشم دەگەڵ مەکە!

– چاوت دەرێ.

بۆ وەی ئەوەندەی دیکەی قەڵسی کەم:

– ئەشرەف خانم ئەتۆ نەهاتیە تەزاهوراتێ؟

– نەوەڵلا، ئازاد جان، ئەمین ئەوانە نایە، ئەمما بەسەرکار گوت، ئازاد خوون دەماخ بێ نەیەوە لە ماڵ.

مەلی بەتەواوی قەڵسە، هەڵدەستێ بڕوا، ئەشرەف خانم:

– مەلی لە کوێ دەچی؟

دەچمەوە ماڵە خۆمان.

– دانیشە، دانیشە زرتە مەکە.

مەلی ڕەش هەڵگەڕاوە، دەست دەبا دەرکەی بکاتەوە، ئەشرەف خانم دایدەنێتەوە:

– دانیشە فیرتۆل، دەچم دایکی بانگ دەکەم، ئەگەر ئەو گوت بڕۆ جەهەنەم، نەوبەرەی هێناوە لە من.

تەماشایەکی من دەکا:

– ئازاد جان، دەچم لە کن دایە خانم، نگەرانە، مەلەک خانمیش دەچم، ئەتن ئاگات لەوەبێ، دەلیبیە، شیتە.

پێدەکەنم:

– فەرموو، ئەمن زامن.

مەلی خەریکە لێکەوەبێ، وەک میرغەزەب مات و بێدەنگە، (ئەشرەف) نیزیکەی سەعاتێکە ڕۆییوە، (مەلی) دەو ماوەدا تەنیا جارێکی چاو لێ نەکردووم. وڵات تاریک دادێ، چرا هەڵدەکەم، بۆ لای سەماوەرەکە دەچم:

– مەلی وەدیارە ئەمشۆ پێکەوە دەبین، بزانە ئەو ماڵە چی تێدایە بیخۆین.

– ئەمن کڵفەتی خەڵکی نیم، بۆ خۆشم ئیشتیام نابا.

– ئەو ژێستە چییە گرتووتە؟

– بە تۆ چی؟

– جڕین هەستم وەرت گەڕێمێ!

– ئەگەر وا پیاوی بەسەرکار وەستابای.





– سەرکار خراپەی ئێمەی نەدەویست.

– خۆ تۆ نەتدەزانی، چی دیم قسە دەگەڵ مەکە جوابت نادەمەوە!

(ئەشرەف خانم) دێتەوە، دایە مەلەکی دەگەڵە، هەردووکمان ماچ دەکا، ڕووی لە (مەلی)یە:

– باوکت دەڵێ: (ساز بێ دەگەڵ مەحموود بچێتە تاران، ماڵە پووری، بەسجێلی ئەشرەف خانم.) تاوێ دی ماڵێ گەڕان، هەتا دەڕۆی وەدەرنەکەوی! (مەلی) متتەقی لە بەرنایە، (مەلەک خانم) لێوی بەزمان تەڕ دەکاتەوە، ڕووی لە منە:

– ئازاد گیان، سەعات دە و نیوی شەوێ سۆفی حەسەن لە نیزیک (بەیتاس)ی چاوەڕێت دەبێ.

– کێ کوتی، دایە مەلەک!؟

– مامت، گوتیشی: (هەتا ئەوێ سەرکار بەڕێت دەکا) ماڵی ئێوەش گەڕان.

– چۆن گەڕانێک؟

– هەر لە تۆ دەگەڕان، شتومەکیان نەدۆزی.

مەلەک خانم لێوی دەلەرزێ و سپی هەڵگەڕاوە:

– نیگەران مەبن، کارە و قەوماوە، ئازاد گیان ئەو دەمی پێم دەگوتی، تازە فایدەی نییە، دایە خەیاڵ دەیەویست بێتە ئێرە، پێم سەلاح نەبوو.

– مەلەک خانم خەبەری گیراوان چییە؟

– ڕۆڵە گیان، ئاوات و ڕەزا و حوسێن و عەبلا بەمەعلوومی گیراون. زۆر کەسی دیکەش هەن من نایانناسم، هێندێکیش هەڵاتوون، شار پەپووی لێ دەخوێنێ، ئەوە هەر خەریکن دەگرن. سەرکار ماڵی ئاوەدان بێ دەفریای ئێوەوە هات.

زەنگی دەرگا لێدەدرێ، ئەشرەف خانم دەگاتێ:

– کیم دی![٤]

بۆڵەیەک لە پشت دەرگاوە دێ، دایە خەیاڵە، قابڵەمەیەک بەدەستەوە،

(٤) کێیە؟

دەست دەستۆی من دەکا:

– دایە خۆت دەبەرمری، نەکەی بخەجڵێیی. پیاو دەبی چەرمی ئاوەسوو بی. سەرێک لە گۆڵمەزاندا نەبی سەر نییە.

– بەڵێ، بەڵێ دایە خەیاڵ ئەدی ئەو قابڵەمە چییە؟

– ئەو هە شامی کەبابە لە بۆم هێناون.

قابڵەمەی دانا و دەستی دەستۆی مەلی کرد:

– مەلیلە گیان ئەتووش شێرەژنی، خەیاڵێت دەبەر ئەوێ بەژن و باڵایە مری.

دەو جەنگەیدا (سەرکار) دێتەوە. بۆنی شامی کەباب بەولاتی وەربووە، دە ئەشرەف خانمێ رادەخورێ:

– سفرەنی ساڵ! (سفرەکەی ڕاخە!)

زۆر هەوڵ دەدەن دایە خەیاڵ و مەلەک خانم گیرنابن. سەرکار رۆدەبێتە یەخچاڵ، ملی شووشەیەک بادەدا و دەست پێ دەکا.

شامێکی تەسەل دەخۆین. مەحموود دێ لە دووی (مەلی)، ئەشرەف خانم سجیلەکەی خۆی بۆ دێنێ، (مەلی)، بەبێ ئەوەی خواحافیزی بکا بەشوێن مەحمووددا وەدەر دەکەوێ. ئەشرەف خانم، کەشەفێک چایی خاوێن دێنێ. سەرکار وەدووی خۆم دەدا بۆ هۆدەکەی دیکە، دەستێکم جلی سەربازی دەداتێ:

– ئازاد ئەوانە بەکلاو و پۆتینەوە دەبەرکە.

دەبەریان دەکەم، هەمووی پڕ بە بەرمن. دەچمەوە لای وان، ئەشرەف خانم پێدەکەنێ، سەرکار:

– زەهرەمار، ئازاد هەستە بڕۆین.

خودا حافیزی و ماڵاوایی لە ئەشرەف خانم دەکەم. دەچینە لای دایکم، زەرد هەڵگەڕاوە، کەمێکی دڵخۆشی دەدەمەوە. دایە خەیاڵ جلە کوردییەکانم بۆ دەساکێکی دەنێ، روو لە سەرکار دەکا:

– ئەرێ ئەتوو شایەتینی نی؟

(سەرکار) پێدەکەنێ، دایکم لە دایە خەیاڵ مۆڕ دەبێتەوە. ئەو لاولای





من ماچ دەکا، دەستی بەگەرمی ماچ دەکەم و بەسرتە:

– دایە گیان، ئاگات لە سەرکار بێ.

– هەر چەندی بیەوێ دەیدەمێ، قەت نەمدەزانی ئاوە پیاوە.

بۆ لای دایە خەیاڵ دەچم:

– ئەرێ ئازادی! بەئاقڵی تووش (مێوژە رەشکە) زۆر تووڕە نەبوو؟

– سێ چوار رۆژە تۆراوە، تەنانەت خواحافیزیشی لێ نەکردم.

– ئازادی ئەوە لە بیرم نەبوو خەبەرێت پێ بڵێم، سێ چوار رۆژێک دەبێ، قاقەزێکیان بۆ توو هینا، مەلیلە وەری گرت، هەرچی کردم و کراندم وەمنی نەداوە، حەکسی تێدا بوو، پاشی زۆر تێکچوو، دوو رۆژان چاوی لە بەر گریانێ سوور ببوونەوە، هەرچی هەیە لەوهەیڕا بووە.

سەری زمانی خۆم دەگەزم:

(بێ و نەبێ نامەی «ئیلاهە» بەوێنەکانەوە بووە).

دەچمە دیوەکەی خۆم، بەدزی (سەرکار) دەمانچەکەم هەڵدەگرم، خواحافیزی دەکەین و وەدەر دەکەوین، ئاماژەم دەکا دەچمە سەندەڵی پشتەوەی جیبەکە. سەرکار دەچێتە پشت فەرمان و کەی کەی هەر ئێستای کەی. وەک تێسکەی تفەنگ دەڕوا. لە پەنا تاقەدار چەند نەفەر ژاندارم راوەستاون، دەگەڵ (سەرکار) دەبینن ئیشارەی دەکەن بڕوا. رەد دەبین، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ:

– خەتەر رەفع بوو.

جادە چۆل و بێ هاتوچۆیە، (سەرکار) بێدەنگە، بیر لەوە دەکەمەوە ئەو پیاوە بەرواڵەت بەکەلکی چ نایە، دایمە خەریکی ئارەق و تریاکە، بۆچی بەخاتری من خۆی دەو هیلاکەتە هاویتووە، ناکرێ بڵێم چاوەڕێی پوولێکی بەرچاوە، چونکە ئەگەر بزانن نەتەنیا بۆ هەمیشە لە کاری دەوڵەتی وەدەری دەنێن.بەڵکو گیران و ئەزیەتی زۆریشی تووش دەکەن. (سەرکار) لە خانەنشینی نیزیکە، ئەگەر ئەوکارەی لێ ئاشکرا بێ بێت و ئیعدامی نەکەن لانی کەم ئەو چەند ساڵەی خزمەتەی دەبێتە هیچ...

مەیدانە ئەسپێکمان ماوە بگەینە (بەیتاس) لە بەر چرای ماشین دوو

نەفەر لە قەراخ جادە دیارن:

– سەرکار! پێم وایە ئەوانە یەکیان مام (حەسەن)ە.

جیبەکە لە نەکاو شل دەکاتەوە:

– ئازاد گیان بۆ خۆت پیاوێکی، ئەوانە با ئەمن نەبینن، لێرە دابەزە.

دەیداتە کەناری جادە: رایدەگرێ:

– دەستم شکێ ئەو زللەیەم لەبەر سەربازەکان لێ دای، وەبەر جنێوەکەت کەوێ. ئەو لیباسە سەربازییانەش فرێ مەدە بەکەڵکت دێن. خواحافیز. دەستم دا ساکەکەم، دەگەڵ دابەزیم سەرکار وەک بزووت دەگەڕێتەوە و دەتاریکی شەودا ون دەبێ. یاری یاری گەیشتمە لای سۆفی، لە نەکاو بەلیباسی سەربازییەوە دیتمی هەڵبەزییەوە دەنگم دا:

– سۆفی حەسەن ئەمنم.

– ماڵتە کوتم گیراین!

شۆفێرێک لە پشت فەرمانی جیب دانیشتووە، خێرایەکی سواردەبن و دەڕوا. دەماشێنەکەدا جلەکانم دەگۆڕم و جلی کوردی دەبەر دەکەم. هەتا شارۆچکەی (رەبەت) بێ مەحتەلی دەڕۆین. لەوێ سۆفی ماشێنەکە بەرێ دەکاتەوە. وڵات چۆل و هۆلە. بەرێ باریکەیەکدا تێهەڵدەبین. سۆفی حەسەن بەتەواوی بەلەدە. زۆر هەوڵ دەدا جانتاکەم بۆ هەڵگرێ، نایدەمێ. دارستان پنچکە و تەنکە، هەتا دەچینە پێش دارەکان گەورەتر دەبن.

لای نیوەشەو دەگەینە دێی (ماوەلۆ) لە ماڵێکی قەراخ دێ، سەرخەوێک دەشکێنین. مەلا بانگدانێ راستەوە دەبین، بۆ لای (سیسێر) و (نەستان)ی دەڕۆین. بەنێو دڵی دارستاندا بادەدەینەوە پشت زمزیران. لە (نەستان)یڕا دیوناسێکی بەڵەدمان دەگەڵ دەکەوێ. پشت زمزیران، جەنگەڵێکە تیری تێ ناچێ. خوانەبێ کەسی لێ دیار نییە. هێندێک واوەتر لەبەر قەدێک تاقە ماڵێک و بێستانێکی چووکە دەنێو دارستاندا خۆی حەشار داوە. ژن و پیاوێکی گەڕاوە (مام قادر) و داد (ئامین) خاوەنی ئەو ماڵ و حاڵەن، دەبنە خانەخوێم، کابرای دیوناس دەمئەسپێرێ، هەتا نیوەڕۆیە دەگەڵ سۆفی (حەسەن) لەوێ دەبن و پاشان بەجێمان دێڵن.





بەرەوەی تاقە ماڵ دۆڵ و دەرەیەکە پڕ لە دارە گوێز، داری گەورە گەورە، وەک خێز و خۆڵیان بەرگرتووە، چۆمێکی خوڕین بەنێوەراستی ئەو دۆڵەدا سەرەولێژە، لە هێندێک جێیان وەها خوڕێنە مار دەپسێنێ. ئاوێکی روون و سارد، ئەو بەرەوبەری چۆمەکە، دەگەڵ بەرقەد و سەرگۆڕی کێوەکان دارستانی چڕ و پڕە، لە هیچ شوێنێک دیمەنی هێندە جوانم نەدیوە. شەوانە لەسەر داخوازی خۆم لە سەربان دەخەوم. ئەوان دەنێو ماڵەکەدا دەنوون. هاشەی دارستان و خوڕەی چۆم و چاوداگرتنی ئەستێرە، شەوی ئەو مەڵبەندەی بەجارێک نەخشاندووە. جاری وایە تا لای نیوەشەو بەخەبەرم.

تاقە ماڵ هاتوچۆی کەسی بەسەرەوە نییە. جارجار قاتر سوارێک، منداڵێکی بەرخەوان، قاچاخچییەک، شتێکی وا نەبێ تووشی کەس نایەین. پاشی دوو رۆژان، سۆفی (حەسەن) بەبار و بارخانەوە دەگەڕێتەوە. هەرچی پێویستە هێناویە، دانەوێڵە و رسق و رۆزی، رادیۆیەکی چووکە و کارتۆنێک رۆمان و رۆژنامە و گۆواریشی بۆ هێناوم. خۆیان پێوە دەخافڵێنم. قەرارە حەوتووی جارێکمان سەر لێ هەڵێنێ. خەبەری شاری لێ دەپرسم، وڵات هەروا شپڕێوە.

لە لای مام (قادر) و داد (ئامین) وە قەدر کەوتووم. یانی خوا هەڵناگرێ دەپێشداش زۆر بەحورمەت بوون، بەڵام بەو سەفەرەی (سۆفی) هێندەی دی. وەک کوڕی خۆیانم چاو لێ دەکەن. بەرۆژ یارمەتی مام (قادر) دەکەم. ئەمن بێستان دەدێرم و ئەو بەری بێستان دەنێتەوە. جار جار بەجەفەنگ هەرام لێ دەکا:

– موهەندێز وریا بە دێراوەکەت نەیدڕێنێ.

بێستان لە بەرەوە خەریکی گەیشتنە. دەگەڵ ژیانی تازەم راهاتووم. جارێکی دیکەش بەشوێن مندا هاتوون بەمامیان کوتووە:

(ئەو برازایەت بێنەوە با پەڕیوەی هەندەران نەبێ)

مامیشم گوتوویە:

– ئەگەر ئێوە قەول بدەن نایگرن و سۆراغی بکەم لە کوێیە بەچاوان.

مەلی هەر وا لە تارانە، کەمتر تەلەیفوون دەکا. ئەوانی گیراویش هەروا

گیراون. سۆفی (حەسەن) هەموو حەوتووان دێ و کەلوپەلی پێویستم بۆ دێنێ. جار جار بەڕۆژ ئەوەندە ماندوو دەبم، شەوەکەی یەک تەختە خەوم لێ دەکەوێ. دەپێشدا شەو شەوە حەبی (دیازپام)م دەخوارد تا ئێستێ دمم لێ نەداوە. سێغارم کەم کردۆتەوە ڕۆژێ دوو سێ دەنکان پتر ناکێشم.

ژیان بەتەواوی سادە و ساکارە. جلەکانم کۆن بوون و تاو بردوونی. بۆخۆشم ڕەش بووم. یەکێکی نەیدیبم نازانێ کێم. (دادامین) ناوی ناوم (ئەحمەد) دەیگوت:

– برایەکم جوانە مەرگ بوو، ناوی ئەحمەد بوو، ئەوەندەی گڵ لەسەر وییە ئەوەندە حومرێ تۆ بێ. ئێستا کە ڕەش هەڵگەڕاوی هەروەکی وی دەچی.

مسقاڵێکم گۆشتی زیادی پێوە نەماوە. وەک هەلووک توند و تۆڵم. دانێک هەڵێم پشووم سوار نابێ. ئێستا تێگەییوم ئێمەی بەناو شارستانی ڕێگای ژیانمان هەڵە کردووە. هەر دەخۆین و هەڵدەپزێین. ژیان دەتەبیعەتدا، ئەگەر بڕێکی تێروتەسەلی و پاک و خاوێنی دەگەڵ بێ، شتێکی دیکەیە. تەمبەڵی هەزار نەخۆشی پێوەیە. نەجووڵانەوە بەڵایەکی گەورەیە. جار جار وەبیرم دێتەوە، ئەو دووکاندارانەی قەیسەری شافعی وەک هەڵاڵەی زەردن. قەتیان تاو وێ ناکەوێ. زۆرتریان قەبزن و دەرمانی ڕەوانی دەخۆن. پێکەنین دەمگرێ...

نیزیکەی سێ مانگە لێرەم، ئەگەر نیگەرانی ماڵێی لێ دەرکەی، قەت ئەوەندەم خۆش لێ نەگوزەراوە، بەیانەیەک لە خەو هەڵدەستم، جلەکانم دیارنین. نێو گیرفانەکانم دە دەسرۆکەیەک پێچراون لە پەنا سەرمە، دەمانچەکەم لە ژێر سەرینەکەم دایە. وەوی دەچێ دادامین جلەکانی شوتبم. بەکراس و دەرپێوە راستەوە دەبم. جلەکانم بەلکە دارێکی دادراون، هەروا ئاویان لێ دەچۆڕێ، دەستێک لیباسی بنەوە و سابوونێک هەڵدەگرم. دەچمە قەراخ چۆم، خۆم دەخووس دەنێم. بەتەواوی خۆ خاوێن دەکەمەوە. دەو بەینەدا جلە شۆراوەکانیش ویشک دەبنەوە. پاک و خاوێن لیباسان دەبەر دەکەم. هەروا بەسەرمدا دێ:





(ئەرێ بۆ سەرێکی ماڵێ نەدەمەوە، بەو جلانەوە و ئاواش ڕەش بووم، لەوانەیە دایکیشم نەمناسێتەوە)

پاش نەهار ڕوو دە مام قادر دەکەم:

– مامە گیان ئەگەر ئیزنو لەسەر بێ ئەو ئێوارەی سەرێکی ماڵێ دەدەمەوە، مام قادر و دادامین، لەو قسە لە نەکاوەی من هەڵدەبەزنەوە، مام قادر: «کاکە گیان ئیزنی خۆت دەبەردەستی خۆتدایە، بەڵام ئەگەر راوەستی مام (حەسەن) بێتەوە و پرسێکی پێ بکەین باشترە.»

– مامە گیان، پرسی ناوێ نوێژی شێوان لە سەر جادەی سوار دەبم. بەو جلوبەرگەوە و ئاوە ڕەش و برش کەس نامناسێتەوە، زۆریش ئارەزووی دایکم دەکەم.

دادامین تەواو دڵی پڕبووە، زۆر حەول دەدەن جوابیان نادەمەوە، ئێوارێ بەشی کرێ ماشێن پووڵ هەڵدەگرم، ئەوی هەمە بۆوانی بەجێی دێڵم. حەوتیرەکەشم بەئەمانەت دەدەم بەمام (قادر) ڕێگام نیشان دەدەن. یاری یاری دەچمە قاوەخانەی زمزیران. چایەک دەخۆمەوە، بەکابرای قاوەچی دەڵێم:

– کاکە ئاخر ماشێنی مەهاباد ئەگەر گەیشتێ پێم بڵێ.

سوار دەبم، ناسیاوی تێدا نییە. لە پشت پشتەوە سەندەڵیم دەدەنێ. تاقەدار مەئمووری لێیە، کەچی کەس خۆم تێ ناگەیەنێ. نوێژی خەوتنان دەگەمەوە ماڵە خۆمان. لە دەرگا دەدەم، دایە خەیاڵ دەرگام لێ دەکاتەوە، لە بەر دەرکەی ڕا دەستم دەستۆی دەکا. لەبەر گریان قسەی بۆ نایە. دەگەینە لای دایکم ئەویش لەبەر گریان قسەی بەچاکی بۆ ناکرێ. هەردووکیان لە خۆشیان دەگرین. دایە خەیاڵ یەک وچان دەگری و تێم دەڕوانێ:

(کوڕانم پیاو دەبی ئاوا ڕەش بی. پیاوی سپیلکە ژنانیلەیە. ئەو ها لەبەر تاوێ برژاوی مەلیلەی مێوژە ڕەشکە دەسکێت لە دوێ ناکا. ڕەنگی پیاوانت گرتووە. ئووەڵڵاهی پێم وایە هەندێکیش پان و پۆڕبووی. بێ چاوێنی بێ. ئەرێ دایە خانم ئەتووش پێت وا نییە؟)

دایکم بەڕووی پێدەکەنێ:

(بەرێ وەڵڵا پێم وایە، ڕەبی مەرگی نەبینم.)

دایکم نیگەرانە. دوای چاک و خۆشی، باسی ئەو ماوەی لە دارستان و دەرێ بووم دێنێتە گۆڕێ. کەمێک باسی گیراو و بەربووان دەکەین و ڕوو دەدایە خەیاڵ دەکا:

– پچۆ بەدزی بەمیرزا (عەولا)ی بلێ، ئەویش بنێرێ لە دووی مامە (حەسەن) عەرزی بکە بەتەلەیفوون مەسلەحەت نییە.

هەڵدەستم جلەکانم دەگۆڕم، هێندەی پێ ناچی میرزا عەولا و مەلەک خانم دەگەڵ دایە خەیاڵ وە ژوور دەکەون. وریاشیان پێیە. وریا خێرایەکی خۆ دەباوەشم داوێ:

– کاکە ئازاد، ئەدی ئەدی کوا پوولە (مەلی)؟!

مەلەک خانم چاوی پڕ دەبێ لە ئاو. ئەوانیش بەنۆرە دەستم دەستۆ دەکەن و چاک و خۆشی دەکەین. میرزا عەولا چاو و دڵڕوونی بەدایکم دەڵێ و:

– دایە خانم مەحموودم بەماشێنێ لە دووی مامە (حەسەن)ی نارد، لە هەر جێیەک بێ دەیبینێتەوە.

– بەڵێ کاکە میرزا تەلەیفوون جێی بڕوایە نییە.

دایە خەیاڵ سفرە ڕادەخا، لەسەر مامە (حەسەن) مەحتەل دەبین. زەنگی دەروازە لێ دەدەن. دایکم ڕادەچەنێ. دایە خەیاڵ بەرێوە:

– چ نییە نییە مامیەتی.

مامە (حەسەن) و کاک (مەحموود)ن بەپیریانەوە دەچم، مامم وەک گوڵ گەشاوەتەوە:

– دەی بابم، چۆنت دەگوزەراند لەو بەندەنانە، ئەوجار پێت دەڵێم کوڕی ڕەش، کوڕە خۆ خەریک بووم نەتناسمەوە.

– مامە گیان ئەتۆ سلامەت بی لە هەر شوێنێک بم خۆش دەگوزەرێ.

– کوڕم ئەوەندەمان دۆست و ئاشنای ئەمین و جێی بڕوا هەیە هەتا سەت ساڵی دیکەش قاچاغ بی نیگەران نابم. جارێ دۆستایەتی دەکوردستانیدا هەر ماوە. هەر چەند دەبوو چەند ڕۆژێکی دیکەش لەوێ بی.

– مامە گیان بەیەگجاری نەهاتوومەوە، بفەرمووی سبەی بەیانی...





– نەوەڵڵا تازە مەگەڕێوە وێ.

دایکم چاوم تێ دەبڕێ:

– ئازاد گیان دەوڵەت وەک سەی هاری لێ هاتووە، لێرە مەبە جا دەچییە هەر جێیەک خوا ئاگادارت بێ.

مەلەک خانم ڕوو دە دایکم دەکا:

– ئەرێ بۆ کاک (ئازاد)یش نەچێتە تاران؟

میرزا عەولا بەدڵیەتی:

– مامە (حەسەن) و دایە خانم هەرچی بڵێن وادەبێ، هەر چەند قسەکەی (مەلەک)یش خراپ نییە، ئاپارتومانی بەتاڵمان لەوێ هەیە، کلیلەکەی دەدەمە خزمەتی.

مامم بزەی دێتێ:

– تاران گەورەیە، بەو شەرتەی لەوێ خۆ بەگرتن نەدا.

دایکم:

– وەڵڵا زۆر چاکە، با هێندەش لەو کێو و شاخەی نەبێ.

مامە (حەسەن):

– ئەو ئاپارتومانە ماڵی دیکەی تێدان، بلێی بۆ کوڕێکی سەڵت مانع نەبن.

میرزا (عەولا):

– جیرانێکی ڕووبەڕوومان ڕەشتییە، دەگەڵی وەک برایان وام، بەوی دەسپێرم، شەرتە ئەوەندەی حورمەت دەگرن، بۆ خۆی وەرەز دەبێ:

دایکم:

– ئەدی لێرەڕا چۆن بچێ؟

مەلەک خانم:

– دەگەڵ (مەحموود)ی، بۆ خۆشم دەگەڵی دەچم.

ڕوو دەمەلەک خانم دەکەم:

مەمنوونی تۆم مەلەک خانم زەحمەتی ئێوەی ناوێ، تەنیا سجیلی کاک (مەحموود)م پێ بێ و ئادرێسی ئەو ئاپارتومانە بەسمە.

میرزا (عەولا):

– نا ئازاد گـیـان، (مـەحـمـوود) و (مـەلەک) و (وریا) لانی کـەم هەتا تەوریزێ دەگەڵت دێن. کلیل و ئادرێست دەدەمێ، تەلەیفوون بۆ ئەو جیرانە ڕەشتییەشم دەکەم.

دایکم و مـامـە حەسـەن قـایـل دەبن. زۆریش مـالاوایی مـیـرزا عـەولا و مـەلەک خـانم دەکـەن. قـەرار دادەنێن شـەشی بەیانی بڕۆین. هەمـوویان خواحافیزی دەکەن و دەڕۆن. دەچوونەدەردا مامم ڕوو لە دایکم دەکا:

(براژن ئەوە تەنانەت بەمـاڵـە خـۆمـانم خـەبەر نەداوە، بۆیە مـاڵە مـە نەهاتوون، چوونی تارانیشی کەس نەزانێ باشترە.)

دایکم:

– دەزانم قوربان خودا ئەتۆمان بۆ ڕاوەستاوکا، خودا کوڕت لێ نەسێنێ. ئەوان وەدەر دەکـەون، مـامم ناهێـڵـێ بەڕێیـان کـەم. دایە خـەیاڵ وەقلە دەکەوێ:

– ئەرێ ئازادی، هەپارتومان چلۆنە، گەورەیە؟

– هەموو جوورێکیان هەیە، گەورە و چووکە.

– دەڵێم جێی (مەلیلە)ش دەبی.

پێکەنین دەمگرێ:

– لێم توورەیە دایە خەیاڵ، پێم وانییە جێگای ببێتەوە.

– بەخـوای ڕۆڵە گـیـان ئەو هەی کـەس وەکی من نازانی، هەرجـا بلێن تەلەیفوونی بۆ مەکەن و شتی ئەوها، هەر ئێستێ دایەی پێی دەڵێ. دایکم کەمێکم ئامۆژگاری دەکا و هەوڵ دەدا ئاگام لە خۆم بێ.

سەعات شەشی بەیانی دێن لە دووم. سواری ماشێنی کاک (مەحموود) دەبین. (وریا) دەباوەشی مەلەک خانمدا خەوتووە. من و کاک مەحموود لە پێشەوەین. لە پۆمپی بەنزین ڕایدەگرێ. خەریکە پڕی دەکا، مەلەک خانم سەر دێنێتە بن گوێم:

«ئازاد گیان، (مەلی) نازانم چی بەسەر هاتووە، ئەوەندەی ئاگام لێ بێ، دوو سێ ڕۆژێک پێش ڕۆیشـتنتـان خـەریک بوو شـێت بێ. هەر دەگـریا،





چاوی وەک گۆمی خوێنی لێ هاتبوو.

بەمنی نەگـوت، وەوەی دەچوو دەگـەڵ تۆ نێـوانی تێکچـووبێ. دەمـەوێ بیبینی و هێندێک ئەهوەنی کەیەوە.

دەبەر ئەو چاوە جوانانەت مـرم، بەتۆ نەبێ بەکـەس دابێن نابێ، دەترسم ئەو شێتە بەلایەک بەسەر خۆی بێنێ.»

– وەڵڵا دایە (مەلەک) من ئاگام لە چ نییە، ئەوەی دەیفەرمووی ڕاستە، پێش ئەوەی بڕۆین لە من تووڕە بوو، ئەگەر ڕۆیی خواحافیزی لێ نەکردم، دایە خەیاڵ دەیگوت: «کاغەزێک بۆ تۆ یانی (بۆ من) هاتووە، وێنەی تێدا بووە، مەلی وەری گرتووە بەکەسی نەداوە و بەو کاغەزە حاڵی گۆڕاوە.» من و ئیـلاهە، ئەو ئیـلاهەی ئەتۆش دەزانی چەندەیان حـەق لە سـەر منە، عەکسمان پێکەوە کێشابوون. ئەویش دەگەڵ دایکی چۆتە خارج. بەو پێیە دەبێ عەکسەکانی بۆ من ناردبێتەوە، لەوە بەدەر چ دەخۆمدا شک نابەم.

– نازانم چییە، ئەتۆ ئاقڵی ئەو شێتە، ئەتۆشی لە تەواوی دنیا خۆشتر دەوێ. هەرچی بۆ خـۆت دەزانی وا بـکە، ئێـمـە بۆ مـەسڵـەحەت کـەمـتـر تەلەیفوون دەکەین ئاگات لەو شێتە بێ.

– بەچاوان (مەلەک) خانم نیگەران مەبە.

کـاک (مـەحـمـوود) دێتـەوە پشت فـەرمـان. بەتوندی وەڕێ دەکـەوێ. لە نیـزیک شـاری (بناو) (وریا) وە خـەبەر دێ. (مـەلەک) خـانم دەیبـاتە سـەراوی. هەر دێتـەوە ژووریێ خـۆ دەباوەشی مـن داوێ. یەک پشـوو هەتا دەگـەینە ترمـینالی (تەوریز) قـومـارم دەگەڵ دەکـا، چەند جـاریش دووپاتی دەکاتەوە:

(کاک ئازاد، پوولە مەلی کانێ).

کـاک (مـەحـمـوود) ئادرێسی ئاپارتومـان و کلیل و سـجـیلەکـەی خـۆی دەپاکەتێک ناوە، دەمداتێ:

– ئەگەر کارت بەئێمە نییە، لە بەر دایە خانم دەگەڕێینەوە.

نەوەڵڵا بەخواتان دەسپێرم.

وریا لە باوەشم ناچێتە دەر، کوڵی گریانی هەستاوە. بەهەر فێڵێک بێ

دەیدەمەوە بە(مەلەک) خانم و وەڕێ دەکەون.

کاتێک دەگەمە (تاران) بێ راوەستان خۆ دەتاکسییەک داوێم. نێونیشانی مەیدانی (٢٤ی) ئیسفەندی دەدەمێ. شەقام شلوغن، بەمەحتەلییەکی زۆرەوە دەگاتێ. ئاپارتومان لە نیزیک مەیدانە، دەست دەدەمە ساکەکەم و دادەبەزم. زوویەکی دەیدۆزمەوە، زەنگی ئاغای قولّی پوور لێدەدەم. بەلەهجەی رەشتی جوابم دەداتەوە. خۆم دەناسێنم، بەباشی وەرم دەگرن، بەزۆری دەمبەنە ماڵی خۆیان، پاش شامێکی تەسەل، دەچمە ماڵەکەی خۆم.

ئاپارتومان پاکوخاوێنە، وەوەی دەچێ پێش من خاوێنیان کردبێتەوە، مۆبڵەیە، هەموو ئەسپابی خۆی تێدایە. جێگاکەم رادەخەم. لە رادە بەدەر ماندووم. چراکە دەکوژێنمەوە، تەخت لێی دەخەوم:

«هەر چەندی غیرەت وەبەر خۆم دێنم، ناتوانم چیدی (ئەمیر) ئەزیەت کەم. (ئەمیر) لە مەحکەمەی ویژدانی مندا بێ تاوانە، کوڕێکی وشیار و تێکۆشەرە، حەقی ژیانی هەیە، ئەو جۆرەی خۆی بیەوێ. نانا ئیتر نامەوێ بێ شەرمی و بێ شەڕەفی خۆم درێژە بدەم. هەزار جارم دەزبەند قەپانی کردبێ کەمە، چەند جارم خوێن بەزاریدا هێناوەتە دەرێ. پەنجەم بەپێلاقە شکاندووە. بێ خەوێم داوەتێ، خۆراکی سوێر و تونیایەتی زۆرم بەسەرهێناوە. بۆ وەی ئیرادەی تێکشکێنم و غروری پێ نەهێڵم هەزار جنێوی بێ شەرمانەم پێ داوە، نانا، بەسسە، ناپیاوی حەد و سنوورێکی هەیە. لە چنگ ساواک نەجاتبوونم نییە. هەزار رەمز و رازی ئەوانم لە لایە، پچمە دەرێ دەمکوژن. لە نێو خەڵک رووم نییە. نەشمرم، ناژیم، ئاخ تا کەی ئەو شەڕە دەروونییە...

تازە تیمسار و بابی تیمساریش ناتوانن حوکماتم لەسەر بکەن. بۆوەی تەنانەت جارێکیش لە ژیانمدا پیاوانە بڕۆم، کارێکی گەورە دەکەم. سبووتی دەکەم ئینسانم، ئەگەر ئینسانانە نەژیاوم، ئینسانانە دەمرم، تەنانەت بۆ ئانێک، تەنیا رێم خۆ خلاس کردنە و خۆ کوشتنە. با نامەیەکی کورت بۆ (زەری) بنووسم:





زەری گیان! خۆشەویستی هەمیشەییم، شیرنترین حەزی تەمەنی لاویم، لە بیرتە ئەو رۆژەی پێت گوتم:

(منداڵی خەڵک ئەزیەت مەکە)

هەرچی کردم و کراندم رێگەی ئەوەم نەبوو ئەو تکایەی تۆ بێنمە جێ، تەنیا رێگام خۆ کوشتن بوو، ئەگەر کەسێک پرسی بڵێ:

(خۆیان پێ کوشت)

ئیلاهەم بۆ ماچ کە، گەورەی کە و باسی باوکی بۆ مەکە. دەو ئاخر هەناسانەمدا ئارەزووی بەختەوەریتان بۆ دەکەم.

مێردی شەرمەزارت حوسێن.

نامەکە دەدەم بەنیگەهبانێک بەپۆستی سفارشیدا بەرێی کا، رادەوەستم هەتا قەبزەکە دێنێتەوە، دەیدڕم و وەدەر دەکەوم. لە بەر دەرگای ئیدارە، کۆڵتەکەم هەڵدەکێشم...

خەشابێکی تەواو لە مێشکی سەرم بەتاڵ دەکەم، کەلاکی خۆم دیوە، هاوکارەکانم دەوریان داوە، خۆێن وەک کانی لە سەرم هەڵدەقوڵێ، پیادەڕەو دەڵەمەی خوێنی بەستووە. (زەری) دەگاتێ، زمان ڕە ئەرزی دەخا، خوێنەکەم دەخواتەوە و سەر و پرچی دەڕنێ... هەڵم دەگرن، دە ئامبۆلانسم داوێن، لە سەرێڕا چاوم لێیە، دەگرین، من چم نییە، کۆڵێکی گرانم لە شان بۆتەوە، وەک هەور، وەک پەلەپووش سووکم، ئەوانم پێ شێتە، قاقا پێدەکەنم پێکەنین و پێکەنین، کەس گوێی لە دەنگم نییە.»

بەپێکەنینی خۆم وە خەبەر دێم، نازانم کوێیە، دەست لە سەرم دەدەم، خوێنی پێوە نییە، لە پڕ راستەوە دەبم، چراکە هەڵدەکەم، دەچمە بەر ئاوێنە، سپی سپی هەڵگەڕاوم، ئارەقەیەکی ساردم کردووە، من (حوسێن) نیم و ئازادم. نەمردووم و ماوم.

ئەو خەونەم، گاڵتەی پێ نەدەکرا، بەسام بوو... تا لای بەیانی خەوم لێ ناکەوێتەوە، پاشان لە بێ خەوییان بەلادا دێم، زەنگی دەرگا وەخەبەرم دێنێ، تاو رمبێک بلێندە، رۆژ درەنگە، دەرگا دەکەمەوە، ئاغای قولّی پوور بەرچایی بۆ هێناوم:

– ببوورە وەمزانی بەخەبەری. بەرچایی دەکەم و کەشفەفەکەیان دەدەمەوە، سپاسیان دەکەم و وەدەر دەکەوم. هێندێک شیر و کەلوپەل دەکڕم، دەیانهێنمەوە و دەیەخچاڵیان دەنێم.

دەڕۆمە لای دانشگا تاران، خۆم دەخافڵێنم، نەهار و شام لە دەرێ دەخۆم، دەخولێمەوە، بیر دەکەمەوە:

(ئاخری خۆم کوشت)

خاڵی کۆتایی خەونەکانمە، کابرای حیسابگەر:

(خەون دەستت لە کۆڵ دەکەنەوە، قەیرانێکی تر...)

چەند رۆژێکە لە (تاران)م. بۆ وەی ئەزیەتم لە سەر ماڵی قولی پوور نەبێ، شەوانە درەنگێکی بێ هەست دەچمەوە. جاری وایە چراش هەڵناکەم و دەجێیەکەم دەخزێم.

ئێستا (مەلی)م نەدیوە، هەر چەند بەڵێنیم دابوو بەمەلەک خانم، غروورم ئیزن نادا، دەبوو ئەو بێتە لای من، لانی کەم تەلەیفوونێک، بڵێی نەیزانیبێ من لێرەم؟! نا تا ئێستێ زانیویە، هەروا ناجسنە، چاوی دەرێ.

لای نیوە شەوە، بێ هەست دەچمەوە ئاپارتومان، تێدەخزێم، خەوم نایە، خەیاڵی مەلی دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە، دایکی دەیگوت:

(نەکا ئەو شێتە بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ).

من بۆ هێندە خۆ بەزلزانم؟! چ دەبێ جارێکی بۆ لای وی پچم، دایکی لەبەرم پاڕاوە: (تۆ ئاقڵی، ئەو شێتە)

(مەلی) بەرهەمی تەمەنمە، ریشەی دە دڵم هالاوە، بەڵام لەسەر چی؟! چم کردووە؟! ئاخەر بۆ! رەنگە نامەی ئیلاهە، باشە دەچم روونی دەکەمەوە. تازە شەو درەنگە، سبەینێ زوو زوو دەچم.

تا لای بەیانی جینگڵان دەدەم. خەوم لێ ناکەوێ. بەتاریکی دێم و دەچم، ئاخری شل دەبم، نازانم شەو چ فەسڵە، زەنگی دەرگا، راستەوەم دەکا، بەدڵمدا دێ:

(بەکۆیدا دەزانن من هاتوومەوە؟ کەوشەکانیشم هێناوەتە ژوور، زەهری مارم پێ لەو بەرچاییەیە باشترە، رەشتی کەی وا میوانگر بوون!) دەرگا





دەکەمەوە، هەڵدەبەزمەوە. (مەلی)یە، وەک تاوسی مەست، لێو بەبزە، کێل گەردن، ژێکەڵە و شیرن...

گێژ و وێژم، زمانم دە بەست چووە، نازانم چ بکەم، خۆ دەژوورێ داوێ:

(قاوەڵتوون بەخێر جەنابی ئیفلاتوون!)

– مەرحەبیا، عەبات نەبێ با دەتبا.

روو دە ئاودەست دەکەم، بەئانقەست خۆ دەخافڵێنم، لە ئاشپەزخانە خرتەی دێ، دێمەوە هاڵەکە، جێی وە خڕ کردووە، جلەکانم دەبەر دەکەم، بەرچایی داناوە:

– فەرموو جەنابی ئازادخان!

دوو قوم شیر دەخۆمەوە، پارویێک نان بەزۆری دەجووم، چایەکم لە پێش دادەنێ، چاوی لێ ناکەم، سێغارێک هەڵدەکەم، پاکەتێکم دەداتێ:

– ئەو نامە بۆ جەنابی ئیفلاتوونە.

نامەی (ئیلاهە)یە لە (هولەند)ڕا هاتووە:

– ئەوەت لە کوێ هێناوە؟

– پوورم دوێنێ لە دایە خەیاڵی وەرگرتووە، ئەو بەیانەی گەیوەتێ.

سەری پاکەتەکە کراوەتەوە، دەری دێنم:

«ئازادی خۆشەویستم! سلاو، ئارەزووی من بەختەوەری تۆیە، زۆر زۆر بەداخەوەم نەمتوانی بۆ خواحافیزی بێمە لات، ئەو رۆژە کە دەڕۆیشتین، لە فرۆکەخانەڕا نامەیەکی زۆر موختەسەرم بۆ بەرێ کردی، وێنەکانی خۆمان دەگەڵ وێنەیەک لە دایک و بابم، وێنەی رۆژی هەوەڵی دەزگیرانەتیان، بەبێ ئەوەی بۆت شی کەمەوە، دەگەڵ نامەکە، شک نییە بەدەستت گەییون. ئەو وێنەی (دایک و بابم) وەڵامی پرسیارەکەتە و مانای چاو لێکردنەکەی منە. ئەو ماوەی پێکەوە لە زانکۆ بووین، خۆشترین رۆژەکانی ژیانی من بوون.

هەتا تووشی تۆ دەهاتم بەیادی باوکم کە تەنیا وێنەکەیم دیبوو، لە پەنات دەحەسامەوە، تۆ هێندە وە باوکم دەچی تەنانەت دایکم ئەو رۆژەی چاوی پێت کەوت بڕوای نەدەکرد ئەو نەبی. من حەزم لە تۆ نەدەکرد، ئەمما ئاخ

ئازادی خۆشەویستم بەحەددی پەرستن خۆشم دەوێی. باوکم (حوسێن) ئەفسەرێکی ساواک بوو، تاریفم لە دایکم بیستووە، لەوەتی فامم کردۆتەوە دەگەڵ وێنەکەی ژیاوم، تۆ وێنەی زیندووی باوکمی. ئەگەر پێم ئیراد نەبا شەو و رۆژ لە لات دەبووم، ئامێزم پێدا دەگرتی و ماچم دەکردی، ئەو رۆژەی هاتی بۆ ماڵی ئێمە، هەر چەند حاڵت لە سەرەخۆ نەبوو، دایکم دەیگوت:

(هەستان و دانیشتنی، نانخواردن و قسەکردنی، پێکەنین و چوونە دەفکرەوەی، دەگەڵ باوکت موو لێ نادا، تەنیا جیاوازیان ئەوەیە ئازاد نەجیبتر و لەسەرخۆترە.)

تەنیا شتێکی کە بۆ من و بۆ دایکم جێگای سەرسوڕمانە، ئەو رۆژە تۆ و دایکم تێگدا غەرق ببوون، حەل ببوون، ئەگەر دایکم شێوەی باوکمی لە تۆ دەکرد، تۆ ئەو تێڕوانینەت لە چیرا بوو؟! تۆ هەرگیز چاو حیز و حەرامزادە نەبووی، من دڵنیام تۆ پاکترین کوڕێکی کە تا ئێستێ من دیومە.

ئازاد گیان! یا باشترە بڵێم باوکی خۆشەویستم، کاتێک من دوو ساڵانە بووم، باوکم خۆی کوشت یا خۆیان پێ کوشت. هەموو ساڵێ ئەو رۆژە ڕەشە دەگەڵ دایکم دەچووینە سەر گڵکۆکەی و شینمان دەگێڕا، تکات لێ دەکەم لەوەی دواوە هەموو ساڵێ رۆژی دەی بانەمەڕ لە باتی من ئەتۆ بچۆ، رۆژی مەرگی باوکم ۳۷/۲/۱۰».

مچوڕکێکم پێدا دێ، سست دەبم و کاغەزەکەم لە دەست دەکەوێ... دەکەوێ...

(مەلی) توند دەمگرێ:

– ئازاد ئەوە چ بوو!؟

– ئەو نامەیە بخوێنەوە!

– خوێندوومەتەوە!

– بەباشی بیخوێنەوە رۆژی ۱۳۳۷/۲/۱۰ ڕۆژی لەدایکبوونی منە.

(مەلی)ش وەکی من سست دەبێ.

پاش تاوێک تاسان دێینەوە سەرەخۆ. (مەلی) وێنەکان دەداتە دەستم.





وێنەکانی من و ئیلاهە و وێنەی لە رووی عەکس هەڵگیراوەی (حوسێن و زەڕی).

(زەڕی) هەر زەڕی خەونەکانمە، تەنیا فەرقی حوسێن و من ئەوەیە حوسێن سمێڵی تاشراوە و من سمێڵم هەیە. (مەلی) دەست دەخاتە سەرشانم:

– ئازاد، ناحەقم نەبوو شێت بم، نامەی هەوەڵی (ئیلاهە) زۆر بەکورتی نووسراوە، تەنیا نووسیویە: (خواحافیزیت لێ دەکەم و ئەم وێنانەم بۆ ناردی، بگەمە وێ نامەیەکی دیکەت بۆ دەنێرم و ئەوەی پێویستە بۆت دەنووسم. ئیلاهە)

وێنەکان تازەبوون، وێنەی تۆ و ئیلاهە دەگەڵ وێنەی تۆ و زەڕی، (کاتی دەزگیرانەتی) جێگای شک نەمابۆوە، بەدزی من دەزگیرانت هەبوو. حاڵی من رەنگە بزانی چۆن بووە، چەند جاران هاتە سەرم خۆم بکوژم، تەنیا خۆشەویستی تۆ بوو منی شل دەکردەوە، بۆ خوت قازی بە ئەوە وێنەی تۆ نییە؟!

– تەفاوەتێکی چووکەی هەیە، دەبوو بزانی.

– چییە؟

– من دەو وێنەدا سمێڵم نییە.

«– راستە بەڵام هێندە وێک دەچوون ئەو بەشەم نەدەدی، ئازاد گیان! لێم ببوورە من کارێکی زۆر بێشەرمانەم کردووە، نەدەبوو نامەی تۆ بکەمەوە، نامەی هەوەڵ لە پاکەتەکەی ڕا دیاربوو عەکسی تێدایە، کاتێک ناوی (ئیلاهە)م لە سەر دی وە شک کەوتم. خۆم پێ ڕانەگیرا. ئێستا پتر لە سێ مانگە دەردی ئەو نامە کردنەوە دەکێشم. ئەم بەیانییە کە نامەی دووهەمم دی خەتەکەی و ناوەکەی یەک بوون، ئەگەر ئەمەشیان شتێکی وای تێدابا بێ شک ئێستێ خەریکی ناشتنم دەبووی. هەموو شت روون بۆتەوە، تەنیا بەگەورەیی تۆ دڵخۆشم، تکا دەکەم لێم ببوورە.»

– (مەلی) جارێکی دیکەش پێم گوتووی (دڵی وەم نییە لە تۆ بێشێ). خۆ بەسەر لاقم دادەدا، دەست لە بەلەکانم وەردێنێ و دەگری. بەزۆر لەسەر

لاقمی لادەبەم، چاوەکانی دەسڕمەوە، بەتەواوی شەرمەزارە، بەگریانەوە دەڵێ:

– تازە لێت جیا نابمەوە، دنیاش بەپەندی سیام هەڵێنێ گەزێکت لێ دوور ناکەومەوە.

– بەڕاستیتە (مەلی)؟!

– پێت وایە درۆت دەگەڵ دەکەم!

– ئەدی ماڵی ئاغای قوڵی پوور ناڵێن ئەوە کێیە؟

– چاویان دەرێ، تازە وەدەستم هێناویەوە مەرگیش ناتوانێ لە تۆم دوور خاتەوە.

– مەلی راپەڕینی خەڵکی ئێران وەکی خۆشت دەزانی مایەی تەواو ئیسلامییە، هەر چەند سەد ساڵت لە پەنا بم نە لە تۆ و نە لە خۆم بەشک نیم، ئەمما ئەگەر ئەو خەیاڵەت هەبێ، تەنیا رێگای ئەوەیە لە مەحزەرێ مارەت کەم و سجیلەکانمان مۆر بخوا.

– کوا سجیل، ئەگەر بچینە مەحزەر دەبێ ئەشرەف خانم لە کاکە مەحموودم مارەکەی. لە بیرت چۆتەوە بەسجیلی وان هاتووین. پێکەنێن گرتوومی، قسەکەی دایە خەیاڵم دێتەوە بیر:

(هەر ئێستێ دایەی پێ دەڵێ).

من ئاگام لێ بوو (مەلی) بەپێناسەی (ئەشرەف) خانم هات، بەڵام ئەو لە کوێرا دەزانێ من سجیلی کاک مەحموودم وەرگرتووە! چاوێکی لێ دەکەم، بزەی دێتێ:

– ها، شتێک هەیە پێم بڵێی؟

– ئەرێ ئەگەر ئەمشۆ بچییەوە ماڵە پوورت زەرەری نییە.

– بۆ؟!

– ئەمشۆ یادداشتەکانم تەواو دەکەم. سبەینێ نوسخەیەکی بەرێ دەکەم بۆ (ئیلاهە) لە (هۆلەند).

– ئیلاهە یادداشتی تۆی بۆ چییە؟!

– لە بیرت چۆتەوە! مەگەر نەینووسیبوو بۆ هێندەت چاو لە دایکم کرد؟





ئەو نووسراوانەی من جوابی پرسیارەکەی ئەون.

– باشە، بەڵام ئەمڕۆ پێکەوە دەبین. سبەی بەیانی دێمەوە لات، بیستووتە ١٧ی خەرمانان لە مەیدانی ژاڵە خۆ پێشاندانێکی گەورەیە؟

– ئەرێ بیستوومە!

– دەچینە وێ. ئەگەر لەوێ هاتینەوە، دوو سبەی زوو زوو دەڕۆینەوە وڵاتی خۆمان ئەگەر زانیت بۆ؟

– وە شوێن فێر بوون و فێرکردنی ئازادی دەکەوین دەئاکامدا وەک ئەو شیعرە:

(یا دەست لەسەر تفەنگ دەمرین یا دەست لە گەردن دێینەوە).

راستەوە دەبێ، بزەیەکی شیرنی لەسەر لێوە، سوور بۆتەوە، دەست دەستۆم دەکا، سەرم دەگێژوە دێ، نازانم (مەلی)یە یا (زەڕی) لێوی داغ داغە...

***